PDF4Kurd

ئامادە کردنی:

ناوەندی کوردeکا

بۆکان:
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١
E-mail: nawendikurdika@yahoo.com

PDF4Kurd

# دەنگی بلورینی دەق

## لێکۆڵینەوە

## و

## رەخنەی ئەدەبی

عەبدولخالق یەعقووبی

PDF4Kurd



دەنگی بلورینی دەق

لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی

عەبدولخالق یەعقووبی

کاری رووبەرگ:

چاپی: یەکەم

پیتچن:بێگەرد ساڵح/ سقز: خدمات کامپیوتری سوزنی/

کاری رووبەرگ: ساڵح سووزەنی

ژمارە:

PDF4Kurd

**بۆ**

نـــەشمیل

**و**

**هـەموو ئەو ساتە سرکانەی**

ئـــە ویــنـد ا ر انـــە **ژیاوین.**

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# پێڕست:


**بابەت** **لاپەڕە**

**پێش‌گوتەی نووسەر.......................................................٧**

**لێـــــكۆڵینەوە:**

**١ – ئەركی ئەدەبی زمان لە**

**شیعری كلاسیكی‌كوردی‌دا.........................................٩**

**٢ – رەسەنایەتی لە روانگەی سەلەفییەتی مۆدێرنی**

**ئەدەبییەوەو.... ............................................٤٣**

**٣ – گێڕانەوەی، «پێدەشتی كارمامزە كوژراوەكان»ی**

**شێرزاد حەسەن ............................................... ٧٣**

**٤ – دەسەڵاتی زمان لە كۆماری كورتە شیعردا.......................١٣٣**

**وتـــــــــــار:**

**٥ – تازەگەری رەخنەیی و رەخنەی كوردی...........................١٥٣**

**٦ – وەرگێڕان و رەخنە و شەش پرسیاری دیكە......................١٦٥**

**٧- هەندێ تایبەتمەندی دەقی وەرگێڕاوی**

**قورئان بە قەڵەمی هەژار ........................................١٨١**

**٨ – لە پەیڤی تازەگەرییەوە تا پرۆسەی تازەگەری.....................١٩٧**

**٩ – خوازە لە وەرگێڕانی شیعردا....................................٢٠٥**

**دەق و رەخنــــــە :**

**١٠ – دەق: «دەمێنینەوە لە نێو تاریكاییدا»..........................٢١٩**

**رەخنە: رەسەنایەتی دەق لە « دەمێنینەوە..»....................٢٢١**

**١١– دەق: « تەم و مژ»...........................................٢٣٣**

PDF4Kurd



**رەخنە: گێڕانەوەی ساتەکانی دوای کارەسات لە**
**« تەم و مـــــژ»دا........................................٢٣٧**
**فەرهەنگۆك................................................٢٤٧**

PDF4Kurd

# پێش گوتەی نووسەر

(١)

«جۆرج ئیستاینێر لە یەکەم فەسەڵی یەکێك لە دوایین کتێبەکانی بە ناوی «ئامادە بوونی راستەقینە»دا دەڵێت: گریمان لە کۆمەڵگایەك دا، جا بە هەر بیانوویەك بێت، رێگا بە قسەی رەخنەگرانە نەدرێت، و تەنیا ئیزنی ئەوە بدەن کاری رەسەنی هونەری بەرهەم بێت، بێ ئەوەی کەس مافی ئەوەی هەبێت لە سەر ئەو بەرهەمانە بدوێت و هەڵیانسەنگێنێت و وتاری رەخنەگرانەیان لە سەر بنووسێت. لە کۆمەڵگایەکی وا دا، یان ئیستاینێر گوتەنی لەم « دژی ئارمانجشارە ئەفلاتوونی» یە دا چی دەقەومێ؟ وەڵامەکەی زۆر هاسانە، ئەو کارە بە ناو رەسەنە هونەرییانەش چیتر بەرهەم نایەن، نەك هەر لە بەر ئەوەی بۆ گەشەسەندن و باڵاکردنی ئەدەب و هونەر کاری رەخنەیی مەرجی پێویستە، بەڵکو بەم هۆیە پێچەڵپێچترەش کە هەر بەرهەمێکی هونەریی نوێ خۆی حوکمی رەخنەگرتن لە شوێنەواری هونەری کۆنی هەیە، بە گوتەی ئیستاینێر «هونەری جیدی، مۆسیقا، ئەدەب،هەموو سەرومڕ کردەوەیەکی رەخنەگرانەن» یان وەك دریدا دەڵێت:«هەر بەرهەمێکی ئەدەبی زەمینە خوشکردنە بۆ /بەرهەمهێنانی/ دەزگای رەخنەگرانەی ئەدەبی.»

(حقیقت و زیبایی، بابك احمدی، صص ٨ ـ ٤٨٧)

(٢)

«دەنگی بلوریِنی دەق» هەڵبژاردەیەکە لە نێوان نیزیکەی سی وتار و لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی بڵاو کراوە و بڵاو نەکراوەم لەم چەند ساڵەی

PDF4Kurd



دواییدا، کە تەنیا بە هەوڵێکی دەزانم لە پێناوی خۆشکردنی زەمینەی کاری ڕەخنەیی نوێ لە کوردستانی ئێران و بەس، هەوڵێك کە دان بە کەم دەسەڵاتی خۆی دادەنێت و لەهەمان کاتیشدا بەپێویستبوونـــــــــی لە ڕادەبەدەری خۆی دەزانێت.

لە سۆنگەی ئەوەی ڕەخنە، بە گشتیترین مانای خۆی، دەق دێنێتە دەنگ و ئەم دەنگەش، لە شێوەی شووشەیەکی بلور، هەم ناسکە و مەزەندەی شکاندنی زۆر دەکرێت، هەمیش زوڵاڵ و سپی و بێگەردە و تیشکی ئەندێشە پێیدا دەگوزەرێت، ئەم کۆمەڵە وتارەم، کە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و وەدەنگهێنانی دەق، بە «دەنگی بلورینی دەق» ناودێر کردووە. لە خوێنەریشی ناشارمەوە خۆشەویستی کاری ڕەخنەی ئەدەبی لای من لە خۆشەویستی ئەدەبیات و ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەمیشە گوتوومە، مەرگ هەزار زمانی هەیە و بە جۆرێك قسان دەکا، ئەدەبیات زمانێکی هەیە و بە هەزار جۆر دەدوێت،. کەوایە ئەدەبیات ژیانە.

بۆکان ـ پاییزی ١٣٨١ – ٢٠٠٢

PDF4Kurd

# «ئەرکی ئەدەبیی زمان

# لە شیعری

# کلاسیکی کوردی دا»

‹ زمان تاقانە بەختی ئێمەیە لە جیهان دا ›

«ژۆرژ باتای»

PDF4Kurd

PDF4Kurd

## ( ١ )

شەبنم کە نەزم و نەسرە لە ئەوراقی غونچــەدا
گــۆیا بـــووە بە زار و زوبـان و ددان و پووك
«نالی» عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووك

## ( ٢ )

بێ شك لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا ئەوەندەی تا ئێستا باسی شیعری زمانی کوردی کرابێ بەنیوەی ئەو ئاوڕێکی بنەوشەیی لە زمانی شیعری کوردی نەدراوەتەوە و ئەم لایەنە گرینگەی بوتیقای شیعری کلاسیکی کوردی تاکو ئێمڕۆش هەر لە بازنەی بەرتەسکی هەنێ سەناعەتی بەدیعی وەك جیناس و لەف و نەشر و تیباق و... دا باسیلێکراوە، و نەتوانراوە لایەنە جوانیناسە زۆر و زەوەندەکانی بە وردی بخرێتە ژێر زەرەبینی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی نوێخوازانەوە. هەر بۆیە ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر سەرتاپای ئەو لێکدانەوانەی رابردووی شیعری کلاسیکی کوردیدا بخشێنین بە ئاشکرایی دەردەکەوێ زۆر جار واتا کردنەوەی هەنێ واژە و دەستــەواژە و رستـــەی چەتـــــوون و درەنگ خۆبەدەستەوەدەر بە رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەو دەقە کلاسیکییانە هاتۆتە ئەژمار. ئەگەر تائێستا ئەو تواناییانەی کە جوانی ناسی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتوون ئاشکرا نەبوون و نەکراون، ئەوە بە هیچ کلۆجێك نابێتە هۆی ئەوەی حاشا لەو تواناییانە و لە سەرجەم

PDF4Kurd



**ئەرکی ئەدەبی زمان لە..**

بوتیقای شیعری کلاسیکی کوردی بکرێ. ئێمە ئێمڕۆ بواری ئەوەمان هەیە لە رێگای کۆمەڵێك تیۆری و بیرۆکەی رەخنەگرانەی هاو چەرخەوە ئاوڕێکی ئازایانە لە دیاردەی شیعری کلاسیکی کوردی بدەینەوە و بە قووڵاییەکانیدا رۆبچین و لە هەناوییەوە لێی بڕوانین و لێی بدۆیین. ئەگەر گەوهەر و زاتی زمان وەدیار خستنی نهێنی شتەکاتە با بزانین زمانی شیعری کلاسیکی کوردی چ نادیارێکمان بۆ دیار دەکا و چ نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا دەکاتەوە. ئەگەر تایبەتمەندی زمان ئەوەیە جیهان و تێکڕای بوون بۆ ئێمە وێنا دەکا با بزانین لە رێگای زمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوە بە کام جیهان دەگەین و چۆن«بوون»ێکمان بۆ ئاشکرا دەبێ.ئەگەر، بەوتەی میشێل فۆکۆ، سیستمی گوتار ـ سیستمی ناودێر کردنی دیاردەکانی دەور و بەر ـ لە رێگای زمانەوە دەسەڵاتی خۆی دادەسەپێنێ، با بزانین سیستمی گوتاری شیعری کلاسیکی کوردی چ زمان و چۆن زمانێکی بۆ ئەو دەسەڵاتە بە کار هێناوە و تا چ رادەیەك توانایی و تاقەتی ناو دێر کردنێکی ئەدەبیانەی لە سەر دیاردەکانی ژینگەی مەعنەوی و مادی خۆی بووە؟! زمانی شیعری کلاسیکی کوردی لە رێگای وێناکردن و وەدەرخستنی چییەتی و چۆنێتی «مرۆڤـ» و «جیهان»ی کوردەوە تا چ رادەیەك توانیوێتی تواناکانی خۆی وەك دیاردەیەکی ئاشکراکەر وەگەڕ بخا؟! ئەم پرسیارانە یەك لە سەدی ئەو پرسیارانەن کە دەکرێ لە رێگای رەخنەیەکی زانستیانەی هاوچەرخەوە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامیان بۆ بدەین.

PDF4Kurd

## ( ٣ )

بەر لەوەی باسی ئەرکی ئەدەبیی زمانی قۆناغێك لە شیعری کوردی، واتە شیعری کلاسیکی بکەین پێویستە بە کورتی ئاوڕێك لە جێگە و پێگەی ئەم جۆرە زمانە، لە نێوان جۆرەکانی تری زمانی ئەدەبی بدەینەوە.بە وتەیەکیتر: دەبێ بزانین ئەدەبییەتی زمانی شیعر چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەدەبییەتی زمانی ژانرەکانی تردا هەیە، ئایا سنوورێکی دەستنیشانکراو لە نێوان زمانی شیعریی و زمانی، بۆ نموونە، پەخشانێکی خەیاڵاویدا هەیە، ئەگەر نیە. ئەی جیاوازی نێوان ئەو ژانرە جۆراوجۆرانە لە چیدایە و ئەگەریش هەیە تایبەتمەندییەکانی ئەو جیاوازی و لێکنەچوونە کامانەن و چین؟. بۆ پێزانین بە بوون، یان نەبوونی ئەم سنوورە، دەبێ هەوڵ بدەین سەرەتا لەو تایبەتمەندیانەی کە تایبەت بە شیعر و زمانی شیعرین بکۆڵینەوەو پاشان پێناسەیان بکەین ئەم پێناسەیە لە حوکمی نیشانەی جیاوازی نێوان جیهانی ژانری شێعر و ژانرەکانی تردایە هەر بۆیە لێرەدا باسێکی گشتی لەمەڕ پێناسە و تایبەتمەندی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی لە روانگەی سێ شیعر ناسی هاوچەرخی ئێرانییەوە(محەمەد رەزا شەفیعی کەدکەنی ـ داریووش ئاشووری ـ محەمەد عەلی هەقشناس) بێنینە ئاراوە:

ـ شەفیعی کەدکەنی پێی وایە شیعرتێکشکانی نۆرمی (Norm) زمانی ئاساییە. ئەو کاتەی نۆرمی زمان تێدەشکێ«راسانی واژەکان» بەدی دێ و «دەروازەی جوانی ناسی واژەکان بەرەو روومان دەکرێتەوە» و «دەچینە پانتایی شیعرەوە». بە وتەیەکی تر « شیعر رووداوێکە لە زماندا روودەدا»، «شاعیر بە شیعرەکەی خۆی، لە زماندا کارێك دەکا کە خوێنەر لە نێوان زمانی شیعری ئەو و زمانی رۆژانەدا جیاوازی دابنێ» دواتر و هەر

PDF4Kurd



لە بەشی«زەقکردنەوە»ی ئەم وتارەدا زێتر باسی بۆ چوونەکانی کەدکەنی دەکەین. ▶

ـ ئاشووری زێتر بە دیدێکی فەلسەفییەوە دەڕوانێتە شیعر. بە باوەڕی ئاشووری شیعر«پانتاییەکی تایبەتە لە دەرکەوتنی بوون»، ئەزموونی دەرکەوتنی بوون «ساتێکی»تری شتەکان و ڕووداوەکان و جیهان و بوونە کە لە ئەزموونە هاوبەش و ئاساییەکانی مرۆڤــدا خۆیان دەرناخەن. ئاشووری ئەم ئەزموونە بە«ئەزموونی شاعیرانە» ناو دەبا. شاعیر دێت و ئەم پانتاییە تایبەتە لە دەرکەوتنی بوون(واتە شیعر) کە لە جیهاندا پرژ و بڵاو بۆتەوە «کۆدەکاتەوە و لە ڕێگای زمانەوە دەریدەبڕێ.»

هەر بۆیە بە پێچەوانەی بۆ چوونی شەفیعی کەدکەنی، ئاشووری پێی وایە «شیعر ڕووداوێکە لە جیهاندا ڕوودەدا و هەر وەك هەر شتێك کە لە جیهاندا ڕوودەدا، لە زماندا خۆیا دەبێت.»، بەڵام «لەو سەرەوە کە هەر جۆرە ئەزموونێك پێویستی بە زمان وشێوە دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە ناکرێ بە زمانێکیتر بنوێندرێ، ئەزموونی شاعیرانەش پێویستی بە زمان و شێوە دەربڕینی تایبەتی خۆی لە هەرێمی زماندا هەیە.» ▶


هەق شناسـ یش، وەك شەفیعی کەدکەنی، هەر پێناسەی «ڕووداوێك کە لە زمان دا ڕوودەدا»ی بۆ شیعر و بەرهەمی ئەدەبی هەیە. تیۆری هەق شناس بە شێوەیەك داڕێژراوە کەبتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی زانستیانە بداتەوە:«ئەدەب لە کوێوە دەسپێدەکا و زمان لە کوێدا کۆتایی پێدێ؟.» سەرەنجی هەقشناس زێتر لە ناوەندی چەمکی ئەدەبییەتدا کۆبۆتەوە.

PDF4Kurd

بە باوەڕی هەقشناس زمان و ئەدەب لە سەر تاقە یەك بابەت دەدوێن و ئەویش بوون یان جیهانە.بەڵام ئەم دوو دیاردەیە هەركام بە شێوەی تایبەتی خۆیان رووبەرووی ئەم بوون یان جیــــــــــهانە دەبنەوە.هەقشناس دەڵێ زمان بە شێوەیەی یەك سیستمە رووبەرووی بوون دەبێتەوە، رووبەروو بوونەوەیەك كە تەنیا لە سەر بناغەی«سیستمی زمان» دادەمەزرێ، واتە ئەوەی لەم چەشنە رووبەروو بوونەوەیەدا، زمان وەك ئامرازێك بۆ «دۆزینەوە وناسینی رەگەزە پێكهێنەرەكانی بوون و پێوەندییەكانی نێوان ئەم رەگەزانە بەكار دێ. كەچی ئەدەب بە شێوەیەكی دوو سیستمە رووبەرووی جیهان دەبێتەوە كە بریتین لە:«سیستمی زمان» و «سیستمی ئەدەب». بوونی ئەدەب بە بوونی ئەم دوو سیستمەوە بەستراوەتەوە. بەم چەشنە سیستمی ئەدەب و ئەو جیهانە خەیاڵاوییەی دەیخوڵقێنێ لە رێگای سیستمی زمانەوە روو دەنوێنێ ▶. (بڕوانە خشتەی ١)

A ـ زمان ←—— سیستمی زمان ←—— بوون

(خشتەی 1)





كورت و كرمانجی هەقشناس بۆ جیاكردنەوەی جۆرەكانی زمانی ئەدەبی لەیەكتری لە سێ كوچكەی(هۆنراوە/پەخشان/شیعر) ▶ كەڵك وەردەگرێ، هەقشناس پێوەندی نێوان ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە لە سەر

PDF4Kurd



بنەمای دوو چەمکی«ناوەکی» (Content) و «دەرەکی» (Experession) دادەمەرزێنێ و پێی وایە هۆنراوە(نـظم )لە سەر کۆڵەکەی«دەرەوەی» زمان
ئەرکی ئەدەبی زمان لە..
و شیعر لە سەر کۆڵەکەی «ناوەوەی»زماندا راوەستاوە.مەبەستی هەقشناس لە دەرەوەی زمان رواڵەت و تێکڕای پێکهاتە غەیرە ماناییەکان و بەتایبەت پێکهاتە دەنگییەکانی زمانە وەك: کێشی عەرووزی، سەروا، تەرجیع، جیناس و... ئەم تایبەتمەندییانە لە گەمەی دەرەکی زماندا بەشدارن و گەوهەری هۆنراوەن. هەروەها مەبەستی هەقشناس لە«ناوەوەی زمان» ئەو رەگەزانەن کە بنەمایەکی ماناییان هەیە. لێرەدا شیعر دەبێتە بەرهەمێکی ئەدەبی و لە ریگای دەستێوەردان لە جیهانی ماناوە دەخولقێ.ئەو ئامرازانەی کە شیعر بەرهەمدێنن لە گەمە مانایی و ناوەکییەکانی زماندا بەشداری دەکەن کە برتیین لە: شوبهاندن، خوازە، کینایە، مەجاز و ...

پەخشان جۆرێکی تری زمانی ئەدەبییە کە نە لەسەر کۆڵەکەی دەرەوە و نە لەسەر کۆڵەکەی ناوەوەی زماندا راوەستاوەو، بەڵکو هەر راست لە نێوەراستی زماندایە.بەمجۆرە پەخشانە دەڵێین «پەخشانی باو». ئێمە لێرەدا بۆ ئەو سێ کوچکەیەی کە هەقشناس لەمەڕ جۆرەکانی زمانی ئەدەبی پێشنیاری کردووە نموونەی کوردی دێنینەوە:




(خشتەی 2)

PDF4Kurd

مێژووی مۆسیقای کوردی        عەقیدەی مەرزیە

پەخشان ⎧ ـ گەمەی ناوەکی
⎩ ـ گەمەی دەرەکی

هۆنراوە /+ گەمەی دەرەکی/

لە رووی خشتەی ٢ـ وەوە دەکرێ بە شێوەیەکی رێژەیی(نەك رەها) سنوورەکانی نێوان سێ جۆر زمانی ئەدەبی شیعر و هۆنراوە و پەخشان رەنگرێژ بکرێ. ئێستا ئەگەر ئێمە بمانەوێ رادەی ئەدەبییەتی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی هەڵبسەنگێنین دەبێ بزانین ئەم زمانە تا چ رادەیەك توانیوێتی خۆی لە تایبەتمەندی [+گەمەی ناوەکی] نیزیك کاتەوە و کەڵکی لێوەرگرێ. هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە ئەرکی ئەدەبیی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی بکۆڵینەوە.

## ( ٤ )

مارتینێ (A.Martinet) و هالیدەی (M.A.K.Halliday) و بەتایبەت یاکوبسن (R.Jakobson) سێ زمانناسی سەر بەکێشەی ئەدەب بوون کە چوار چێوەی ئەرکەکانی زمانیان بە ورد بینییەوە دارشت. ئێمە لێرەدا بە پێی گەلاڵەی یاکوبسن بە گشتی و کورتی باسی ئەرکەکانی زمان دەکەن. یاکوبسن بۆ پیشکەشکردنی ئەم گەلاڵەیە خشتەیەکمان دەخاتە بەردەست. ئەم خشتەیە پیشاندەری رەوتی وەدیهاتنی پێوەندی کەلامی یە لە رێگای زمانەوە ◀:

بابەت

پەیام

(خشتەی 3)        بنێر.................................وەرگر

بەستێنی پێوەندی

رەمز

**ئەركی ئەدەبی زمان لە..**

وەك دەبینین لەم خشتەیەدا بنێر پەیامێك بۆ وەرگر دەنێرێ. بابەتی پەیامەكە دەبێ هەڵگری مانا و واتایەك بێ، ئەگینا پەیامەكە كاریگەرێتی لە سەر وەرگر نابێ. ئینجا پێویستە بنێر رەمزێك بۆ پەیامەكەی لەبەر چاو بگرێ هەتا ئەو رەمزە لە لایەن وەرگرەوە بخوێندرێتەوە، دواجار ئەگەر پەیام لە بەستێنێكی فیزیكییەوە تێنەپەڕێ، ناگاتە دەس وەرگر. بە باوەڕی یاكوبسن ئەم شەش پاژە پێكهێنەرەی پرۆسەی پێوەندی كەلامی كە بریتیین لە: بنێر، وەرگر، بەستێنی پێوەندی، رەمز، پەیام و بابەت شەش ئەركی زمان دابین دەكەن كە بریتین لە:

١ـ ئەركی عاتیفی(emotive function): لەم ئەركەی زماندا رووی پەیام لە بنێرە. ئەم ئەركە پیشاندەری هەستی تایبەتی بنێرە، جا چ بنێر بە راستی هەناوی لەو هەستە سەرریژ بێ، چ هەروا بنوێنێ كە خاوەنی ئەو هەستەیە. بە وتەیەكی تر لە هەر شوێنێ بنێر باسی خۆی بكا ئەركی عاتیفی زمانی بەكار هێناوە. مارتینێ ئەم ئەركەی بە «قسەی دڵ» ناو بردووە، وەك:«ئای چەندەم خۆش دەوێی»

٢ـ ئەركی هاندەری(conative function): رووی پەیام، لەم ئەركەدا، لە وەرگرە.لەكاتی بانگ كردن، یان دەستووردان بە كەسێك ئەم ئەركەی زمان خۆ دەنوێنێ. یاكوبسن دەڵێ ناتوانرێ راست، یان ناراست بوونی ئەم چەشنە رستانە دیاری بكرێ، وەك «ئەم ژوورە خاوێن بكەوە»، یان«خوایەگیان» بە وتەیەكیتر لەم جۆرە رستانەدا سەرچاوەیەك بەدی

PDF4Kurd

ناكرێ تا بۆ سەلماندنی ڕاست، یان ناڕاست بوونی ڕستەکان بگەڕێینەوە سەری.

٣ـ ئەرکی گەڕانەوەیی یان ئیرجاعی(referential function): لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە بابەتی پەیامە. دەکرێ لە ڕێگای دەوروبەر و ژینگەی ئەو وتە و ڕستانەی کە خاوەن ئەرکی گەڕانەوەیین ڕاست و ناڕاست بوونیان بسەلمێندرێ، چونکی ئەم وتانە، لە بنەڕەتدا، وتەگەلێکی هەواڵدەرانەن، وەك:«دوێنێ باوکم لە سەفەر گەڕاوە» یان «قەرارە حەوتووی داهاتوو کۆلێکمان میوان بۆبێ.» یاکوبسن لە سەر ئەم خاڵە پێدادەگرێ کە جیاوازی نێوان ئەرکی گەڕانەوەیی و ئەرکی هاندەریی زمان لە ڕێگای ئیمکانی سەلماندنی ڕاست یا ناڕاست بوونی وتەکانەوە دیاری دەکرێ، بەم شێوەیە کە تێکرای ڕستە هەواڵدەرییەکان خاوەن ئەرکی گەڕانەوەیین. لاینز(J.Lyons) ئەم ئەرکەی بە وەسفی (descriptive) و بولێر(K.Buhler) بە دەربڕینی(representative) ناو بردووە.

٤ـ ئەرکی ئەو پەڕ زمانی(meta language function): یاکوبسن دەبێژێ ئەو کاتەی بنێر، یان وەرگر، یان هەردووکیان وا هەست بکەن پێویستە لە هاو بەشبوونی ئەو ڕەمزەی کە کەڵکی لێوەردەگرن دڵنیا و ئەرخەیان بن، پەیام ڕووی لە ڕەمز دەبێ. ئالەم دۆخە دایە کە زمان بۆ قسە کردن لە سەر خودی زمان بەکار دەبرێ. بە وتەیەکیتر لە ڕێگای کار کردی ئەرکی ئەوپەڕزمانییەوە ئەو واژانەی بە کار دەبرێن ڕاڤە دەکرێن. ئەرکی ئەوپەڕزمانی زیاتر لە قامووسەکاندا دەبینرێ. بۆ نموونە لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژاردا هاتووە:«میمك: خوشکی دایك». ئەمە نموونەیەکە لە بە کار هێنانی ئەرکی ئەو پەڕ زمانیی زمان.

PDF4Kurd




٥ ـ ئەرکی هاودڵی(Phatic function): لەم ئەرکەدا، ڕووی پەیام لە بەستێنی پێوەندییە. بە گوتەی یاکوبسن مەبەستی هەندێ پەیام ئەوەیە کە پێوەندی بەدی بێنن، هەندێکی‌تر دەبنە هۆی درێژە پێدانی پێوەندی، دەستەیەکی‌تر هەن هەر بۆ ئەوەی لە توانایی و کار کردی بەستێنی پێوەندی دڵنیا بن. بۆ نموونە ئەگەر لە وت و وێژێکی ئاسایی‌دا لایەنێکی وت و وێژەکە لە نێوە ڕاستی قسەکانی‌دا بڵێ«کاکە لیمْ حاڵیت؟» مەبەستی ئەوە نیەکە پرسیارێکی زەقی کردبێ و لایەنەکەی‌تر لە وەڵامدا بڵێ«بەڵێ کاکە چاکت لێ حاڵیم» بەڵکو مەبەست لەوەیە کە لایەنەکەی ڕووبەڕووی، لە ڕەوت و درێژەی وت و وێژەکە ئاگادار کاتەوە. لێرەدا ڕستەی«کاکە لێم حاڵیت» ئەرکی هاو دڵی زمان وەئەستۆ دەگرێ. بەڵام ئەگەر مامۆستایەك لە کاتی دەرس وتنەوەیدا لە قوتابیان بپرسێ:«کوڕینە لێم حاڵین؟» دیارە مەبەستی ئەوەیە، کە ئەگەر هات و لە دەرسەکە حاڵی نەبوون دەنگ بکەن و بڵێن حاڵی نەبوون تا جارێکی تر دەرسەکە دووپات کاتەوە. ئیتر لێرەدا ڕستەی«کوڕینە لێم حاڵین؟» خاوەن ئەرکی هاو دڵی زمان نیە و پرسیارێکی ڕاستەوخۆیە.

٦ ـ ئەرکی ئەدەبی (literary function): لەم ئەرکەی زماندا ڕووی پەیام لە خودی پەیامە. لەم دۆخەدا پەیام دێتە ناوەندی سەرنجی پێوەندییەوە. یاکوبسن پێی‌وایە لێکۆڵینەوە لەم ئەرکەی زمان بەبێ لەبەر چاو گرتنی کێشە گشتییەکانی زمان، بەرهەم و ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ و لە لایەکی‌ترەوە لە زمان کۆڵینەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی ئەرکی شیعریی(poetic function) زمانە. یاکوبسن دەڵێ ئەرکی شیعریی زمان هەر بە ژانری شیعر نابەسترێتەوە تەواوەتی پێکهاتەی

PDF4Kurd

شیعریش خۆی، هەر لە چوار چێوەی ئەرکی شیعریی زماندا چڕ نابێتەوە. بۆیە واباشترە لە بری دەستەواژەی«ئەرکی شیعری» «ئەرکی ئەدەبی» بە کار بهێنن،هەر ئەو شتەی کە مارتینێ بە «ئەرکی جوانی خوڵقێنی» ئاماژەی پێدەکا. بەمجۆرە ئێستا دەکرێ لە سەر بنەمای بۆچوونی یاکوبسن، خشتەی ٤ بخەینە بەر چاو کە ئاوێتەیەکە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی پێوەندی کەلامی و شەش ئەرکی زمان:

(خشتەی 4)




لەمەبەدوا زێتر و وردتر باسیئەرکیئەدەبیی زمان و زمانی ئەدەب دەکەین.

## ( ٥ )

فۆرمالیستەکان باسی دوو پرۆسەی زمانییان هێنایە ئاراوە: پرۆسەی زمانیی«خودکاری» (automatisation).و پرۆسەی زمانیی «زەقکردنەوە» (foregrounding). هاورانێك (B.Havranek) زمانناسی «چیك»ی پێی وابوو پرۆسەی خودکاری زمان بەکار بردنی رەگەزکانی زمانە

PDF4Kurd



بۆ باسکردن لە بابەتێك بێ ئەوەی شێوەی دەربڕینەکەی سەرنجێکی ئەوتۆ رابکێشێ، بەڵام زەقکردنەوە بەکاربردنی رەگەزکانی زمانە بە جۆرێك کە شێوەی دەربڕین بکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە و لە هەمان کاتدا نائاسایی بنوێنێ و لە هەمبەر پرۆسەی خودکاری زمان، ناخودکاری بێ.

**ئەرکی ئەدەبی زمان لە..**

موکاروڤسکی(J.Mukarovsky)یش، زمانناسێکی تری چیك، پیێ وایە زمانی شیعر خاوەن ئەو پەڕی تایبەتمەندی زەقکردنەوەیە. بە بڕوای مۆکاروڤسکی زەقکردنەوە، واتە لادان لە پێوەرە باو و ئاساییەکانی زمان موکاروڤسکی لە رووی روانگەی هاورانێك ـ ە وە بەم ئاکامە دەگا کە زمانی ئەدەب نەك بۆ بەدیهێنانی پێوەندی، بەڵکو بۆ گەڕانەوە بو سەر خۆی بەکار دەبرێ. ئەمەش هەر هەمان بۆچوونی یاکوبسن دەگرێتەوە. واتە ئەو کاتە زمان خاوەن ئەرکی ئەدەبی لە قەڵەم دەدرێ کە سەرنجی پەیام بۆ خودی پەیام بێ.

بێ شك کێشەی زەقکردنەوە لە زمانی ئەدەبدا کێشەیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەوەی راستی بێ هێشتاش نەتوانراوە ئەو جۆرە زمانەی کە بە شێوەیەکی رەها لایەنی پێوەندییەتی هەبێ پێناسە و دەسنیشان بکرێ، ئەو شتەی«زمانی ئاسایی» پێدەگوترێ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە. دیارە ئەم«ئاسایی» بوونە لە کۆمەڵ و تاکەکەسە جۆراوجۆر و جیاجیاکاندا پێوانە و کێشانەی تایبەت بە خۆی هەیە. بە وتەیەکی تر ئەو هۆکارگەلە کولتوورییەی (لێرەدا«کولتوور» بە واتا گشتی و بەر فراوانەکەی خۆی وەرگیراوە) کە لە کۆمەڵگایەکدا دەبنە هۆی ئەوەی زمانێك بە ئاسایی لە قەڵەم بدرێ، رەنگبێ لە کۆمەڵگایەکیتردا ئەو جۆرە زمانە بە نائاسایی و زەقکراوە بێننە ئەژمار.هەر بۆیە زمانناسان هێشتاش

PDF4Kurd

له سەر ئەم باس و خواسانە کێشە و دەمەتەقەیانە بۆ نموونە کریستال (J.crystal) ودەیڤی(D.Davy) وت و وێژی غەیرە رەسمی بە زمانی ئاسایی دەزانن: کۆهێن (J.cohen) ...زمانێك بە ئاسایی دێنێتە ئەژمار کە بۆ باسکردن لە بابەتێکی زانستی بە کار بهێنرێ و ناوی دەنێ«زمانی زانست». راستە ئەم روانگانە و چەندین روانگەی‌تریش بۆیان هەیە بە هەندێ هۆ پەسند بکرێن و بە هەندێ هۆی تر حاشایان لێبکرێ، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان لەوەدایە کە هیچ کامیان نەیانتوانیوە بە وردی و راشکاوی سنووری نێوان ئەو زمانەی کە پێی دەڵێن ئاسایی و ئەو زمانەی کە خاوەن زەقکردنەوەیە، دیاری بکەن.لەم بەینەدا زمانناسانێکیش بوون، پێیان وابووە دەسنیشانکردنی قەتعی و قسەبڕی رێساکانی زمانی ئاسایی مومکین نیە. بۆ وێنە شۆرت(M.H.short) ئەم بۆچوونە پاساو دەداتەوە و دەڵێ ئاسایی بوونی رێسایەکی زمانی، بەو واژانەی کە لە رستەدا بەکار دەبرێن بەستراوەتەوە، و رادەی ئاسایی بوونی ئەو رێسایە بە پێی واژەکان دەگۆڕدرێ.

سەرەڕای سەرومڕی ئەم هەوڵ و دەولآنە، ئەو پرسیارەی کە ویدۆسۆن(H.G.Widdowson) هێنابوویە گۆڕێ بێ وەڵام مایەوە پرسیارەکەی ئەمە بوو:«چۆن چۆنی دەکرێ لادانێك بە لادان (deviation)لە زمانی ئاسایی بزانین؟» تەنیا رێگایەك کە زمانناسان دەبوایە بیانگرتایەتە بەر، پێناسە کردنی ئەو لادانانە بوو کە بە حازری لە بەردەست بوون. بۆیە لیچ(G.N.Leech) هات و خۆی بە باسی ئەم دەستە لادانانەوە خەریك کرد بە بڕوای لیچ زمانی ئەدەبی لە چاو جۆرەکانی‌تری

بەكار هێنانی زمان پڕ پێچ و پەناترە،گەڕانەوەی بۆ سەر خۆیەتی و تایبەتمەندی خودكارییەتی كەمی تیا دەبینرێ.

**ئەركی ئەدەبی زمان لە..**

دیارە زمان لە یەكەم روانینێدا و لەبەر فراوانترین شێوەی بە كار هێنانیدا وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی پێوەندی چاو لێدەكرێ. پێویست بە پێداگریش ناكا ئەگەر بڵێین ئەم ئەركە یەكەمین و سەرەكیترین ئەركی

**ئەركی ئەدەبی زمان لە..**

زمانە.لەهەر پرۆسەیەكی پێوەندیدا، پەیامێك لە لای بنێرەوە بەرەو وەرگر دەنێردرێ. ئەم پەیامە بە یارمەتی كۆمەڵێك واژە كە لە سەر تەوەرەی هاونشینی ـ ین رادەگوێزرێ. جا ئێستا ئەگەر بە هەر شێوەیەك، پەیام بە جۆرێك رابگوێزرێ كە بەهای ئەم راگوێزانە لە بارە مانایی و واتاییەكەی زیاتربێ، ئەوە سەرنج بۆ لای خودی پەیامەكە رادەكێشرێ. ئالێرە دایە پێ دەنێینە هەرێمی ئەركی ئەدەبی زمانەوە، و زیاتر لەوەی لەمانا و ناوەرۆكی پەیام ورد بینەوە، دەڕوانینە جوانی و فورمی پەیام. هەر چۆنێك بێ دەبێ بەم راستییە بزانین كە سنوورێكی دیاریكراو لە نێوان ئەم ئەركەی زمان و ئەركەكانیترا بەدی ناكرێ. هەر بۆیە واباشترە پێشەكی لە رووی شەش پێش نموونەوە باسی شەش ئەركەكەی زمان بكەین، هەر چەند ئەمە بەو واتایە نیە كە هەر نموونەیەك تەنیا هەڵگری تاقە ئەركێكی زمان بێ، چونكی وەك وتمان سنووری ئەم جیا كردنەوەیە، ئەستەمە بە ساكاری دیاری بكرێ. با بۆ نموونە سەرنج بدەینە ئەم رستانەی خوارەوە:

١ـ سەرم سەیر دێشێ.

٢ـ دا ئەو دەسرەیەم بۆ بشۆ.

٣ـ ژوورەكەمان زۆر خەفەیە.

٤ـ میمك یانی خۆشكی دایك.

PDF4Kurd

٥ـ حاڵی عەرزم هەی؟

٦ـ پەپوولەی نیگات هەڵفڕی.

رستەی(١) زۆرتر خاوەن ئەرکی عاتیفی زمانە. لە رستەی (٢)دا ئەرکی هاندەری زمان بەرچاوە. ئەرکی زمانی لە رستەی(٣)دا پتر گەڕانەوەییە. رستەی(٤) نموونەیەکە لە ئەرکی ئەوپەڕزمانی زمان.لە نموونەی(٥)دا چونکی بنێر مەبەستی دڵنیا بوون لە نەپچڕان و نیوەچڵ نەمانی پێوەندییە، ئەرکی هاو دڵـــــی زمان لە ئارادایە. واتە لێرەدا بنێر چاوەڕێ نیە وەرگر وەڵامێکی راستە و خۆ بەم پرسیارە بداتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندەی ئاگادار بێ پێوەندییەکە لە گۆڕێدایە بەستە، لە نـموونەی٦دا ئەرکی ئەدەبیی زمان بە سەر ئەرکەکانی ترا زاڵە. با لەم نموونانەی خوارەوەش ورد بینەوە:

(٧) بێکەس منم، کـــــەسێ لە زوبانم بگا نیە
هەمدەم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یا خودا

«مەحوی»

لە نموونەی (٧)دا هەرچەند ئەرکی ئەدەبیی زمان دیار و بەرچاوە، بەڵام دەبینین لە«بێکەس منم»دا رووی پەیام لە بنێرە، بۆیە ئەرکی عاتیفی زمانیش دێتە گۆڕێ. لە لایەکی ترەوە پێداگری لە سەر بابەتی«خودانەناسی» رووی پەیام بەرەو بابەتی پەیام وەردەسووڕێنێ، کەوایە ئەرکی گەڕانەوەیی زمانیش لەم نموونەیەدا دەوری هەیە.

(٨) نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان
بدارەش نە تۆی دڵ دەروون رێشـــــان

(مەولەوی)

PDF4Kurd



لە نموونەی (٨)دا سەرەڕای ئەوەی ئەرکی ئەدەبیی زمان بە خەست و خۆڵی بەدی دەکرێ، ئەرکی هاندەری‌یش لە دێڕی«بدارەش نەتۆی دڵ دەروون ڕێشان» بە ئاشکرایی دەبینرێ.

یاکوبسن بۆ ناساندنی تایبەتمەندی زاتی زمان لە شێوەی بە کار

**ئەركی ئەدەبی زمان لە..**

هێنانی واژەگەلدا لە دوو تەوەرەی هاونشینی و جێنشینی کەڵك وەردەگرێ. لێرەدا پێویستە لە سەر باسی ئەم دوو تەوەرەیە، سووکە

**ئەركی ئەدەبی زمان لە..**

لەنگەرێك بگرین و کەم تا کورتێك بۆ خوێنەریان شیبکەینەوە: وەك دەزانین زمان بە شێوەی«زنجیری ئاخاوتن» و لە سەر هێڵێکی ڕاستەوخۆ خۆیا دەبێت. بۆ نموونە لە ڕستەی«سێ‌گەز چیت بکڕە» ئەم ڕاستەوخۆیەتییە بە ئاشکرایی دەبینرێ. پاژە واژەییەکانی ئەم ڕستەیە، کە بریتین لە سێ، گەز، چیت، بکڕە،. جگە لەو پێوەندییە دیار و ئاشکرایەی کە لە نێوان خۆیاندا هەیانە، پێوەندییەکی تریشیان بەو پاژە واژەییانەوە هەیە کە هەنووکە لەم ڕستەیە دانین، کەچی دەیانتوانی لە بری ئەو چوار واژەیەی سەرەوە بەکار بێن و دیارە ئەگەریش بە کار برابایەن، مانای ڕستەکە دەگۆڕا. بە وتەیەکی‌تر ئەم ڕستەیە(و بەگشتی زمان) لە سەر دوو تەوەرە خۆ دەنوێنێ:

١ـ تەوەرەی هاونشینی(syntagmatic axis): بریتیە لە پێوەندی نێوان پاژە دیار و لە بەر دەستەکانی نێو ڕستە،یان پەیام. بۆ نموونە لە بابەت ئەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەڵێین واژەی«سێ» لەگەڵ واژەکانی«گەز» و «چیت» و «بکڕە»دا لە پێوەندی هاو نیشینی دایە.

٢- تەوەرەی جێنشینی(paradigmatic axis): بریتیە لە پێوەندی نێوان پاژە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لەگەڵ پاژە نادیار و لە بەر

PDF4Kurd

دەست نەبووەکانی نێو رستە،یان پەیام. بۆ نموونە بۆ ئەو رستەیەی سەرەوە دەڵێین «سێ» لەگەڵ «چوار» و سەرجەمی ژمارەکانیتر، یان «گەز» لەگەڵ «میتر» و سەرجەمی پێوانەکانیتر، یان «چیت» لەگەڵ «کریشە» و سەرجەمی چەشنەکانیتری پارچە و ... لە پێوەندی جێنشینیدان.

بە باوەڕی یاکوبسن لە رێگای شێوەی هەڵبژاردنی واژەیەك لە نێوان واژەگەلی هاومانا لە سەر تەوەرەی جێنشینی و چۆنێتی لە پەنایەکدانانی ئەو واژانە لە سەر تەوەرەی هاونشینییەوە دەکرێ رستەیەك لە ئەرکی پێوەندییەوە بۆ ئەرکی ئەدەبی بگوازینەوە. بۆ وێنە با بڕوانینە ئەم نموونانەی خوارەوە:

(٩) خۆر لە ترسی تەلعەتی [یار] وەکوو شێت بە رووی زەردەوە هەڵات و رووی لە کێوان کرد.

(١٠) لە ترسی تەلعەتی [یار]، خۆر وەك دێوانە بە رووی زەردەوە رایکرد و کەوتە کێوان.

(١١) لە خەوفی تەلعەتی[یار]، رۆژ چەشنی شێتێ، بە رووزەردی هەڵات و دایە شاخان.

(١٢) لە خەوفی تەلعەتی رۆژ هەر وەکوو شێت
بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێـــــوان

«نالی»

دەتوانین لە رووی ئەو نموونانەی سەرەوە بە روانگەی یاکوبسن لە مەڕ چۆنێتی کارکرد و ئەرکی واژەکان لەسەر دوو تەوەرەی هاونشینی و جێنشینیدا بچینەوە. یاکوبسن پێی وابوو جۆری هەڵبژرادن و لە پەنایەکدانی واژەکان کاریگەرێتییەکی ئەو تۆی لە سەر بنەمای مانایی

رستەکەدا نیە. بە بڕوای یاکوبسن ئەو کاریگەرێتیە لە سەر خودی پەیامەکەیە و رووی پەیام بەرەو خودی پەیام وەردەگێڕێ. بەم پێیە رستەی (٩) نموونەی کارکردی ئاسایی و باوی زمانی رۆژانەیە و رووی پەیام لەم رستەیەدا لە بابەتی پەیامە. لە رستەی (١٠)دا بە هۆی جێگۆڕینەوەی «خۆر» و دەستەواژەی«لە ترسی تەلعەتی»، و هەروەها بە کار هێنانی، ئەم رستەیە بە شێوەی «کەوتە کێوان» سەرنجی خوێنەر وردە بەرەو خودی پەیام رادەکێشرێ. لە نموونەی (١١)یش‌دا رووی پەیام لە خودی پەیامە، بەڵام ئەو جیاوازییەی لەگەڵ (٩) و (١٠) دا هەیە، کە خاوەن جۆرە کێش و ئاهەنگێکە. نموونەی (١٢) جگە لەوەی خاوەن کێش و ئاهەنگە، خەیاڵاویشە و لە چاو (١١) خاوەن تایبەتمەندی شیعریی زیاترە. نالی لێرەدا لە سەر تەوەرەی جێنشینی لە بری وشەی«ترس»«خەوف» و لە جیاتی واژەی«دێوانە» «شێت» و لە باتی وشەی «خۆر» «رۆژ»ی بەکار هێناوە. ئێنجا لە سەر تەوەرەی هاونشینی لە جیاتی ئەوەی بە شێوەی باوی رێزمانی رستە«رۆژ» لە سەرەتاوە بێنێ پاش دەستەواژەی «لە خەوفی تەلعەتی» بەکاری بردووە و... بە وتەیەکی‌تر لێرەدا شێوەی هەڵبژاردن و چۆنێتی لە پەنایەکدانانی واژەکان لە خۆڵقاندنی ئەم شیعرەدا دەوری سەرەکی دەگێڕن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین رادەی ئەدەبییەتی ئەرکی زمانیی لەم دێڕەشیعرەی نالی‌دا گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی.

ئەرکی ئەدەبی زمان لە..

## ( ٦ )

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد فۆرمالیستەکان لە نێوان دوو پرۆسەی خودکاریی و زەقکردنەوەدا، پرۆسەی دووهەمیان بە هۆکاری خوڵقاندنی زمانی ئەدەب دەزانی. بە باوەڕی لیچ زەقکردنەوە دوو جۆرە: یەکەم لادان

PDF4Kurd

لە ڕێسا باوەکانی زمان، دووهەم زیاد کردنی هەندێ ڕێسای نوێ بە ڕێساکانی زمان. بە وتەیەکی‌تر زەقکردنەوە لە ڕێگای دوو شێوازی لادان و ڕێسا زیادکردنەوە وە (extra regularity) خۆ دەنوێنێ.

شەفیعی کەدکەنی پێی وایە زەقکردنەوە بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێ: زەقکردنەوەی مۆسیقایی و زەقکردنەوەی زمانی. بە بڕوای کەدکەنی دەستەی مۆسیقایی ئەو کۆمەڵە هۆکارەن، کە لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە کێش و ئاهەنگەوە خۆیان لە زمانی باو جیا دەکەنەوە. ئەم کۆمەڵە هۆکارە زۆرجار کێش و سەروا و ڕەدیف و هاو ئاهەنگییە دەنگییەکانن. لە ولاوە دەستەی زەقکردنەوەی زمانی ئەو هۆکارانەن کە بە هۆی جیاوازی زاتیی واژەکان لە سیستمی ڕستەکاندا دەبنە هۆی زەقکردنەوە. ئەم هۆکارانە بریتین لە: خوازە و مەجاز و ئیجاز و هتد. جا باتەتێکی گرینگ کە لیچ بە ئاشکرایی ئاماژەی پێدەکا، ئەوەیە کە لادان دەبێ تا ئەو ئاستە ڕێگای پێبدرێ کە پێوەندی نێوان بنێر و وەرگر نەپچڕێنێ. بە وتەیەکی‌تر لادان دەبێ بە شێوەیەك و تا ئەو ڕادەیە بێ، کە زەقکردنەوە دەرەتان و ئیمکانی ڕاڤەکردنی هەبێ ►►.بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم باسە، با لەم نموونانەی خوارەوە ورد بینەوە:

(١٣)- بۆنت خۆشییەکی سیحراوی دەڕژێنێتە ناو لەشم.

(١٤)- بۆنت چاوێکی سیحراوی دەڕژێنێتـــــە ناو لەشم.

لێرەدا هەرچەند ڕستەی(١٤) خاوەن ئەرکی ئەدەبیی زمانە بەڵام چونکی لادانە واژەییەکەی بە شێوەیەك بەکار براوە کە ڕاڤەکردنی ئەمجۆرە زەقکردنەوەیە ئەستەم و تەنانەت ناموومکین دەکا، دەبێتە هۆی پچڕانی پێوەندی نێوان بنێر و وەرگر.(لەم باسەدا نووسەر و خوێنەر)

PDF4Kurd



لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە بۆچوونێکی هالیدەی لەمەڕ ئاستەکانی زمان بکەم. بە باوەڕی هالیدەی زمان سێ ئاستی هەیە ►► : ١ـ مانا ناسی ٢ـ روخســار، یان فۆرم کە بریتیە لە رێزمان و واژە ٣ـ رواڵەتی زمان کە بریتیە لە: ئەلف ـ شەپۆلی دەنگی لە ئاخاوتندا، کە بە گشتی پێی دەگوترێ سیستمی واجی، بـ نیشانەی خەتی لەنووسیندا، بەگشتی پێی دەڵێن سیستمی خەتی ►► .

**ئەرکی ئەدەبی زمان لە..**

(خشتەی 5) ـ ئاستەکانی زمان

| ماناناسی | فۆرم | رواڵەت |
|---|---|---|
| مانا | رێزمان و واژەگەل | سیستمی واجی و سیستمی خەتی |

لیچ پێی وای ئەو کەسەی زمانێك فێر دەبێ هەوڵ دەدا لەم سێ ئاستەدا کارامە و شارەزا بێ، بۆیە ئەگەر خولقێنەری بەرهەمێکی ئەدەبی و بەتایبەتی شیعر بیەوێ لە رێسای زمانی باو لابدا، زەقکردنەوەکەی بە گشتی لە سەر ئەم سێ ئاستەی زماندا چڕ دەکاتەوە.

**( ٧ )**

وەك وتمان لادان، بە واتای خۆ دوور خستنەوەیە لە رێسا باوەکانی زمان. با ئەوەش بڵێین لێرەدا مەبەستمان هەر چەشنە لادانێك لە رێساکانی زمان نیە، چونکی لادانی وا هەن زیاتر بنەمایەکی نارێزمانییان هەیە و

PDF4Kurd

ناکرێ بە داهێنانی هونەرییان لە قەڵەم بدەین. بۆ وێنە ئەگەر کەسێك بیەوێ لادانێکی لەم دەستە بخولْقێنێ:

(١٥)ـ فرمێسکی ئاسمانم دیم دادەوەرینە سەر زەوی.

ئەم لادانە دواجار دەبێتە لادانێکی نارێزمانی و ناتوانێ هەست و مەبەستی شاعیر«بنێر» بۆ خوێنەر«وەرگر» ئاشکرا بکات. چونکی ئەم رستەیە پێویستی بە کاری«دی»یە، تا بتوانێ لە باری رێزمانییەوە دروست بێ.بەڵام با هەر لەچوار چێوەی ئەم باسەدا سەرنج بدەینە ئەم بەیتە:

(١٦) (خزر) ئەگەر چاوی حـەیاتی بڕییە ئاوی حەیات

من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات

(مەحوی)

دێڕی دووهەمی ئەم شیعرە لە رێسای باوی زماندا بەم شێوەیە دەنووسرێتەوە:«من چاوی حەیاتـم هەر لە خاکی دەری جانانەیە» دەبینین لێرەدا مەحوی بە لادانێکی نەحویی (Syntactic deviation) لە سەر پاشگری«م» و گوازتنەوەی لە شوێنی سروشتی خۆی(واتە پاش «حەیات») بۆ شوێنێکی ناسروشتی نێو رستەکە (واتە دوای «جانانە») زمانی شیعریی خۆی زەقکردۆتەوە.

لێرەدا وا باشە بە پێی ئەو پۆلێنکردنەی کە لیچ رەچاوی کردووە ►► ئێمەش باسی جۆرەکانی لادان بکەین، کە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئەدەبی کردنی زمانە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:

١ـ لادانی واژەیی:لەمجۆرە لادانەدا، شاعیر لە ڕێی خولّقاندنی واژەیەکی تازەوە خۆی لەو ڕێسا باوانەی ساز کردنی واژەکانی زمان دەرباز دەکا، و لەم ڕێگایەوە زمانی شیعریی خۆی زەقدەکاتەوە. بۆ نموونە:

(١٧) دڵ لە ئیدارکی حەقیقەت بێ بەشە، بێ داغی عیشـق
«مەحـــــویا» دانا دەبـــێ بـــەم چـــــاوە بینایی بکا

(مەحوی)

چاوگی«بینایی کردن» تا ئێستاش چ لە زمانی شیعر و چ لە زمانی پەخشانی کوردیدا بەکار نەبراوە. مەحوی لە ڕێگای داهێنانی ئەم واژەیە نوێیەوە لادانێکی واژەیی لە زمانی شیعریی خۆیدا بەدیهێناوە و بەم جۆرە شێوە دەربڕینی خۆی زەقکردۆتەوە.

٢ـ لادانی نەحوی: شاعیر لە ڕێگای جێگۆڕکێ کردن بە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە لە ڕێسا ئاساییەکانی نەحوی زمان خۆ دەبوێرێ، و بەم شێوەیە زمانی خۆی لە زمانی باو جیا دەکاتەوە:

ئەرکی ئەدەبی زمان لە..

(١٨) بۆ چی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە

(نالی)

لەم بەیتەدا بەپێی ڕێسا باوەکانی نەحوی زمان، دەبوایە پاشگری«م» لە بری«کەڕەت» بە «دڵ»ەوە نووسابا. دیارە لێرەدا نالی هەم بۆ کێشی شیعرەکەی،هەمیش بۆ پێداگری و زەقکردنەوەی دەستە وشەی «سەد کەڕەت» ئەم لادانە نەحوییەی بەدیهێناوە یان شیعری مەحوی کە لیپاولیپە لە نمونەی لادانی نەحوی وەك:

PDF4Kurd

(١٩) واعیز، له من، بڵێ بەنەزەر تەعنە بەس بدا
دینی بتانە دینی من، ئەو مەزهەبی زەهەب

(٢٠) بڕوانە سووتنم، وەرە، بڕوا کە من نەمام
پەروانـــەم ئیترم نیە پەروا کە من نەمام

(٢١) چلۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونسوری ئـاوە
مەحــــاڵە من کە بچمە دڵیەوە، دڵ کیشوەری بـەردە

(مەحوی)

٣ـ لادانی دەنگی: لە مجۆرە لادانەدا، شاعیر تێدەکۆشێ لە ڕێگای خۆ ڕزگارکردن لە کۆت و بەندی ڕێسا دەنگییە باوەکانی زمانەوە، جۆرە دەنگێك لە واژەی شیعرەکەیدا بخولْقێنێ کە لە ڕوانگەی دەنگناسییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەکنەگرێتەوە. بۆ وێنە:

(٢٢) شوکـــر تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەر چی من لە فکرت چووم
لە مـــن غایب نەبی تۆ، بەسـمە، با مـــن بم لە تۆ غایب

(٢٣) خۆم و خوێنمت لە فکر چوو، دوعا دەکـەم
ڕەنگی خوێنی من کە لە دەستت نەچێتەوە (مەحوی)

لە نموونەی (٢٢) واژەی«فکر»ی یەکەم بە شێوەیەك بە کار براوە، کە لە کاتی خوێندنەوەدا، دەبێ لە سەر دەنگە نەبزوێنەکانی(بەتایبەت«ك» و «ر») پێداگری بکرێ کە چی ئەم پێداگرییە لە خوێندنەوەی«فکر»ی دووهەم دا نابینرێ. بە وتەیەکیتر دەنگی «فکر»ی یەکەم زەقکراوەتەوە و دەنگی «فکر»ی دووهەم شێوەی باوی زمانی هەیە. لە ڕستەی (٢٣) دا ئەم پێوەندییە لە نێوان واژەی«خوێن»ی یەکەم و دووهەمدا دەبینرێ.

جیاوازییەکان لەوە دایە ئەمجار دەنگی«خوێن»ی یەکەم شێوەی ئاسایی زمان هەیە و «خوێن»ی دووهەم لە دەنگی باوی زمان لایداوە.

٤ ـ لادانی مانایی: بواری مانا وەك یەکێك لە بەتواناترین ئاستەکانی زمان بۆ زەقکردنەوەی ئەرکی ئەدەبیی زمان لە قەڵەم دەدرێ. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا و بە تایبەت لە شیعری مەولەوی و نالی و مەحویدا ئەمجۆرە لادانە بە فراوانی دێتە بەر چاو ►►. جۆری لە پەنا یەکدانانی واژەکان لە سەر تەوەرەی هاونشینی شیعری ئەو شاعیرانە، بۆتە هۆی ئەو لادانە ماناییانەی کە زمانی ئەو شاعیرانە وەك زمانێکی لادەر لە ڕێسا ماناییە ئاساییەکانی زمانی باو، بە ئێمە دەناسێنێ. لە لادانی ماناییدا شیعر زیاترین نیزیکایەتی لەگەڵ تایبەتمەندی[+گەمەی ناوەکی] زماندا هەیە. بە وتەیەکیتر، بەرفراوانترین مەیدانێك کە شیعر لەوێدا دەتوانێ گەوهەری ڕاستەقینەی بوون و چییەتی خوی بنوێنێ، مەیدانی لادانی ماناییە. ئەو ـ وەك دەڵێن ـ جیهانە تایبەتییەی کە شیعر خاوەنیەتی تەنیا ئەرکی ئەدەبی زمان لە.. لە سەر بناغەی ئەو لادانە ماناییانە دادەمەرزێ کە شاعیر دەیانخوڵقێنێ. شیعر ئەو کاتە دەتوانێ خوێنەر بەرێتە نێو جیهانی تایبەتی خۆیەوە، کە ئەو جیهانە تایبەتە جیهانێك بێت غەیری جیهانی باوی خوێنەر، جیهانێك بە مانای تازەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکی لەو تایبەتمەندییانەی کە لە[+گەمەی ناوەکی] زمانی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەشدارن بێنینەوە:

ئەلف ـ شوبهاندن ►► (simile)

(٢٤) شریخە و گرمەی هەور دووریی دۆس

PDF4Kurd

وەفەنا بـەردەن مەغز و رەگ و پۆس

(٢٥) بـــۆی گولاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مـــەزەی تام خـــەم یاران لەزیزەن
(٢٦) کلێڵەی خەفەت نە ســـــەر کاوەی دڵ
مەزرەعـــەی شادیم کەردەن بێ حاسڵ

(٢٧) تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن
کـــەف پای شـــادیم خـار تێ شکستەن
(مەولەوی)

(٢٨) تەنکە توێژێکی کشاوە بە رووا قولزوومی مەوت
وەک حـــەبابێ بە هەوا بەندە نرا ناوی
حەیات ►►
(مەحوی)

ب ـ گیان بە بەرداکردن /تەشخیص/ (personfication):

(٢٩) غەم دەڵێ:«نالی» کە غەم خـــواریم نەکا
نا عیلاجم مـن بـــــەنی ئادەم دەخـــۆم (نالی)

(٣٠) لە هەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵرۆخان مەحوی
ئەگەر عەقڵی ببـــێ، لەو جێگە ئاونـگـی عەقڵ چبـــــکا؟
(مەحوی)

(٣١) دڵە پڕ چینــــەن پێشانیی شـــەوقت
پۆس مـــەردەن وەبان روخسار زەوقت
(مەولەوی)

PDF4Kurd



ج ـ خوازە(metaphore):

(٣٢) تا من دووی سفتەی جەستەم فێشتەرەن
جەلای ئاوێنەی ئــــــەو زیاد تــــەرەن

(مەولەوی)

(«ئاوێنە» خوازەیە بۆ روخساری یار)

(٣٣) لە دوگمـەی سوخمە، دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیـــــدەی باغـــــی سێـــوان

(نالی)

(لەم شیعرەدا«باغی سێوان» خوازەیە بۆ سنگ و مەمك. ئەگەر«بەیان»یش بە مانای بەرەبەیانی لە بەر چاو نەگرین و بە واتای «بەهێکان» بێ، ئەوا دەبێتە خوازە بۆ مەمك. ►► )

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی هەرە گرینگی شیعری نالی بکەم،کە پێوەندی بەم سەرەباسەمانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە پێکهاتەی شیعری نالی بە شێوەیەك دارێژراوە، کە تێکرای گەمە دەرکییەکانی زمان دواجار وەك هۆکارێکی گرینگ بۆ ئەفراندنی سەر لە بەری گەمە ناوەکییەکانی زمان دەور دەگێڕن. بە وتەیەکیتر، ئەگەر لە شیعری نالیدا، گەمە بە رووبەری زمان دەکرێ، ئەوە تەنیا بۆ رازاندنەوەی ئەو رووبەرە زمانییە نیە، بەڵکو هەر ئەم گەمە دەرەکییانە، لە ئاکامدا دەبنە رەگەزی تەواو کەری گەمە ناوەکییەکانی زمانی شیعریی. راستە شیعری نالی لە رێگای ئەفسوونی فۆرم و رواڵەتییەوە دەتکێشێتە نێو جیهانی خۆیەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو ئەفسوونە رووبەرییەی زمان، ئەفسوونێکی زۆر سەیرتری دیکە لە شیعری نالیدا سەر سووڕماوت دەکا، کە ئەویش ئەفسوونی ئەو گەمە ماناییانەیە کە پێکهێنەر و گەوهەری

PDF4Kurd

راستەقینەی ئەو جیهانەن کە پێشتر لە ڕێگای زمانی نالییەوە کەوتبوویە ناوییەوە. شیعری نالی شیعرێکی زمانباز و ماناخولقێنە ►►،.شیعرێك کە لەودیو هەر فێڵێکی زمانییەوە هەقیقەتێکی مانایی خۆی حەشار داوە. وتەی یاکوبسن ـ مان بێتەوە بیر:«زمانی بێ مانا مانای نیە.»

٥ ـ لادانی شێوازی: جاری وایە شاعیر لە شێوازی سەرەکی شیعر نووسین کە پتر لە سەر بنەمای ڕەگەزەکانی زمانی نووسینەوە دامەزراوە و کەمتر ئاوڕ لە ڕەگەزەکانی زمانی ئاخاوتن دەداتەوە، لادەدا و لە واژە و پێکهاتە نەحوییەکانی زمانی ئاخاوتن کەڵك وەردەگرێ. بۆ نموونە وێدەچێ«نالی» لە غەزەلی «نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ» دا لە شێوازی باوی شیعر نووسینی خۆی لایداوە و زیاتر ڕووی لە زمانێك کردووە کە واژە و ڕستەکانی زیاتر لە کاتی ئاخاوتندا بەکار دەبرێن. نالی وێدەچێ بەم شێوازە سەرنجی خوێنەری ئەم بەیتانە زیاتر بۆ لای خۆی رادەکێشێ:

(٣٤) بینابیم کوێرە، هەڵنایێ بە ڕووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ

(٣٥) هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەنای مـــــردنی پێـــــارە بێ تۆ

(نالی)

ئاشکرایە دەستەواژەی«بینابیم کوێرە»،« هەڵنایێ بە ڕووی کەس». «لە تاو...» زیاتر دەستە واژەی زمانی ئاخاوتنن کە نالی لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی قۆزتوونیەتەوە و لەم شیعرەدا وەك لادانێك لە زمانی باوی شیعری کلاسیکی کوردی بە کاری بردوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە شیعری نالی بە

PDF4Kurd



شیعرێکی پڕ پێچ و پەنا و نوخبەگەرایانە ناسراوە و لە مجۆرە بەیتانەشی زۆرە:

(٣٦) بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو
خەتت هات و وتی: من ناسیخی توغـــرایی خونکارم

(نالی)

(٦) لادانی زاراوەیی ►►: هەڵدەکەوێ شاعیر بۆ زەقکردنەوەی زمانی شیعریی خۆی واژە، یان دەستەواژەی زاراوەیەکی‌تری جیا لە زمان و زاراوەی باو، بێنێتە نێو شیعری خۆیەوە:

(٣٧) خاو و بێ خاوی دوو زڵفی خاوم ئـەز
چاوە چاوی یـەك غەزالە چـاوم ئەز

(٣٨) غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە
دەس لە (مافیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز

(٣٩) دائیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیـــاو
بەم ڕێشەوە لە پێشەوە بووگی بە سەرگەلە (نالی)

## (٧)

**ئەرکی ئەدەبی زمان لە..**

یەکێکی‌تر لەو هۆکارە گرینگانەی کە ڕادەی ئەدەبییەتی زمانی شیعریی دەباتە سەرێ، پرۆسەی ڕێسا زیادکردنی زمانییە. بەوتەیەکی‌تر، زیاد کردنی ڕێسایەك بە ڕێساکانی زمانی باو جۆری دووهەمی زەقکردنەوەی ئەدەبی دێنێتە گۆڕێ. دیارە ئەم جۆرە زەقکردنەوەیە بە لادان لە ڕێسا باوەکانی زمان دانانەدرێ و لەگەڵ لادانیش جیاوازی هەیە. بۆ نموونە:

(٤٠) هام دەردان ئیشێ... هام دەردان ئێشێ

PDF4Kurd

پێمـــــــــــەوەن ئێشێ، چ تەرزە ئێشێ
ئێشێ پێچ چـــۆن ئێش وە ماران رێشێ
ئێشێ پڕنێشێ، ریشـــــەی گیان کێشێ

(مەولەوی)

نموونەی (٤٠) بە بێ ئەوەی خاوەنی هیچ چەشنە لادانێکی زمانیی ئەوتۆ بێ، لە رێگای زیادکردنی رێسای زمانییەوە، زەقکردنەوەی تێدا بەدی دەکرێ. ئەم رێسا زیاد کردنەوەیەش لە دوو رێگاوە بەرهەم هاتووە: کێش و هاوپیتی (alliteration). مەولەوی لە رێگای دووپاتکـــردنەوەی بڕگەیی (٥+٥) بۆ خولْقاندنی کێش، و دووپاتکردنەوەی دەنگییەوە (دەنگی پیتی«ش») بۆ خۆلْقاندنی جۆرە هاورێکییەکی دەنگیی (واتە هاو پیتی) توانیوێتی دوو رێسا بە رێساکانی زمان زیاد بکات و لەم رێگایەوە زمانی شیعری خۆی زەقبکاتەوە.یان لەم نموونەیەدا:

(٤١) گەر بازی نەزەربازی، لەم دەست و نیگارەت چی
بۆ یاری و دەسبـــازی، لـەم راو و دیـــارەت چی

(نالی)

لەم بەیتەدا لادانی زمانیی دەورێکی بەر چاوی نیە و زەقکردنەوە تەنیا لە رێگای زیاد کردنی رێسای زمانییەوە هاتۆتە ئاراوە. نالی جیا لە دووپاتکردنەوەی بڕگەیی بۆ بەرهەمهێنانی کێشی شیعرەکەی، لە رێگای بەکارهێنانیجووت واژەی(نەزەربازی/دەسبازی)و (نیگارەت/ دیارەت)ـەوە، جۆرە هاوڕێکییەکی بەدی هێناوە کە لە لێکۆڵینەوەی کلاسیکیدا بە «تەرصیع» ناوی دێنن. هاوڕێکی سێهەم لە رێگای دووپاتبوونەوەی واژەی«چی»ـەوە وەدەست دێ، کە «رەدیف»ی پێدەڵێن. کە وایە

لەنموونەی (٤١) دا، سێ جۆر ڕێسا زیاد کردن دەبینین کە بریتین لە کێش و تەرصیع و رەدیف.

## ( ٨ )

(٤٢) «نالی» بە دواە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە، سەد داوی نایەوە

(نالی)

سەرماوەزی ١٣٧٩

دیسامبر ٢٠٠٠

**سەرچاوە و پەڕاوێز:**

١ ـ بسوي زبان شناسي شعر، مهران مهاجر، محمد نبوي، تهران، نشر مركز، ١٣٧٦، ص ٩١

٢ ـ شعر و انديشه، داريوش آشوري، تهران، نشر مركز، ١٣٧٧، ص ٣٣

٣ ـ بسوي زبان شناسي...، صص ٩٣ ـ ٩٤

٤ـ لەم وتارەدا هۆنراوە هاوواتای(نظم)ی فارسی، یان(verse) ئینگلیسی و پەخشان هاوواتای (نثر)ی فارسی، یان (prose) ئینگلیسی و شیعر هەمان (شعر) فارسی و (poem) ی ئینگلیسیە.

٥ ـ به سوي زبانشناسي...، صص ٩٥ ـ ٩٦

٦ از زبانشناسي به ادبيات، كورش

**ئەرکی ئەدەبی زمان لە**

صفوي، [illegible] چشمه، ١٣٧٣، صص ٣١ ـ ٣٥

٧ـ هەمان سەرچاوە، صص ٣٦ـ٣٧

٨ ـ هەمان سەرچاوە، ص ٣٨



PDF4Kurd

PDF4Kurd

٩ـ مباني زبانشناسي و كاربرد آن در زبان فارسي، ابولحسن نجفي، نشر نيلوفر، ١٣٧٨، صص ٤٤ـ٤٥

١٠ـ از زبانشناسي به...، صص ٤٢ـ٤٣

١١ـ هەمان سەرچاوە، ص ٤٥

١٢ـپێویستە بگوترێ(خشتەی٥) تەنیا پیشاندەری بەشی ناو زمانی گەڵاڵەی هالیدەی‌یە بۆ پیشاندانی کارکردی زمان، نەك ئەو گەڵاڵە گشتییەی کە لە مەڕ زمان لە زەینی‌دا بووە

١٣ـ از زبانشناسي به...، ص ٤٩

١٤ـ هەر چەند سەر دێڕی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بە«شیعری کلاسیکی کوردی» دەکا بەڵام لێرەدا مەبەستی ئێمە سەر لە بەری جوگرافیای شیعری کلاسیکی کوردی نیە. چونکی لە لایەکەوە بە سەر کردنەوەی سەرتاپای شیعری کلاسیکی کوردی لە تاقەت و توانای وتارێکی چەند لاپەڕەیی دا نیە و لە لایەکی دیکەوەش مەبەستی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندی گشتی لە زمانی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی کوردییە. بۆیە وامان بە باش زانی لە بری زۆری و بۆری نموونەکان، هەر لە سێ شاعیری ئەم قوتابخانە شیعرییە، واتە: نالی و مەولەوی و مەحوی نموونە بخوازین، ئەویش دیسان بە دوو هۆ. یەکەم ئەوەیە کە ئەم سێ شاعیرە بێ شك لوتکەی شیعری داهێنەرانەی کلاسیکین و ئەگەر قەرار وابووایە نموونەی باشمان بە دەستەوە دابایە هەر دەبوایە دەست و داوێنی ئەم سێ شاعیرە بوایەن،دووهەمیش شاعیرانی کلاسیکی دوای ئەم سێ کوچکەیەی شیعری کلاسیکی، زۆر و کەم کەوتوونەتە ژێر کارێگەرێتی ئەوانەوە و دیارە بەم پێیە، ویستمان نموونەکانمان هی پێشەنگەکانی ئەم کاروانە بێ.

١٥ ـ شەفیعی کەدکەنی لە نێوان دوو جۆر لادان جیاوازی دادەنێ: «لادانی سواو» (انحراف مستعمل) و «لادانی داهێنەرانە» (انحراف خلاق).بە باوەڕی کەدکەنی، لادانی سواو جۆرە لادانێکە، کە بە هۆی زۆر بەکار بردنی، کۆن و لە باو کەوتووەو، وردە وردە لە زمانی باویشدا، کەڵکی لێ وەردەگرن، وەك:

شەهیدی تیری برژانگی کەژاڵ چاوێکی بێ دینم


PDF4Kurd



**شەفاعەت خوازمە رۆژی قیامەت بەرگی خوێنینم** (کەمالی)

شوبهاندنی برژانگ بە تیر شوبهاندنێکی سواوە لە شیعری کلاسیکی کوردی دا و هێندە بە کار براوە، کە تایبەتمەندی زەقکردنەوەی خۆی دۆڕاندووە، هەر چەند رەنگە لە سەرەتاوە بە داهێنانێکی هونەری لە قەڵەم درا بێ. بە پێی بۆ چوونی کەدکەنی، لە پەنا دوو پرۆسەی خودکاری و زەقکردنەوە، پرۆسەیەکیتریش بەدی دەکرێ و ئەویش پرۆسەی «خودکاری بوون» ـە. ئەم پرۆسەیە ئەو جۆرە لادانانە دەگرێتەوە، کە لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی پرۆسەی زەقکردنەوەدا بە کار دەبران و پاشان هاتوونەتە نێو زمانی خودکارەوە. کە وایە دەکرێ بڵێین پرۆسەی زەقکردنەوە، ئەو کاتەی وەدیدێ، کە لادانەکە لە زمانەوە گوازترابێتەوە بۆ نێو ئەدەب. پێچەوانەی ئەم رەوتە بەکارهێنانی لادانێکە لە زماندا، کە لە سەرەتاوە لادانی ئەدەبی بووە و بە هۆی برۆسەی خودکاری بوون کەوتۆتە نێو زمانی باوەوە (بڕوانە خشتەی خوارەوە)

ـ از زبانشناسی بە... ص ص ٤٩ـ ٤٨




١٦ـ لەم شیعرەدا مەوت(واتە مەرگ) بە قولزووم (واتە دەریا) شوبهێندراوە.

١٧ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، ناوەندی سەلاحەدین ئەییووبی، ١٣٦٨، ل ل ٣٢٠ـ٣٢١

**١٨ ـ نووکـــی خامـــەی من کە بێتـــە مەعنـی ئارایی کەماڵ**

**خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی مانـی دەکا** (نالی)

١٩ـ هەڵبەت جگە لەم شەش جۆر لادانە دوو جۆری تریشمان هەیە کە چونکی ئەم دوو جۆرە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە کار نەبراون، لە دەقی وتارەکەدا ئاماژەمان پێنەکردوون. بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسیان بکەم:

**ئەرکی ئەدەبی زمان لە:**

ئەلف ـ لادانی نووسینەوەیی: جاری وایە شاعیر جۆرە لادانێك لە شێوەی نووسینەوەی شیعرەکەیدا بەدی دێنێ، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ لای مەبەستەکەی راکێشێ. بە وتەیەکیتر لە لادانی نووسینەوەییدا، هیچ چەشنە ئاڵ و

PDF4Kurd

گۆڕێك لە شێوەی دەربڕینی واژەدا بەدی نایەت، بەڵكو لە ڕێگای ئەو لادانەوە مانا و مەبەستێكی تایبەت و تازەتر دەخولقێ. دیارە ئەمجۆرە لادانە لە قاڵبی دەقگرتووی شیعری كلاسیكدا بەدی ناكرێ و تایبەتە بە شیعری نوێ، كە بە هۆی چۆنێتی نووسینەوەی تایبەتی خۆی، توانای ئەمجۆرە لادانەی هەیە. وەك ئەم دوو نموونەیە:

١ـ لە سەر

نیلووفەڕێكی هەشت پەڕ

دەوەستم

بانگ ئەدەم

ئەوین

ئەوین

ئەوین

ئەوین

ئەوین

ئەوین

ئەوین

ئەوین

[ دڕۆكانی موقەدەس، حەمەساڵە سووزەنی، چاپ نەكراوە]

**٢ـ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**

**چەند ساڵ ژیاوم ژیان**

**چەندین ساڵیتریش بژیم ژیان**

**ناتناسم ژیان**

**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**

[ڕووەكەكانی خواوەند، سەباح ڕەنجدەر، هەولێر، ١٩٩٩]

ب ـ لادانی زەمانیی: لە مجۆرە لادانەدا، شاعیر لە جۆری زەمانیی زمانی باو لادەدا و واژە یان دەستە واژە گەلێك بە كار دەبا، كە لە هەنووكە دا باویان نەماوە و زۆرتر لە ڕابردوو دا بەكار براوان.

PDF4Kurd



## « رەسەنایەتی لە روانگەی:

## سەلەفییەتی مۆدێرنی ئەدەبیەوە،

## و

## بۆچی ئەم سەلەفییەتە بە زمانی تەوس دەنووسێ؟»

● داستایۆفسکی بەردەوام بە قسەیەکی خۆی راماندەچڵەکێنێ. ئەو دەڵی:«تێکەڵکردنی خۆش ویستنی مرۆڤایەتی و رق هەڵگرتن لە خەڵکی رەشۆکی و راستەقینە یەکێك لە مەترسییە کوشندەکانی نێو دڵی سیاسەتی مۆدێرنە.» «مارشال بێرمەن»

● من لایەنگری هونەرێکم کەپێتان بێژێ کاتژمێر چەندە، یان ناو ونیشانی فلانە شەقامتان پێ بڵێ. من لایەنگری هونەرێکم دەستی پیرێژنێك بگرێ و لە شەقام بیپەڕێنێتەوە «کلاس ئۆلدێنبرگ»

PDF4Kurd



( ١ )

ئەگەر مانای سیاسەتی مۆدێرن هونەری بەڕێوە بردنی کار وباری کۆمەڵگا بێ لە رێگای پێکهێنانی فەزایەکی ئازاد بۆ دیالۆگێکی هەمە جۆری کۆمەڵێك باوەڕی کۆك و ناکۆك، و دواجار پێدانی مافەکانی مرۆڤـــ بە مرۆڤـــ، نەك لە سۆنگەی بیرو باوەڕی، بەڵکو تەنیا بە هۆی وجوود و بوونی مرۆڤانەی مرۆڤـ ، ئەویش لە رێگای ئەو جۆرە پێوەندییانەی کە لە پێناوی پاراستنی رێزی مرۆڤـ لە کۆمەڵگایەکی شارستانی دا پێکهاتوون. ئەوە بێگومان لە بەرامبەر ئەم مانا مۆدێرنەی سیاسەت دا، مانایەکی سوننەتیش بەدی دەکرێ کەرێك بەپێچەوانە، پەیڕەوی هیچ چەشنە رێبازێك ناکا کە«ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤـــ» گەوهەری ئەو رێبازە بێ. بە وتەیەکیتر سیاسەتی سوننەتی هەوڵێکە بۆ سەرکوتکردنی ئەسڵی دەنگا و دەنگی(فرە دەنگی) بیر و هزری کۆمەڵگا، لەبری ئەوەی هونەری بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا بێ هەوڵی بە زۆر پاڵپێوەنانی کۆمەڵگایە بەرەو شوێنێك ئەو سیاسەتە دەیخوازێ، ئەویش لەرێگای پێکهێنانی پێوەندییەکی دوو جەمسەری، پێوەندی من و دژە من، باش و دژە باش و...، ئەم پێوەندییە لەسەر دەستی ستراتیژی هەڕەشەکردن بێ یا خود وە تەماع خستن، گیان خستنە مەترسییەوە بێ یا خود خەڵات کردن، گەورە کردنەوەی بەدرۆی کەسایەتییەکی تایبــەتی بێ لەرێگای پڕوپاگەندەوە،یاخود بێحورمەتکردنی مرۆڤـــ لە رێگای میدیاکانەوە، بە جیدی قسە لەسەر کردن بێ، یاخود بە تەوس نووسین زۆر گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە ئەم ستراتیژییە دواجار

PDF4Kurd



مرۆڤــ دەخاتە سەر هەڵبژاردنی دوو ڕێیانی دیدێکی مەترسیدار: دیدی ڕەش یا سپی، دیدی چاك یان خراپ، دیدی خۆیی یان بیانی و...

**( ٢ )**

بێگومان حاشا لەو ڕاستییە ناکرێ کە هەنووکە نەوەیەك لە مەیدانی ئەدەبی کوردی لە ئارادان کەدەکرێ ئاوەڵناوی سەلەفی ـ یان بخرێتە پاڵ. لەگشتیترین حاڵەتدا بۆمان هەیە دوو جۆر پێناسە بۆ سەلەفی دەستەبەر بکەین. سەلەفی لەسادەترین پێناسەی خۆیدا ئەو کەسەیە دژی جیهابینییەکی تازە بابەتی ئەدەبی رادەوەستێ، و ئەم دژایەتییەش هەر لە چوار چێوەی نەست و ناخودئاگای سەلەفی دا دەمێنێتەوە، و هەرگیز کەوشەنی هەست و خود ئاگای نابەزێنێ. بەلاّم لە پێناسە قورستر و ئاڵۆزترەکەیدا سەلەفی کەسێکە ستراتیژییەکی بەرەنگار بوونەوەی تایبەتی بۆ ئەم دژایەتیکردنەی پەیڕەو دەکا، و دواجار هێز و وزەی فیکریی خۆیشی بۆ دابەزاندنی ئەم ستراتیژییە لەسەر دەقی کۆمەڵگای ئەدەبی دەخاتە گەڕ. بە وتەیەکیتر، سەلەفی جۆری یەکەم سەلەفییەتەکەی ناچێتە خانەی ئایدیالۆژییەکی تایبەتەوە، چونکی ئەو توانا و بڕشتە فیکرییەی تێدا بەدی ناکرێ لەم ئاستە نزمەی سەلەفییەت بترازێ و بیر و بۆچوونە کاڵ و کرچەکانی خۆی لە بێژنگی عەقلانییەتێکی مەنتقی بدا، و دواجار سیستماتیکیان بکا، بە کردەوەش بیانگۆڕێتە سەر شکڵی هەلوێست، و ئاراستەی جیهانی دەرەوەی بکا. بەلاّم سەلەفی جۆری دووهەم سەلەفییەکی خودئاگای مودێرنە کە دیارترین تایبەتمەندییەکەی پێکهێنان و دەربڕینی ئایدیالۆژییەکی تایبەتە لە دوو ئاستی ئاخافتن و نووسین دا.کەڵکەڵەی سەرەکی ئەم وتارە سەلەفییەتی جۆری دووهەمە کە لە قۆناغی ئێستای

PDF4Kurd



مێژووی ئەدەبی کوردی دا مەیدانێکی بەرفراوانی فیکر و هزری کوردییان داگیر کردووە، بەردەوامیش وا دەنوێنن گۆیا تاکە هەقیقەتی ئەو مەیدانە ئەوانن. گەورەترین و بەرچاوترین تایبەتمەندی سەلەفییەتی مۆدێرن حاشا کردنی نیە لەو هەموو گۆڕانکارییە دیار و ئاشکرایانەی ئیمرۆکە لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئەم جیهانە دا دەبینرێ، بەڵکو حاشا کردنێتی لە رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی فیکری و فەلسەفی ئەم گۆڕانکارییانە، کە بێ شك سەرلەبەری جیهان و ژیانی مرۆڤی خستۆتە ژێر کاریگەرێتی و کارتێکردنی خۆیەوە. بە زمانێکی دیکە، سەلەفییەت دان بەو هەقیقەتە دا دەنێ کە جیهانی ئیمرۆ جیهانێکی جیاوازە لە جیهانی بەر لە قۆناغی مۆدێرنیزم، بەڵام ئەستەمە ئەم دان پیانانە قەناعەتی پێبێنێ کە ئەم گۆڕانکارییانە بگوازێتەوە بۆ نێو جیهانی هزر و ئەندێشە و هەست و هەڵوێست و فیکر و فەلسەفەی، لەبابەت ژیان و ئینسان و دواجار جیهان. بۆیە دەکرێ بڵێین سەلەفی وجوودێکی نەگۆڕە لە نێو جیهانی بگۆڕەکاندا. بۆم هەیە لێرەدا وەڵامی سەرنجی وردی ئەو خوێنەرە بدەمەوە کە لە چەند دێڕی پێشوودا لەوانەیە پرسیبێتی، باشە سەلەفی مۆدێرن یانی چی؟! ئەگەر کەسێك پێناسەی سەلەفی پێدەدرێ چۆن و بۆچی مۆدێرنە؟! ئەم دوو ئاوەڵناوە دژوازە چۆن پێکەوە لەژێر چەتری دەستەواژەیەك دا رادەوەستن؟! با هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بە نموونە هێنانەوەیەکەوە دەسپێبکەین. سەلەفی بەچاوی خۆی دەبینێ مرۆڤـــ لە سایەسەری دیاردە و دەسکەوتەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، خۆی دەگەیەنێتە مانگ، لە خۆر دەکۆڵێتەوە، و بۆ دەست بە سەر داگرتنی ئەستێرەکانی تریش گەلاڵە دادەرێژێ و... هەر ئەم سەلەفییەش لەوانەیە بەم راستییە

PDF4Kurd



بزانێ، یان نەزانێ، کە سەرو مڕی ئەم دەسکەوتانە بە هەڵکەوت و ڕێکەوت نەبوون، و بەرهەمی فیکرێکی مۆدێرن، یان با بڵێین هەڵقولاو لە شێوە ڕوانینێکن کە لە جیهانی ئەندێشەیەکی زانستمەندا دەقیان گرتووە و پێکهاتوون. فیکری نامۆدێرن، با هەر نەڵێین دژە مۆدێرن، هیچ دەسکەوتێکی لەم چەشنەی لە بواری زانست دا نەبووە و بێگومان ناشیبێ، چونکی هەر لەبنەڕەتدا فیکری نامۆدێرن باوەڕی بە دەستتێوەردان و گۆڕانی جیهان نیە. ئالێرە دایە کە دەبینین مرۆڤی سەلەفی ــــ وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەوییەــــ لەدەسکەوتەکانی فیکری مودێرن، واتە هەمان دیاردەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، کەڵك وەردەگرێ، بۆ نموومە لەسەر دەستی ئەو شەپۆلانەی زانست وەفەزای خستوون چاو لە تەلەفزیۆن دەکا، بەلاّم دواجار خۆی هەنگاوێك بەرەو ناسین و زانینی جیهانی فیکری مۆدێرن هەڵناگرێ، و لە قاوغی سەلەفییەتی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەم لێکدانەوەیە بێ، دەستەواژەی سەلەفی مۆدێرن لەوە ناچێ دەستەواژەیەکی نابەجێ بێ: سەلەفییەك کە لەجیهانی دەسکەوتەکانی فیکری مۆدێرن دا دەژی.بەلاّم ئەمە تەنیا دەلالەتێکی ئەم دەستەواژەیەیە. دەلالەتێکی تری دەتوانێ ئاماژە بۆ ئەو ستراتیژییانە بکا کە سەلەفییەکی مۆدێرن دەیانگرێتە بەر، ئەویش نەك هەر بۆ ڕەنگرێژ کردنی ژیانی سەلەفییانەی فیکریی خۆی، بەڵکو هەروەتر بۆ بەربەرەکانی و ململانێ کردن لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانە فیکرییەی کە دەکەوێتە دەرەوەی ژیانی فیکریی ئەو.بە تەعبیرێکی دیکە«سەلەفی مۆدێرن»،بۆیە سەلەفییە چونکی لەسەر فیکری سەلەفییەتخوازانەی خۆی پێدادەگرێ، و بۆیەش مۆدێرنە چونکی لە جیهانی مۆدیرن دا دەژی تا دواجار دژی ئەو جیهانە

PDF4Kurd



بجوولێتەوە،لەدەسکەوتەکانی تەلەفزیۆن، کە دیاردەیەکی مۆدێرنیزاسیۆنی سەر بە عەقلانیەتی مۆدێرنە، کەلك وەردەگرێ تا دواجار بیکا بە ئامێرێکی دژی فیکری مۆدێرن بە پێی ئەم خوێندنەوەیە، لە دەستە واژەی«سەلەفی مۆدێرن»دا واژەی مۆدێرن رۆحی مۆدێرن بوونی لێدەسێنرێ، و مانایەکی دژ بەخوی پەیدا دەکا، هەر بەم هۆیە باشتر وایە وەك خوازەیەك (ئیستعارەیەك) لەم دەستەواژەیە بڕوانین کە گوزارشت لە کۆمەڵێك دەلالەتی ئاشکرا و نائاشکرا دەکات. لێرەوە دەکرێ پەی بەم راستییە بەرین کە ئامانجی سەرەکی سەلەفی کوشتنی رۆحی مودێرنیزم نیە، بە مانای ئەوەی جیهان بێ دەسکەوتەکانی مۆدێرنیزم بژی، سەلەفی مۆدێرنیزمی تا ئەو ئاستە دەوێ کە ببێتە کەرەسەیەك بۆ ئاسوودەیی خۆی، مۆدێرنیزم دەبێتە ئامێرێك بۆ وێرانکردنی تەواوی ئەو ئاوەدانییانەی مۆدێرنیزم خۆی دواجار بە ئاواتیان دەخوازێ. سەلەفی ئەگەر دەنووسێ دواجار لە سەر تیرۆری رۆحی نووسین کار دەکا، و ئەگەریش دەخوێنێتەوە هەوڵ دەدا سەر لە بەری خوێندنەوەکانی لە یەك خوێندنەوە دا،کە ئی خۆی بێ، کورتکاتەوە.لەم شوێنەدایە کە دەکرێ دەلالەتی سێهەمیش بۆ دەستەواژەی«سەلەفی مۆدێرن» دەستەبەر بکەین. سەلەفی مۆدێرن بە پێچەوانەی سەلەفی سوننەتی ــ یان وەك گوتمان سەلەفی ناخۆدئاگای بێ ئایدیالۆژی ــ خاوەنی هەڵوێستی تایبەتی خۆیەتی لە ئاست جیهانی دەوروبەری.بە وتەیەکی دیکە سەلەفی مۆدێرن بە هۆی ئەو راستییەوە مۆدێرنە کە لە بەرامبەر کردەوەیەك دا دژکردەوەیەکی هەیە، لەبەرامبەر هەر کردارێك دا پەرچە کردارێکی هەیە.هەڵبەت با ئەوەش بڵێین لە ئاستی جیهانی ئەندێشە و هزردا، دژ کردەوەی سەلەفی شتێك نیە بەشێکی

PDF4Kurd



لێکدانەبڕوای گەوهەری وجوودی سەلەفی بێ، بەڵکو دژ کردەوەی سەلەفی زیاترین هۆی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی بەرژوەندی و سەرمایەکانی سەلەفییەت، بەتایبەت ئەو کاتەی بەو راستیە بزانێ تاکە رێگای بەربەرەکانی کردن لە گەڵ کردەوەی فیکری مۆدێرن هەڵوێست گرتنی خۆی بێ لەقەوارەی دژکردەوەکانی دا. بەڵام قسە لەوە دایە ئایا سەلەفی لە بەرامبەر کردەوەی فیکری، دژکردەوەی فیکری هەیە، یان نا، ستراتیژییەکیتر دەگرێتە بەر؟ ئەوە بابەتێکە دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

کەوایە تا ئێستا سێ دەلالەتمان بۆ دەستە واژەی«سەلەفی مۆدێرن» دەسنیشانکرد کە دیسانەکە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەمەوە:

١- سەلەفییەك کە لە جیهانی دەسکەوتەکانی فیکری مۆدێرن دا دەژی

٢ـ سەلەفییەك کە لە جیهانی مۆدێرن دا دەژی و بە شێوەیەکی لە ناخداهەلگر (بلقوە) دژی ئەو جیهانەیە ٣ـ سەلەفییەك کە دژایەتی خۆی لەگەڵ فیکری مۆدێرن، بەیارمەتی و لە رێگای کەرەسەی مۆدێرن، دەکاتە ئایدیالۆژی.بێگومان قسەکردن لە سەر دەلالەتی یەکەم و دووهەمی دەستەواژەی«سەلەفی مۆدێرن» کارێکە پێویست و بەجێ، بە تایبەت بە هۆی ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگای سەلەفی ئەدەبی کوردی دەکەونە نێو پانتایی ئەم دوو دەلالەتەوە، و ئەمەش بەمانای ئەوەیە خوێدنەوەی ئەم دوو دەلالەتەی سەلەفییەت خۆیندنەوەی بەشێکی زۆری واقیعی ئێستای مەیدانی ئەدەب و نووسینی ئەدەبی کوردییە، هەرچەند ئەم دوو جۆر سەلەفییەتە لەو رووەوەی نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستەی بۆ چوونە کاڵ و کرچە سەلەفییەکانیان بکەنە سیستمێکی ئایدیالۆژیك، خۆیندنەوەیان کارێکی سووك و سانا نیە. ئەوەی لەم وتارەدا دەمانەوێ ئاوڕی لێبدەینەوە

PDF4Kurd



خوێندنەوەی دەلالەتی سێهەمی سەلەفی مۆدێرنە کە بەپێی ئەم دەلالەتە دەکرێ بە «سەلەفی ئایدیالۆژیست»یش ناوی بێنین. جا دیارە بە پێی سەردێڕی وتارەکەمان مەبەست لە سەلەفی، سەلەفی ئەدەبییە، و هەر بەم پێودانگەش مەبەست لە«سەلەفی مۆدێرن یان ئایدیالۆژیست»سەلەفی مۆدێرن یان ئایدیالۆژیستی ئەدەبییە. دیارە هۆی ئەوەی«سەلەفی» لە مانای عام و هەمەکی خۆی دەگوازمەوە بۆ مانای تایبەت و هەندەکی«سەلەفی ئەدەبی»هێندێك کێشە و کەڵکەڵەی گرینگ بن کە هەست دەکەم لەگۆڕەپانی ئەدەبی کوردی دا ئامادەیە، بەڵام ئەم ئامادەبوونە نەکەوتۆتە خانەی لێدوان و لەسەر نووسینێك کە دواجار مشتومڕ و تاووتوێکردنی زیاتر و بە کەڵکتری بە دوا دا بێ، بە جۆرێك کە لە ئاکامدا ئەم باس و خواسانە بمانخەنە سەر راستە رێی دیالۆگێکی هەمەگیر و بە پیت وپێز و روونکردنەوەی زۆر بابەتیتر کە روونەکردنەوەیان تەنیا لە بەرژەوەندی تاقمێکی تایبەتی دا بێ کە رەنگە زۆر حەز بەرۆشنگەری نەکەن لەمەیدانی ئەدەب دا. لەهەمان کاتیشدا وێدەچێ بەدەسەڵاتترین سەلەفییە ئەدەبییەکانی مەیدانی ئەدەبی کوردی سەلەفی مۆدێرنی ئایدیالۆژیست بن، وەك چۆن هەنووکە دەبینین لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن قسە دەکەن، یان لە نێو لاپەڕەی گۆڤارەکاندا بابەتیان هەیە، یان هەتا خۆیان خاوەن دەزگای بلاّو کردنەوەی گۆڤار و کتێب و... هتدن.

سەلەفی مۆدێرن و ئایدیالۆژیستی ئەدەبی کەسێك نیە بە هاسانی بەسەر ئەو باوەڕانەدا باز بدا کە لەگەڵ دەزگای فیکری و فەلسەفی ئەو ناخوێننەوە.(لێرە بەدوا لە جیاتی«سەلەفی مۆدێرنی ئایدیالۆژیستی ئەدەبی»هەر دەستەواژەی«سەلەفی» بەکار دێنین) ئەم ئەسڵە یەکەم

PDF4Kurd



هەڵوێستی دەزگای بەرهەمهێنی ئایدیالۆژی سەلەفی ئەدەبییە:«نابێ لە بەرامبەر ئەو دەنگەی دژی بیرۆکەی منە بێدەنگ بم». لێرەوە سەلەفی ئەدەبی،بەدوای ئەو شوێنەدا دەگەڕێ بتوانێ ئەو وە دەنگ هاتنەی بێنێتە دی، بۆیە دەبینین سەلەفی زۆر هەوڵ دەدا ئەگەر لە نێو دڵی دەزگا بلاّوکراوەکانیشدا جێگایەك بۆ خۆی نەبینێتەوە، لانی کەم لە پەراوێز و گۆشە و کەناری ئەم دەزگا یانەدا پەلەقاژەیەك بۆ دەربڕینی دەنگی خۆی بکا. بەم شێوەیە سەلەفی زیاتر لەوەی دەزگای بلاّوکردنەوە، وەك شوێنێك بۆ دەربڕینی ئەو جوانییانەی لە ئەدەب دا دەیدۆزێتەوە، با بڵێن دەقێکی ئەدەبی، چاو لێبکا، بە مەتەرێزێکی دەزانێ بۆ خۆ پاراستنی لەوانەی بەپێچەوانەی ئەو بیر دەکەنەوە، یان بۆ پەلامار دانی ئەوانەی بەدژی خۆی لە قەڵەمیان دەدا. ئەم شێوە تێڕوانینە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەگەر سەلەفی خۆی خاوەن دەزگایەکی ئەو تۆ نەبوو، ئەوە تەنیا بەرهەمی ئایدیالۆژیکی بۆ بنێرێ، و ئەگەریش خۆی دەزگایەکی وای لە بەردەست بێ تەنیا بابەتی ئایدیالۆژیك وەربگرێ، هەڵبەت تەنیا ئەو ئایدیالۆژییەی ئەو پەسندی دەکا،یان هەر هیچ نەبێ ئایدیالۆژییەك مەبەستەکانی ئەو بپێکێ.

ئەمجۆرە ستراتیژییەی سەلەفی بۆ رووبەروو بوونەوەی لەگەڵ دەزگای بلاّو کردنەوە دەمانباتەوە سەر راستە رێی باسی سەرەکیمان، کەپێشتر بە پێویستم زانیبوو لەسەری بدوێین:ئایا سەلەفی لەبەرامبەر کردەوەی فیکری، دژ کردەوەی فیکری هەیە، یان نا، کۆمەڵێك ستراتیژی دیکە دەگرێتە بەر؟ بێگومان وەلاّمی ئەم پرسیارە، کە وێدەچێ لەهەنووکەی رۆشنبیری ئەدەبیماندا پرسیارێکی قۆرس و لە هەمان کاتیشدا پێویست بێ، لە دەسنیشانکردن و پەنجە خستنەسەر ئەو ستراتیژیانە دا

PDF4Kurd



بێ کە سەلەفییەت لەسەر دەقی ئەدەبی و کۆمەڵگای ئەدەبی کوردی دایاندەبەزێنێ. بە وتەیەکی تر ناسین و پێزانین بە شوناس و چییەتی و چۆنێتی سەلەفییەتی ئەدەبی کوردی دەبەسترێتەوە بەناسین و پێزانین بەو ستراتیژیانەی کە لەڕێگای نووسینەکانیانەوە ئاشکرا دەبێ، جا ئەو نووسینانە چ لە قەوارەی دەقێکی ئەدەبی دا بن،چ نووسین بن، بە مانای عامی خۆی لەسەر دیاردەکانی دەور و بەر، وەك هەڵوێست و دژکردەوە. شك لەوەدا نیە سەلەفییەت لە بەرامبەر شالأوی ئەو جیهانەی ئەوان زۆر جار بە مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمی ئەدەبی ــ هەڵبەت بەو لێکدانەوە تایبەتییەی خۆیان کە دەیخەنە پاڵ ئەم دوو زاراوەیە، تۆمەز دیارترین لایەنی ئەم لێکدانەوەیەش ئەو دژایەتییە بێ کە ئەوان دەیخەنە پاڵ ئەم دوو زاراوەیە و ڕەسەنایەتی ئەدەبی، ئەویش بەساکارترین پێناسەی خۆی، بەدی دەکرێ ــ ناوی دەبەن لەبری یەك یان دوو ستراتیژی کۆمەڵێك ستراتیژی و لە جیاتی یەك یان دوو شێوە ستراتیژی کۆمەڵێك شێوەی هەمە جۆر دەخەنە گەڕەوە. لێرەدایە کە لایەنی خودئاگایی سەلەفییەتی مۆدێرن زیاتر زەق دەبێتەوە، ئەو خودئاگاییەی کە لەسەر بناغەی پاراستنی کەلەپوور و سامانی ڕەمزیی سەلەفییەت دادەمەزرێ، و دواتر هەر چەشنە ڕێبازێکی پراکتیك بەپێی ئەم ئەسڵە تیۆریکە سەرەکییە ڕەنگڕێژ دەکرێ..ئەمەش خۆی هەمیسان سەلمێنەری تایبەتمەندی مۆدێرن بوونی ئەمجۆرە سەلەفییەتەیە، ئەو سەلەفییەتەی ئەوەندەی حاشا لە هزری مۆدێرن وەك هەقیقەتێکی جیهانی سەردەم دەکا، ئەوەندەش لەسەر دەستەبەرکردنی ئەمجۆرە هزرە بۆ پێکان و پێگەیشتنی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی پێدادەگرێ.بەتەعبیرێکی تر سەلەفییەتی مۆدێرنی

PDF4Kurd



ئەدەبی بۆ دانانی بەردی بناغەی یۆتۆپیای دڵخوازی خۆی تیۆری و بەرنامە و ستراتیژی دەستەبەر کراوی هەیە، و لە هەمان کاتیشدا بۆ وەڕاستگەڕانی ئەم کۆمەڵە تیۆرییانە لە هێز و ئیمکانات و دەسەلآت وتوانای جیهانی مۆدێرن کەڵك وەردەگرێ. سەلەفییەت هێشتاش لەسەر ئەو کێش و عەرووزەی کە نالی گەیاندبوویە چڵەپۆپەی خۆی شیعر دەهۆنێتەوە، هێشتاش بە گیانی بەرگری و نیشتمانپەروەری و پاراستنی مافی رەنجبەر چیرۆك دەنووسێ، کە چی هیچ کات بۆ تیۆریزەکردنی هەر ئەو جیهانە عەرووزیە و ئەو شێوازە رەنجبەر خوازانەیە هەنگاوێکی زانستیانەی هەڵنەهێناوە. سەلەفییەتی کوردی، بەتایبەتی لە بەشە رۆژ هەلآ تییەکەیدا، هێشتا بەو راستییەی نەزانیوە، یان رەنگە زانیویە و خۆی لێ نەبان کردووە، کە نالی وەك شاعیر، نوێنەری پاژێك لەپاژەکان و قۆناغێك لە قۆناغەکانی رەسەنایەتی ئەدەبی کوردییە. رەسەنایەتی بە تەنیا موڵکی نالی نیە کە ئەگەر بێت و شاعیرێکی هاوچەرخ لەرێبازی ئەوی لادا، ئیتر دەبێ تاوانی لە رەسەنایەتی لادانی بخرێتە پاڵ و بەشار بەدەر کردنی لە موڵکی نالی شەرمەزار بکرێ.رەسەنایەتی لەگشتیترین پێناسەی خۆیدا تاقیکردنەوە و تاوتوێکردنی ئەو کۆمەڵە چەمکەیە کەهەڵگری رۆحی سەردەمەکەیانن، نەك پاراستن و پاساودانەوە بۆ هەندێ چەمکی نەگۆڕی سەر بە سەردەمێکی تایبەت. ئەگەر لە پێناسەی رەسەنایەتی دا شوێنێك بۆ رەخنە گرتن تەرخان نەکرێ، وەکی چۆن سەلەفییەت ئەو شوێنە بەڕەوا نازانێ، ئەوە هەر لە رەگ و ریشەوە ئەم زاراوەیە لە مانای زاتی خۆی دادەماڵدرێ، و دواجار دەبێتە کەرەسەیەکی ئایدیالۆژیك کە دەکرێ هەر بزوتنەوەیەکی رەخنەگرانەی پێ سەرکوت بکەی،بێ ئەوەی لە ناوەرۆك و

PDF4Kurd



جیهانبینی و ئامانجی ئەم بزوتنەوەیە بپرسی، وەکی چۆن سەلەفییەت ئەم سەرکوتکردنە بە رەوا دەزانێ.بە بڕوای سەلەفی،رەسەنایەتی یانی بەکوردی نووسین و بۆ کورد نووسین،و لەم نێوانەشدا لە سەر دوو واژەی «کوردی»و«کورد» سوورن.بە وتەیەکیتر ئەوان رەسەنایەتی دەخەنە پاڵ ئەو نووسینانەی کە لە پێناوی«کوردی» و«کورد» دابن، ئەگینا بە باوەڕی ئەوان نووسین هیچ بەهایەکی ئەوتۆی لە گەوهەری خۆدا هەڵنەگرتووە. هەموومان گوێمان لەو هات و هاوارانە هەیە کە سەلەفییەتی کوردی بۆ پاراستنی زمان و کەلەپوور و بەیت و باوی کوردەواری دەیکا.بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەوە دایە کە ئەو رەسەنایەتییە ـ یان بە تەعبیرێك ئەو هاوارە ــ سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە و پەرژینێکی بە دەوردا کێشراوە.واتە ئەگەر بە کوردی نووسین و بۆ کورد نووسین پاوانی یەکەمی رەسەنایەتی سەلەفییەت بێ، چۆن نووسین بە کوردی و چی نووسین بۆ کورد پاوانی دووهەمی ئەو چەشنە رەسەنایەتیە ئایدیالۆژیکەیە. سەلەفییەت سەرەتاپێم دەڵێ تۆ دەبێ بە کوردی بنووسی و دەشبێ بۆ کورد بنووسی،بەڵام دواجار  ئازادی و سەربەخۆیی ئەوەم پێنادا چۆن بە کوردی بنووسم و چی بۆ کورد بنووسم..کاتێك سەلەفییەك لە هەرای دەدا تۆ نابێ ئەدەبی پۆست مۆدێرن بنووسی ــ دیسان دووپاتیدەکەمەوە پوست مۆدێرن, یان هەر چەمکێکی تازەی دیکەی لەم بابەتە,بەو مانایەی لە مێشکی سەلەفدا پۆنگی خواردۆتەوە, واتە شتێکی ,وەك دەڵێن,دژی رەسەنایەتی, تازە ئەو رەسەنایەتییەی دڵخوازی خۆیان بێ ــ لە پشت دەمامکی بەرواڵەت دڵسۆزانەی ئەم گوتەیەوە ئەو مانا رەمزییە شاردراوەتەوە کە تۆ پێویستە ئەو ئەدەبە بنووسی من پەسندی

PDF4Kurd



دەکەم.ئەوەی راستی بێ سەلەفییەت تا ئەم ساڵانەی دوایی زیاتر لە سەر پاوانی یەکەم پێیدادەگرت..گوتاری سەلەفییەتی کوردی سەدەی بیستەم «گوتاری پاراستنی شوناسی زمانی کوردی» بوو وەك زمانێك کە دەشێ پێیبنووسی و پێیبدوێی تا وەك سەرەکیترین پێناس و رەگەزی نەتەوەیی تیانەچێ و بمێنێتەوە، ئەو شتەی بەر لەم وتارەش رێبێنی ئەحمەد هەردی باسیکردووە[1]،بەڵام وێناچێ ئەم گوتارە لە سەدەی بیست ویەکەم دا کە ئێمە خەریکین سەرەتاکانی دەژین کاریگەرێتییەکی ئەوتۆی مابێ، ئەویش بۆ پاراستنی ئەو چەمکەی سەلەفییەت ناوی دەنێ رەسەنایەتی..بۆیە بێگومان سەلەفییەتی کوردی لەم سەدەیەدا بە ئاراستەیەکیتردا کار دەکا، واتە دێتە سەر ئەو گوتارەی لەوانەیە باشتربێ ناوی بنێین «گوتاری پاراستنی شوناسی ئەدەبی کوردی». دەکرێ بەم شێوەیەش لە کێشەکە بدوێین کە ئەگەر بە درێژایی سەدەی بیستەم،سەلەفییەت لە سەر گوتاری«پاراستنی شوناسی زمانی کوردی» وەك«جەستەی رەسەنایەتی» کاری دەکرد، لەم سەدەیەدا و بە تایبەت لەساتەوەختی هەنووکەدا، کە زۆر هەستی پێدەکەین، دێت لەسەر گوتاری«پاراستنی شوناسی ئەدەبی کوردی» وەك«رۆحی رەسەتایەتی»کار دەکا..ئەگەر سەلەڤ هاوار دەکا بۆنی چیرۆکێکی پۆست مۆدێرن فەزای گۆڤارێك هەڵدەگرێ[2] لە واقیعدا دەیەوێ بڵێ تیغی چیرۆکی پۆست مۆدێرن«رۆحی رەسەنایەتی» دەرووشێنێ.هەڵبەت سەلەڤ مۆدێرنی ئایدیالۆژیست ناتوانێ لە قەوارەی لێکۆڵینەوەیەکی تێر وتەسەلی زانستی وفیکریدا ئەوەمان پێبڵێ, و مەبەستی خۆیمان لە«رۆحی رەسەنایەتی» بۆ تیۆریزە بکا ـ هەر چەند لەوانەیە زۆر شتی لە دڵدا بێ، بەڵام وێناچێ سەلەفییەك کە توانای

PDF4Kurd



خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی نیە کە رەنگە دواجار رەخنەشیان لێبگرێ، توانای ئەوەی هەبێ وتارێکی مێتۆدۆلۆژیکی زانستیانە بنووسێ, جابا هەر چەند بۆ روونکردنەوەی بابەتە پێویستەکانی خۆیشی بێ ــ بەلام کێشەکە لەوە دایە سەلەفی دژایەتیکردنی خۆی وەك هەقیقەتێکی نەگۆڕ بەردەوام دەردەبڕێ.هەڵبەت تەجرەبە نیشانی داوین کە ئەگەر سەلەفی بە پێچەوانەی واقیع و هەقیقەتی خۆی بجوولێتەوە, واتە بە پێچەوانەی ئەو دنیایەی پیێ راهاتووە و تیا ژیاوە بنووسێ و بدوێ, بێگومان بە سەر دەیان هەڵەی زەقی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفیدا دەکەوێ، کە لەسەر روونکردنەوەی ئەم لایەنەش مەریوان وریا قانیع کاری کردووە[٣].

بەمجۆرە دەبینن سەلەفییەت چەمکی رەسەنایەتی وەك موڵك و میراتی خۆی چاولێدەکا، هەم دەیپارێزێ, هەم سنووری بۆ دیاری دەکا، دەیپارێزێ، چونکە لەوانەیە لە دەرەوە بیانی دەستی بۆ درێژ بکا, پەرژینی بە دەوردا دەکێشێ چونکە هەر ئان و سات بۆی هەیە لە ناوەوە خۆییەك دەستی لێبوەشێنێ.لەم پێناسەیەدا رەسەنایەتی نەك وەك چەمکێکی هەمەکی و جیهانی,بەڵکو چەشنی چەمکێکی هەندەکی و خۆماڵی چاوی لێدەکرێ.سەلەفییەت پیێ وایە رەسەنایەتی کوردی بۆی نیە سەر بە قوتابخانە رەخنەیی و فەلسەفییەکانی جیهان دابکا,رەسەنایەتی شیعری نالی بۆی نیە بەپێوانەی خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم هەڵبسەنگێندرێ, چونکی ئەوکات, هەر لە بنەڕەتەوە, رەسەنایەتییەکی نامێنێتەوە تا کوردی بوونەکەی بسەلمێنرێ, لە هەمان کاتیشدا مافی هەموو کەسێك نیە دەم لە پڕ و پاراوکردنی رەسەنایەتی کوردی وەردا, چونکی روانینی هەموو کەس روانینێکی کوردی نیە.ئەوان خوێندنەوەی شیعری مەحوی بە دیدی تیۆری

PDF4Kurd



پێوەندی کەلامی یاکوبسن بە رەوا نازانن، نەك هەر لە بەر ئەوەی ئەو تیۆرییەیان نەخوێندۆتەوە و ئەگەریش بیخوێننەوە شتێکی قابیلی لێهەڵناکرێنن، بەڵکو چۆنکی پێیانوایە«تیۆری بیانی» (ئەوە دەستەواژەی من نیە،ئەو شتەیە لە زمانی سەلەفییەکانەوە قۆزتوومەتەوە)«رۆحی رەسەنایەتی» شیعری مەحوی دەکوژێ. لێرەدا با هەر ئەو پرسیارە نەهێنیە گۆڕێ کە باشە ئەگەر سەلەفییەت لە بابەتێك ناگا و تەنانەت ناشیخوێنێتەوە، چۆن دەزانێ ئەو بابەتە دەتوانێ چ جۆرە کاریگەرییەکی بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەبێ، چ بگا بەوەی کاریگەرێتییەکی خراپی هەبێ.بەلأم دەمانەوێ بزانین ئەگەر سەلەفییەت لەگەلێ ئەو شتانە دژایەتی دەکا کە دواجار دەبنە هۆی رووشاندنی رۆحی رەسەنایەتی ئەدەبی کوردی، خۆیان چ ئەلترناتیڤێکی تر، چ رێگا چارەیەکی تر پێشنیار دەکەن؟ بۆ نموونە ئەوان لە بەرامبەر رەوشتی« شەرح و تەفسیر»ی شیعری نالی چ ئەلترناتیڤێکی تر بۆ خوێندنەوەی نالی دەخەنە بەر دەست؟ یان لە بەرامبەر«دۆزینەوەی پەیامی پیرۆز»ی چیرۆکێك چ رێگایەکی تر دەخەنە بەر پێی خوێنەری کورد؟ سەلەفییەت بۆ ئەم پرسیارە ئاساییانە وەلأمی وردی بە دەستەوە نیە، نەك ئەوەیکە بە راستی لە کاکڵی پرسیارەکان ناگەن، بەڵکو لە بەر ئەوەیکە لە دنیای سەلەفییەت دا، ئەلتەرناتیف ئامادە نیە، ئەو جیهانەی سەلەفییەت تیا دەژی و پێی راهاتووە جیهانێکی یەك مانایی و تاك رەهەندییە، جیهانێك کە دەخوازێ هەموو وردە هەقیقەتەکان لە ژێر ئالأی یەك کەڵە هەقیقەت دا کۆ ببنەوە، ئەۆ کەڵە هەقیقەتەی سەلەفییەت بەردی بناغەی ئەسڵ و بنەماکانی دادەمەزرێنێ. بە وتەیەکی تر وانیە بڵێین سەلەفییەت دنیایەکی بێدەنگی

PDF4Kurd



هەیە، سەلەفییەت دنیایەکی بێدەنگی نیە، بەڵکو دنیایەکی هەیە کە تەنیا دەنگێك تیا دەبیسترێ، و یەك دەنگ تیا زاڵ و دەسەڵاتدارە. سەلەفییەت پێی وا نیە، یان رەنگە باشتر بێ بڵێین پێی خۆش نیە، رەسەنایەتی زیاتر لە مانایەك و فەلسەفەیەك لە خۆیدا هەڵگرێ، ئەویش ئەو مانا و فەلسەفەیەی کە دواجار دەبێتە پێشخزمەتی دەستەونەزەر راوەستاوی بەرژەوەندییە رەنگاورەنگەکانی سەلەفییەت.

## ( ٣ )

لەم بەشەی وتارەکەمدا دەمەوێ لەسەر یەکێك لەگرینگترین ستراتیژییەکانی سەلەفی مۆدێرنی ئەدەبی کوردی بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی لەنگەر بگرم، ئەویش ستراتیژییەکە کە من ناوی دەنێم «ستراتیژی بەزمانی تەوس نووسین». هەڵبەت ئەو شتەی من لێرەدا بە تەوسی ناودێر دەکەم هەر هەمان شتە کە سەلەفییەکان خۆیان بە تەنزی دێننە ئەژمار. دیارە زمانی تەوس (هجو،Satire) و تەنز،(Irony)یش دوو زمانی تەواو لێکجیاوازن، و هەرکام لە هەناوی خۆیان دا لە بنەڕەتەوە هەڵگری دوو جیهانی نیشانەیی و رەمزیی جیان. ئەگەر بمانەوێ بە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ بدوێم، تەنز دالێکم دەخاتە بەردەست کە لەوانەیە دواجار منی خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەو دالە بزەیەکم بێتێ، بەلام لە پشت ئەم دالەوە مەدلوولێك، یان کۆمەڵێك مەدلوول، لە ئارادان کە خەریکی دانانی بەردی بناغەی فیکرێکی تایبەتن. بە گوتەیەکی دیکە لەپشت سیمای بە رواڵەت فشەی تەنزدا جیدییەتێك شاردراوەتەوە کە هەر ئان و سات بۆی

PDF4Kurd



هەیە تەعبیر لە هزرێکی زۆر گەورە و ئینسانی بکا. تەنز ناخوازێ بە بزەی رووت خوێنەری تەنیا ختوویەك دابێت و بەس، بەڵکو دەیەوێ لە سەر دەستی دالێکی بزە هێنەر دواجار مرۆڤــ بخاتەسەر راستەرێ جیهانی کۆمەڵێك مەدلوول کە ئیتر بێگومان رەنگی بزەیان پێوە دیار نیە، بەڵکو هەندێك هەقیقەتن کە لە جیدیترین کەڵکەڵە ئینسانییەکان دەدوێن. کەوایە تەنز سەفەرێکە لە بزەیەکی شیرینەوە دەسپێدەکا، و بە جادەی تێفکرینێکی وردا تێدەپەڕێ، و لە وانەیە بە هەقیقەتێکی تاڵ کۆتایی پێبێ، یان لە هەقیقیقەتێکی تاڵدا درێژە بە سەفەری خوی بدات. لە خۆوە نییە زۆر جار تەنز دەبێتە پاژێکی لێکدانەبڕاوی دەقی ئەدەبی. نووسەر لەرێگای تەنزەوە، هەم خوێنەر لە جیدییەتی وشکی فیکری فەلسەفی خۆی ناتۆرێنێ، هەمیش دواجار مەبەستە جوانیناسیەکانی خۆی بە کاریگەرێتییەکی زیاترەوە لە سەر زەینی خوێنەر ئەچەسپێنێ..بێ شك دەقی ئەدەبی بە هۆی ئەدەبی بوونیەوە ناتوانێ جێگای خۆی بگۆڕێتەوە و ببێتە دەقێکی فیکری، یان فەلسەفی و زانستی..ئینجا بە هۆی دەق بوونیشی بۆی نییە خاوەنی هیچ هزر و بیرۆکە و فیکر و فەلسەفەیەك نەبێ.لێرەدایە کە نووسەر دێت و لە رێگای تەنزەوە، کە یەکێکە لە چەندین رێگای مومکین و لەبار، دەقێتی دەق و ئەدەبییەتی ئەدەب ئاوێتەی یەك دەکا.بۆیە دەبینین هێندێ بەرهەمی ئەدەبی هەن ئەگەر تەنزەکەیان لێ دەرهاوێژرێ، بێگۆمان بەشێکی زۆر لە رۆحی جوانیناسی ئەو بەرهەمە ــ بە مانای عامی خۆی ــ دەکوژرێ..لێرەدا نامەوێ بچمە ناو قەڵەمڕەوی رەخنەی ئەدەبیەوە و لەم گۆشەنیگا تایبەتەوە، لە تەنز بڕوانم، بەڵام ئەگەر بمەوێ پێناسەیەکی روون لە تەوس بدەم بە دەستەوە، دەبێ

PDF4Kurd



پێشەکی پێناسەی «تەنز»م بە وردی شەن و کەو کردبێ، ئەو دوو زاراوەیەی کە بە بڕوای من تەواو دژ بە یەکن، و سەلەفییەت دەیەوێ راست لەم دژوازییە سوودی تایبەتی خۆی وەرگرێ بە زمانێکی دیکە دەمەوێ بڵێم ئەو شتەی سەلەفییەکان ناوی دەنێن«تەنز» هەر لەبنەڕەتەوە تەنز نیە و تەوسە، چ بگا بە ئەوەی دواجار سەلەفییەت بیەوێ ئامانجەکانی خۆی لە بە تەنز نووسین روون بکاتەوە، و ئیمە بمانەوێ لەسەر ئەم ئامانجانە قسە بکەین. خاڵێکی تر کە پێویستە هەمووما‌ن لێی ئاگادار بین ئەو راستییەیە، کە ئەو سەر چاوەیەی ستراتیژی«بە تەوس نووسینی» سەلەفییەت ئاوی لێدەخواتەوە ستراتیژی«بە تەنز نووسینی» سەلەفییەتە، یانی وا نیە بڵێین سەلەفییەت ناتوانێ«تەنز» بنووسێ، یان لە زمانی تەنز ناگا، بەڵکو رێك بە پێچەوانە، سەلەفییەت توانای ئەوەی هەیە تەتز بنووسێ،وەکی چۆن لەسەر زۆر بابەت دەینووسێ، بەلاّم کە دێتە سەر ئەوەی باسی ئەدەبی مۆدێرن بکا زمانی تەوسی دەکەوێتە گەڕ. سەلەفییەت تەوس دەنووسێ، چونکی ــ کە دواجار وردتر باسی دەکەم ــ بەردی بناغەی فیکر هەڵدەوەشێنێتەوە هیچ، بکوژی رۆحی هەر چەشنە هزر و عەقلاّنییەتێکە کە بایی کەمترین رێز و بەهای مرۆڤـــ، بۆ مرۆڤـــ رۆشنگەری بکەن. کەوایە بەر لەوەی تەوس پێناسە بکەم بە پێویستم زانی ئەم راستییە روونبکەمەوە کە ئەگەر سەلەڤ بە تەوس دەنووسێ، بێگومان بە ئەنقەست دەنووسێ، چونکی باش دەزانێ تەوس چەندە دەتوانێ گوررزێکی لەبار بێ لە نێو دەستی ئایدیالۆژی خۆیان دا.

تەوس لە زمانی کوردیدا واژەیەکە زیاتر لە قەوارەی دەستەواژەی«بە تەوس پێگوتن» یان«تەوس هاوێشتن» دا بە کاردێت.

PDF4Kurd



تەوس دەمامکێکە کە بە نیازێکی خراپ سیمای مەبەستێکی تایبەت دادەپۆشێ، کەواتە، وەك تەنز، ئەو شتەی بە تەوس دەگوترێ ئەو شتە نیە راستەوخۆ مەبەستی بێژەرەکەی بێ، بەڵکو ئەوشت یان شتانەیە ناراستەوخۆ ئاماژەیان پێدەکرێ، بەلاّم ئەوەی دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان ئەم دوو زاراوەیە ئەو نیازەیە کە لەپشت ئەم دەستەواژانەدا خۆی شاردۆتەوە، لە تەنزدا نیازی جوانی ناسانە، و لە تەوس دا نیازی خراپ کارانە.

*«کە دەگەیتەلای(شێمە)ی دووکاندار بە تەوسەوە پێت دەڵێ:(خودا رزقی داوی!) ئەم قسەیە یانێ(کوا قەرزەکانم؟)...»*

پێدەشتی کارمامزەکوژراوەکان، شێرزاد حەسەن، ل ٢٦

لێرەدایە دەبینین سەلەفییەتی مۆدێرنی ئەدەبی چەند بەسڵەوە لە دەلالەتە مانایی و چەمکییەکانی تەوس ورد بۆتەوە تا دواجار بتوانێ وەك کەرەسەیەکی ستراتیژیك بۆ ململانێ کردن لەگەڵ نوێخوازی و نوێخوازان بە کاری بێنێ سەلەفییەت ئەوەندە کەم توانایە کە ناتوانێ بە زمانێکی زانستیانە، کە لە زاتی خۆی دا زمانێکی دژەتەوسە، و بە دیدێکی رەخنەگرانە، کە لە گەوهەری خۆی دا دیدێکی دژی دیدی تەوس خوازانەیە، باس و خواسەکانی خۆی بکاتە گوتارێکی جیدی و لێکۆڵینەوەیەکی مێتۆدۆلۆژیك(رەوشتناسانە)، بۆیە دواجار پەنا دەباتە بەر ستراتیژی بە تەوس نووسین، ستراتیژییەك کە نە پێویستی بە زمانی زانستە، نە فرِی بەسەر دیدی رەخنەگرانەوە هەیە.

خەسڵەتێکی دیکەی زمانی«بە تەوس پێگوتن» یان«بە تەوس نووسین» کورت بوونی ئەوزمانەیە. تەوس دەخوازێ، کورد واتەنی، کورتی

PDF4Kurd



ببڕێتەوە. لێرەدا من ئاگادارانە و بە ئەنقەست دەڵێم«کورت بڕینەوە» و ناڵێم«چڕکردنەوە». لە«کورت بڕینەوە»دا پەلەپروزێیەك دەبینرێ بۆ سەر و بن وێکهێنانی کێشەیەك، بێ ئەوەی کەسێك دەروەست و بەرپرسی ئەوە بێ پوختەیبابەتی ئەو کێشەیە بەروونی بدا بە دەستەوە، کەچی«چڕکردنەوە» راست بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە. کەوایە تەوس هەمیشە لەوپەڕی کورتی و کەمی دا دەگوترێ و دەنووسرێ، چونکی هەر لە بنج و بناوانەوە ناتوانێ پوختەی بابەتەکەت پێبڵێ. یەکێك لەو هۆیانەی کە سەلەفی نووسینەکانی کورتن، نەك چڕ، ئەو مەیلەیە کە جڵەوکێشیان دەکا بۆ لای«بە تەوس نووسین». کەوایە سەلەفی، کورت دەنووسێ، نەك لە بەر ئەوەی تۆزی ئەو ترسەی لە دڵ دەنیشێ کەخوێنەر لە درێژدادڕییەکەی تەرە دەبن،بەڵکو لە بەر ئەوەیەکە رانەهاتووە بەو عەقڵانییەتەی کە بتوانێ لەسەر دیاردەکان بوێرانە لەنگەر بگرێ، و بە وردی لێیانبکوڵێتەوە.بێگومان کورت نووسی،نەك چڕ نووسی، بەرهەمی عەقڵێکی کورتبینە، ئەو عەقڵەی کە، بۆ نموونە، زۆری بۆ ئاسانە حاشا لە ئەدەبییەتی چیرۆکێك بکا، بە بێ ئەوەی مافی ئەوە بدا بە خوێنەر کە سەر لە بەری چیرۆکەکە بخوێنێتەوە، نەك ئەو بەشانەی خۆی سانسۆر بژێری دەکا، و لە هەمان کاتیشدا بە تەوسەوە پێناسەی«داهێنانی بوێرانە»ی بخاتە پاڵ[٤]. دەیجا با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کەزاتی کورت بینی، و دوابەدوای ئەو کورت نووسی خۆی پیشاندەری هەقیقەتێکی دیکەی باوەڕی سەلەفییەتە. سەلەفی بە هۆی ئەوەی کورتبینە و بە حوکمی ئەوەی کورت دەنووسێ دەتوانێ ئەو خوێنەرە دەسکورتەش (Poor reader)– زاراوەکە ئی ت.س.ئیلیۆتە– بێ کە لە پشت هەر دالێکەوە تەنیا یەك مەدلوول دەبینێ هیچ، بەڵکو زۆر جار باوەڕیشی بەوە نیە دالێك

PDF4Kurd



بۆی هەیە نەك هەر چەند مەدلوول، بەڵکو n مەدلوولی بێ. سەلەفی ناتوانێ،یان لەوانەیە باوەڕی بەوە نەبێ کە دەشێ دال لە نێو Context یان زەمینەیەك دا بخوێنێتەوە کە تایبەتی دەقێکە کە ئەم داڵەی تێدا هەڵکەوتووە، ئەوان هەر تاقە یەك زەمینە دەناسن، ئەو زەمینەیەی عەقلأنییەتی ئەوانی تێدا بەستراوەتەوە.بۆیە سەیرنیە ئەگەر دەبینین ئەوشتەی کە سەلەفییەت لە بەرهەمی پێشانگایەکی دەیان ساڵ لەمەوبەر، و سەر بە کۆمەڵگایەکی رۆژاوایی دەیخوێنێتەوە، هەمان خوێندنەوە بێ کە لەسەر چیرۆکێکی هاوچەرخی کوردی پێشکەشی دەکا، هەڵبەت خوێندنەوەیەك کە کت ومت بە زمانێکی تەوساوی و بە پێی رێسای کۆنی کورت بڕینەوە دەنووسرێتەوە[٥]. ئەو«من»ەی دواجار سەلەفی لەسەر دەستی، خۆی پێناسە دەکا«من»ێکی تاسەر ئێسك دیکارتییە،«من»ێك کە وێدەچێ هەر لەبنەڕەتەوە وزەی لەناخدا هەڵگری(بلقوە) بە مێژوویی بوونی تێدا بەدی ناکرێ،«من»ێك کە وێدەچێ لەسەر ناوەندێك چەقی بەستووە، نە ئەوەیە لەم ناوەندە جیا بێتەوە و لە چەندان شوێنی دیکە و بەچەندین شێوەی دیکە کۆمەڵێك ناوەندێتی تر تەجرەبە بکا، نە ئەوەشە جگە لەم ناوەندە دەیان ناوەند و دژە ناوەندی تر و تەنانەت بێ ناوەندی ببینێ کە زۆر و کەم جیهانی دوور و نیزیکی ئێمەیان تەنیوە. بێ شك گەورەترین کارەساتەکانی مێژوو بەهۆی دوور کەوتنەوە لە هەقیقەتی خودی مێژووەوە دەقەومێن و وێرانی بە بار دێنن. گومان لەوە دانیە روانینی نامێژووییانەش دواجار هەر دەبێتەوە بەو ئامرازە سەرکوتکەرەی کە بۆی هەیە هەر بزووتنەوەیەکی ئەدەبی داهێنەرانەی مێژووگەرایانە دەمبەست بکا، ئەم دەمبەستکردنە رەفتارێکە لە ساتەوەختی هەنووکەی مەیدانی ئەدەبی

PDF4Kurd



کوردی، سەلەفییەکان زۆر جار لەسەر دەستی تەوس رەچاوی دەکەن.بەڵام بە راستی ئەگەر بێین ژێرخانی ساختار و پێکهاتەی(Structure) زمانی تەوس هەڵبوەشێنینەوە، و خشت بە خشتی دەلالەتەکانی ئەم زمانە، بۆ نموونە کاتێك لە دەقێکی ئەدەبی دەدوێ،بخوێنینەوە بە چ ئەنجام و ئاکامێك دەگەین. بە وتەیەکی تر چین و کامانەن ئەو رەهەندە مانایی و خەسڵەتە رەمزییانەی کە لە ناخودئاگای زمانی تەوسدا چێندراون، و لە قووڵترین و پێچەڵپێچترین توێژەکانی وجوودی تەوسدا شاردراونەتەوە. هەڵبەت دەکرێ جگە لەم خەسڵەتە ناخودئاگایانە، هەندێ بەرژەوەندی خودئاگایانەش لەم هەڵوەشاندنەوە و خوێندنەوانەدا دەرکەون، وەکی دواجار دەردەکەون. ئەوەشمان لەبیر نەچێ بێگومان ئەم خەسڵەتانە بۆیان هەیە پێیان زیاد بکرێ،یان چەند دانەیەکیان لە یەك دانەدا چڕبێتەوەو. کەوایە سەلەفی کاتێك بەزمانی تەوس لەسەر دەقێك دەنووسێ دەیەوێ بڵێ[٦]:

*١. ئەم دەقە شایانی ئەوە نیە بەزمانێکی زانستیانە و جیدی قسەی لەسەر بکرێ.*

*٢. من بە دیدێکی گاڵتەجارانەوە چاو لەم دەقە دەکەم.*

*٣. ئەو نموونەیەی من لێرەدا هێناومەتەوە و لەسەری دەنووسم گەوهەری فۆرم و مانای سەرتاپای دەقەکەیە.(هەڵبەت مەبەستی سەلەفی لە نموونە، ئەو بەشەیە کە لەسەرلەبەری دەقەکەی دادەبڕێ و بەجیا دەیخاتە بەر چاوی خوێنەر، بێ ئەوەی گوێ بداتە رۆحی ئۆرگانیکی دەقی ئەدەبی)*

PDF4Kurd



*٤. هەقیقەت و گەوهەری دەقێکی لەم دەستە( دەقی بەناو پۆست مۆدێرن) بە زمانی تەوس نەبێ ئاشکرا نابێ. هەوڵ مەدە بەزمانێکی جگە لەوەی من باسی دەکەم لەسەری بدوێی.*

*٥. دواجار من لە ئاست دەقی دیکەی لەمجۆرە بێدەنگ هەر نابم. کە وەدەنگیش هاتم ئەوە ڕاست دەگەڕێمەوە سەر زمانی تەوس...*

ئەوەی ڕاستی بێ هەر کام لەم خاڵانە( کە دەکرێ ناویان بنێین مەبەستەکانی دەرەوەی دەقی زمانی تەوس) بۆیان هەیە زیاتریان لەسەر بدوێین و پتریان شیبکەینەوە، بەڵام لێرەدا هەر لەسەر خاڵی ٣ سووکە لەنگەرێك دەگرین و تێدەپەڕین. سەلەف دێت گۆشەیەك یان پاژێکی دەقێك لەکۆی پێکهاتەی دەقەکە دادەبڕێ، وەك نیشانەی، وەك خۆیان دەڵێن، مشتێ نموونەی خەروار دەیخەنە بەرچاوی خوێنەر. لێرەدا دەبینین ڕەفتاری سەلەف لەگەڵ دەقی ئەدەبی ڕەفتاری ئابوورییەکی بازاڕی و سیاسییەکی سانسۆر چییە، ڕەفتارێك کە جیهانی دەق لەو هەڵبژاردنە تایبەتەدا کورتدکاتەوە کە بەسەر دەقدا دایدە سەپێنێ. سەلەف نایات سەر لەبەری دەق بخاتە بەر دەستی خوێنەر، چونکی پێی وایە سەرلەبەری دەق هەقیقەت نیە، یان هەقیقەتێکی پێ نیە،بەڵکو ئەو پاژەی ئەو لە دەقی گل داوەتەوە، و ئەو سنوورەی ئەو بەسەری دا داسەپاندووە بە گەوهەری هەقیقەت دەزانێ. هەر بەم پێیە سەلەف کەدێت شەرح و تەفسیری خۆیشی– هەڵبەت لەبیرمان نەچێ هەر بە هەمان زمانە تەوساوییەکەی– لە دەق ئاراستەی خوێنەر دەکات، تەنیا لەسەر ئەو پاژە چەق دەبەستێ کە خۆی وەك نموونە هێناوییەتەوە، هەر چەند ئەوەی ڕاستی بێ سەلەف زۆر جار لەشەرح و تەفسیری ئەم پاژە هەڵبژاردراوانەش خۆ دەبوێرێ، بەڵام کە

PDF4Kurd



خۆیشی نەبوارد ئەوە لێکدانەوەکەی رێك هەر ئەو بەشە لە واقیعی بەردەستەکی دەق بلاو دەکاتەوە کە سەلمێنەری هەقیقەتی ئەو تەوسانە بن کە دەرهەق بە دەق دەیانلێ و دەیانهاوێ.لەسیستمی راگەیاندنی تۆتالیتری‌دا خوێنەر دەبێتە وەرگرێکی خەساو(منفعل) و چەواشەکراو، و دەشێ عەقلانییەتی خوێنەرانەی خۆی تەنیا لەو مەودا بەرتەسکەدا وەگەڕ بخات کە سەلەفییەت بۆی دەسنیشاندەکا. بێگومان ئەم مەودایەش کەهەمانمەودای نێوان یەکەم وشە تا دوایین وشەی نموونە هەڵبژار دراوەکانە، نەك ئەو فاسیلەیەی سەر لەبەری دەقەکە بگرێتەوە_ هەرگیز ناتوانێ هەڵگری ئەو پرۆسەیە بێ کە خوێنەر دواجار وزەی دۆزینەوەی ماناکان و لایەنە جوانی ناسییەکانی دەقی تێدا دەخاتە گەڕ. لێرەوە بەئاسانی دەتوانین بڵێین بۆچی رەفتاری سەلەفییەت لەگەڵ فیکری مۆدێرن و کاری مۆدێرنیستەکان هەمیشە بە پێی باسکردن لەسەر نموونە تایبەتی و هەڵبژێردراوەکان بووە. سەلەفییەتی ئەدەبی گەڕیانی مۆدێرنیزم وەك گشتێکی ئۆرگانیکی مێژوویی لێکدانەبڕاو چاولێناکا کە دواجار هەتا گەر رەخنەیەکیشی بوو لە بەرامبەر ئەم یەکە گشتییەدا بیهێنێتە بەر باس و لێدوان. مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمیش، وەك هەر دیاردەیەکی دیکەی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی دنیا بێگومان دەیان و بگرە زیاتریش رەخنەیان لەسەرە، کەس شکی لەوە دانیە هیچ زانست و مەعریفەیەك بەدی ناکرێ بەبێ نوقسان ناتەواوی وخاڵی لاواز و تەنانەت ناراست،نەك هەر لەبەر ئەوەی ئەمە قانوونێکی نەگۆڕی جیهانی دیاردەکان بێ، بەڵکو لەسۆنگەی ئەوەیکە ئەم زانست و مەعریفانە کێ دەیانخوڵقێنێ جگەلە مرۆڤـ، ئەو مرۆڤەی دوای سەدەکانی ناوەڕاست و بە درێژایی سەردەمی

PDF4Kurd



رێنسانس و بەناوی رۆشنگەری، عەقڵی کردە تاقە شەوچرای رێگای خۆی، کە چی هەر ئەم عەقڵە بالآدەستە دواجار دەیان شەڕیماڵوێرانکەر و سەدان حکوومەتی تۆتالیتری لێکەوتەوە، و ئینجا پاش ئەم هەموو تەجرەبە تاڵە، کە بە قیمەتی مەرگی مرۆڤایەتی کۆتایی پێهات،تازە جیهان بەو هەقیقەتەی زانی کە عەقڵئامێری(عقل‌ابزاری) جێی بە عەقڵی رۆشنگەری چۆڵ کردووە. کاتێك دریدا دەڵێ،من خەریکم رەخنە لە میتافیزیکی ئامادە بوون(متافیزیك حضور)،نوقسانی گەورەی مێژووی فەلسەفەی رۆژاوا، دەگرم، ئەوە یانی ناتەواوییەك یا خود هەڵەیەك هەبووە لە دیدی فەیلەسووفانی رۆژاوادا، هەر لە ئەفلاتوون و ئەرەستووەوە بیگرە تا دەگاتە دیکارت و کانت. دەیجا کاتێك کاکڵی فیکری مۆدێرن خۆی لەفەلسەفەی رۆژاواییەوە وەرگیراوە، چۆن دەکرێ ئەم فیکرە بەشتێکی کامڵ و بێ نۆقسان و بێ عەیب و ئیراد بزانین، تەنانەت حاشا لەوە ناکرێ کە هەر لە هەنووکەی مەیدانی ئەدەبی کوردی دا زۆر بەناو نووسەری مۆدێرن هەن کە تاسەر ئێسك خاوەن دیدێکی سەلەفیین، بەلآم بە پێی زەروورەتی زەمان خەریکی مۆدێرنبازین - مۆدێرنبازی خۆی هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلە و لێرەدا بواری ئەوەم نیە لەنگەری لەسەر بگرم - و زۆریش سوورن لە سەر ئەم مۆدێرنبازییە. خۆ ئەگەر بەشێکی خوێندنەوەی بزوتنەوەی مۆدێرنیزمی ئەدەبی کوردی خوێندنەوەیەکی زانستیانەی هەر ئەم مۆدێرنبازانە بێ، دەبینین دروستترین و پێویستترین جۆری رەخنە لە مۆدێرنیزمی بەر دەستەکی ئێستای ئەدەبی کوردی دێتە ئاراوە. ئینجا ئەمانە هەموو بە جێی خۆی، ئایا دەکرێ مۆدێرنیزمی کۆمەڵگایەکی باشووری و جیهان سێهەمی پێشنەکەوتووی وەك کۆمەڵگای

PDF4Kurd



ئێمە لەگەڵ مۆدێرنیزمی کۆمەڵگایێکی رۆژئاوایی جیهان یەکەمی و پەرە ئەستاندوو بەیەك پێوانەو کێشانە هەڵبسەنگێندرێن؟ ئایا سەلەفییەت لە رێگای تەوس هاویشتنەوە دەیەوێ مۆدێرنیزمی رۆژاوایی شەرمەزار بکا؟ یان مۆدێرنیزمی باشووری، یان نا، زات و گەوهەری مۆدێرنیزم دەخاتە بەر پلاری تەوس؟! ئایا سەلەفیەت پێی وانیە ئەو مۆدێرنیزمەی کورد، لە مەیدانی ئەدەب دا، کایە بە ئەلف و بێی زمانەکەی دەکا بێگومان جیاوازە لە مۆدێرنیزمی نووسەرێکی رۆژاوایی، کە کۆمەڵگاکەی لێورێژە لە نموونەی بەرچاوی. ئاواتە وەدیهاتووەکانی فیکری مۆدێرن؟!ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە هەقیقەتێکە کە مارشال بێرمەن لە کتێبی«ئەزموونی مۆدێرنیتە» دا ئاوا باسی دەکا:

« ئەو مۆدێرنیزمەی لە کۆمەڵگایەکی پێشنەکەوتوودا لە ئارادایە ناچارە دەبێ جیهانی خۆی لەسەر بنەمای خەون و خەیاڵەکانی مۆدێرنیتە دامەزرێنێ، و خۆی لەرێگای نیزیکبوونەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ تراویلکە و تاپۆکان پاراو بکا. ئەم مۆدێرنیزمە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر[ویژدانی ئەو ژیانەی کە ژێدەر و ژینگەی خۆی بووە راست و نیاز پاك بمێنێ، ناچارە دەشێ توورە و تۆسن و کاڵ و کرچ و بیچم نەگرتوو بێ، و خۆی ئاوێتەی هات و هاوار بکا. ئەمجۆرە مۆدێرنیزمە دژی خۆی هەڵدەستێ و ئازار و ئەشکەنجەی خۆی دەدا کە بۆچی ناتوانێ بە تاقی تەنێ مێژوو بگۆڕێ، یان ئەوەی خۆی دەخاتە نێو باوەشی کۆمەڵێك هەوڵی لاف و گەزاف نوێنانە, بۆ ئەوەی گشت قورسایی مێژوو بکەوێتە سەرشانی.

ئەم مۆدێرنیزمە لەرێگای ئازار و توند و تیژییەوە خۆی بەرەو [هەڵدێری] سووککردنی نەفسی سەرشێت دەبا، و تەنیا بە یارمەتی

PDF4Kurd



توانایی لە رادەبەدەری بۆ تانەلێدان لە خۆی، بۆی هەیە خۆی راگرێ. بەڵام ئەو واقیع و راستەقینە سەیر و سەمەرەیەی کە سەر چاوەی ئەم مۆدێرنیزمەیە، و ئەو گوشارە تاقەت پڕووکێنانەی کە ژیان و بزووتنی تەنگەتاو دەکەن ـ کۆمەڵێك گوشاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەتر گوشاری مەعنەوی ـ درەوشانەوەیەکی تێکەڵ بە رق و شێتی تێدا بەدی دێنن، بە جۆرێك کە مۆدێرنیزمی رۆژاوایی، با ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر بنەڕەتی تر لەگەڵ جیهان دەسازێ [ویەکدەگرێتەوە]، بە دەگمەن توانای ئەوەی هەیە شان لە شانی بدا[٧].»

ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی زیندە و شاهیدێکی راستگۆ بۆ ئەم وتانەی بێرمەن بێنینەوە دەبێ راستەوخۆ پەنجە بخەینە سەر ئەدەبی ئەمریکای لاتین، ئەو ئەدەبەی بە ریالیزمی جادوویی ناودێر کراوە و تێکەڵاوێکە لە واقیعی بەردەستەکی و خەون و خولیای داهێنراوی زەینی نووسەرانێکی وەك مارکێز و بۆرخێس و پاز و هتد.ئایا ریالیزمی جادوویی بزوتنەوەیەکە دژی مۆدێرنیزم، یا خود خۆی حاسڵ و بەرهەمی تەجرەبە کردن و تاو توێکردنی کایەکانی مۆدێرنیزمە؟! ئایا تەنیا بە بیانووی پاراستنی رەسەنایەتی ـــ بە مانا سەلەفییەکەی ـــ ئەدەبی کوردی دەبێ لە دەسکەوتە فیکری و فەلسەفییەکانی مۆدێرنیزم خۆی بێ بەش بکات؟! ئایا تەنیا بەهۆی نەبوونی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیکی، دەبێ درگای داهێنانی ئەدەبی و فیکریمان نەخەنیە سەر پشت، و بە دوای رەهەندە جۆراوجۆر و پیچەلپێچەکانی ئەفراندن و ئەندێشەدا نەگەڕێین؟! ئایا مەنزڵی رەسەنایەتی بۆ ئێمە ببێتە شوێنی باڵا کردن و گۆڕانکاری،یان بیکەینە بەندیخانەی گەوهەر و رۆحی

PDF4Kurd



پێشکەوتخوازی؟! لە هەمان کاتیشدا، ئایا ئەو مۆدێرنیزمەی سەلەفییەت دژی رادەوستێ و تەوسی پێدادەدا رۆحێکی پیرۆز و جەستەیەکی بێ تاوانە کە ئێمە دەقاودەق وەریبگرین، و لەکۆمەڵگا و ئەدەبی کوردی دایبەزێنین؟!

## (٤)

سەلەفییەت ناچارە لەوەی بە زمانی تەوس دەنووسێ، وەکی چۆن پیاوی سیاسەتی سوننەتی ناچارە لەوەی بە زمانی هەڕەشە قسە بکا. سەلەفییەتی ئەدەبی خەریکە کایەکانی سیاسەتی سوننەتی دەگوازێتەوە بۆ نێو مێشك و بۆ سەر زمانی خۆی. هەڕەشە لە سیاسەتی سوننەتی دەبێتە تەوس لە سەلەفییەتی ئەدەبی دا. هەڕەشەی سیاسەت تەنیا بۆ ئەوە نیە هەندێ فیکر لە شێوە بیرکردنەوەیەکی تایبەتی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێ ترسێکی هەمیشەیی بخاتە نێو دڵی فیکرەوە. تەوسی سەلەفیش تەنیا بۆ ئەوە نانووسرێ پاشەکشێ بە هەندێ قەڵەم بکا کە چیتر مۆدێرن نەنووسن، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەیەوێ نەفەسێکی گاڵتەجارِیانەش بە رۆحی دەقێکی ئەدەبی مۆدێرندا بکا. دەسەڵاتی سیاسەتی سوننەتی لێوە بە بزە هەڕەشە دەکا، سەلەڤ ئەدەبی بە کوردییەکی پاراو و پەتی تەوس دەهاوێ.دواجار سیاسەتی سوننەتی و سەلەفییەتی ئەدەبی لەم خەونەدا یەکدەگرنەوە:« کاتێك من دەزانم رەسەنایەتی یانی چی، کەوایە رەسەنایەتی موڵکی منە، هەر بۆیە من پێت دەڵێم – بەپێی ئەم رەسەنایەتییە – چۆن بژی و بمری.»

رەشەمەی ١٣٨٠

(مارس ٢٠٠٢)

PDF4Kurd



## پەراوێـــــز و ســـــەرچاوە:

١. ڕێبین ئەحمەد هەردی، لە خەونی گۆڕانەوە بۆ خەونی مردن،گۆڤاری رەهەند ژمارە ١٠ ـ ٩، ل ٩ تا ٢٦

٢. لێرەدا بۆ ئەوەی خۆینەر نموونەیەکی بابەتیانە و بەرهەستی ئەو ستراتیژییەی بکەوێتە بەر دەست کە بەستراتیژی«بە تەوس نووسین» ناومان بردووە، ئاماژە بە دەقی نووسراوەیەکی گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٩، لاپەرەی ٣٤، بەشی چەقەخانە دەکەین کە لە سەر چیرۆکی«مەبال»ی یۆنس رەزایی نووسراوە:

«شوێنیکی پیرۆز بۆ ژیان و مردن»

بەختی خوێنەرانی گوڤاری مەهاباد نەبوو کە کورتە چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی«مەبال»، نووسراوەی یۆنس رەزایی بخوێننەوە! بەلاّم سەرئەنجام بۆنی ئەم شاکارە گۆڤاری«رامان»ی ژمارە ٦١ی هەڵگرت. چەند رستەیەك لەم داهێنانە بوێرانەیە دەگێڕینەوە:

*«هەمیشە لقەدارێك لەگەڵ خۆم دەبەم، ئەگەر لە بیریشم بچێ بە قەڵەمەکەم لەو سلە گوویە وەردەدەم کە لە قەراخ کاسەکە خەریکە وشك بێتەوە... مەمکی گولاڵە مێندی سلە گوویەکی بچووك هەڵتۆقیون...»*

هەڵبەت ئەم مەبالە پۆست مۆدێرنە بێ دایك و باوك نیە و سەد ساڵ لەمەوبەر«مارسێل دوشان» کاسەکەی لە«پێشانگای هونەری نیۆیۆرك» دامەزراندووە. ئەوەش فاکت. [لێرەدا گۆڤاری مەهاباد لەتێك لە رۆژنامەی« نوروز»ی بلاّو کردۆتەوە کە باسی فاکتەکەیان، بە فارسی، دەکا، و وێنەی کاسەکەی دوشان ـــ یشی تێدایە] . بەلاّم مەبالی ئێمە وەك کاسەی سەرەوە بێ نێوەڕوك نیە! ئاکامی چیرۆکیش داهێنانی تێدا بەدی دەکرێ:

*«... نە من و نەخێزانم و نەهاوالّی چیرۆك نووسم لەسەر ئەوە هیچ دژایەتییەکمان نیە کە مەبال شوێنێکی پیرۆزە بۆ ژیان و بۆ مردن. رەخنەگریش هەروا دەڵێ..»*

PDF4Kurd



ئێمە وێڕای پیرۆز بایی لە گۆڤاری رامان و گشت پۆست مۆدێرنیستەکان، هیوادارین هەرکەس لەو شوێنەی پێی پیرۆزە بژی و بمرێ.

٣ـ مەریوان وریا قانیع، تراژیدیای میشێل فۆکۆ لە کتێبی«دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا» گۆڤاری رەهەند، ژمارە ١٣ـ١٢ ل٢٣٧ تا ٢٨٤

٤ـ پەراوێزی ٢

٥ـ پەراوێزی٢

٦ـ پەراوێزی٢

٧ـ مارشال برمن، تجربەی مدرنیتە،ترجمە مراد فرهادپور،١٣٨٠، تهران، ص٢٨٤

PDF4Kurd



# گێڕانەوەی

# «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»ی

## شێرزادحەسەن:

# لە کایە بە کاتەوە
# تا
# فێڵ لە فــۆرم

بۆ بیرەوەری حەڤدە ساڵ پێکەوە ژیانی بایز و هەمین و شێرزاد

PDF4Kurd

PDF4Kurd



( ١ )

ئەگەر ئەم قسەیەی میلان کۆندێرا بسەلمێنین کە دەڵێ: «هەستی تاکەکەسێتی لە سەر بنەمای یادەوەری دامەزراوە، و یادەوەری خۆی لە سەر بنەمای زەمان رادەوەستێ»[١] و بەم قەناعەتەش بگەین کە رۆمان گەڕان و گەڕیانێکی بەردەوامە بە ناو رەهەندە پێچەڵپێچەکانی یادەوەری مرۆڤـــ دا، بێگۆمان ئەم قسەیەی «ئێی. ئێم فۆرستر»یش وەڕاست دەگەرێ کە دەڵێ:«ئەدەب لە دێر زەمانەوە سەرنجی دەدا بە وێنا کردنی «ژیان لە سەر بنەمای بەهاکان»، ئەوە رۆمان بوو کە بە یارمەتی چەمکی وێناکردنی«ژیان لە سەر بنەمای زەمان» ئەرکێکی جیاوازی بە ئەرکەکانی ئەدەب زیاد کرد»[٢]. هەمیسان میلان کۆندێرا مێژووی گۆڕانکاری رۆمان بە چوار دەنگ دەستنیشان دەکا: دەنگی کایە، دەنگی رۆئیا، دەنگی خەون و دەنگی زەمان  بێگومان رۆمان بەرلەوەی وێناکردنی ژیان لە سەر بنەمای زەمان، و دەنگی زەمان بێ گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی نڤیساری - پەخشاناوی کە خوێنەر لە دنیای ئاسایی و خووپێگرتووی خۆی هەڵدەکەنێ و نیشتەجێ یان مسافیری جیهانێکی دیکەی دەکا، جیهانێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك واژە و وێنە و خەون و خولیا و فانتازیا. پۆل ریکۆر لە پێشەکی کتێبێکی بە ناوی«زەمان و گێڕانەوە»دا دەڵێ: گێڕانەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و خولقاندنی ماناناسانە.» بە باوەڕی ریکۆر گێڕانەوە رەسەنترین شێوەی رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ زەمان، چونکی بیرکردنەوەی رووت(و ئابستراکت) هەرگیز توانای ئەوەی نیە گرێپووچکەی زەمان بکاتەوە. کە واتە لە روانگەی ریکۆرەوە ئەدەبی داستانی (و بە تایبەتی رۆمان) بە پشت بەستن بە گێڕانەوە« ئەزموونە زەمانییە ئاڵۆز و بێ سەرە

PDF4Kurd

گێڕانەوەی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

و بەرە و تەم و مژا وییەکانی».مرۆڤ سەر لە نوێ دادەڕێژێتەوە و ڕێك و پێکیان دەکاتەوە، یان بە وتەیەکی زانستیانەتر لە ڕێگای داڕشتنەوەیەکی دووبارەی(reconfiguration)ئەو ئەزموونانەوە مانای‌نوێ بەرهەمدێنێ. بەم پێودانگەبێ لە ڕێگای گێڕانەوەوە پێوەندییەکی دوو جەمسەری لە نێوان ئەزموونی مرۆڤ و زەماندا پێکدێ، یان با بڵێین گێڕانەوە بریتییە لە: «تایبەتمەندی زەمانیی ئەزموونگەلی ئینسانی»[٣]

سەرهەڵدانی ڕۆمان، وەك ژانرێکی جیاواز و تازەبابەت و لە هەمان کاتیشدا لە چاو زۆر ژانری‌تر مۆدێرن، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و لە دایکبوونی شێوە گێڕانەوەیەکی نوێی مرۆڤ لە خۆی و لەو جیهانەی تێیدا دەژی مێژووی گۆڕانکاری فیکری مرۆڤ ئەو کاتەی سەدەکانی ناوەڕاستی جێهێشت و پێی نایە چاخی ڕێنێسانس و بە تایبەتی قۆناغی ڕۆشنگەری، کۆمەڵێك کەڵکەڵە و کێشەی تازەی وەك، زەین (سووژە)، یادەوەری، تاکەکەسێتی،شوناس، هەست و نەست، زەمان و زمان و هتدی هێنایە بەر باس و لێدوان، و بە تایبەت لە زانستی فەلسەفەدا بە تێر و تەسەلی لە سەریان نووسرا و تاوتوێ کران. بێ شك ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بە تایبەتی لە داهات و دەسکەوتەکانی ئەم باس و خواسانە خۆیان بێبەش نەکرد، و دواجار گەشە و نەشەی باسە فەلسەفییەکان ڕۆحێکی تورت و تازەیان بە بەرکارەکانی مەیدانی ئەدەب دا کرد، بە جۆرێك کە بۆنموونە شوناسی تاکە کەسێتی، وەك باسێکی فەلسەفی، لە کێشەیەکی ئەدەبی، وەك کەسایەتی ڕۆماندا، ڕەنگی‌دایەوە. بۆ وێنە جان لاك دەڵێ، شوناسی تاکەکەسی بریتی‌یە لە شوناسی ئەو زاتە خودئاگایەی کە لە ڕێگای بەردەوامبوون لە نێو بەستێنی زەماندا دەکەوێتە گەڕ، بە وتەیەکی‌تر، تاك

PDF4Kurd



بە هۆی ئەو بیرەوەرییانەی کە لە ئەندێشە و ئاکاری رابردووی خۆیدا هەیەتی، پێوەندی بە شوناسی بەردەوامی خۆیەوە دەبێ. ئەو «ئەسڵی تاکە کەسێتی»یەی جان لاك باوەڕی پێی بوو بریتیيە لە هەبوون و لە ئارادا بوون لەشوێنگە و مەوقعییەتێکی تایبەتی شوێن و کات دا. لاك دەڵێ:«چەمکەکان لە رێگای تەکینەوە و جیابوونەوە لە زەرفی (بەستێنی) کات و شوێن گشتێتی وەدەسدێنن.[٤]» هەر بەم هۆیەیە کە بۆ نموونە کەسایەتیەکانی رۆمانیش تەنیا ئەو کاتە تاکەکەسێتی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن کە لەپێش زەمینەی کات و شوێنێکی تایبەتدا ئامادە بوونیان هەبێ. کەوایە سەرهەڵدانی رۆمان، بەمانایەك، دابڕان بوو لەو چەمك و بیرۆکە میتافیزیکییانەی کە مرۆڤی بەردەوام لە شوێنکاتی خۆی جیادەکردەوە و لە کەشوهەوایەکی تەجریدی وگشتیدا دەیکردە هەوێن و دەسمایەی بەرهەمی ئەدەبی. میلان کۆندێرا ـ یش پێی وایە:

«چەمکەکان لە رۆمان دا «بە شێوەیەکی ئابستراکت و ئینتیزاعی» تاوتوێ ناکرێن، بەڵکو بەرەبەرە لە نێو کردەوە و هەلومەرج و بارودۆخی کەسایەتییەکانی رۆماندا خۆدەنوێنن و خۆیا دەبن»[٥]. هەر بۆیە رۆمان زیاتر لە هەر ژانرێکیتر مرۆڤی لەئاسمانی میتافیزیك دابەزاند، و لەگەڵ جیهان و ژیان وکات و شوێنی بەرهەست و بەگشتی گۆی زەوی ئاشت کردەوە.ئەگەر رۆحی رۆمان رۆحی پێچ و پەناکانە، ئەگەر رۆمان بە خوێنەرەکەی دەبێژێ:«شتەکان پڕ پێچ و پەناتر لەوەن تۆ بیرت بۆیان دەچێ[٦].»، ئەگەر جیهانی رۆمان جیهانی نادیارەکانە و خوێندنەوەی رۆمان تێپەڕاندنە لە جیهانی دیارەکانەوە بەرەو جیهانی نادیارەکان، بە گوتەی هێرمان بروخ، ناسینی پاژێکی نەناسراوی جیهانی بوونە،[٧]دواجار ئەوە

PDF4Kurd



هەمووی بە هۆی ئەو خەونانەوەن کە رۆمان بۆ مرۆڤی دەبینێ: خەونی پشکنینی رازی سەربەمۆری بوون. کەوایە«رۆمان لە بوون دەکۆڵێتەوە نەك لە واقیع. بوونیش ئەو شتە نیە رووی دابێت،بوون مەیدانی ئیمکاناتی ئینسانییە، هەر شتێکی ئینسان بتوانێ ببێتە ئەو شتە.[٨]» هەر بۆیەش کۆندێرا گوتەنی، هەقیقەتی رۆمان هەقیقەتێکی شاراوەیە، هەقیقەتێك کە هێشتا دەرنەبڕاوە و دەریشنابڕدرێ،نەك لە بەر ئەوەی هەقیقەت لە رۆمان دا وەهم و تراویلکەیە، و لەوانەیە هەر لە بنەڕەتەوە بوونی نەبێ، بەڵکو بە هۆی ئەوەی مرۆڤـ هێشتا نەیتوانیوە سەرلەبەری گۆڕەپانی ئیمکاناتی ئینسانیی خۆی بپشکنێ و لێکیانبداتەوە[٩].جا هەر لە سۆنگەی ئەم راستییەیە کە کۆندێرا لەسەری دەڕوا و دەڵێ، بنەمای رۆمان پرسیارە، نەك هەڵوێست گرتنی ئەخلاقی، چونکی هەڵوێستی ئەخلاقی گرتن ئەو پێش گریمانەیەی لەگەڵە کە سەرپاکی هەقیقەتەکان ئاشکرا بوون و هیچ گیرو گرفتێك لە سەر رێگای جیا کردنەوەی چاك لە چەوت و پاك لە پیس بەدی ناکرێت، کەچی عەقڵی رۆمان، کە عەقڵێکە بەرزتر لە عەقڵی شەخسی، عەقڵی گومانکردنە لە یەقینەکان، عەقڵی شك کردنە لەو بەناو راستییانەی کە هەر ئان و سات بۆیان هەیە بە دەمامك سڕینەوە لە دەم وچاوی سوورا و سپیاو کراویان بە درۆیەکی پیس و پووچ زیاتر دەرنەچن.

ئەم تایبەتمەندییە بابەتی و مەزووعیانە وا لە فۆرمی رۆمان دەکەن کە بە گوتەی کۆندێرا، تا ئەندازەیەك سەربەستییەکی بێسنووری هەبێ، سەربەستییەك کە رێگا دەدا بە رۆماننووس لە چوار چێوەی دەقی رۆمانەکەیدا کایە بە تەکنیك و زمان و کەسایەتی و کات و شوێن بکات و ئەو جیهانەی خۆی دەیەوێ بیخوڵقێنێ، جیهانێك کە بێگومان زیاتر لەوەی

PDF4Kurd



ئاکام و ئەنجامەکانی سەرنجڕاکێش بن رەوتی رووداني بەسەرهاتەکانی گرینگن. بە وتەیەکی‌تر فۆرمی رۆمان یانی شێوەی شکڵ گرتنی رۆمان، چونکی رۆمان بەرلەوەی ئەنجامی هەندێ رووداو بێ، رەوتی رووداني کۆمەڵێك بەسەرهات و کێشە و رووداوە. ئەو رەوتەی کە من لێرەدا پێی لەسەر دادەگرم هەر ئەو شتەیە کە جۆرج لۆکاچ ـ یش، هەڵبەت لە پێوەندی دەگەڵ کەسایەتی رۆماندا، ئاوا باسی لێدەکا:

«کەسایەتییە داستانییەکانی ریالیستەگەورەکان هەر کە لەنێو خەیاڵی نووسەردا نوتفەیان بەست، ژیانی سەر بەخۆی جیا لە داهێنەرەکەیان دەسپێدەکەن، ئەوان رەوتێك دەپێون و تووشی چارەنووسێك دەبن کە دیالێکتیکی دەرووني ژیانی کۆمەلایەتی و رۆحیی خۆیان بۆیان دیاری دەکا..ئەو کەسەی رەوتی گۆڕانکاری کەسایەتییە دەسکردەکانی خۆی بە دڵخوازی خۆی، دەسنیشاندەکا، ناتوانێ ریالیستێکی راستەقینە ونووسەرێکی گرینگ بێت.[10]»

ئەو رۆماننووسەی فۆرمی رۆمانەکەی خۆی لە نێو رەوتی رۆچوون و راساني رووداوەکانی دەقی داستانەکەی‌دا بدۆزێتەوە، بێگومان ئەگەر ئەندێشەیەکی فەلسەفیش ترنجابێتە نێو رۆمانەکەیەوە، ئەو ئەندێشەیە هیچ کات شکڵ و بیچمێکی سەڵت و ئابستراکت بە خۆیەوە ناگرێ، چونکی فەلسەفەی رووت، ئەندێشە و کەڵکەڵەی فیکری لە نێو فەزایەکی ئینتیزاعی، و دابڕاو لە کەسایەتی و بارودۆخیاندا پەروەردە دەکا، کەچی هەر ئەو ئەندێشە و کەڵکەڵە فیکرییە لە قاڵبی رۆماندا بەرگی بارودۆخێکی ئینسانی وکات ـ شوێنێکی واقیعی لە بەر دەکرێ.(لێرەدا مانای وردی واژەی«واقیع»م مەبەستە، واتە ئەگەرکات ـ شوێنێکی خەیاڵی و فانتازیایش

PDF4Kurd



بێت، هەر لەبەرئەوەی کات شوێنێکی داستانییە، کەوایە واقیعییە.)«هەر بۆیە رۆماننووس شەیدای دەنگ و رای خۆی نییە لە سەر بابەتێکی تایبەت، بەڵکو ئەفسوونی ئەو شکڵ و فۆرمە دەبێ کە لە دارشتنی رۆمانەکەیدا رەچاوی دەکا. رۆماننووس لە چوارچێوەی شکڵ و فۆرمی رۆمانەکەیدا جوابی ویست و خواستی خەون و خولیاکانی خۆی دەداتەوە، و تەنیا هەر ئەو شێوە تایبەتە لە شکڵ و فۆرمیش دەبنە پاژی بنەڕەتی بەرهەمەکەی. لە کارل چاپۆك ـی رۆماننووس، دەپرسن، بۆچی شیعر نانووسی، لە وەڵامدا دەڵێ:«چونکی بێزارم لەوەی باسی خۆم بکەم.[11]» رۆماننووس، فلۆبێر گوتەنی، ئەو کەسەیە دەیەوێ لە پشت بەرهـــــــەمەکەیدا خۆی بشارێتەوە، کەچی دەزگای بڵاوکردنەوەی رەسمی و گـــــشتی هەوڵدەدا بەرهەم لە پشت وێنەی نووسەرەکەیدا ون بکا[12]، ئەو کارەی کە دەزگای سانسۆر و رەخنەگری سوننەتیش هەرکام بە شێوەیەك و بە نیازێکی جیاواز دەیکەن. کەواتە فۆرمی ئەو رۆمانەی کە«لایەنی مێژوویی ژیان و بوونی مرۆڤـــ » دەپشکنێ، ئەو لایەنەی کە لای کۆندێرا دەبێتە هۆی ئەوەی بە رۆمانێك بڵێ رۆمانی چاك، تا ئەندازەیەك سەربەستە، سەربەستییەك کە دواجار هەوڵی بەجێهێنانی ئەرکی ئەخلاقیی رۆمان دەدا، ئەرکی ناسینی«جیهانی بوون». بەڵام فۆرمی ئەو رۆمانەی«بارودۆخێکی مێژوویی» زەقدەکاتەوە، تایبەتمەندییەك کە بە رای کۆندێرا دەبێتە هۆی خراپ بوونی رۆمان، دواجار دەگاتە بەر دەمی ئەو ئەرکە دژە ئەخلاقییەی رۆمان کە من بە«داسەپانی دەنگی نووسەر»ی ناودێر دەکەم، داسەپانی ئەو دەنگەی کە کارل چاپۆك پێی وایە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نووسینی شیعردا ئامادەیە و لە نووسینی رۆمان دا بزر دەبێ. لە خۆڕا نیە لە رۆمانەکانی

PDF4Kurd



کۆندێرا دا پێشینە و رابردووی ژیانی کەسایەتییەکانی باسیان لێناکرێ، تەنانەت خۆی پێیوایە ئەو رابردووە هەر لە بنەڕەتەوە گرینگ و شایانی سەرنج پیدان نییە. کۆندێرا دوان لە رابردووی ژیانی کەسایەتی رۆمانەکانی بە خوێندنەوە مێژووی دەزانێ. مێژوو روونکەرەوەی گۆشە نووتەك و تاریکەکانی واقیعی رابردووە، بەڵام رۆمان لە هەر چرکەساتێکی زەماندا هەلی دۆزینەوەی«پاژێکی نەناسراوی بوون» دەرەخسێنێ و ئەم«زنجیرە دۆزینەوانە» دنیای ژیان تیشك پرژێن دەکەن. کە وایە ئەگەر مێژوو لە سەر دوو رەگەزی«واقیع» و «رابردوو» یاخود ئاوێتەیەك لەم دوو رەگەزە واتە«واقیعی رابردوو» پێدادەگرێ،رۆمان بۆ روونکردنەوەی«بوون» لە هەر «ساتەوەختێکی زەمان»دا هەوڵ ئەدا.ئینجا ئەگەر مێژوو دەخوازێ«هەنووکەی بوون»مان بسڕینەوە و بە نێو داڵانەکانی رابردوودا سەفەر بکەین، «رۆمان تێدەکۆشێ وەبیرمان بێنێتەوە کە «بوون» لە بیرنەکەین[١٣]»، ئەو بوونەی کە نەك هەر لە رابردوو، بەڵکو لە هەنووکە و داهاتووشماندا ئامادەیە و شایانی شیکردنەوەیە. ئەگەر بە گوتەی میلان کۆندێرا جیهان پرۆسەی دابەزینی ئاستی بەهاکانە، نواندن و نیشاندانی لایەنی تراژیکی ئەم دابەزینە لە گەڕانەوەی رووت بۆ رابردووی جیهاندا مەیسەر نابێ، بەڵکو دەشێ لە بوونی ئەو جیهانەدا لێی بکۆڵدرێتەوە و تاوتوێ بکرێ. کە واتە ئەگەر رۆمان بوونمان وەبیر دێنێتەوە بە هۆی ئەوەیە کە لە کێشەی بوون دەکۆڵێتەوە و رووکرد و روانینێکی بووناسانەی هەیە. لێرەدا ئەگەر بمانەوێ باس لەو قەڵشت و کەلەبەرە بکەین کە رۆمانی مۆدێرنی بە یەکجاری لە رۆمانی سوننەتی دابڕی، بێگومان دەبێ پەنجە بخەینە سەر هەر ئەم رووکردە بووناسانەیەی رۆمانی

PDF4Kurd



مۆدێرن. «کافکا»ش پێی وایە ڕۆماننووس پێویستە گریمانەیەکی بوونناسانەی سەبارەت بە جیهان هەبێت کافکا خۆی ئەم راستییە تا ئەو رادەیە لە دنیای داستانەکانیدا رەنگدەداتەوە کە هەنووکە دەستەواژەی«جیهانی کافکایی» بۆ پێناسە کردنی سەرومڕی ئەو چیرۆکانە بە کار دەبرێ کە بۆن و بەرامەیەکی بوونناسی کافکایان لێببیسرێت، بێشك ئەم رووکردە بابەتیانە تازەیە فۆرم و یاسا و رێسایەکی شکڵ خوازانەی تازەش دەخوازێ. واتە ڕۆماننووسی مۆدێرن لەهەمانکاتدا کە بە ئەندێشەیەکی مۆدێرن دەنووووسێ دەبێ خاوەن دید و تێڕوانینێکی مۆدێرنیش بێ. ئەگەر لێکۆڵینەوەی بوون، نەك خوێندنەوەی رووتی مێژوو، بوو بە بابەتی سەرەکی ئەندێشەی ڕۆماننووسی مۆدێرن، بێگومان کۆمەڵێك تەکنیك و تەمهیدی نوێش بوون بە هەوێن و دەسمایەی فۆرمی هەر ئەو ڕۆماننووسە بۆ نموونە لە قۆناغی ڕۆمانی مۆدێرندا نووسەر چیتر یەکەمین و دوایین دەسەڵاتداری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی نیە، و لە تیۆری ڕۆماندا ئەم بیرۆکەیە دێتە ئاراوە کە ئەگەر بڕیارە نووسەر لە جیاتی توانەوە لە نێو بۆتەی ڕۆمانەکەیدا، خۆێشی لە دەقی داستانەکەدا ئامادە بێ، دەشێت کەسایەتی خۆی بێنێتە ئاست و ئەندازەی کەسایەتییەکانی دیکە. گۆستاڤ فلۆبێر لەو ڕۆماننووسە پێشەنگانە بوو کە بۆ یەکەمجار جاڕی «نووسەری نادیار»ی دا، و ساڵی ١٨٥٢ رایگەیاند کە دەبێ ئامادە بوونی نووسەر لە چیرۆکەکەیدا بە تەواوی شاراوە و نادیار بێ. فلۆبێر دەڵێ: «نووسەر دەشێ لەچیرۆکەکەیدا، وەك خوا لەجیهاندا، لە هەموو شوێنیك بێت، بەڵام لە هیچ جێیەك دیار نەبێ.»، ڕۆماننووس« دەبێ لە کاتی خولقاندن کاری خوا رەچاو بکا و بیکاتە سەرمەشقی خۆی، واتە بخولقێنێ و بێدەنگ

PDF4Kurd



بمێنێ»[١٤]یان نموونەیەکیتر لەو تەکنیك و تەمهیدە نوێیانە مەسەلەی کۆتایی رۆمانە کە لە رۆمانی سوننەتی و موٚدێرندا دوو شێوەی جیاوازی هەیە. لە بری ئەنجام و ئاکامی یەکجارەکی و قەتعی رۆمانی سوننەتی کە لەودا هەرچی مەتەڵە هەڵدێت و هەرچی چارەنووسی کەسایەتییەکانە ئاشکرا دەکرێ،لە رۆمانی مۆدێرندا ئاکام، ئاکامێکی نادیار و نائاشکرایە، چارەنووسی کەسایەتیەکان لەتەم و مژدا ئەمێنێتەوە، و خوێنەر ناتوانێ بڕیارێکی قەتعی و قسەبڕ بۆ کۆتایی رۆمان بدات.

کەواتە رۆمانی مۆدێرن لەگشتیترین پێناسەی خۆیدا لەنێو بازنەی بووندا دەخولێتەوە و لە کێشەی هەرمانی بوون دەکوڵێتەوە. ئەگەر رۆمانی مۆدێرن بە هێچ بۆنەیەکەوە و بۆ هیچ بیرۆکەیەکی ئایدیالۆژیك حوکم دەرناکا، ئەگەر رۆمانی مۆدێرن چارەنووسی کەسایەتییەکانی خۆی بە دەستی قەدەرێکی دەرەوەی دەقی دیاری ناکا، ئەگەر رۆمانی مۆدێرن سەر بە نێو ناخی مرۆڤەکاندا شۆڕ دەکاتەوە، ئەگەر رۆمانی مۆدێرن ئاکامی یەکجارەکی و راشکاو بۆ دەقی داستانەکەی دەستەبەر ناکات، لە بەر ئەوەیە کە ئەم راستییانە خۆیان سەر لە بەر تایبەتمەندی و گەوهەری جیهانی بوونن. ئەم هەقیقەتەشمان لە یادنەچێت کە ئەگەر رۆمانی مۆدێرن لەجیهانی بوون دەکۆڵێتەوە خۆێشی دواجار دەبێتە جیهانی بوونێکی سەربەخۆ کە دەشێ لێکبدرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێ. رۆمانی مۆدێرن ئەوەندەی لەجیهاندا دەژی ئەوەندەش خۆی جیهانێکە بۆ ژیان. رۆمان تا ئەو ساتەی جیهان ئامادەی وەرگرتن و خوێندنەوەی بێ، وزە و بڕشتی لە دوانەهاتووی خۆی بۆ نوێکردنەوەی ئاستەکانی ژیان دەخاتە گەڕ وەکوو میلان کۆندێرا دەڵێ:«ئەگەر بە راستی رۆمان دەبێ لە ناو بچێ، ئەوە بەو

PDF4Kurd



هۆیە نیە کە هێز و برستی لێبڕاوە، بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە رۆمان لە نێو جیهانێك دا بە سەردەبات کە ئیتر جیهانی ئەو نیە.[١٥]» رۆمانی مۆدێرن ئەو خەونانەی مرۆڤـ نایانبینیّ، یان دەیانبینیّ و لە بیریان دەباتەوە، بۆ مرۆڤــ دەگێڕێتەوە، ئەو خەونانەی نەك هەر لە واقیعەکانی ژیانمانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵکو دواجار خۆێشیان دەبنە پاژێکی لێکدانەبڕاوی واقیعەکانی ژیانمان.

( ٢ )

من نامەویّ لەم وتارەدا پەل بۆ هەموو لایەنێکی «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» بهاوێژم و خۆم بە هەموو قوژبنێکی‌دا بکەم، بەڵام لە خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕی خۆم‌دا ئەمەویّ لە سەر دوو بابەتی بە رواڵەت جیا لە یەکدی و لە راستیدا لێکدانەبڕاو لەنگەر بگرم و کاریان لە سەر بکەم: لەم رۆمانەدا ئەو کایانەی بەکات و ئەو فێڵانەی لە فۆرم کراون کامانەن؟ دیارە باسکردن لە سەر دوو تەوەرەی گرینگی وەك زەمان و فۆرم لە رۆماندا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی بوتیقایی‌یە بۆ ئەم رۆمانە، بوتیقا لێرەدا بە مانای ئەو ئیمکانات و دەرەتانە زمانییانەی دەقی رۆمانەکەیە کە هەلی دۆزینەوەی پاژێك لە شوناسی جیهان و ژیان و ئینسان بۆ خوێنەر دەرەخسێنن. ئەو شتەی کە دەکریّ دواجار وەك دەسکەوتێکی ناراستەوخۆی ئەم خوێندنەوەیە لە قەڵەم بدریّ کایەکردن بە تەکنیك و تەمهید و فۆرمە تازەکانی رۆمانی مۆدێرنە لە رێگای دابەزاندنیان لە سەر کۆمەڵگایەکی سوننەتی وەك ئەوەی بایز، کەسایەتی سەرەکی « پێدەشتی...» تیا دەژی، و هەر وەتر لە رێگای کەڵك وەرگرتن لە

PDF4Kurd



زەرفییەتە زمانی و فۆڕمیەکانی ژانرێکی سوننەتی وەکی بەیتی کوردی لەم ڕۆمانەدا. بە وتەیەکیتر مەرج نیە ڕۆمانی مۆدێرن تەنیا لە مرۆڤی مۆدێرن وکۆمەڵگای مۆدێرن بدوێ بۆ ئەوەی خەسڵەتی مۆدێڕن بوونی خۆی نەدۆڕێنێ، وەکی چۆن ئەم مەرجە لەم کارەی شێرزاد دا ڕەچاو نەکراوە، بەڵام کەڵك وەرگرتن لە تەکنیك و تەمهید و ئامرازەکانی ڕۆمانی مۆدێرن یەکەمین و دوایین شەرتی مۆدێرنبوونی ڕۆمانە.بێگۆمان ئەم تەکنیك و تەمهید و ئامرازانەش وانیە بڵێین سەرلەبەریان لەوە پێش لە سەر دەستی کۆمەڵێك ڕۆماننووسی مۆدێرنی پێشەنگ خولڨێندراون و بەرهەمهاتوون و ئێستا ئامادە و تەیار لە بەردەستمانن، و ئەرکی ڕۆماننووسی مۆدێرنی ئێمرۆ هەر ئەوەندەیە دەستیان بۆ درێژ بکا، و لە هەمبانەی ئەو دەقە مۆدێرنانەی پێشوو دەریانبهێنێ و بیانخاتە نێو هەمبانەی دەقی خۆی، و بەمجۆرە مۆری مۆدێرنبوون بە نێوچاوانی بەرهەمەکەیەوە بلکێنێ، بەڵکو ئەم تەکنیك و ئامرازانە کۆمەڵێك زەرفییەتی زمانی و فۆرمیین کە دەکرێ چرووپریان بکەیت یان لق و پۆپیان لێبکەیتەوە، پێیان زیاد بکەیت و تێکەڵ بکرێن یاخود لێیان کەم بکەیتەوە و لێکجیا بکرێنەوە. شێرزاد حەسەن لە «پێدەشتی ...» لە ڕێگای پێکهێنانی پێوەندییەکی نێواندەقی لە مابەینی حەیران و ڕۆماندا زەرفییەتێکی فۆرمی دیکەی بە زەرفییەتە فۆرمییەکانی ڕۆمانی کوردی زیاد کردووە، و زەرفییەتە زمانییەکی دیکەی تێکەڵ بە زەرفییەتی زمانی ڕۆمانی کوردی کردووە.[١٦] بەڵام ئەو شتەی ڕێگامان پێدەدا ئەم زیاد و تێکەڵ کردنە بە بابەتێکی ڕەوا بزانین تەنیا بە هۆی ئەو شێوە ڕووبەڕوو بوونەوەوەیە کە شێرزاد لەگەڵ زەمان و تەکنیك و فۆرم و کەرەسە گێڕانەوەییەکانی«پێدەشتی....» دا بوویەتی. بە وتەیەکیتر

PDF4Kurd



شێرزاد بەر لەوەی بیەوێ گۆڕانکارییەك لە فۆرمی ڕۆمانی کوردیدا بەدی بێنێ، ویستوویەتی ڕۆمان ـ بەمانای وردی واژە ـ بنووسێ. بۆیە بێگومان کەڵکەڵەی من لەم نووسینەدا سەلماندنی هەڵکەوتە بوونی«پێدەشتی....» نیە، ئەوەندەی ئەمەوێ بە زمان و تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە باسی هەندێ کایەی زەمانی و فۆرمی بەرهەمێك بکەم کە سەرەتا دەیەوێ ڕۆمان بێ، پاشان ڕۆمانی کوردی بێ و دواجاریش ڕۆمانێکی کوردی مۆدێرن بێ.

( ٣ )

لە سەرەتاوە دەبێ بڵێیم«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» ڕۆمانێکی دەروونشیکارانەیە (Psychological Novel) و وەکوو هەر ڕۆمانێکی دەرونشیکارانەی دیکە سەروکاری لەگەڵ توێژەکانی ئاخاوتنی عەقڵانییە[١٧].» ئەوە لەبەر ئەوەی بزانین ئەم ڕۆمانە بە گشتی جیایە لەو ڕۆمانانەی کە بە ڕۆمانی«شەپۆلی زەین» (Stream of consciousness) ناسراون، و نموونە هەرە بەر چاوەکەی لە ئەدەبی دنیادا ڕۆمانی بەناو بانگی«تووڕەیی و هات و هاوار(The sound and the fury)»ی ویلیام فاکنێرە... لێرەدا زەین بریتیيە لە سەرلەبەری ڕەوتەکانی زەینی کە بە تایبەتی توێژەکانی بەر لە ئاخاوتنیش دەگرێتەوە. قەڵەمڕەوی زەین دەکرێ لە سنووری پێش لە ئاگاییەوە دەسپێبکا و بگاتە توێژەکانی ئاخاوتنی عەقڵانی،[١٨]ئەو توێژانەی، وەك گوتمان، ڕۆمانی دەروونشیکارانە کاریان پێدەکا.بەڵام ڕۆمانی شەپۆلی زەین بەو توێژانەوە خەریك دەبێ کە دەکەونە بەر لە توێژەکانی پێوەندی (ارتباط) و ئاخاوتن (گفتار). بە وتەیەکیتر لە ڕۆمانی دەروونشیکارانەدا هۆش و یادەوەری کەسایەتی دەکەونە گەڕ و حاڵەت و ڕەوتە دەروونییەکان لە ڕێگا

PDF4Kurd



و روانگەی ئەوانەوە دەنوێندرێن، کەچی لە رۆمانی شەپۆلی زەیندا، زەین، بە مانا تایبەتییەکەی خۆی، ئەو توێژانەیە کە ناگەنە ئاستی پێوەندی (جا چ لە قسەکردن دابێ، چ لە نووسین). لە توێژەکانی ئاخاوتندا نەزم و تەکووزی و رێك و پێکی و عەقلّ و ئاوەز ومەنتق لە ئارا دان، کەچی لە توێژەکانی بەر لە ئاخاوتندا ئەم فاکتۆرانە ئامادە نین، و هەر بۆیەش خاوەن تەکووزییەکی مەنتقی و زەمانیی ئەوتۆ نین[١٩]. لە «پێدەشتی ...»دا ئەوەی بە عام پێی لە سەر دادەگیرێ ئاشکرا کردنی ئاگایی دەروونی بایزە، نەك پشکنینی توێژەکانی بەر لە ئاخاوتنی زەینی ئەو، هەر چەند تەنیا لە تاکە دیمەنێکی کورت خایەنی ئەم رۆمانەدا، هەورە تریشقە ئاسا، لە تەکنیکی شەپۆلی زەین کەڵك وەرگیراوە:

...ژنەکەی بەد عەمەلە ئەوەندەی دیکە شێتیان کرد لە سەر شەرەف هەر دوو عەشیرەتەکە یەکدیان براندەوە ژنێك شەو و رۆژ شێت بوونی براکەی کە هێنایانەوە لە دەشتێ مەسلّەتی دەکەن لە پشتەوە خەنجەر دوێنێ نا پێرێ بەستر پێرێ نەماندیتیە سەفەریکردبێتەوە... خزماندە شتێ ئەگەر برۆمنامدۆزێتەوە.... ل ١٦٥

وەکی لەم رستانەدا دەردەکەوێ توێژەکانی بەر لە ئاخاوتن پەیرەوی هیچ چەشنە مەنتق و یاسا و رێسایەکی عەقلانی بۆ بەدەستەوەدانی مانا ومەبەستێکی ئاشکرا و تایبەتی ناکەن، و زیاتر لەوەی روونکەرەوەی ئاگایی و وشیاری دەروونی کەسایەتی بن، پیشاندەری تێکچرژاوی و ئاڵۆزیی ناخودئاگای زەینیەتی کەسایەتین. ئەم جیا کردنەوەیەم بۆیە بە پێویست زانی چونکی سەرلەبەری ئەو تەکنیکانەی کە فۆرمی ئەم رۆمانە، بە تایبەت بابەتی گێڕانەوە (Narration)، لە هەناوی خوێدا هەڵیگرتوون یەکسەر دەبەسترێنەوە بە کار کردن لە سەر ئاگایی و دەروونی بایز. ئەگەر بەشێکی هەرە زۆر وهەرە گرینگی ئەم رۆمانە

PDF4Kurd



خوێندنەوەی زەینی خودئاگا و وشیاری بایزە، بێگومان ئەو زەینییەتە لەو توێژانەوە دەسپێدەکا کە بە توێژەکانی ئاخاوتنی عەقڵانی ناودێر کراون، ئەو توێژانەی هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندین کە توانای پێکهێنانی پێوەندییان هەیە، هەر بۆیە باشتر وایە لە بری دەستەواژەی «خوێندنەوەی زەین» لە خوێندنەوەی «هۆش و یادەوەری» کەڵك وەربگرین کە زیاتر پیشاندەری هەقیقەتی ئەو تەکنیکانەیە کە شێرزاد لەم ڕۆمانەدا کاری پێکردوون.

( ٤ )

بۆ ئەوەی لەگۆشەنیگایەکی تایبەت و ئاشکراوە باس لەو کایانە بکەم کە لەم ڕۆمانەدا بە کات کراون بەپێویستی دەزانم جۆری ئامادە بوونی هەمین لە دەقی«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا تاوتوێ بکەم و کات و زەمانی ئەم ئامادە بوونە روون بکەمەوە. هەمین بە چوار جۆر لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا ئامادەیە:

١ـ لە رابردووی دەق و رابردووی بایزدا:

نموونەی یەکەم:

« بەیانی زوو کە هاتیتە دەرێ، هەمین زوو مەچەکی گرتی و پاڕایەوە.» ل ٣

نموونەی دووهەم:

«... دوێنێ ئێوارەش هەر درەنگ گەڕایەوە، دەرنگیش نووستن...» ل٣٢

نموونەی سێهەم:

«...ئەم بەیانییە وەك زۆر لە بەیانیانی دیکە هەمین لە تاو هاواری تۆ راچڵەکی...» ل ١١٢

٢ـ لە ئێستای دەق و ئێستای ماڵە ئاغادا:

PDF4Kurd



نموونەی یەکەم:«...درەنگی کرد و هەمین هەر بزرە، قەت وا دوانەکەوتووە، تۆ بڵێی ماڵی چەلەبی یان سمایل بەگ میوانیان هەبووبێ...» ل ١١٢

نموونەی دووهەم:

«... هەنووکە وەختی خۆیەتی... ئان و ساتی ئەوەیە هەمین لەماڵە ئاغا و بەگلەران بگەڕێتەوە...» ل

## ٣ـ لە ئێستای دەق و ئێستای زەینی بایزدا:

نموونەی یەکەم:

«...(هەمین وریابە... بانەخلیسکێی ژنێ)

هەمیشە لە بەر خۆتە دەیدوێنی... لەو پەڕی دونیا بێ وەڵامت دەداتەوە...» ل ٥

نموونەی دووهەم:

«... ئەو دەستە بۆر و زبر و شەقار بووانە هیچ ئافرەتێك حەزیان پێ ناکات، کەچی هەمین شەوانە نانوێ گەر ماچیان نەکات....» ل ١٨

## ٤ـ لە داهاتووی دەق و ئێستای زەینی بایزدا:

نموونە:

«... زۆرت بۆ هات،چش لەو قوڕە زیلاقەیە، پێڵاوە لاستیکییەکان دادەکەنیت... لەم دەشتە چۆڵە هەنوکە بایەقووش دیارنیە... گەر بکەویتە ناو قوڕ و لیتاوێك، کەندێك، چاڵێك... کەسێك نایە بە دەنگتەوە، تۆ جێ ئەمێنی و کەرەکەشت بە بارێك ریشۆڵەوە لە هەمینێ وەژوور دەکەوێ، هەمین دڵی دادەخورپێ... لە تەنگە تاوی خۆی گونی کەرەکە رادەکێشێ و هاوار دەکا:

(ئەدی بایز؟)....»

سەرلەبەری ئەم ڕۆمانە ببینەوە یەکەمین ڕاستی کە سەبارەت بە کەسێتی هەمین بە ئاشکرایی خۆی بە دەستەوە دەدا ئامادە نەبوونی هەمینە لە ئێستای دەق و ئێستای بایز خۆیدا.بە وتەیەکی دیکە هەمین بەو چوار جۆرەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن ئامادەیە، کەچی هیچ کات وەك کەسێتییەکی ئێستایی و لە هەمان کاتیشدا واقیعی و نازەینی دەرناکەوێ. کەوایە کەسایەتی هەمین لە نێو کایەکانی کات دا بە چوار جۆر ئامادەیە و بە یەك جۆر غایب. ئەم نیسبەتە چوار بە یەکە لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەك زەقدەبێتەوە کە خوێنەر زۆر زیاتر لەوەی هەست بە غیابی هەمین بکات هەست بە ئامادە بوونی دەکا، بۆیە دەبینین باوەکوو هەمین بە کەسێتییەکـــی نێو زەین و خەون و خەیاڵ و یادەوەری و زیندەخەونەکانی بایز لە قەڵەم دەدرێ، کەچی وەك پاڵەوانێکی سەرەکی لە سەر ڕوودا و کەسێتییەکانی تری ئەم ڕۆمانە شوێن دانەر و کاریگەرە. بە وتەیەکی دیکە ئەو ژیانە خەیاڵی و وەهمی و زەینییەی هەمین لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا دەژیت دواجار لە خوێندنەوەی خوێنەر دا زۆر واقیعی و بەرهەست خۆدەنوێنێ، چونکی هەمین خۆی کەسێتییەکی وەهمی و خەیاڵی نیە تا خەسڵەتێکی فانتازیایی بدا بە «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»، ئەوەندە نەبێ هەمین بە شێوەیەکی خەیاڵی دێتە نێو یادەوەری و خەون و خولیاکانی بایزەوە، و ڕۆماننووس دێت تەنیا ئەو خەون و خولیایانەی بایزمان بۆ دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەیەك کە لە جیاتی ئەوەی غیابی هەمین تەنها بخاتە نێو یەك ڕەهەندی زەمانییەوە، ئەو غیابە بە چوار بەستێنی زەماندا تێدەپەڕێنێ، و بەمجۆرە خۆی لە چوارچێوەی بەر تەسکی گێڕانەوەیەکی یەك هێڵی و یەك کاتی دەرباز دەکا.



PDF4Kurd

PDF4Kurd



**( ٥ )**

گێڕانەوە(رەوایەت) لە «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا چ دەورێك لەو فێڵانەدا دەگێڕێ کە شێرزاد حەسەن لە فۆرمی رۆمانی کوردی کردوونی؟ ئەم رۆمانە بەگشتی دوو بگێڕەوەی (راوی) هەیە: دووهەم کەسی تاك و سێهەم کەسی تاك(یان بگێڕەوەی هەمووشت زان)

**بگێڕەوەی هەمووشتزان + بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك = بگێڕەوەکانی ‹ پێدەشتی... ›**

بێگومان دەنگی بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك زیاترین بارستایی رۆمانەکەی بۆ خۆی تەرخانکردووە، بەڵام بگێڕەوەی هەمووشت زان (دانای کل) تەنها لە چەند گۆشەیەکی گێڕانەوەی ئەم رۆمانەدا خۆ دەردەخا، بۆ نموونە:

«...تاریکی و خامۆشی بەیەکەوە دادەرژان، دەتوت دەستێکی غەیبی ئەو تاریکی وترس و خامۆشی‌یە بۆ نێو دڵ ومالّی دەروێش دێنێ...» ل ٣٤

کەچی هەر رێك دوای ئەم گێڕانەوەیە لە زمان بگێڕەوەی هەموو شت زانەوە، بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك گێڕانەوەی خۆی دەسپێدەکا:

«... بۆ نێو دڵ ومالّی دەروێش دێنێ. ئەوەندە ترسایت کەرەکە ومانگاکەت لێ بوون بە دوو دەعبا، چوویتە ژۆورێ، رێك رووەو دەلاقەیەك ملت نا کە هەمیشە هەمین لامپاکەی لێ دادەنا،...» ل٣٤

بەڵام لە هەندێ شوێن ئەم دوو جۆر گێڕانەوەیە نەك هەر لە پەنا یەك و بە دوای یەك دادێن بەڵکو جاروبار تێکەڵ بەیەك دەکرێن و جەمسەرەکانی هەر تك گێڕانەوە لێکدەئاڵێن، بۆ وێنە:

«... ئان و سات دەستەسرێکی زەردی بۆ راگرتی، لێت وەرگرت و ئارەقەت پێ سرییەوە، دەستە سرِ بۆنی سینگ ومەمکی و مێخەك بەندی هەمینێ یان گرتبوو،

PDF4Kurd



سەرمەست وکاستر بووی، تەواو... بە تەواوی زانیت سەر تۆپی کیژانی گوندی شەیدا و عەودالتە،[تا ئێرە گێڕانەوە ئیبگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك بوو، لێرە بەدوا گێڕانەوەی بگێڕەوەی هەمووشت زان دەسپێدەکا] تەواو.. بە تەواوی ژنان و کچان دەستیان لە هەموو کار و ئیشێك سارد بۆوە، چش لە سووتانی شیو بە مەنجەڵەوە، چش لە برسیەتی منالان و تۆلازان و پیاوان، منالان کەبینیان پیاوەکان سڕ و بێ دەنگ سەر بادەدەن، لە شەرمانا لە سەر چیچکان هەڵترووشکان...»
ل ٨٠ ـ ٨١

یان لەم نموونە ئاشکرایەی خوارەوەدا دەبینین گێڕانەوە سەرەتا لە زمان بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاکەوە دەگێڕدرێتەوە، پاشان دەگۆڕێ و دەبێتە دەنگی بگێڕەوەی هەمووشت زان، و ئینجا دیسان دێتەوە سەر نەزمی پێشوو، واتە گێڕانەوەی دووهەم کەسی تاك دەسپێدەکاتەوە:

بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك: «... تەزوویەکی شیرین بەنێو دەمارەکانتا مێرووڵەی کرد، بە پەلە چاوانت هەڵبڕی، هەمینت بینی لەگەڵ ئەو دەنگ و ناڵینە، لە ئاهی تۆ بە یەکجاری رۆحی بوو بە مەلێکی سپی ئەوین و لە شەققەی باڵیدا،

بگێڕەوەی هەمووشت زان: لە نێو قەفەزەی تەنگی سینەی ورشە ورش باڵی لێك دەدا، خۆی بێ پەڕ و باڵ دەبینیەوە، سۆزی عیشقێکی بێ ئامان دەیخستە سەر کەڵکەڵەی گریان، ئەسپی حەزێك هەڵیگرت، ئەمجارەیان بایز بە تەنیا بۆ هەمینێ حەیرانەکەی دەچڕی.

بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك/ وات هەست کرد جگە لە خۆت و هەمین کەس لەو گوندەدا نەماوە...» ل ٨٣

ئەو پرسیارە گرینگەی لێرەدا دێتەپێش ئەوەیە: بۆچی شێرزاد حەسەن دوو بگێڕەوەی بۆ گێڕانەوەی ئەم رۆمانە دەستەبەر کردووە؟ لە ئارادا بوونی دوو بگێڕەوە چ شوێنێك لە سەر فۆرمی ئەم رۆمانە دادەنێ؟ لە رێگای روونکردنەوەی ژمارەی جۆری بگێڕەوەکانی ئەم رۆمانە و ئەو

PDF4Kurd



پرسیارەوە خۆمان بە ژووری باسێکی گرینگدا دەکەین کە ئەگەر بەتیشکی هەندێ سەرنج و تێبینی روونی نەکەینەوە لەوانەیە لە تاریکایی نەزانینی ئەم ژوورەدا بە زۆر جوانکاری و وردەکاری فۆرمیی«پێدەشتی...» پەی نەبەین.

وێدەچێ بگێـــڕەوەی دووهەم کەسی تاك لەو شوێنانە دەکەوێتە قسەکردن کە مەبەست خوێندنەوەی یادەوەری و زەین و خەون و خەیاڵەکانی بایز، یان لانیکەم روونکردنەوەی بارودۆخی دەروونی یان هەل و مەرجی دەرەکی بایز خۆی بێ، وەکی چۆن لەو شوێنەوە( لاپەڕەی ٦٣) کە بایز دەیەوێ حەیران بۆ ژنانی گوندی بچڕێ وردە وردە گێڕانەوەی رۆمانەکەش بۆن و بەرامەی گێڕانەوەیەکی حەیراناوی دەدات. ئەو فێڵەی شێرزاد حەسەن لە چەندین رێگاوە و یەك لەوان خوڵقاندنی کەسایەتییەکی لە جۆری بایز ـ کە دیارە حەیرانبێژێکی دەنگخۆشە ـ لە فۆرمی رۆمانی کوردی دەکا، لێرەدا خۆ دەنوێنێ. شێرزاد حەسەن بەم شێوەیە رێگای ئەوە بە خۆی دەدا لە زەرفییەت و دەرەتانە زمانی و مانایی و فۆرمییەکانی دەقی حەیران بە قازانجی رۆمانەکەی کەڵك وەربگرێ، و بەمجۆرە پردی پێوەندییەکی پتەوی نێوان دەقی لە مابەینی دەقێکی فۆلکلۆریکی لە جۆری حەیران و ژانرێکی مۆدێرنی وەك رۆمان هەڵبەستێ، و لەسەر دەستی ئەم فێڵە، گێڕانەوەیەکی نوێ بخاتە سەر زمانی بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك کە لە راستیدا رێگای ئەوەی پێبدرێ حەیران بکا بە گێڕانەوەی خۆی.«گێڕانەوەی حەیران» یاخود « بە گێڕانەوە کردنی حەیران» ئەو فێڵەیە کە دەکرێ وەك دەرەتانێکی نوێی فۆرمی لەم رۆمانەدا چاوی لێبکەین. ئەو فێڵەش شتێك نیە رۆمانەکە خۆی لێمانبشارێتەوە:

PDF4Kurd



«... هەنووکەش زۆر شەوان فێڵی لێ دەکەی... بەندێك دەست پێ دەکەی، لە ناکاو دەیبڕی و دەچیتەوە سەر ئەو بەندەی کە بە(هەمین) دا هەڵبلێی، هەر جارە و بە رۆح وسەدایەکی دیکەوە دەیچڕی...» ل ٧٦

بەڵام بگێڕەوەی هەمووشت زان، وەك بە خوێندنەوەی وردی رۆمانەکە دا دەردەکەوێ، زیاتر بۆ خوێندنەوەی زەینییەت یان بە گشتی جیهانی دەروونی هەمین بەکار دەبرێ، هەر چەند لە زۆر جێش بۆ وەسفی دنیای دەرەوە بە گشتی لەکار دەکرێ. دیارە بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك تەنیا دەستی بە دنیای ناخی بایز رادەگا، بۆیە لەو شوێنانەی باسی هەست و بارودۆخی دەروونی هەمین دەکرێ بە بێ ئەوەی راستەوخۆ لامان ئاشکرا بکرێ بگێڕەوەی هەمووشت زان قسەمان بۆ دەکا:

بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك: «.. بۆیە لە ترسانا هەموو دەمەو ئێوارەیەك بەرلەوەی کەرەکەت لە خۆشی گەیشتنەوە بە ماڵێ ..بە خۆشیئالیك و ئاخوڕ بزەڕێ، هەمین دەهاتە دەرێ، دەرگا و باوەشی گەرمی بۆ دەکردیتەوە،

بگێڕەوەی هەموو شت زان: وەی لەو پێشوازیە پڕ لە شەرم و شکۆیە، هەمیشە گوێی هەڵدەخست، ئەگەر قاژە قاژی ریشۆڵەکانی ببیستایە،با لەو پەڕی گەڕەکیش بوایە، خەندەیەکی شیرین و ماندوو دەنیشتە سەر لێوانی، ئەگەر دەروێش سواری کەرەکەی بوایە، دەلیل بوو کە هیلاك و دڵسارد و ماندوو هیچی راو نەکردوە،

بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك: ئەگەر سەد رۆژان بە کۆڵی بە تاڵەوە بهاتبایەتەوە خۆت مۆن و گرژ نەدەکرد، لەبەر دڵی هەمینێ بە سەر خۆت نەدەهێنا، نەرمە نەرمە لە ژێر لێوەوە حەیرانت دەچڕی،...» ل ٩٣

دیارە ئەگەر لە خۆمان بپرسین بۆچی لەم رۆمانەدا دەنگی بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك بە سەر دەنگی بگێڕەوەی هەمووشت زاندا زاڵە، لە وەڵامدا بۆمان هەیە بڵێین چونکی ئەم رۆمانە هەوڵێکە بۆ

PDF4Kurd



هەڵکۆڵینی خەون و خەیاڵەکانی بایز، و ئەوەی راستیش بێ خوێندنەوەی دنیای دەروونی هەمین خۆی لە نێو خەیاڵەکانی بایزەوە سەر چاوە دەگرێ، بۆیە گێڕانەوەی سێهەم کەسی تاك خوی پاژێکە لە گێڕانەوەی دووهەم کەسی تاك، کە ئەم بۆچوونە بە زمانی خشتە دەبێتە:

بازنەی گێڕانەوە




لێرەدا ئەمەوێ پرسیارێکی سەرەکی‌تر و گرینگتر بێنمە گۆڕێ و بپرسم هۆی چیە زمانی گێڕانەوەی ئەم رۆمانە زمانێکی حەیراناوییە، و بە زیاترین رێژە کەڵکی لەو خەسڵەتانە وەرگرتووە کە زمانی دەقی حەیرانێك پێکدەهێنن و پرووپاراوی دەکەن؟ بە وتەیەکی دیکە بۆچی لەم رۆمانەدا زمان بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك پڕە لەو واژە و زاراوە و دەستەواژە و وەسف و دەربڕینانەی کە زۆرتر دەکرێ تەنیا لە دەقی حەیراندا بیاندۆزینەوە؟ ئایا ئەم تەمهیدە وای لەم رۆمانە نەکردووە لە رۆمانییەتی دابڕدرێ و بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ دەقی حەیران رێگا بگرێتە بەر؟ باشە ئەگەر بایز خۆی کەسێتییەکی حەیرانبێژە و تەنانەت ئەگەر خوێندنەوەی توێژەکانی عەقڵانیشی خوێندنەوەی کۆمەڵێك رستەی حەیراناوی بێ، بۆچی

PDF4Kurd



دەبێ لەو جێگایانەی کە هەمین بانگی بایز دەکا و بە دوایدا دەگەڕێ زمانەکە دیسان حەیراناوی بێ؟! بۆ نموونە:

«...هەمین بە پێ خاوسی بە نێو درك و دالّی بێستانەکە رادەکا، بە هەموو لایەکدا غار دەدا، هۆ بایز... هۆ بایز... کورە دەتوو لەکێندەری؟ دە دەنگ هەڵبڕە... خوداوەندی میری مەزن، ئەتوو بایزۆکی لە من مەستینە، کە ئەتووم لێ بزر بی مردن خۆشترە لەوێ ژیانێ، باز لە هیچ کوێ ناحەسێتەوە ناچێتەوە سەر هێلانێ، ئەمن ئەورۆ بە تەمات بووم، سنگی خۆمت لە بۆ بەسێ بەنگی بکەم، شۆخیان بدەم ئەو قەرە زولفانەی وا لە خەنێ نا، سینەی من لۆ توو دەیکەمەوە بە دەفتەر خانێ، چاوانیشم بە ساقی وەختی شەراب گێڕانێ، نا. دەبا سینەی من بە پەنیری توو بی، وەختێ پارو لێدانێ، بەڵکو بحەسێتەوە لە ئیشی گرانی ئەم دەشت و چۆڵەوانی و بەڕیانێ...» ل١٠٨ ـ ١٠٩

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە کە لە راستیدا هەموو هەر یەك پرسیارن دەکرێ ئاماژە بەو خاڵە بکەینەوە کە لە بەشی (٣) ی ئەم وتارەدا بە توندی پێمان لە سەرداگرت. لەوێدا گوتمان رۆمانی«پێدەشتی...»رۆمانێکی دەروونشیکارانەیە و بێگومان زۆربەی خەون و خەیاڵ و خولیا و زیندەخەونەکانی بایز و خوێندنەوەی توێژەکانی ئاخاوتنی عەقڵانی بایزە. دەیجا لە سۆنگەی ئەوەی بایز خۆی پیاوێکی حەیرانبێژ و لە هەمان کاتیشدا ئاشقە ـ هەم ئاشقی حەیران هەمیش ئاشقی هەمین ـ راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە خۆیا کردن و نواندنی ئەم جۆرە ئاخاوتنانە بەم شێوە و لە فۆرمی دەقدا هەر ئەو زمانەی لێبکەوێتەوە کە بە زمانی حەیراناوی ناودێرمان کرد، ئەوە لە حاڵێکدایە کە گێڕانەوەی بگێڕەوەی هەمووشت زان پێویست ناکا لە چوارچێوەی ئەم جۆرە زمانە تایبەتە دابێ، کە هەر لەم رۆمانەش بە راستی ناچێتە چوارچێوەی زمانێکی حەیراناوی لەم دەستە. بە تایبەت لەو رووەوە

PDF4Kurd



کە گوتمان ئەم بگێڕەوە هەمووشت زانە زیاتر بۆ گێڕانەوەی دنیای دەروونی هەمین و هەروەتر جیهانی دەرەوە بەگشتی، دەستەبەر کراوە. لێرەدا دیسان ئەگەرێینەوە سەر پرسیارەکەی پێشوومان: دەی کەوایە بۆ چی هەمین، وەکی ئەو نموونەیەی هێنامانەوە، بەو زمانە حەیراناوییە بانگی بایز دەکا؟! بێگومان لێرەدا تەنیا پەی بردن بەو فێڵانەی کە شێرزاد حەسەن لە فۆرمی ئەم رۆمانە کردوونی، یان پێزانین بەو فێڵانەی کە لە فۆرمی ئەم رۆمانەدا هەن یارمەتی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەدەنەوە. ئەم نموونەیە و دەیان نموونەی دیکە، کە هەمین تێیدا بە دوای بایزدا ئەگەرێ و قاوی دەکا شتێك نیە کە لە زەین و خەیاڵی هەمین خۆی دا تێپەڕیبێ، یا خود شتێك نیە کە راستەوخۆ لە زمان هەمینەوە گوترابێت تاکوو ئەم بەشە بە خوێندنەوەی زەین و خەیاڵی هەمین یا خود گێڕانەوەی راستەوخۆی قسەکانی هەمین لە قەڵەم بدەین، بەڵکو رێك بە پێچەوانە ئەم بەشە کەرتێك لە خەون یان خەیاڵی بایز خۆیەتی کە پێی وایە ونبووە و هەمین دێت بە دوای دا دەگەڕێ و بەم شێوەیە هەرای لێدەکا، کەواتە ئەم قسانەی هەمین نەك بە خەیاڵی خۆیدا،بەڵکو بە خەیاڵی بایزی حەیرانبێژدا دەگوزەرێ، دیارە بە پێی ئەو روونکردنەوانەی پێشوومان لێرەدا و بەم شێوەیە کەڵك وەرگرتن لە توانا و ئیمکاناتی زمانی حەیران بۆ بگێڕەوەکەی، لە چوارچێوەی بوتیقای داستانیدا، بابەتێکی رێگاپێدراو و رەوایە، کەچی هەمین لە هەر شوێنێکی ئەم رۆمانەدا کە لە دەرەوەی خەیاڵی بایز دایە، کە قسەی خوی دەکا بەم شێوەیە و بەم زمانە نادوێ. کەوایە هەمین لەم رۆمانەدا دوو جۆر ئاخاوتنی هەیە: ئاخاوتنی هەمین لە جیهانی واقیعدا، ئاخاوتنی هەمین لە جیهانی خەیاڵی بایزدا. لێرەدا

PDF4Kurd



سەرنجی خوێنەر بۆ نموونەیەك لە ئاخاوتنی هەمین لە جیهانی واقیع رادەکێشم و هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی لەگەڵ نموونەکەی پێشوو کە نموونەیەك بوو لە ئاخاوتنی هەمین لە جیهانی خەیاڵی بایزدا دەهێڵمەوە بۆ خۆی:

«... چەندە دڵی خۆش دەبێ کە تەڵەکە مشکێکی دیکەی گرتووە، دەیبا و لە سەر گووفەکەکە فڕێی دەدا، دەیکا بە هەرا و گەڕەك لە خوی کۆ دەکاتەوە، ئەم دەڵێ:

/ئەم حەیوانە لەعنەتیانە یان لە زەوی هەڵدەتۆقێن یان هەر شەوە بێچوویەك فڕێ دەدەن، ئەوەندەی بە ماڵە فەقیران فێرن، ئەوەندە توخنی خواپێداوەکان ناکەون، ئەوان هەموو شتەکیان تەقەتە و هی مەش وا لەو گۆڕەیە../...» ل ٣٩

**( ٦ )**

شێرزاد حەسەن بۆ پێچەڵپێچکردن و ناهێڵی کردنی فۆرمی رۆمانی «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» لە چ تەمهید و تەکنیکگەلێك کەڵکی وەرگرتووە؟ ئەم تەمهید و تەکنیکانە چۆن چۆنی و بە چ شێوەیەك لە نێو تان و پۆی گێڕانەوەی ئەم رۆمانەدا چێندراون؟ بەزمانێکی دیکە شێرزاد حەسەن بۆ پێکهێنانی واقیعی دەقی رۆمانەکەی خۆی لە کام کەرەسە و ئامرازی تەکنیکی گێڕانەوەیی کەڵکی وەرگرتوە تا دواجار واقیعی ئەو دەقە جیاواز بێ لەگەڵ واقیعەکانی دەرەوەی دەقی«پێدەشتی ..»؟ بێگومان واقیعی رۆمان ئەو واقیعە نیە کە ئێمە لە جیهاتی ماددە و ماکدا هەستی پێدەکەین و لەگەڵی دەژین، هەر بۆیە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە ماکییە و کردنی بە واقیعێکی دەقی، رۆماننووس دەشێ لەسەر دەستی وشە و لە رێگای کۆمەڵێك تەمهید و تەکنیکەوە توانایی خۆی بۆ خوڵقاندنی واقیعێکی دەقی کە پێی دەڵێن رۆمان بخاتە گەڕەوە کە بێشك رێژە و رادەی ئەم

PDF4Kurd



توانایيە پێوانە و کێشانەیەکی شیاوە بۆ دەستنیشانکردنی رێژە و رادەی ئەدەبییەتی رۆمانەکەی خۆی. هەر بۆیە لەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێ لەو تەکنیکە گێڕانەوەییانە بکرێ کە شێرزاد حەسەن لە دوو توێی خودئاگا و ناخودئاگا یاخود هەست و نەستی رۆمانەکەیدا هەوڵی داوە ئاوێتەی فۆرم و ناوەڕۆکی «پێدەشتی...» بکا. ئاشکراشە هەر کام لەم تەمهیدە گێرانەوەیی و رەوایەتییانە دواجار بە پێی ئەو پێداویستی و زەروورەتانەوە هاتوونەتە ئاراوە کە خولْقاندنی کەسێتییەکی وەك بایز و شێوەی رووبەروو بوونەوەی بایز لەگەڵ کێشەی ونبوونی هەمین دەیخوازێ. بۆیە بێشك ئەگەر هەرکام یان سەرلەبەری ئەم تەکنیکانە لە رۆمانەکە دەرهاوێژرێ، یان جێگای خۆیان بۆ کۆمەلێك تەکنیکی گێڕانەوەیی دیکە چۆل بکەن کە لەگەڵ بارودۆخ و شوێنکەوتی رۆمانەکە یەکنەگرنەوە، ئەوە ئەم رۆمانە ئەدەبییەت و تایبەتمەندی داهێنەرانەی خۆی و دواجار گەوەرترین سەرمایەی رۆمان کە واقیع و جیهانی دەقیی تایبەت بە خۆی بێ، دەدۆڕێنێ. لێرەدا هەوڵ دەدەین سووکە لەنگەرێك لە سەر هەندێ لەم کەرەسەو تەکنیکە گێڕانەوەییانە بگرین:

١ـ خەون یان زیندەخەون:

پانتاییەکی زۆر لەم رۆمانە لە رێگای خەون و زیندەخەونەکانی بایزەوە دەگێڕدرێتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٩١ دا بایز دەیەوێ رابکشێ و سەر خەوێك بشکێنێ:

«... کۆنە لێفەکەت لە سەر ئەستێرکەکە راکێشا بەو نیازەی لە سەر کەچەلبادەکە رابکشێیت و بە خۆتی دا بدەی، چاوڕێی هەمین نەبویتایە پشووە خەوێك هەر ئاوا لە سەر لبادەکە پاش ئەو هیلاکیيە گەلەك خۆش دەبوو ..» ل ٩١

PDF4Kurd



ئەم سەرخەو شکاندنە دەبێتە خەوتن و خەون دیتنێك کە تا لاپەڕەی ١٠٣ دەخایەنێ و درێژەی دەبێ:

«... کەچی تۆ لێرە لە خەو رادەبی و شایەتومانێکی بە هەق دێنی، سەیری دەور و بەری خۆت دەکەی دونیا زۆر کپ و خامۆشترە، (تۆ بلێی بۆرژابم؟ چەند دەبێ نوستیمە؟ ئەو خەوە ناخۆشە چی بوو؟ خودایە بە خێری بگێڕی، ئەوە مۆتەکە بوو یان زیندەخەو؟)...»

ئەمەوێ بە هێنانە ئارای دوو پرسیاری بە رواڵەت ساکار، لە سەر دەوری خەون و زیندەخەون، لەم رۆمانە بدوێم. گێڕانەوەی«پێدەشتی...» بۆچی خۆی بە ناو رەهەندەکانی خەونی بایزدا دەکات؟ خەونی بایز چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەك دەدا بە گێڕانەوە و چ کاریگەرێتییەکی بە سەر فۆرمی ئەو رۆمانەوە دەبێ؟ بە بڕوای من سەرەکی‌ترین هۆی ئەو هەقیقەتەی کە گێڕانەوەی ئەم رۆمانە زیاتر لە دەلاقەی دنیای خەون و زیندەخەونەکانی بایزەوە دەگێڕدرێتەوە کێشەی تەم ومژاوی ونبوونی هەمینە لە بایز(هەرچەند ناشتوانم نەڵێم کێشەی تەم و مژاوی ونبوونی بایزە لە هەمین) ئەم ونبوونە وەها لە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو و دواجار تراژیکە بۆ بایز کە ناکرێ هەقیقەتی ئەم ونبوونە تەنیا لە رێگای زمانی هەست و زەینی وشیار و بە ئاگای بایزەوە بگێڕدرێتەوە، بۆیە دەبینین نەك هەر ئەم کەرەسە گێڕانەوەییە بەڵکو ـ وەك دواتر دەیبینین ـ کەرەسەکانی تریش زیاتر لە بازنەی ئەم کێشە تەم ومژاوییەدا دەخولێنەوە. بێ شك گێڕانەوەی «پێدەشتی...» لە رێگای خەون و زیندەخەونەکانی بایزەوە تەنیا رەهەندێك نیە کە رۆماننووس بەرەو رابردووی ژیانی بایز لێیدەدا، و لەم رێگایەوە خوێنەر بە شێوەیەکی سروشتی و لەهەمان کاتیشدا بە دیدێکی دەروونشیکارانەوە لە پاژێك لە پاژەکانی ژیانی بایز ئاگادار دەکاتەوە،

PDF4Kurd



بەڵکو زۆر جار ئەم خەونە، بە هۆی خەسڵەتی خەون بوونی، ڕێگای جیهانی نادیار و نەهاتووی ئایندەش دەگرێتە بەر و پانتایی ئەگەر و ئیمکانەکانی دنیای بوون بەر فراوان تر دەکاتەوە:

«...چەندین جار تۆ و هەمین خەونتان بەوەوە دەدی سواری ئەو شەمەندەفەرە بن و تا ئەبەد دانەبەزن، بڕوات ...بڕوات .. دوور... دوور ... دەشت و دەر و. کێو و دەربەند ببڕێ و لە مەملەکەتێکدا داتانبگرێ کەس بەو چیرۆکەتان نەزانێ...» ل ١٥٢

بەمجۆرە دەبینین خەون و زیندەخەونەکانی بایز بەردەوام گێڕانەوە لە رابردووەوە دەگوازنەوە بۆ داهاتوو و لە داهاتووەوە دەیگەڕێننەوە بۆ رابردوو. بەوتەیەکی تر گێڕانەوە لە سەر هێڵی مەنتقیی زەمان دەترازێ و شێوەیەکی ناهێڵی بە خۆوە دەگرێ، و دواجار ڕێگا بە خوێنەر دەدا لە کایە بە کاتەکانی ئەم رۆمانەدا بەشدار بێت.

٢ـ خەیاڵ و فانتازیا:

لەم رۆمانەدا کێشەی خەیاڵ و واقیع چۆن دەکەوێتەوە؟ ئایا ئەو جیهانەی شێرزاد حەسەن لە ڕێگای خەیاڵەکانی بایزەوە وێنای دەکا جادەیەك نیە بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی کیشوەری واقیع؟! یان بە پێچەوانە، ئەو واقیعانەی شێرزاد حەسەن لە ژیانی بایز بۆمانی زەقدەکاتەوە خۆیان بەشێك نین لە سەرلەبەری ئەو خەیاڵانەی بایز دەیکا؟! باشە لەم رۆمانەدا ونبوونی هەمین واقیعێکە و لە بایز دەبێتە خەیاڵ، یاخود خەیاڵێکە و بەراست دەگەڕێ و دەبێتە واقیع؟! جەمسەرەکانی دوو جیهانی خەیاڵ و واقیع لە کوێدا لێکجیا دەبنەوە و لە کام شوێن تێکەڵ دەبن و لە چ جێگایەك ئاوێتە دەبن و یەکدەگرنەوە؟ ئایا خوێنەر بۆی هەیە بەم قەناعەتە بگا و بڵێ هەر لە سەرەتاوە هەمینێك لە گۆڕێدا نەبووە، و هەمین خەون و وەهمی زەینی ئاشقێکی دۆڕاوە؟! یان

PDF4Kurd



نا، هەمینێك هەبووە و ئەو ئێوارەیە نەگەڕاوەتەوە بۆ لای بایز و ئیتر لەوێوە بایز شوێن پێی دوا ڕۆژانی ئەم ونبوونەی لە خەیاڵی دا هەڵگرتووە، و دواجار بە هۆی نەدۆزینەوەی هەمین دیسان لە خەیاڵی خۆی دا شێت دەبێ؟! بۆچی لە هیچ شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا ڕێگای ئەوەمان پێنادرێ بە ڕاشکاوی و بە بۆچوونێکی یەکجارەکی و قەتعی حوکم لە سەر واقیع یان خەیاڵی بوونی ونبوونی هەمین و شێت بوونی بایز بدەین؟ ئەوەی ڕاستی بێ شێرزاد حەسەن لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەی فانتازیا و خەیاڵ بۆ گێڕانەوەی بەشێکی زۆر لە بەسەرهاتەکانی جیهانی دەروون و دەرەوەی بایز، کەسێتی بایز دەخولقێنێ. بێگومان بوونی بایز لەم ڕۆمانەدا دەبەسترێتەوە بە بوونی خەیاڵە لە بن نەهاتووەکانیەوە. لە کەمتر ڕۆمانێکی کوردیدا کەسێتییەکی وەکی بایز خولقاوە کە کەمترین ئامادە بوونی فیزیکی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا واقیعیترین کەسێتییەکی کوردی بنوێنێ. ئامادە بوونی بایز لە «پێدەشتی...»دا لە ڕێگای خەون و خەیاڵ و بە فانتازیا کردنی ڕووداوەکانی ژیانییەوە مەیسەر دەبێت، کەچی لە هەمان کاتیشدا هەست بەوە ناکرێ بایز لە واقیعی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی دەور و بەری و تەنانەت لە واقیعی وجوودی خۆی داماڵدرا بێ. بۆ نموونە لەمۆنۆلۆگێکدا کە بایز باس لە ئەرك و زەحمەتی کار و پیشەی ژیانی دەکات لە ناکاو ڕەهەندێك بەرەو خەیاڵی خۆی لێدەدا و بەرهەستترین واقیعی ژیانی خۆی و چینی خۆیمان بۆ وێنا دەکا:

«... لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دڕك و داڵ و گیا کەڵە لەو خاکە بژار دەکەم، نەبا لە ڕەگ و بڕکە گندۆرەکانم بخۆن، نەبا سیس و بێ تام و بۆ بن، چەلەبی ئاگای لەوە نیە لە ڕۆژێکدا چەند مار و دووپشك دەکوژم، [لێرەوە خەیاڵ دەسپێدەکا] هێی دەرویش هەر ڕۆژێکە و مارێك بە دەستتەوە دەدا و هەر لەجێوە بێ ئەوەی کەسێك

PDF4Kurd



ئاگای لێ بێ دەپەنمێی، ئەمریت، گندۆرەیەك دەبێ بەسەرینت، لەو دەشتە چۆڵە ڕادەکشێی، گەلا و پنچك دەبن بە ڕایەخت، شەو دادێ و ناگەڕێیتەوە، هەمین بە هەڵە داوان پیاوانی گەڕەك کۆدەکاتەوە، هەر یەکەو دەست دەداتە چرایەك و هەمین لە پێشەوە، دڵی ختووره دەکا دەگری...» ل ١٠٧ـ ١٠٨

کەواتە ئەو خەیاڵانە ئەوەندەی خەیاڵن لە زەینی بایز، ئەوەندەش واقیعن لە دەرەوەی ئەو زەینەدا. بە وتەیەکی دیکە خەیاڵەکانی بایز ڕیشەیان لە نێو واقیعەکانی ژیانی بایزدا کوتاوە. کەوایە شێرزاد حەسەن هەوڵی داوە بایز نەك هەر لە ڕێگای کردەوەکانی ـ کە بێگومان بە شێکی بچووکن لە جیهانی بێ سنووری شوناسی مرۆڤــ ـ بەڵکو لە ڕیگای خەیاڵ و خولیاکانیشیەوە بخولقێنێ. لێرەدا ئەمەوێ بڵێم ئەگەر بایز وەك کەس لەجیهانی واقیعدا مرۆڤێکی سوننەتیە و لە کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسك سوننەتی دەژی، بەڵام وەك کەسێتی لە جیهانی دەقی ئەم ڕۆمانەدا کەسێتییەکە بە شێوەیەکی مۆدێرن ئەفرێندراوە. ئەو پێناسەیەی جیهانی بەر لە مۆدێرن بۆ مرۆڤی دەکا لە سەر تایبەتمەندی و خەسڵەتە دیار و ئاشکراکان پێدادەگرێ، کەچی جیهانی مۆدێرن لە سەر ڕوونکردنەوەی سیفەتە دەروونی و نائاشکراکانی مرۆڤــ جەخت دەکا. ئەگەر لەم ڕۆمانەدا بەردەوام دەلاقەی دووربینی بگێڕەوە بەرەو خەیاڵەکانی بایز دەکرێتەوە لەسۆنگەی ئەو هەقیقەتەوەیە کە زەینییەتی شێرزاد حەسەن بۆ خولقاندنی ڕۆمان زەینییەتێکی مۆدێرنە، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی وەك«پێدەشتی کارمامزە کۆژراوەکان» بێ کە وەك گوتمان خاوەن کەسایەتییەکە بەناوی بایز کە بە مانای ڕاستی وشە مرۆڤێکە سوننەتی.ئالێرەدایە کە شێرزاد حەسەن دێت و فێڵ لە فۆرمی تەواوی ئەو ڕۆمانە کوردییانە دەکا کە بە بیانووی ئەوەی باس لە جیهان و ئینسانێکی

PDF4Kurd



سوننەتی دەکەن هیچ کات، لە سەر دەستی کۆمەڵێك تەکنیك و تەمهیدی نویێ، سەریان بە ناخ و دنیای دەروونی کەسێتییەکانیاندا شۆڕناکەنەوە و لەسەر رەسەنایەتی کردەوەی کەسایەتییەکانیاندا پێدادەگرن،وەك ئەوەی بلێی ئینسانی بەر لە قۆناغی مۆدێرنیتە خاوەن هیچ خەون و خولیا و خەیاڵێك نەبووە و نیە.

لە نموونەیەکی دیکەدا کە خەیاڵ و واقیع بەردەوام پاڵەپەستۆیانە و جێگا بە یەکتری چۆڵ دەکەن، خوێنەر دەتوانێ لە هەمان کاتدا کە هەست بە ئازاری ئەو زەین و یادەوەرییە بکات کە ئەم خەیاڵانەی پێدا تێپەڕ دەبێ، بەو هەقیقەتەش بزانێ ئەو مرۆڤەی کە لە ژیانی واقیعیی خۆیدا ئازادی و ئیمکان و توانایی تەجرەبەکردنی خۆشی و بەختەوەری نەبێ ناچار پەنا دەباتە بەر جیهانی دەرەوەی واقیع و لەوێ بە دوای ئایدیال و ئامانجەکانیدا دەگەڕێ، میلان کۆندێرا گوتەنی:« لە کۆمەڵگایەکدا کەئازادی نەبێ، عیشق دەرفەتێکە بۆ تەجرەبە کردنی ئازادی». بایز ئەگەر لێرە بە پەیژەی خەیاڵدا هەڵدەزنێ، یان لە باوەشی هەمیندا نوقم دەبێ لە بەر ئەوەیە کە بەدوای دۆزینەوەی دەرفەتی تەجرەبە کردنی ئەو ئازادییەدا ئەگەڕێ کە راوچیانی پێدەشت لێیان زەوت کردووە:

«... پیاوەکانی بابەشێخ، جار و بار، لە ژنەکان و کچەکانیان دەخوڕیەوە کە بچنەوە نێو حـــــــــەوشەکان چونکێ نەزەریان حەرامە، دەروێشەکان دەیانقریشکاند، لە قەهری شتێکی دیکە هاواریان ئاسمانی پڕ دەکرد، نەك بەتەنها لە ترسی خودا، لە ترسی شتێکی زۆر نادیار و پەنهان، بۆنی نێرینە لە هەڵاوی هەناسە و ئارەقەی بن باڵیان دەهات، تاو تاوێ خامۆش و پاشان قیژە و قریشکەی لە ناکاو، وەك قریشکەی درەختێك کە لە ناو قەدەوە تەور داسێك لەتی بکات، سێبەرەکان تێکەڵ دەبوون و پاشان پەرت دەبوونەوە، دەچوویتە ناوەڕاست و شوورەیان بە دەوردا دەکردی، وا تیژ

PDF4Kurd



و خێرا خولت دەخوارد کە تەماشاکەرانی سەرتاق و دێوار و سەربانەکان، بە ژن و پیاوەوە، بە پیر و منداڵەوە، دەترسان لەوەی لەگەڵ گەردەلوولەکەدا بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵفڕیت و نەیەیتەوە، دەنێو هەورەکاندا، لە ژێر شینایی ئاسماندا خۆت بشاریتەوە، ببیت بە ئەستێرە و شەوانە بە دزییەوە بێیتەوە سەربانی کەلاوەکەی خۆتان، ببیتەوە بە ئادەمی... بە پیاو... بە دەروێش بایز ... بچیتەوە باخەڵی هەمینێ، تێر لە سەر سینەی ماندووی بخەویت، تاریکی ئاسمانان لە خۆت داتەکێنی، ئەوساکە کە تێرت دەخوارد لە بۆنی سینە ومەمکانی، کە پڕ بە سییەکانت خۆڵ و تۆزی سەر ئەگریجە و بسکەکانیت هەڵدەمژی، ئەوسا لە ترسی برسیەتی و چەلەبی و ئاغاکان و براکانی هەمین دەبوویتەوە بە ئەستێرە، تا شەوێکی دیکە و ژوانێکی دیکە، گەر ببیت بە ئەستێرەش کەس ناتکوژێ، کەس دەستی ناتگاتێ، هەمین تاوەکوو بەرە بەیان لە جریوە جریوت رائەمێنێ، تا بەرە بەیان پڕشنگی کزو کەمت دەڕژێتە سەر ئەو کەلاوەی هەمین بە تەنیا تیا خەوتووە، ناو حەوشە ڕووناك دەکەیتەوە، تروسکەت دزە دەکات و دەگاتە بنەبانی کۆلیتی مریشکەکان، دزە دەکا تا ناو دڵی هەمینێ، وای لە تۆ ئەو وەختەی بە دڵ دەفەکە لێ دەدەیت و خۆت هەڵدەدەی، بە دەوری خۆتدا خول دەخوێت و ...»      ل ١١٧ ـ ١١٨

٣ـ دەنگی غەیب:

یەکێکیتر لەو ڕێگایانەی رابردووی ژیانی بایز دێتە نێو ئێستای دەق و بۆشایی غیابی هەنووکەی هەمینی پێ پڕ دەبێتەوە هەستکردنی بایز بەبیستنی دەنگێکی غەیبییە. بگێڕەوە(راوی) لەو مەودا و ماوە دەقییە دوور و درێژەی (لە لاپەڕەی ٢٧ ـ وە تا لاپەڕەی ١٢٨) کە بایز دوای گەڕانەوەی لە راو، لە ماڵەکەی خۆی چاوەڕێی هاتنەوەی هەمین دەکات جار و بار لە ڕێگای ئەو دەنگە غەیبییەوە کە بایز دەیبیستێ هەندێ لە دیالۆگەکانی نێوان بایز و هەمین دەگێڕێتەوە. لێرەدا ئەو دەنگەی لە غەیبەوە دێ دەنگێك نیە کە ئی بوونـــــــەوەرێکی غەیبیش بێ، بەڵکو

PDF4Kurd



ئەو حاڵەتە تەنیا بۆ نیشاندانی ئەو ساتەوەختە پڕ لە دڵەراوکە و ترس و خۆف و گومانانەیە کە بایز تێیدا، بە دەم چاوەڕوانی هەمینەوە دەتلێتەوە.بێ شك کەسێتییەکی وەك بایز بە درێژایی ئەم ساتە پڕ لە سام و دڵە خورپانە ناتوانێ وەك مرۆڤێکی ئاسایی بیربکاتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی مەنتقی بۆ کێشەی ونبوونی هەمین بدات، بۆیە یان خەون و زیندە خەون دەبینێ، یان دەکەوێتە خەیاڵ کردن، یان ئەوەتا گوێی دەزرینگێتەوە و دەنگێ لە غەیبەوە دەبیستێ:

«... بە حەسرەتەوە وەك بڵێی هەمین ماچ بکەیت لێوت لە سیغارەکە نزیك خستەوە، دەنێو پەنجە بۆر و چڵکنەکانتەوە یاریت پێ دەکرد، وەك ئەوەی یاری بەقامکی هەمین بکەی، دەنگێ لە غەیبەوە .. کە دەنگی هەمین بوو هاتە بەر گوێت: ئاگات لە خۆت بێ و ئەوەندە لەو تووتنە پیسە مەکێشە، ئاخر سیپەلاکت دەڕزێتەوە، خۆت هەناسە بڕکێتەو سەرمای ئەو دەشتەش لەوێ بوەستێ، لە چی بترسێم؟ لە مەرگ... چمان مردن لەم ژیانە خۆشترنیە؟ هەمین بەو قسانەت شێت دەبوو، بەیانیان بەو سوعبەتە قورسانەت جارێ تووڕەت دەکرد و، پاشان بەر لە رۆیشتن بە قسەیەك ئاشتت دەکرئەوە...» ل ١٠٤

کەوایە لەم دیمەنەدا شێرزاد حەسەن لە رێگای کەڵك وەرگرتن لە تەمهیدی دەنگی غەیبیەوە لە بری ئەوەی بە شێوەی فلاش بەکێکی (Flash back) باوی داستانی گێڕانەوەی رۆمانەکەی لە ئێستا دابڕێ و بیگەرێنێتەوە بۆ رابردوو، رابردوو لە جێگای خۆی هەڵدەکەنێ و دەیهێنێتە نێو بارودۆخی زەمانی ئێستای دەقەوە. بەوتەیەکی دیکە لەرێگای تەکنیکێکی گێڕانەوەیی لەم دەستە منی خوێنەر لەهەمان کاتدا کە دیالۆگێکی سەر بە رابردووی ژیانی بایز وهەمین دەخوێنمەوە لە نێو زەین و یادەوەری هەنووکەی بایزیشدا ئەمێنمەوە. رۆماننووس لەم رۆمانەدا باس

PDF4Kurd



لە رابردوو و ژیانی بایز ناکا، بەو مانایە کە بیەوێ مێژووی ژیانی بایز تۆمار بکا، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە هەنووکەی ژیانی بایز و ئەو بارودۆخە هەنووکەییەی کە ژیانی بایزی گەیاندۆتە ئەم ئاستە ئەستەم و دژوارە لە ژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی ژیانی رابردووی و پێوەندی نێوان ئەو و هەمین، و ئەو و کۆمەڵگا، و بەگشتی ئەو و جیهانی بوون زەقبکاتەوە. بە بڕوای من هۆی ئەو راستییەی شێرزاد تێناکۆشێ رووداوەکانی رۆمانەکەی لە نێو بۆتەی زەمانی رابردوودا بتوێنێتەوە، و بەردەوام هەوڵ دەدا لە هەنووکەی بارودۆخی زەین و یادەوەری بایز بکۆڵێتەوە و هەر بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو زەینییەتە رۆماننووسییە مۆدێرنەی کە وا لە شێرزاد دەکا ئەگەریش بیەوێ گۆشەیەکی تاریکی رابردووی ژیانی بایز روونبکاتەوە، ئـــــــەو روونکردنەوەیە لە چوارچێوەی خوێندنەوە و هەڵکوڵینی ئەو یادەوەرییە دابێت کە بگێڕەوەی رۆمانەکە لە هەنووکەی دەق دا دەیگێڕێتەوە.

٤ـ هەست کردن: بێگومان رۆماننووس بۆ ئەوەی لە دەستی بێ ئەو جیهانەی کە دەیەوێ لە دەقی رۆمانەکەی‌دا بینوێنێ بە وردترین شێوە لە بەرچاوی خوێنەرەکەی وێنا بکا ناچارە پشت بە زۆر تەکنیکی گێڕانەوەیی ببەستێ و زیاترین کەڵك لە زەرفیەت و دەرەتانەکانی فۆرمیی ئەم تەکنیك و تەمهیدانە وەربگرێ. شێرزاد حەسەن بە حوکمی ئەوەی، وەك زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی، مرۆڤــ دەخاتە نێو بارودۆخێکی داستانییەوە و لەم بارودۆخەدا لە سەر دەروونیان کار دەکا و ناخی کەسێتییەکانی دەپشکنێ، لە «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»یش‌دا هەوڵی بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ مێتۆد و رەوشتی گێڕانەوە داوە، و تەقالای ئەوەی بووە لەم

PDF4Kurd



ڕێگایەوە«تائەندازەیەك سەربەستییەکی بێ سنوور بۆ فۆرمی» ڕۆمانەکەی دەستەبەر بکات.

یەکێکیتر لەو کەرەسە *گێڕانەوەییانەی* لەم ڕۆمانەدا بە کار براوە گونجاندنی«هەستەکانی» بایزە لە چوارچێوەی گێـــــــــڕانەوەدا. لە ڕێگای گێڕانەوەی ئەو شتانەی بایز هەستیان پێدەکا، هەستی بایز، کە لە زاتی خۆیدا دیاردەیەکی دەرهەست و نا ئاشکرایە دەکاتە دەق و بەمجۆرە بەرهەست و ئاشکرایان دەکا. کە واتە هەستکردن لە هەناوی خۆی و لە جیهانی واقیعدا حاڵەتێکە نە دەبیندرێ، نە دەبیسترێ، نە دەشخوێندرێتەوە، بەڵام کە هەستکردن کەوتە خانەی گێڕانەوەوە و گێڕدرایەوە هەم دەبیندرێ، هەم دەبیسترێ، هەمیش دەخوێندرێتەوە:

«...تۆ قەت داخت ناچێ کە گەڕەکی سەرێ بەو گەڕەکەی ئەنگۆ دەڵێن: گەڕەکی قەرەج و قەحپە و گەوادان... لە تاو ئەم قسەیە بوو یان نەهاتنەوەی هەمین هەستت کرد کەسێك بە دە پەنجەی ئاسنینەوە چنگ لە هەناوت گیر دەکا، و وای لەو دڵێ خاو بوونەوە کت وپڕە...» ل ١٠٥

لە «پێدەشتی... » دا هەست کردنی بایز دوو شێوە وەخۆ دەگرێ، یان با بڵێین لەم ڕۆمانەدا لە سەر دەستی دوو جۆر هەستپێکردنی جیاوازەوە ڕێگا بۆ نێو دەروونی بایز خۆشدەکرێ:

١ـ ئەو هەستانەی دەبنە دەسپێك و سەرچاوەی ڕووداوێکی خەیاڵی:

«...وای لە تۆ ئەو وەختەی بە دڵ دەفەکەی لێ دەدەیت و خوت هەڵدەدەی، بە دەوری خۆتدا خول دەخۆیت و... وا هەست دەکەیت تۆزێکی دیکەیە و دەفڕیتە ناو یەکێك لە شانشینی هەسارەکان... نا ... ئەستێرەکان... دەفڕیتە تاقی ئاسمان... یان دەبی بە چۆلەکە، هەڵۆ، باز، قەڵەڕەش... نا.. ڕەنگە ببی بە ریشۆڵە و دەنێو ڕەوەریشۆڵەیەکی گەورە دا ون ببی، ئەوسا کابرایەکی وەك خۆت کلۆڵ، کلۆڵتر لە خۆت، تۆزێك گەنم و جۆت بۆ هەڵدەبژێرێ. گەنم و جۆیەك تێکەڵ بە زیوانێکی زۆر، تۆ وەك

PDF4Kurd



هەنووکە برسی و ماندوویت، لە ئاسمانی پڕ هەور و زەوی رووتی بەر لێزمەی باران هیچ بەدی ناکەیت. بە ناچاری لەگەڵ پۆلە ریشۆڵەیەکی زۆر پان و پۆڕدا هەڵدەنیشی. راوچی چاوەڕێی راوێکی زۆر بەخێر وبێرە، هەلێکە و رەخساوە، نایبوێرێ، سەری گوریسەکە لە نێو چنگی دا ئارەقە دەکات، تەڕ و لووس و گەرم دەبێ، زۆر توند.. بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە گوریسەکە رادەکێشێ، هەر هەموو ریشۆڵە لەعنەتی‌یەکان سرك و زوو هەڵدەفرن، تەنیا تۆ نەبێ... دەرویش بایز... دەروێشێکی ریشۆڵە... ریشۆڵەیەکی دەرویش ... هەر خۆت بە تەنیا بە تۆڕەکەوە دەبی، ریشۆڵەیەکی هەناسە سوار و ماندوو، دەروێشێکی پیر و برسی و بە ساڵاچوو...» ل ١١٨ ـ ١١٩

٢ـ ئەو هەستانەی دەبنە دەسپێك و سەر چاوەی رووداوێکی واقیعی:

«. خودا هاوار... گەر بەتەمای لافاوەکەی «نوح»یت، ئەوە نە من و نە هەمین ئەوەندە گوناهبار نین تا پاکمان کەیتەوە. کت و پڕ هەستت کرد کە هەر هەنووکە لە سەری کۆلانێکدا، لە بەر دەمی دوکانێکدا، لە ژێر چەتری پاسێکدا، لە ژێر تاقی دەرگای ماڵە خوا پێداوێکدا، هی مزگەوتێك، یان کەلاوەیەکدا کت و پڕ دەیدۆزیتەوە، بە تاسەوە لە ئامێزی دەگریت و باران و بروسك سەر لە نوێ لەیەکدیتان مارە دەکاتەوە.» ل ١٣٨

ئەو شتەی لێرەدا بۆ من گرینگ و جێگای سەرنجپێدانە ئەو پێچ و پەنایانەیە کە شێرزاد حەسەن لە رێگای ستراتیژییەکی لەمجۆرە بۆ گێڕانەوە بە فۆرمی رۆمانەکەی دەدا. ئەو هەستپێکردنـــــــــــەی کە دواجار بە گێڕانەوەی رووداوێك، جا چ خەیاڵی چ واقیعی، کۆتایی بێت هەستپێکردنێکی سادە وساکار نیە کە توانای پێناسە کردنی سووچە نادیارەکانی شوناسی کەسێتییەکی وەك بایزی نەبێ. ئەو فێڵەی لێرەدا شێرزاد لە فۆرمی رۆمانی کوردی کردووە فێڵێکی بە رواڵەت ساکار و بچووك بەڵام لە راستیدا بە پێچ و پەنا و گەورەیە. هەستپێکردن لەم رۆمانەدا تەنیا نابەسترێتەوە بە چوارچێوەی بەرتەسکی نیشاندان و ناساندنی هەندێ خەسڵەت وسیفەت و حاڵەتی بچووك و بێبایخی بایـــــــز، بەڵکو، وەك

PDF4Kurd



لەو دوو نموونەیەی سەرەوە دەیبینین، هەستپێکردنی بایز دواجار دەستمان دەگرێ و دەمانباتە نێو دنیای ڕووداوێکی سەیروسەمەرەی خەیاڵی، یان بەسەرهاتێکی ئاسایی و واقیعی کە لە هەمان کاتدا کە ڕووداو و بە سەرهاتن پاژێکی حاشا هەڵنەگریشن لە شوناس و پێناسەی بایز و ئەو جیهانەی بایز تێیدا دەژی.

٥ـ تێکەڵکردنی ئاسۆکانی مۆنۆلۆگی زەینی و دیالۆگی ئاسایی:

لە هەندێ شوێن کە جڵەوی گێڕانەوە دەکەوێتە دەست مۆنۆلۆگە زەینییەکانی بایز، لە نێو دڵی ئەو مۆنۆلۆگانەوە ڕەهەندێك بەرەو دیالۆگێکی ئاسایی رابردووی ژیانی بایز لێدەدرێ، و بەمجۆرە دیالۆگ لە نێو مۆنۆلۆگ و مۆنۆلۆگ لە نێو دیالۆگدا دەتەنێتەوە، و لەم ڕێگایەوە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە سووڕێکی دیکە دەخوا و توێژێکی دیکە بە توێژە تەمهیدی و تەکنیکە فۆرمییەکانی زیاد دەبێ. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە تیشك دەخەینە سەر نموونەیەك:

| | |
|---|---|
| «.. دەوەرەوە هەمین..با مزگێنی ئەمشەوت بدەمێ..دە دوانزە ڕیشۆڵە سەربڕە و مەنجەڵە ئاوێك گەرم کە، سبەینێ یا شیخ پێ بزانێ هەر زوو بە زوو داوای زەکات دەکا، | مۆنۆلۆگ |
| لە چلان یەکە دەروێش، لە چل درهەم: درهەمێك، لە چل دینار:دیناریێك..لە چل لیرە:لیرەیەك. یا شێخ ئەوە کووە کەس ملی چەلەبی ناگری لۆ زەکاتێ؟. ئەو بەشکو حەزی لە جەهەندەم بێ | دیالۆگ |
| ئای یا شێخ.. هەمووتان یەك حیسابن، وەك کەر گوێمان ڕادەکێشن و دەمانڕەتێنن، ئەویش هاوینان بە یەك دوو شکارتە قەناعەتم پێ دەکا ئەم دەشت و دەرەی بۆ بکەم بەگندۆرە و تەرۆزی، | مۆنۆلۆگ |

PDF4Kurd



| | |
|---|---|
| یاشێخ دەکرێ پرسیارێك بکەم، ئا.. دەباشە ئەتوو دەزانی بەشە هەقی ئەو لە من زیاترە، ئەمن زەوی یەکەی خۆش دەکەم، دەیکێڵم،.دەس لە ئیشو کاری خودای مەدە دەروێش، ئەو زەکاتی خۆی دایتە تەکیە، بیریشت نەچێ کە زەوی یەکە و تۆوەکەو تراکتۆرەکە هی خۆیەتی، لە کوێ بوو؟ لە باب و باپیرانەوە لۆی مایتەوە، ئەوە لۆ ئەمن نیمە؟ دەروێش دەستت کردەوە بە کوفر کردن؟! | **دیالۆگ** |
| ئەی ئارەقەو سووتانی من؟ لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دڕك و داڵ و گیاکەڵە لەو خاکە بژار دەکەم، نەبا لە رەگ و بڕکە گندۆرەکانم بخۆن نەبا سیس و بێ تام و بۆ بن، چەلەبی ئاگای لەوەنیە لە رۆژێکدا چەند مار و دووپشك دەکوژم، هێ دەروێش هەر رۆژێکە و مارێك بە دەستتەوە دەدا و...» ل ١٠٦ ـ ١٠٧ | **مۆنۆلۆگ یان دیالۆگ؟!** |

لەم دیمەنەدا لە رێگای تەکنیکی گێڕانەوەیەکی لەم دەستە هەم بەو شتانە دەزانین کە بە زەینی بایزدا تێپەڕیون ( کە ئەم شتانە لە مۆنۆلۆگەکانی هەڵدەکرێنین)، هەمیش پەی بەو قسانە دەبەین کە لە نێوان بایز و شێخدا ئاڵ وگۆڕ کراون (کە دیارە ئەم قسانەش لە دیالۆگەکانیاندا خۆ دەردەخەن). بە وتەیەکی دیکە ئەگەر بمانەوێ بزانین بایز لە ساتەوەختی قسەکردن لەگەڵ شێخدا بیری لە چی کردۆتەوە دەگەڕێینەوە بۆ سەر مۆنۆلۆگەکانی،یان ئەگەر پێمانخۆش بێ بزانین لە کاتی بیر کردنەوەدا چی بە زمان داهاتووە گوێ بۆ دیالۆگەکانیان شل دەکەین. بەڵام وەك لەدوا بەشی ئەم نموونەیەدا دەسنیشانمکردووە ئەم رستانەی دوایی بە شێوەیەك گێڕدراونەتەوە کە خوێنەر بە راشکاوی و بە بۆچوونێکی حەتمی بۆی ساغ نابێتەوە کەئایا ئەم بەشە پاژێکە لە مۆنۆلۆگە زەینییەکانی بایز، یان درێژەی دیالۆگی نێوان بایز و شێخە؟! ئەوەی لێرەدا بۆ من گرینگە

PDF4Kurd



دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی دوا وەڵامی نەك هەر ئەم پرسیارە بگرە هیچ پرسیارێکی‌تری سەر بە ئەم رۆمانە نیە، چونکی پێم وایە سەر لە بەری ئەم فێڵە بچووك و گەورانەی کە شێرزاد لە فۆرمی نووسین و دوابەدوای ئەو شێوەی خوێندنەوەی رۆمانی کوردی کردوونی دواجار لە پێناوی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی ئیمکان و دەرەتانەکانی هونەری رۆماندا بووە، بۆیەش رەوا نیە دۆزینەوە یان هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە فۆرم وناوەڕۆکی رۆمانێك سەر هەڵدەدەن بە مانـــــــای بەستنەوەی سەرلەبەری تایبەتمەندییەکانی ئەو رۆمانە بێ لە چوارچێوەی بەر تەسکی فۆرم یان مانایەکی بچووك و تایبەت دا. ئەوەی لێرەدا بۆ من جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەو دابەشکردنەیە کە شێرزاد حەسەن لە نێوان چەمك و بابەتەکانی ئەم مۆنۆلۆگ و دیالۆگانەدا کردوویەتی، واتە ئەو بابەتانەی کە دەکرێ ناوی حەرام، شوورەیی، قەدەغە، تابوو و هتدی لە سەر دابنرێ لە چوار چێوەی زەینی بایزدا ئەمێننەوە، و لە دەقی رۆمانەکەدا لە بەرگی مۆنۆلۆگی زەینی‌دا ئاشکرا دەکرێن، و ئەو بابەتانەی کە ئاسایی و سروشتین دەکەونە سەر زاری بایز و لە دیالۆگەکاندا دەردەبڕدرێن. با ئەوەی بایز مرۆڤێکی خاوەن زەیینیەتێکی مۆدێرن نیە و لەکۆمەڵگایەکی مۆدێرن‌دا ناژی و بێگومان ناشتوانێ بە شێوەیەکی فەلسەفی لە رێگای ئاکار و ئاخاوتنەکانییەوە خۆی و شوناسی خۆی پێناسە بکا، بەڵام ئێمەی خوێنەر لە رێگای ئەم تەکنیکەوە پەی بە کەسایەتی دوو کەرت بووی بایز دەبەین، و لێرەوە دەزانین بایز مرۆڤێکە، وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی نێو کۆمەڵگایەکی سوننەتی و داخراو، بەو جۆرەی لە جیهانی زەینی خۆی دا دەژی، بەو شێوەیە لە جیهانی واقیعیی

PDF4Kurd



دەرەوەدا، ژیان ناباتە سەر. ئەو قسانەی لە کۆمەڵگای بایز دا تابوون(ئای یا شێخ هەمووتان یەك حیسابن، وەك کەر گوێمان رادەکێشن و دەمانڕەتێنن) هەرگێز نابن بە قسەی سەر زمان و هەر بە شێوەی گوتەی نێو زەین دەمێننەوە. بە وتەیەکی دیکە بایز ئەوکاتەی بیر دەکاتەوە تابووکان لە هەناوی خۆیدا کەڵەکە دەکا، و ئەو کاتەی قسەدەکا ئەو تابووانە لە زمان و ئاخاوتنی دەسڕێتەوە.شێرزاد حەسەن دەیەوێ پێمان بڵێ کێشەو بەربەرەکانی بایز لەگەڵ حەرام و تابووکان نابێتە وشە و ناگاتە ئاستی زمان تا ئەو کێشەیە دواجار شێوەی جەنگ و ململانێ لە خۆ بگرێ و ئیرادەی تێکشکاندنی تابووکان بخاتەگەڕ. بایزەکانی ئێمە لە نێو جیهانی داخراوی زەینی خۆیاندا فێری ئەلف و بێی داماوی و دیلێتی دەبن تا دواجار لە جیهانی واقیعدا شێخ و ئاغا بێ ئەوەی زنجیریان لە پێ و کۆتیان لەمل بکەن بیانچەوسێننەوە. بێگومان کەڵکەڵەی من لێرەدا راڤەکردن و خوێندنەوەی ئەم لایەنە فەلسەفی و بوونناسانەیەی کەسێتی بایز نیە، بەڵام ئەو شتەی دەمەوێ پێی لە سەر دابگرم توانایی گەیشتن بە ئاستی خوێندنەوەیەکی فیکری ـ فەلسەفیە لە سەر دەستی کۆمەڵێك تەکنیك وتەمهیدی فۆرمیی وەکوو گێڕانەوە لە باسی ئەم بەشەماندا. ئەوەی وا لە منی خوێنەر دەکا بکەومە ناو جیهانی تاوتوێکردن و هەڵسانگاندنی کەسێتی بایزەوە، ئەویش لە گۆشەنیگای پێوەندی بایز بە جیهانەوە، و دواجار خوێندنەوەی ئەو پێوەندییە بە روانینێکی فیکری ـ فەلسەفییانەوە، توانا فۆرمییەکان، یان بە زمانێکی دیکە ئەدەبییەتی رۆمانی«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»ە. ئەو خوێندنەوانەی کە دەیانەوێ باس لە دەلالەت و لایەنە ماناییەکانی رۆمان بکەن بێ ئەوەی ئاوڕ لەجوانکاری و توانا و تەمهیدە

PDF4Kurd



فۆرمییەکانی بدەنەوە، بێگۆمان بە کۆمەڵێك ئاکام و ئەنجامی فەلسەفی رووت و ئەبستراکت دەگەن کە هەر لە بنەڕەتەوە ناتوانن پیشاندەری بارودۆخی داستانی و رۆحـــــی ئۆرگانیك و زیندووی رۆمان بن[٢٠].

٦ـ ئۆبژەی ئێستا، دیالۆگ یان رووداوی رابردوو:

ئەو شتانەی(ئۆبژانەی) ئێستا لە بەر دەستمانن زۆرجار دەمانگەرێننەوە بۆ ئەو شتانەی لە رابردوودا گوتوومانن، یان بیستوومانن، یان کردوومانن. کە وایە هەر ئۆبژەیەك لە زەمانی ئێستادا بە شێوەیەك لە شێوەکان مێژوویەکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. لە رۆمانی«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا ئەم مێژووە زۆرجار لە رێگای گێڕانەوەی دیالۆگ یان رووداوێکەوە تۆمار دەکرێ. بەوتەیەکی دیکە شێرزاد لەم رۆمانەدا لە رێگای ئەم تەکنیکە گێڕانەوەییەوە بۆ چوونە ژووری دیالۆگ یان رووداوێکی سەر بە زەمانی رابردوو سەرەتا لە دەرگای ئۆبژەیەکی ئێستا دەدا

نموونەی یەکەم:

«..لە کاریتە و شەقڵە و حەسیری رزیوی بنمیچەکە ورد بوویتەوە، هەر چوار
دیواری نەخشین بەدلۆپە و لیس و تەنی، دوو لا دیوار خراپ سکیان دابوو **ئۆبژەی ئێستا**
بە مۆعجیزە وەستا بوون، دووان لەکاریتەکان درزی قەبەیان تێکەوتبوو،
درزێکیان ترسی خستبووە دڵی هەمین، بایزیش بێ باك،
ئەگەر دا تەپی ئەوە هەر دووکمان کەرەکە خۆش، بەیەکەوە دەمرین، جا
لە ژێر کاریتە و شەقڵی ریزیودا بمرین؟داخوا کامەمان لە پێش ئـــەوەی **دیالۆگی رابردوو**
دیکەدا دەمرین؟ کە ئێشت نەبوو یان باسی مردن دەکەی یان گەمە لەگەڵ
گونت دەکەی، لە بەر خۆتەوە خەنیتەوە...» ل ١١٤

نموونەی دووهەم:

«... خودایە نەکەی.. هەنووکە هەمین لە رێیە، سەرێکت هەڵبڕی و

PDF4Kurd



**ئۆبژەی ئێستا** به سەردیوارەکەی بەرامبەرتەوە له زەرگ وشمشێر و دەفەکە رامای، ویستت تا
پێت دەکرێ درەنگ سیغارە کە بپێچیتەوە، لە شمشێر و زەرگەکەی رامایتەوە،
چەندەها جار ئەو شمشێرەت بەسك و ملی خۆتدا داهێناوە.بەتۆزێك خۆڵ
**ڕووداوی ڕابردوو** جێ برینەکەی سارێژ بۆتەوە، چەندەها جار ئەو زەرگە تیژەت
له لغاوەی خۆت داوە...» ل ١١٥

بێگومان هۆی ئەوەی بایز بە دیتنی ئەو شتانە ئەگەڕێتەوە بۆ بەشێك لە ڕابردووی ژیانی، ئەو زەمینە و حاڵەتە دەروونییەیە کە بایز لە چەمبەرەیدا گیری خواردووە: واتە زەمینە و حاڵەتی چاوەڕوانی هەمین. بایز ئەو کاتەی چاوەڕێی هاتنەوەی هەمینە پێویستە جێگای چۆڵی ئێستای هەمین بە وەبیر هێنانەوەی ڕابردووی ژیانی خۆی و هەمین پڕ بکاتەوە، بۆیە لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی بلوێ ڕابردووی ژیانیان دژێنێتەوە تا پاساوێك بۆ چاوڕانی هەنووکەی خۆی.بداتەوە. کە وایە لێرەدا کەڵك وەرگرتن لەم تەکنیکە، باوەکو لە بواری ئەدەبی داستانیدا زۆریش تازە نەبێ، بەپێی ئەو بارودۆخەیە کە بایز تێیدایەتی، ئەو بارودۆخەی کە هەمینی لە بایز ون کردووە، و ئێستاکەش بایز لە یادەوەرییەکانیدا بە دوایدا دەگەرێ. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە بایز بە تەنیا لەنێو بۆتەی تراژیدی بارودۆخ دا نەتواوەتەوە، بەڵکو دوو جۆر تراژیدی دیکەش ژیانی بایزیان خستوّتە مەترسی شێت بوون و تیاچوونەوە. بە پێی ئەو خانە بەندییەی پێشتر کراوە بە ئاوڕ دانەوە لە مێژووی دەقە تراژیکەکانی ئەدەبی دنیا سێ جۆر تراژیدی لە سێ قۆناغی زەمانیی جیادا دێتە بەر چاو:

١ـ تراژیدی چارەنووس لە یۆنانی کەوانارا کە نموونەی ئاشکراکەی لە دەقی شانۆیی ئۆدیپ دا دەردەکەوێ. لەم شانۆیەدا ئۆدیپ تووشی چارە

PDF4Kurd



نووسێکی تراژیکی حەتمی و جەبری دێت کە ئیرادە و ویستی ئینسانی خۆی چکۆلەترین دەسەڵاتی لە رەوینەوەی تەمی ئەو چارەنووسەدا نیە.

٢ـ تراژیدی کەسایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا کە نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە تراژیدییە لە شانۆنامەی هاملێتدا دەبینریٚ. کەسایەتی هاملێت دوا بە دوای کوشتنی باوکی تووشی نوشوستی دیٚ وهاملێت ناچارە لە بازنەی ئەو کەسایەتییە شێواو و شپرزەیەی خۆیدا خول بخوات.

٣ـ تراژیدی بارودۆخ لە جیهانی هاوچەرخ و لە ژیانی ئەم سەردەمەدا کە ئەگەر بمەویٚ نموونەی حازربەدەست بێنمەوە ئاماژە بە رۆمانی«کوێری» ژۆزیٚ ساراماگۆ دەکەم. قارەمانانی ئەم رۆمانە دەکەونە نێو پانتایی بارودۆخێکەوە ـ بارودۆخێك کەتێیدا بە بیٚ ویستی خۆیان کوێر دەبن ـ کە دواجار لە سەر دەستی ئەم بارودۆخە، تراژیدی ژیانێکی ناشارستانی و نائینسانی دەقەومیٚ.

ئەوەی راستی بیٚ لە رۆمانی«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا کەسایەتی بایز ـ کە تەنیا هەر لێرەدا وەك دەقی نموونەیەکی مێژوویی بۆ مرۆڤی کوردی دەخوێنمەوە ـ کەسایەتییەکە لە چەمبەرەی هەر سیٚ جۆر تراژیدی ئاماژە پێکراودا گیری خواردووە. چارەنووسی بایز نەك بە مەیل و ویست وتوانای ئینسانی خۆی بەڵکو لە سەر دەستی رق و نفرەتی باوك و براکانی هەمین و منەتی نان ونزای شێخ و گومان و راڕایی نەفرۆشتنی ریشۆڵەکانی بە ئارەق خۆرانی هەولێر لە لایەن سلێوەوە ئەم توانا و ئیرادەیەی لێدەستێنن. بایز و هەمین ئەو ئەکتەرە فەرامۆشکراوانەی شانۆی ژیانن کە رێگایان پێنادریٚ بێنە سەر سەکۆی جیهان و خۆیان بنوێنن و دەوری دوو مرۆڤی ساکار و ئاشق بگێڕن، تەنیا لە بەر ئەوەی جڵەوی

PDF4Kurd



چارەنووسیان لە دەست خۆیاندا نیە، و ئەمەش یانی تراژیدی چارەنووس. هەڵبەت جیاوازی گەورەی نێوان ئۆدیپ و بایز لەوەدایە کە ئەو چارەنووسەی ژیانی ئۆدیپ تووشی نوشوستی دەکا چارەنووسێکە بە هۆی دەسەلاتێکی بالادەستی میتافیزیکییەوە دێتە ئاراوە کە بەو دەسەلاتە دەڵێن قەزا و قەدەر، کەچی ئەو چارەنووسەی چوارچێوەی ژیانی بایز ڕەنگرێژ دەکا، ڕێك بە پێچەوانە، لە دەسەڵاتێکی فیزیکییەوە بەرهەمدێ، دەسەڵاتێك کە لە سەردەستی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی دەوروبەری بایز و پێوەندی بایز بەوانەوە دەخولقێ. کە وایە ئەگەر جەبری خێوان، ئۆدیپ لە بازنەی تراژیدی چارەنووسدا دەخولێنێتەوە، بایز بە هۆی زوڵم و مەکری مرۆڤـ تووشی بە تووشی ئەو چارەنووسە تراژیکەوە دەبێ، بە جۆرێك کە هەمینی لێ بزر دەکا، و لەگەڵ سەگە بەرەڵلاکانی شار ڕەدووی دەنێن و لە نێو قەفەزی شێتەکاندا بەرەو داهاتوویەکی نادیاری دەبەن.

کەسایەتی و ڕێز و حورمەتی ئینسانی بایز بە تایبەت لەو جێیە تووشی شکست و نوشوستی دێت و دەبێتە تراژیدی کە بایز بە هۆی نەهاتنەوەی هەمین(جا یان لە دنیای واقیع یان لە خەیاڵی خۆیدا) قسە دەپەڕێنێ و وردە وردە دەکەوێتە نێو جەرگەی جیهانی شێتانەوە. لێرەدا کەسایەتی بایزێکی خاوەن ژن و ماڵ و کاروبار بە هۆی کەوتنە ناو هەلومەرجێکی تاقەت پڕووکێن و کوشندەوە لە گەورەیی وشان و شکۆی تایبەت بە خۆی بەتاڵ دەبێت، و وای لێدێت تا ئاستی، لەگەڵ سەگە بەرەڵلاکان ڕەدووکەوتن، دادەبەزێ. کەواتە ئەگەر لە گۆشەنیگای کەسایەتی‌یەوە لە هەڵسوکەوتی بایز وردبینەوە، دەبینین بەر لە شێت بوون و دوای شێت بوونی، دوو جۆر ڕەفتاری بەگشتی لەیەك جیاوازی هەیە. لە

PDF4Kurd



جیهانی بەر لەشێت بوون دا بایز خاوەن ئەو کەسایەتییەیە کە بەگژ قسەی ناڕەوای تەنانەت شێخ دادێتەوە، چونکی پێی وایە گەورەیی مروڤ لە ئەرك و ماندوو بوونی دایە:

«... (بایز ئەتوو دەروێشی تەکیەی منی... تەکیە ئەوەندەی هەیە نانی خۆت و ژنەکەت بدات)

(یا شێخ خودا لۆ ئەوەی دروستی نەکردیمە دەست لە گونان درێژتر لێی دانیشم و شۆربای تەکیە بخۆم.)

(شۆرباو چییەتی ناشکور)

(هیچی نییە... بەڵا نەکینێ خودا رقی لە پیاوی تەوەزەلە... ئەو خۆی فەرموویەتی: لەتوو هەرەکەت و لەمن بەرەکەت.) ل ١٤

کەچی دوای شێت بوون، کەسایەتی بایز دەگاتە ئەو جێیەی کە:

«... لە بەر دەمی کەبابچی و لۆقنتەکاندا دەرۆزەکەر ئاسا دەکەوتیت و پاشماوەی خەڵکیت دەخوارد،...» ل ١٩١

٧- پێشبینی:

شێرزاد حەسەن زۆرجار بۆ ئـــــــــەوەی گێڕانەوە، یان رەوتی رووداوەکانی رۆمانەکەی لە دووپاتبوونەوەی بەردەوام بپارێزێ و لە سەر هێڵی زەمانی رابردوو یان ئێستا بیانگوازێتەوە بۆهێڵی داهاتوو لە تەمهیدی پێشبینی کەڵك وەردەگرێ. ئەوەی راستی بێ پێشبینیکردن رەهەندێکی خەیاڵی بەرەو داهاتوو لێدەدا، و تێیدا ئاماژە بە جیهانێك دەکات کە لە وانەیە هەمووی هەر لەسەر بنەمای خەون و خولیا و ئاوات وئارەزوو دامەزرابێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پیشاندەری راستی و ویست و داخوازییەکانی دەروونی ئەو مرۆڤەیە کە خۆی نوقمی زەریای پێشبینی

PDF4Kurd



کردووە. بگێڕەوەی دووهەم کەسی تاك زۆرجار بۆ ئەوەی بایز لە جیهانی تاریکی چاوەڕوانی هەمین رزگار بکا هەوڵ دەدا بە بایز بڵێ واز لەپێشبینی ناشیرین بێنێ و خۆی بخاتە ئامێزی ئەو دنیا روونەی کە پێشبینییەکی شیرین پێشکەشی دەکا( تۆ بلێی لێرەدا ئەو بگێڕەوە دووهەم کەسی تاکە کێ بێ جگە لەو«خود»ە گەشبینەی بایز کە دەیەوێ نەفەسی هیوا وهومێدێك بە رۆحی«خود»ە رەشبینەکەی بایزدا بکات):

«... کت و پڕ بە خەیاڵت دادێ خۆت بخەیتە ناو باوەشی ئەم لافاوە و بتبات، لە گێژ و لوولی خۆیدا رووە کارێزەکانی ئەم شارە بتبات، بتخاتە سەرشەپۆلە نەرم و هێمن و گەرمەکانی، ئەوکارێزانەی هەنووکە هەڵمێکی تەنکی لێ هەڵدەستێ، زستان گەرم و هاوینان سارد... لەوێندەرێ. لە بن بناغەی خانووەکانی شار خۆتان لە چاوانی پیاوە داخدار وسمێڵ بابڕەکان دەشارنەوە، لە هەڕەشەی شێخ ..لە سوعبەتە قورسەکانی سلێوە... لە برا دوژمنکارەکانی هەمینێ ............، واز لە پێشبینی ناشیرین بێنەو خۆت دەخیلی ئەم بارانە بکە، لەگەڵ هاتنی بەهاری ئەمساڵدا کە کارێزەکان دەتەقنەوە تۆش لە باوەشی هەمیندا زیندوو دەبیتەوە، لە گێژەنی زۆر شین و رووندا قژی درێژ و ماش و برنجی سەر ئاو دەکەوێ، سالانێك لەوێ، لە قووڵایی کارێزەکاندا چاوشارکێ دەکەن، خۆتان لە خەڵکی بێ مروەتی زالمی بێ دین و دلّی شار دەشارنەوە، ئیدی بەس دەبێ ریشوڵە کوشتن، لە بەر دەرگا کەوتن و پاڕانەوە لە خودانی ماڵە خوا پێداوەکان، تەکان دە و بگەڕێ بەر لەوەی بەیانی بدا. کێ نالێ کارێزێك ناتداتە دەست کارێزێکی دیکە و تادەگەی بە یەکێك لە بیرەکان، لەوێ ماڵێك دابنێن، بیرێکی تەنکە ئاو تیا مەییو، دوور لە ئاوەدانی...کاروانێکی ماندوو دێ و لە تەکیا پشوو دەدا، رێبوارێکی نەناس دەولکێك شۆڕ دەکاتەوە، هەر دووکتان لەگەڵ ئاوی فێنك بەرە و رووناکی ئاسمان هەڵدەکێشێ، وەك دوو پەری یان جنۆکە، شاگەشکە دەبن، جلتان لە بەر دەکەن و بەرەو شارێکی غەریب دەتانبەن، ئیدی نایەنەوە ئێرە.....» ل ١٤٤ـ ١٤٥

PDF4Kurd



٨ـ قەڵەمبازی زەمانی:

ئێمە دەزانین دوای ئەوەی ئێواری بایز لە پێدەشت دەگەڕێتەوە (لاپەڕەی ١ تا ٢٧) و تا شەو درەنگانێ لە ماڵی خۆی چاوەڕوانی هاتنەوەی هەمین لە ماڵی ئاغا و بەگلەران دەبێ(لاپەڕەی ٢٧ تا ١٢٨) هەر ئەو شەوە لە ماڵ دەردەکەوێ و بە دوای هەمیندا دەگەڕێ (لاپەڕەی ١٢٨ تا١٦٤)، هەمان شەویش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی بۆ ئەوەی بزانێ لە ماوەی ئەو چەند سەعاتەی بە دوای هەمین دا گەڕاوە داخۆ هەمین هاتبێتەوە یان نا:

«... تا لە گەڕەکی خۆتان نزیکتر دەبوویتەوە سووکتر هەنگاوت هەڵدێنا، بە ئۆمێدی ئەوەی دەچیتەوە نان و قاوەڵتی ئامادە کردبێ، دوای لێك دابڕانی شەوێکی بێ کۆتا بە یەکدی شاد ببنەوە....» ل ١٦٤

ئالێرەدا و دەسبەجێ دوای ئەم رستەیەی سەرەوە، گێڕانەوەی رۆمانەکە زەمینەی قەڵەمبازێکی زەمانیی گەورە خۆشدەکا:

«... هەر دەڵێی ئەمشەو شەوێکی دەعبایە و سەد شەوی دیکەی لە ناو هەناو دابووە...» ل ١٦٤

کە بایز لە ماڵی خۆی نیزیك دەبێتەوە و خەڵکی گەڕەك دەبینێ هەقیقەتی ئەو قەڵەمبازە زەمانییە زیاتر ئاشکرا دەبێت:

«... لە دوورەوە ئاپوورەی ژن و پیاو و منداڵانی گەڕەك بەرەو پیرت هاتن، ها دەروێش ئەمشەویش نەتدیتەوە؟...ناکرێ تەنها یەك شەو بێ ئەو ماڵەتان جێ هێشتبێ، لافاو دیوارێکی لاتەنیشتی چەپی رماندبوو، دەرگاکە کراوە و زەنجیرێکی ژەنگداریش تا ناو قوڕاوەکە درێژ ببۆوە، دەتوت عومرێکە ئەم ماڵە کاولە ئاشە و دەنگ و رەنگ و بۆنی ئادەمی نەبینیوە....... دەم و چاوەکان بە تۆ نەناس بوون، تۆ بڵێی ئەوانە خەڵکی گەڕەك بن؟.. زۆپاکەش دەتوت سەد ساڵە کوژاوەتەوە.» ل ١٦٥ تا ١٦٦

PDF4Kurd



ئەم قەڵەمبازە زەمانییە بەسەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە فۆرمی رۆمانەکە دێتە ئەژمار، بە جۆرێك لە دوای ئەم قەڵەمبازە زەمانییە خوێنەر ناتوانێ بە چاویلکەی ریالیزمێکی ئاسایی لە رووداو و بە سەرهاتەکانی ئەم رۆمانە بڕوانێ. لێرە بە دوا(لاپەڕەی ١٦٤ بە دوا) فۆرمی رۆمان رەوتێکی دیکە دەگرێتە بەر کە من ناوی دەنێم: « ریالیزمی خەون »

«... دەرویش بۆ ئەوندە کەلەکە دەگۆڕی .. بنوو.. بنوو.. ئەتوو گەلەك هیلاك و شەقی، خەونی راستەقینە بوو یان زیندە خەو...» ل ١٦٨

لێرە بەدوا واقیعی ئاسایی کۆتایی پێدێ و واقیعی خەون دەسپێدەکا. کە وایە ئەم قەڵەمبازە زەمانییە نوختە دابڕانێکی گەورەیە لە نێوان دوو جۆر ژیانی بایز: ژیانی بەر لە خەون، ژیانی نێو خەون ( بەشی«٧»ی ئەم وتارەم تەرخانکردووە بۆ لێدوان لە سەر بابەتی ژیانی بایز لە قۆناغی نێو خەون دا.)

* * *

لەم بەشەی وتارەکەم دا (بەشی ٦) ویستوومە خوێنەر بەم قەناعەتە بگەیەنم کە واقیعی فۆرمی رۆمانی« پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» لە واقیع خۆی پێکنەهاتووە، بەڵکو لە کۆمەڵێك رەگەز (واتە کۆمەڵێك تەکنیك و تەمهید) و ئاوێتەیەك لەو رەگەزانە پێکهاتووە کە خۆیان بەدیهێنەری فۆرمی واقیعی ئەو رۆمانەن. بە زمانێکی دیکە راستە رۆمان لەنێو جەرگەی جیهانی واقیعەوە دێتە دەرێ، بەڵام مەرج نیە خۆی سەرلەبەر لە بابەتی واقیع پێکهاتبێ، یا خود خۆی هەر بە بابەتی واقیعەوە ببەستێتەوە، بەڵکو گەورەترین هەوڵی رۆمانی مۆدێرن ئەوەیە توانیبێتی لە چنگ یاسا و رێساکانی باوی جیهانی واقیع هەڵاتبێت، و خۆی بە رەهەندە پڕ پێچ و پەناکانی خەون و خەیـــــــــاڵ و فانتازیادا کردبێت، ئەو هەوڵەی کە

PDF4Kurd



«پێدەشتی....» لە سەر دەســـــــــــــــتی ئەوکۆمەڵە تەکنیك و تەمهیدە گێڕانەوەییانەی ئاماژەم پێکردن داوییەتی، و تا ڕێژەیەکی باڵاش توانیوێتی ئەم ئامانجە بپێکێ. کە واتە ئەوەی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی مۆدێرن گرینگە ئەوە نیە ڕۆماننوس ڕەنگرێژی واقیعی بەردەستەکی جیهان و ژیانمان بکاتەوە، بەڵکو ئەو ڕاستیەیە کە لە دەستی بێ لە ڕێگای ڕۆنانی جیهانێکی دەقیی تایبەت بە خۆی، باوەکوو خەیاڵی و زۆرجاریش دژەواقیع بێ، جیهانێکی واقیعی تایبەت بە خۆی پێکبێنێ، و بەم شێوەیە واقیعێك بە واقیعەکانی جیهانی بوون زیاد بکا. ڕاستە شێرزاد حەسەن لە کەسایەتییەکی سوننەتی و لە کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسك دواکەوتووی فیکری دەدوێ، بەڵام لە سۆنگەی ئەو دیدەی بۆ نووسینی ڕۆمانی هەیە، کە دیدێکە بە بڕوای من لە خاوترین کەرەسەی واقیع، داستانیترین دەق دەخوڵقێنێ، بە شێوەیەکی مۆدێرن پێکهاتە و ساختاری ڕۆمانەکەی دارشتووە. لە«پێدەشتی... » دا ڕێگا بە خوێنەر دەدرێ نەك هەر لە بچووکترین پاژەکانی ژیانی بایز ئاگادار بێتەوە بەڵکو ئەم ئاگادار بوونە لە ڕێگای چوونە ناو توێژ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەروونی بایزەوە مەیسەر بێت. کورت وکورمانجی، شێرزاد حەسەن نەیویستووە ئەو شتانەی لەکۆمەڵگایەکی سوننەتیدا هەن و دەیانبینین لە دوو توێی ڕۆمانەکەیدا سەرلەنوێ بەگوێماندا بداتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە ئەو هەقیقەتانە بخاتە بەر چاومان کە لە کومەڵگایەکی لەم دەستەدا هەن و نابیندرێن. بە وتەیەکیتر ئەگەر جەستەی بایز ئەو ڕاستییەیە کە هەیە و دەبیندرێ ـ کە ڕۆمانی سوننەتیی کوردیش تا ئێستا هەر لەسەر ئەم بەشە کاری کردووە ـ خەون و خەیاڵ و دەروون و زەینی بایز ئەو هەقیقەتانەن کە هەن و

PDF4Kurd



نابیندرێن، و شێرزاد ویستوویەتی پەنجە بخاتە سەر ئەم بەشە نەدیتراوەی رۆمانی کوردی. جا لێرەدا خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە شێرزاد ئەم بۆشایی و بەتاڵییەی رۆمانی کوردی لە رێگای سەربەستی پێدانێکی بێ سنوور بە فۆرمی رۆمانی کوردیەوە پڕ کردۆتەوە، بۆیە لە «پێدەشتی ...» تێکۆشاوە لە رێگای تێکهەڵکێشکردنی سنوورەکانی دەقێکی فۆلکلۆریکی لە چەشنی حەیران و دەقیکی مۆدێرن لە جۆری رۆمان، و کەڵك وەرگرتن لە زەرفییەتە زمانی و فۆرمییەکانی ئەم دوو ژانرە جیاوازە ئەم سەربەستییە بێ سنوورە کەم و زۆر دەستە بەر بکات.

( ٧ )

تا ئێستا هەوڵی خوێندنەوە فۆرمییەکانمان زیاتر لە سەر قۆناغی بەر لە خەونی بایز چەقی بەستبوو، هەر بۆیە لێرە بە دوا دەمانەوێ لەنگەرێکیش لەسەر قۆناغی نێو خەونی بایز بگرین و بایی تاقەت وتوانای ئەم وتارە شەن و کەوی بکەین و هەڵیسەنگێنین.

وەك گوتمان لە لاپەڕەی ١٦٤ دایە کە بایز لە گەڕانی ئەوێ شەوێی خۆی بە دوای هەمیندا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی، بە هۆی شەکەتی و ماندوو بوونی لە رادە بەدەری: «دەبوو سەرخەوێك بشکێنێ» ل ١٦٧.

لێرە بەدوا رۆمانەکە لە جیهانی واقیع و بەرهەستی بایز دادەبڕێ و بە یەکجاری دەچێتەوە نێو خەون و زیندەخەونەکانی بایزەوە. کە واتە ئەوەی لێرە بە دوا لەم رۆمانەدا وەك رووداو بە سەر بایز و هەمین دادێ، یان وەك کارەسات دەقەومێ، لە نێو خەونەکانی بایز دایە، هەر لە بە کارمامز بوونی هەمینەوە بیگرە تا راو کردنی پۆلە کارمامز ـ کیژەکانی

PDF4Kurd



گوندی(لاپەڕەی ١٦٨ تا ١٨٦) و فڕینی بایز و هەمین لەگەڵ ریشۆڵەکان(لاپەڕەی ١٨٦ تا ١٩٠) و ئینجا لە ئاسمان بەربوونەوەیان و هەمیسان لێکدابڕانیان(لاپەرەی ١٩٠) و دواجار شێت بوونی بایز و راوەدوونانی لەگەڵ شێت و سەگە بەرەڵلاکانی شار و بردنی بەرەو شێتخانە(لاپەڕەی ١٩٠ تا دوالاپەڕە)، هەر هەموویان ئەو رووداوانەن لە نێو ئەو خەون و زیندەخەونانەدا دەقەومێن کە بایز دوای ئەو شەوە شووم وسێلاو و هەمین لێ بزر بوونەی دەیانبینێ. شێرزاد لەم فێڵە تازەیەیدا بۆ ئەوەی پاساوێکی مەنتقی، لە چوارچێوەی بوتیقای داستانیدا بۆ ئەو کایانەی کە بە کات و کەسایەتی و بەسەر هاتەکان دەیکا، بداتەوە دەچێتە نێو خەونی بایزەوە، ئەو دنیایەی کە ناوبەناو لە گێڕانەوەکانیدا سووکە ئاماژەیەکیشان پێدەکا:

«..دواجار بازێکی دا و لە دەرگای حەوشەکەوە خۆی هەڵدایە ناو کۆڵان، کەوتیەوە دوای، خەونە یان راستی؟بەردەمی کەلاوە کۆنەکەتان ساکە دەشتێك بوو، دەشتێکی کاکی بە کاکی، هەر دەتوت هەر هەموو خانووەکانی گەڕەك بە فوویەك، بە سیحرێك چوونەتەوە ئاسمان،تا تۆ پتر غارت دەدا مامزەکەت دوورتر دەکەوتەوە...» ل ١٧١

«... کەوتنە بەر پێی سواران هەوری و هیزاری شەکرە ژنان، وەك لە خەونەکاندا روو دەدا خۆت دەنێو گێژەنی سوارەکان و تانجی یەکاندا بینییەوە.....» ل ١٨٤

«.... دواجار نیگای پڕ لە سۆز و خەم و عیشق و هەوەس و حەسرەتی تێبڕیت، لێوانی دەلەرزین و هۆن هۆن دەگریا، ئەوەیان دوانیگای ماڵئاوای بوو، ئەگەر خەون نەبێ مامزەکەی تۆزێ لەمەوبەر ببۆوە بە هەمین، خودایە هێز و توانا و بڕستم لێ مەبڕە....» ل ١٨٩

«... بێ ئەوەی کەس بتبینێ کەوتیتە نێو گۆلاوێك کە نیو بەژن قوڕ و لیتە بوو، ئەگەر خەون نەبێ بە بەرگی تەڕەوە، غەریقی سیان و قوڕ و لیتە خۆت کێل

PDF4Kurd



کردەوە، تەکانت دا تا لەو قوڕە دەربێی کەتێی چەقی بووی، چ قەدەرێکی ناشیرینە.. دیسانەوە لە هەمینێ ون بووی...» ل ١٩٠

«... گوێت لە هاواری خۆتە... هەمین... هەمین... لە ئاسمانەوە بەردەبیتەوە و ناکەویتە سەر زەوی، دەکەویتە ناو بیرێك بنی نیە، لە زیندە خەوێکی دیکەدا دەکەویتە ناو دەمی کراوەی ئەژدیهایەك، لە خەوێکی دیکەدا دەکەویتە سەر مارێکی پەپکە خواردوو لە بنی بیرەکەدا، تۆ وەئاگای یان خەواڵوو » ل ٢١٦

«... تۆ هەر چاوت بە دواوە بوو،تۆ بڵێی هەمین، چ مردوو... چ زیندوو، هۆ لەوێ بێ؟ لەوە دەچوو هەر هەمووی خەونێکی ناخۆش و ئەبەدی بووبێ... خەونێك کە تا هەنووکەش لێی وەئاگا نەهاتبیت، خەونێك لە خەونەکانی پیاوێکی پیر و شەقی ....» ل ٢١٧

یەکێك لەو هۆیانەی دەبێتە پاڵپشتی ئەو قسەیەی کە دەڵێ ئەم پاژە لە ڕۆمانەکەی شێرزاد سەر لە بەر گێڕانەوەی خەون و زیندەخەونەکانی بایزە ئەو کایانەن کە لەمەودای گێڕانەوەی ئەم پاژە لە ڕۆمانەکە بە کات دەکرێن. ئاشکرایە کات لە نێو خەوندا حاڵەتێکی سرك و ڕێژەیی و پچڕ پچڕ و نابەردەوام و تێکەڵ و پێکەڵ بەخۆوە دەگرێ، و ناکرێ بە دڵنیایی و بە ساکاری لە پاش و پێش و درەنگ و زوویی ئاگادار بیتەوە، بۆیە لە خەوندا سات و ڕۆژ و وەرزەکان لە ڕاستە هێڵی زەمان دەترازێن، و زۆرجار بە نەزم و سیستمێکی جیا لەو نەزم وسیستمە ئاسایی و عادەتییەی جیهانی واقیع دێن و دەڕۆن. شێرزاد حەسەن لەم تایبەتمەندییە سروشتییەی خەون دوو کەڵکی بۆ ڕۆمانەکەی دەستەبەر کردووە:

١ـ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای ئەوکایانەی بە کاتی کردوون خەون بوونی ئەم بەشە لە ڕۆمانەکەی سەلماندووە ٢ـ لە نێو دڵی ئەم خەونە و بەم بیانووەوە ڕەهەندێك بۆ ڕابردوو لێدەدا و هەندێ ڕووداوی ڕابردووی ژیانی بایز و هەمین بە شێوەیەکی دیکە سەر لە نوێ دەژێنێتەوە،

PDF4Kurd



وەك ڕووداوی هەڵگرتنی هەمین لە بەر گی ڕووداوی کارمامز ـ کیژەکاندا کە ڕووداوێکی سەر بە رابردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە یەك دوو نموونە لەو کایانە بکەم کە لە نێو دڵی ئەم خەونە دوور و درێژ و لە هەمان کاتدا پڕ لە ڕوودا و کارەسات و کێشەیەی بایزدا بە کات کراون. بۆ نمونە دەزانین ئەو کاتەی بایز شەوی لافاوەکە بە دوای هەمینێدا دەگەڕێ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ وەرزی زستانە، کەچی کاتێك خەونی راوە کارمامز ـ کیژەکان دەسپێدەکا، وەرز، وەرزی بەهارە:«... تاو تاویش بەترس و دڵەڕاوکێوە، ترسی پیاوێکی راوەدوونراو ئاوڕت لە کەلاوەکە دەدایەوە، خاپوور و وێران، لە دوورەوە وا دیار دەکەوت کە دار و پەردووی بە سەر یەکدیدا رمابێ، تاکە کەلاوەیەکی داڕووخاوی ئەو ساکە دەشتە کە جوانی سەد بەهار بشێوێنێ، دەشتێکی پڕ لە سەوزەگیا و گوڵاڵە سوورە و هەڵاڵە حاجیلە و بەیبوون و نێرگزە جاڕ، چ زوو زستان نەما و بەهار هات ...» ل ١٧١

پرسیاری«چ زوو»پیشاندەری خێرایی تێپەڕینی کاتە لە نێوجیهانی خەوندا کە بێگومان جیاوازە لەگەڵ خێرایی تێپەڕینی کات لە جیهانی واقیع دا.

دیمەنی راوی کارمامز ـ کیژەکان هەم زەمانی رابردووی تێدایە، هەمیش داهاتوو. زەمان لێرەدا سەر بە لایەنێکی تایبەتی زەمانی نیە، ئەویش بەو هۆیە سادەیەی کە خەون ملکەچی یاساکانی زەمان نیە، بۆیە دەبینین بۆ نموونە ئەم رستانە بەکاری رابردوو کۆتاییان پێدێ:

«... هاوار و قاو و غەزەبی باوك و برایان ئەسپەکانی خستبووە سەر حیلە وسمکۆڵان، لە دوورەوەش هەو هەوی سواران بە دەم بای غارەوە هەر دەهات، لە دە لاوە کوڕگەلی گوندی بە سەر ئەسپەکانەوە دەلەنگینەوە...» ل ١٧٤

کەچی هەر لەدرێژەی ئەم دیمەنە و لە بەشێکی دیکەی ئەم رووداوە دا رستەکان خاوەن کاری داهاتوون، هەر چەند لەمانادا دەکرێ دیسان ئاماژە بە رابردووش بکەن:

«... لە هەر چوار لاوە رێتان لێ دەگیرێ، ئابلووقەی پیاوە تووڕە و تووشەکان،...............دەست رێژێك و دوو... دەو... سی دەست رێژ... تۆ دەکوژن و ئەوسا دەبێ هەمین لە خۆی حەرام کا خواردن و خەوی نیوەشەوان... » ل ١٧٦

لەم نموونە سەرنجراکێشەی خوارەوەدا کاری رستەکان هەر لە نێو یەك کۆپلەشدا، لە باری رێزمانییەوە، خاوەن زەمانێکی یەکسان نین. بە وتەیەکی دیکە لێرەدا زەمان لە موتڵەق بوونی خۆی دادەماڵدرێ، و تەواو حاڵەتێکی رێژەیی و پچڕ پچڕ پەیدا دەکا، و تا رادەیەکی زۆر سەلمێنەری خەونبوونی ئەم بەشەیە:

«... تانجی یە رەشەکەی باپیر ئاغا، مل بە زەنگوڵی زیو، مێخەکبەند و حەمایلی هەمین بەکەڵبەکانی دادەپچڕێنێ. کەپووە قنجەکەی بە خەزێمەوە دەخوا هەر دوو پەڕەی ناسکی گوێی بە گوارەکانەوە قووت دەدات ... | **داهاتوو**

تانجی یەکان دیارن و خۆی بزرە، پیادە و سوار بە دزە دزە لێتان نی | **ئێستا**

دەکەوتنەوە، هەر هەموو براکانی هەمین دەیانویست هەتا زووە پارێزەکە بشکێ وبە گوللەیەك نێو چەوانت ئاگر دەن، تێپەڕینی ئەو هەزارەها رۆژ و مانگە و داخی تۆڵە پیری کردبوون،....» ل ١٧٧ | **رابردوو**

ئەوەی لەم نموونە تایبەتە دا بۆ من سەرنجڕاکێشە و هەوڵ دەدەم بە زمانێکی خـــــــوازەیی بە ئەنجامگیرییەکی گرینگ و گشتی بگەیەنم شێوە دەسپێکردن و کۆتایی پێهێنانی کاری رستەکانە. لەم کۆپلەیەدا وەکی دەبینین سەرەتا رووداوەکە بە کاری داهاتوو دەستپێکردووە، پاشـــــــان لە کاری ئێستاش کەڵك وەرگیراوە، کەچی دواجار پاشماوەی رووداوەکە بە کاری رابردوو درێژەی پێدەدرێ، بۆ وێنە ئەگەر

شوێن پێی ئەم رووداوە هەڵگرین دەبینین ئیتر تا کۆتایی رووداوەکە (**گێڕانەوەی پێدەشتی ئالامۆ زەنگی کۆترە کوژراوەکان**) بەردەوام لە بازنەی زەمان و کاری رابردوو دا دەخولێنەوە:

«... ئاغا عومرێك بوو تەنگەی زینی ئەسپەکەی شل نەکرد بۆوە، چ زەمانێکە باوك و براکانی ئەسپەکانیان لغاوە و جڵەویان وا بە دەستەوە، عومرێکە لەو راوە دەگەڕان، ئاغا تانجییەکانی دەنگ دا و هاواری کرد: قەستەم بە خودا بە زیندوێتی نەیگرن هەر هەمووتان تۆڕی دەکەم، ئەو سەگە و تووله و تانجییانە لە ترسی ئەو هەڕەشەیە باڵیان لێ رسکا، لە هیلاکی و مردەنی ئەو هەڵات هەڵاتە سەرت هەڵبری، رەوە رەوە رێشۆڵەت بینی کە لەوە دەچوو بەو سەرەتای بەهارە بچنەوەکوێستانێ ...» ل ١٨٦

بە بڕوای من لە نەست و ناخودئاگای ئەم کایە بەکات و ئەم تەکنیك و شێوە کەڵك وەرگرتنە لە زەمان و کاری رستەکاندا مانا و مەبەستێك شاردراوەتەوە. سەرلەبەری ئەو رووداو و کارەساتانەی کە لە نێو خەونی بایزدا دەقەومێن، لە رێگای ئەم تەکنیکە گێڕانەوەییەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆحی واقیع ـ یان بە بەر دادەکرێ، و بە زمانێکیتر دەکرێ بڵێین دەبنە واقیعی نێو خەون، دەبنە«ریالیزمی خەون». کاتێك کاری ئەو رستانەی کە رووداوەکانی نێو خەونی بایز دەگێڕنەوە لە سەر زەمانی رابردوو دەگێرسێنەوە، وەك ئەوە وایە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، ئاماژە بەکۆمەڵێك بەسەرهات بکەن کە لە رابردوودا روویانداوە، واتە ئەوەی پەنجە بخەنە سەر دیاردەیەکی واقیع. لێرە دایە کە خەونی بایزیش خۆی دەبێتە بەشێکی دیکە لە سەرلەبەری ئەو واقیعانەی کە چارەنووسی ژیانی ئەویان دیاری کردووە. راستە شێت بوونی بایز درێژەی خەونی راوی کارمامز ـ کێژەکان و فڕینی بایز و هەمینە لەگەڵ ریشۆڵەکان، و هەر بەم هۆیەش ناتوانین بڵێین بایز لە جیهانی واقیعدا شێت دەبێ، بەڵام

PDF4Kurd



ئەم تەکنیـــــــــکە فێڵاوییە کە بەردەوام ڕستەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ زەمانی ڕابردوو، وامان لێدەکا کارەساتی شێت بوونی بایز بە دوا واقیعی ژیانی بایز بزانین، ئەگەرچی ئەم دوا واقیعە نەك لە جیهانی واقیع خۆی، بەڵکو لە جیهانی خەونی بایزدا ڕوویدا. بێگومان ئەو پرسیارەی بایز بەردەوام ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە:«ئایا ئەمە خەوە یان واقیع؟»ڕووبەڕووی خوێنەریش دەبێتەوە. دیارە بە لە بەر چاو گرتنی سەرتاپای پێکهاتەو ساختاری ڕۆمانەکە جوابدانەوەی ئەم پرسیارە ئەستەم دەنوێنێ، هەر چەند شێرزادیش هیچ کات ڕاشکاوانە هەوڵی ئەوەی نەداوە تای تەرازووی وەڵامی ئەم پرسیارە بە لایەکی تایبەتدا بخات. بە وتەیەکی دیکە هەوڵدان بۆ سەلماندنی واقیع بوونی خەونەکانی بایز یان خەونبوونی واقیعەکانی ژیانی بایز ماندوو بوونێکی لە خۆڕاییە، ئەوەندە نەبێ دەتوانین بڵێین خەونەکانی بایز دەبنە واقیع، بەڵام واقیعێکی تایبەت و خۆ بژیوی نێو دەقی ڕۆمانەکە خۆی، نەك ئەو واقیعە عادەتییەی دەرەوەی دەق و جیهانی بەرهەست و ئاسایی ئێمە، یا خود ئەگەر واقیعەکانی ژیانی بایز هەمو هەر خەونن، ئەو خەونە خەسڵەتێکی تەواو ناو دەقی«پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»ی هەیە. هەر چۆنێك بێت هەوڵی شێرزاد ئەوەیە ـ وەك پێشتریش گوتمان ـ سنوورەکانی جیهانی واقیع و خەون تێکەڵ بکات و لەم ڕێگایەوە ڕۆحێکی فانتازیایی بە سەرلەبەری ڕۆمانەکەدا بکات. بۆ نموونە وێدەچێ ئێمە دەبێ گەڕانی بایز بە دوای هەمین لە شەوی لافاوەکەدا بە ڕووداوێکی واقیعی لە قەڵەم بدەین کەبەر لە گەڕانەوەی بایز بۆ ماڵە خۆی، و ئەو خەونە دوور و درێژەی باسمان کرد ڕوودەدا، کەچی دواجار گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پاشەکشێ بەم بۆچوونەمان دەکا، تەنانەت

PDF4Kurd



وامان لێدەکا گومان لە واقیع بوونی سەرلەبەری ژیان و جیهانی خۆێشمان بکەین: «....تۆ بڵێی کارەساتی گەورەی ئەمشەو، ونبوونی هەمین و ئەو تۆفان و باوبۆرانەی ئەو هەموو هەرا و ماڵ کاولی‌یە، هەر هەمووی خەونێکی ناخۆش نەبێ؟ چش لەوەی منی پساند ... بەس...لێی وەئاگا بێم و درۆ بێ، کت و پڕ وابێ هەمین لە ناو پێخەفێکی گەرم و نەرمدا لە تەك خۆمدا ببینم و لە تاوان باوەشی پێدابکەم و بەسەریدا بگریم، بڵێم ئۆخەی کە خەون بووە چەندەها جار هەر دووکتان بە دەم خەوەوە وڕێنەتان کردووەو ... پڕ بە کەلاوەکە لە ترسا هاوارتان کردووە، خەونی ناخۆشتان دیووە، کت و پڕ تۆ هەمینت بێدار کردۆتەوە، یان ئەو رایتەکاندووی، شەیتانت بە نەفرەت کردووە، ئەوەیان پیشەی سەدەها شەوتان بووە، کەسیشتان لەوی دیکە زویر و دڕدۆنگ نەدەبوو، ئای کە ژیان خۆی دەبێ بە مۆتەکە و خەونێکی ناخۆش و نەبڕاوە، خەونێك کەتیایدا هەزاران جار بکوژرێیت، بمریت، بخنکێیت، بسووتێیت، لە خوێندا بگەوزیت و .. کەچی هەموو جارێك بۆ هەمان مەرگ و خوێن وکوشتن زیندوو بیتەوە،هەر لەو رۆژەوەی بە جووتە هەڵەتە بوون ژیان بوو بە خەونێکی پڕ لە ترس و بیم و دڵەراوکێ....» ل ١٥٧

هەڵبەت دەکرێ لە سووچێکی دیکەشەوە لەم کێشەیە بڕوانین و لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە. وەك دەزانین لە نێو خەونەکانی بایز دا سێ رووداوی سەرەکی روو دەدەن:١- راوی کارمامز ـ کیژەکان ٢- فڕینی بایز و هەمین لەگەڵ ریشۆڵەکان ٣- شێت بوونی بایز و راوە دوونانی لەگەڵ سەگە بەرەڵلاکان. دیارە رووداوی یەکـــــەم و دووهـــــــــەم بە تەواوی هەڵگری تایبەتمەندی فانتازیایین، بە جۆرێك کە ناتوانین حاشا لەخەون بوونی ئەم رووداوانە بکەین، کەچی رووداوی سێهەم کە دیارە لە درێژەی خەونەکەو بە دوای رووداوەکانی یەکەم و دووهەمدا (اپەڕەی ١٦٤ تا ١٩٠) دێت، هەڵگری بچووکترین خەسڵەتی فانتازیایی نیە. بە وتەیەکی روونتر راستە بەسەرهاتی شێت بوونی بایزیش وەك رووداوەکانی یەکەم و دووهەم بەشێکە لە

PDF4Kurd



خەونەکەی بایز و بەم پێیە ناشێ حسێبی واقیعی بۆ بکرێ، بەڵام لەو سەرەوە کە ئەم رووداوە نەك هەر هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ راوی کارمامز ـ کیژەکان، یان فڕینی بایز و هەمین لەگەڵ ریشۆڵەکاندا نیە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە لە تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە رۆحی ئەم رووداوە بە خەون و خەیاڵ و فانتازیا نیشان بدەن بێ بەرییە، بۆیە خوێنەر ناتوانێ بە راشکاوی و دڵنیایی دان بە واقیع بوونی شێتێتی بایز دابنێ. پرسیاری گەورە هێشتاش هەر وا بێ وەڵامە:« ئایا ئەمە خەوە یان واقیع؟»

( ٨ )

ئەگەر ئەم قسەیەی گۆر ویدال کە دەڵێ:«ژیانی مرۆڤـ بریتییە لە کۆمەڵێك رووداو، کە تەنانەت دوایین رووداوەکانی ئەم ژیانەش دەتوانن مانای هەمووشتێك بگۆڕن.[٢١]» لە ئاست ژیانی مرۆڤـ بگوازمەوە بۆ ئاستی ژیانی رۆمان، نالێم «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» یەکێك لە دوایین رووداوەکانی ژیانی رۆمانی کوردییە کە دەتوانێ مانای هەموو شتێك بگۆڕێ، بەڵام دەڵێم ئەم رۆمانە یەکێك لە هەرە گرینگترین رووداوەکانی ژیانی رۆمانی کوردییە کە دەتوانێ مانای زۆر شت بگۆڕێ، ئەو شتە زۆرانەی کە من لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم دا کەمێکیان لە سەر بنووسم.

خاکەلێوە تا جۆزەردانی ١٣٨١

ئاوریل تا ژۆلای ٢٠٠٢

PDF4Kurd

## سەرچاوە و پەراوێز:

[١]- هنر رمان، میلان کوندرا، ترجمة پرویز همایونپور، ١٣٧٧
[٢]_جنبه هاي رمان، اي.ام. فورستر، ترجمة ابراهيم يونسي
[٣]_ياد داشتي دربارة زمان و روايت، مرداد فرهاد پور، ارغنون، شمارة ٩، ١٠، ١٣٧٥، ص ٢٨ و ٢٩
٤ _ نظريه رمان، مقاله طلوع رمان، ايان وات، ترجمة حسين پاينده، ١٣٧٤
٥_ هنر رمان، ميلان كوندرا،...
[٦]- هەمان سەرچاوە
[٧]- هـ. س
[٨]_ هـ. س
[٩]_ هـ. س
[١٠]جامعه‌شناسي رمان، جورج لوكاچ، ترجمه شهيد محمد جعفر پوينده، نشر نسل قلم، ١٣٧٥، ص ٢٠
[١١]_ هنر رمان، ميلان كوندرا،....
[١٢]_ هـ ..س
[١٣]_ هـ. . س
[١٤]_ نظريه رمان، مقاله رئاليسم و رمان معا صر، جان هلپرين، ترجمه حسين پاينده، ١٣٧٤، ص٧٣_٧٤
[١٥]_ هنر رمان، ميلان كوندرا،
[١٦]- ئەم راستییە حاشا هەڵناگریٚ زۆرینەی ئەو بابەتانەی تا ئێستا لە سەر رۆمانی کوردی نووسراون/بە تایبەتی لە سەر ئەم رۆمانەی شێرزاد/ خاون دیدێکی ماناناسانە و کۆمەڵناسانە و مەعریفە ناسانە و... بوون، و کەمتر هەڵکەوتووە بە بوتیقای رۆمانەوە خەریك بن. دیارە دەسکەوتی ئەم جۆرە هەڵویٚستەش دەتوانیٚ نووسینی ئەو جۆرە وتارانە بیٚ کە بۆ نموونە شێرزاد حەسەن بەوە شەرمەزار دەکەن ژن وەك ئامرازێکی سێکسی رووت چاو لێدەکا، لە حاڵێکدا لە کەمتر چیرۆك و رۆمانێکی شێرزاددا دەبیندریٚ باسکردن لە کێشەی سێکسی ژن باسکردن لەو زوڵم و زۆرانە نەبیٚ کە لە ژن و مافی ژن کراوە، ئەویش نەك لە سەر دەستی هەندیٚ دروشمی زەق، بەڵکو لە چوارچێوەی داستانییەتی کارەکانیدا.
[١٧]_بررسي تطبيقي«خشم و هياهو» و شازدة احتجاب»، صالح حسيني، نشر نيلوفر، ١٣٧٢، ص ٨
[١٨]_ هـ ..س ص ٨
[١٩]_ هـ .س ص ٨_٩

PDF4Kurd



[٢٠] لێرەدایە دیسان دەبێ بڵێم زۆربەی ئەو نووسینانەی تائێستا لە سەر رۆمانی کوردی نووسراون کەڵکەڵەی باسکردن لە ئەدەبییەتی رۆمانیان نەبووە ئەوەندەی خەمی سەلماندنی چاك یان خراپ، رەسەن یان نارەسەن، دزراو یان نەدزراو، گەشبین یان رەشبین بوونی رۆمانیان بەکۆڵ داداوە

[٢١] - مجله ادبي ، فرهنگي كارنامه، شماره٢٤، ١٣٨٠، ص ٣٨

PDF4Kurd

# دەســـــەڵاتی زمان

# لە کـۆماری

# کـــــورتە شیعــردا

«نالی» نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قـــــووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا

«شیعر کارکردی جوانیناسانەی زمانە» یان «هێرشێکی گەڵاڵەدارو وشیارە بۆ سەر زمانی رۆژانە» ▶ ئەوە قسەی رۆمن یاکوبسن، زمانناس و نووسەری رووسی (١٨٩٦ ـ ١٩٨٦) بوو ئەو کاتەی لە دەلاقەی زمانەوە، دەیڕوانییە دنیای شیعر. یاکوبسن دەڵێ: دەق دوو دەسەن:

دەستەی یەکەم پەیام و مانایەکی تایبەت لە رێگای زمانێکی ساکار و بێگرێ و گۆڵەوە دەردەبڕن. بۆ خوێندنەوەی ئەو جۆرە دەقانە پێویست ناکا چاوی سەرنجمان بڕینە زمانەکەی. لەم جۆرە دەقانەدا، زمان وەك ئاوێکی زولاڵ وایە، ئەوەی لە بنیدا بێ دەبینرێ، بەوتەیەکیتر زمان لەم چەشنە دەقانەدا «تێدادەچێ» ئەوەی مەبەستە، مانای دەقەو بەس، زمان چ نییە جگە لە کەرەسەیەك بۆ تێگەیاندن وتێگەیشتنی پەیامی دەق. دەقی زانستی دەکەوێتە ریزی ئەم دەستەیەوە. رۆلان بارت ئەم زمانەی بە«پەخشانی زانستی» ناودێر کردووە. لە دەستەی دووەمدا پەیام وابەستەی شێوەی دەربڕینە. لەم دەستەیەدا پێچ و پەناو راز و رەمزی زمان بەلایەنی باشی دەق دێتە ئەژمار.ئەم دەقانە زمانێکی زیندوویان هەیە، زمانێك کە دنەمان دەدا تێی بفکرین و لێی وردبینەوە. ئەم زمانە جار و بارە نائاسایی و ئەستەم دەنوێنێ، لەوانەشە بڵێین لەمپەرێکە لەسەر رێگای تێگەیشتن، بەڵام ئەوەی راستی بێ لەم دەستەیەدا، زمان بۆ گەڵاڵە داڕشتن و تێگەیشتنی مانای بێ ئەژماری دەق رێ خۆشدەکا. لە دەقی دەستەی یەکەمدا توانا و دەسەڵاتی خوێنەر، بۆ خوڵقاندنی مانای تازە کوێر دەبێتەوە، ئەوەندە نەبێ ئەگەر زانست و زانیاریی خۆی وەگەڕ بخا، لە ماناو مەبەستی دەق دەگا، کەچی لە دەقی دەستەی دووەمدا، خوێنەر خۆی دەبێ لە رێگای بیرکردنەوەو خورد بوونەوە لە پێچ و پەناکانی زمان

PDF4Kurd

مانای دەق بخوڵقێنێ، وەك چۆن یاكوبسن دەڵێ:«مانای رستەی ئەدەبی لە شێوەی دەربڕینیدا كۆدەبێتەوە».

زمانی پراكتیك ـ ئەو زمانەی بۆ مەبەستی پێوەندی گرتن بەكاری دێنن ـ زمانێكی رۆژانەیە. لەم زمانەدا دەنگ و وشەو رستە، خۆیان خاوەن بەهاو بایەخێكی ئەوتۆنین، ئەوەندە نەبێ ئامرازێكن لە خزمەت پێوەندی گرتندا، بەڵام سیستمی زمانێكی تریش بەدی دەكرێ كە لەودا مەبەستی پراكتیك زۆر لەبەر چاو ناگیرێ ـ هەر چەند تەواو لە بیریش ناكرێ ـ و ئەوەی گرینگە دەربڕینی زمانناسییانەی ئەو سیستمەیە. بە بڕوای یاكوبینسكی، شیعر باشترین نموونەی ئەم « سیستمی زمانێكیتر»ەیە.یاكوبینسكی، ساڵی (١٩١٩) رایگەیاند، زمانی پراكتیك هۆی بوونی خۆی لە دەرەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، واتە لە بەستێنی ئەندێشە یان لەكاتی پێوەندی گرتنی مرۆڤەكاندا، بەڵام زمانی شیعر، بوونی خۆی لەهەناوی خۆیدایە ▶. هەر بۆیە ژان پۆل سارتر ـ یش لە كتێبی «ئەدەب چییە»دا دەبێژێ: «شیعر واژە وەك پەخشان بەكارناهێنێ. تەنانەت دەبێ بوترێ هەر بەكاری نابا واتە لە واژە«كەڵك» وەرناگرێ، دەبێ بڵێم كەڵكیان پێدەگەیەنێ، شاعیر نایانەوێ زمان وەك ئامراز بەكار بێنن.. بە دووی ئەوەدا نین جیهان ناودێر بكەن.» ▶

شێوازی یاكوبسن، كاتێك لە دەلاقەی زمانەوە دەڕوانێتە دنیای شیعر، هەرگیز حاشا لە مانا و مەبەستی دەقی شیعری ناكا. یاكوبسن دەیوت بۆ پێزانین و لێزانینی مانای دەق، دەبێ لە زمانی شیعرەوە دەست پێبكەین نەك بە پێچەوانەكەی، ▶ هەر بۆیە دەیگوت:«لایەنی شاعیرانەی دەق لەوە دایە كەواژە هەر وەك واژە بەكاربهێنرێ، نەك جێشینێكی سادە

بۆ شتێك، یان دەربڕینی هەستێك». موریس بلانشۆ، وەك بڵێی پشتیوانی لە بۆچوونی یاکوبسن بکا، دەڵێ:« بەرهەمی شاعیرانە دەلالەتێکی مانایی تاقانەی هەیە و بونیادەکەی لێکالاناکرێتەوە.. یەکەمین تایبەتمەندیی دەلالەتی مانایی شیعر ئەوەیە کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێك لەو زمانەی کەپێی نووسراوە، قبووڵ ناکا. لە زمانی ناشاعیرانەدا، هەر ڕێك بە پێچەوانەوە، شیعر هەر لەو چوارچێوەیەی کە تێیدا نووسراوە بوونی هەیە مانای شیعر تەنیا لە چوارچێوەی شێوەی دەربڕینی شیعردا بوونی هەیە. هەر کە بیچم و ڕواڵەتی ئەم شێوە دەربڕینە بگۆڕدرێ، ماناش تێدادەچێ و ئاسەواری نامێنێ. ئەو شتەی مانا بە شیعر دەدا ڕاست و ڕێك لەگەڵ ئەو زمانەدا کە شیعر هەیەتی تاق و جووتن» ▶ ئالێرەدا دەردەکەوێ، بۆچی زمانی شیعر بەتەواوی بۆ وەرگێڕان ناشێ، چونکی بەقسەی یاکوبسن: لەوەرگێڕانی شیعردا، ئەو تەئویلەی وەرگێڕ لە وشەی دەکا تەرجەمە دەکرێتەوە نەك خودی وشەکە.» زمانی شیعر بەکاری خولقاندنی ماناگەلی چەند لایەنە دێت و گواستنەوەی گشت ئەم مانایانەش لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بۆ زمان یان شێوە دەربڕینێکی نوێ ناگونجێ.

کەواتە شاعیر لە ڕێگای شیعر نووسینەوە بەردەوام هەلی نوێبوونەوە بۆ زمان دەڕەخسێنێ و لەم ڕێگایەشەوە مانای سواو و کۆن و ڕزیوی واژە فڕێ دەدا و ڕۆحێکی مانایی تورت و تازە بە بەر واژە و دەستەواژە و بەگشتی زماندا دەکات. لیڤی شتراوس دەڵێ:

«شاعیر مەیدان و مەودایەکی تازە بۆ ڕاڤەی زمانی پێکدێنێ... وەك بڵێی شیعر بەردەوام لە نێوان ئەم دوو یاسا دژوازەدا دێت و دەچێ: پرۆسەی ئاوێتەکردنی زمانی و پرۆسەی لێکالاکردنەوەی مانایی» ▶

PDF4Kurd

لێرەدایە قسەی یاکوبسن وەدی دێ، وەختێکی دەڵێ:«بەراستی شاعیر خولقێنەری ئەو پەڕی زمانە(Meta language)».باشە شاعیر چۆن دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بوترێ خولقێنەری ئەوپەڕی زمان؟! بێشك ئەوشتەی لە شیعردا پیرۆزە، مانا و مەبەستی پیرۆز نییە، بەلکوو شێوەی دەربڕینی هەر چەشنە مانایەکە. شیعر بەیاننامەی مافی مرۆڤ نییە بەچەند رستەی ئاخنراو لەو وشانەی ئازادیخواز و عەداڵەت نوێن بن دەست پێبکا و بە چەند داوای رەوای ئینسانیش کۆتایی پێبێ. ئەگەر لە دەروازەی زمانەوە سەر بە ژووری شیعردا نەکەین، بەسەر بیابانێکی کاکی بەکاکیی قسەی نەستەق و پەیامی زەقدا دەکەوین.مالارمێ وتەنی:«ئەوە زمانە دەدوێ نەك نووسەر... نووسین گەیشتن بەو شوێنەیە زمان هەڵسوکەوتی هەبێ نەك من.» ▶ بە وتەیەکیتر واژەو رستەو مانای دەقی شیعری، جیاوازە لەگەڵ ئەو واژە و رستە و مانایەی کە لە قسەیەکی ئاساییدا دەبیستڕێ یان لە نووسراوی هەواڵنێرێکدا دەبینرێ، چونکە زمانی دەربڕینی ئەم دوو جۆر دواندنە لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێ: یەکەمینیان زەینێکی دوور لە جیهانی واقیع و تژی لەهەست و خەیاڵ، دووەمیان عەقڵێکی واقیع خوازی نێو جەرگەی جیهانی ماك(مادە). زمانی شیعر بەر لەوەی هەگبەی هێندێك هەواڵ و مانا و مەبەست بێ،دەرفەتی خۆنواندنی لایەنی جوانیناسانەی ئاخاوتنە. شیعر ئەگەر بشیهەوێ لە باری مانایی و فەلسەفییەوە شوێندانەر بێ دەشێ پەنا بۆ زمان ببا و بە شاباڵی شێوەی دەربڕین بەرەو نیشتمانی ئەندێشە باڵ بگرێ.

ئێمە ئەگەر (مەحوی) بە زەریای بیری عیرفانی و خێوی ئەندێشەی ئینسانی و دەسەڵاتداری شیعری رێبازی سۆفیگەری دەزانین، بێ گومان

PDF4Kurd



ئەوە زمانی شیعری(مەحوی) بووە دڵنیای کردووین کەوا باوەڕمان بەم بۆچوونە هەبێ. (مەحوی) بە مانا یاکوبسێنێکەی خۆلقێنەری ئەوپەڕی زمانە، زمانێك کە جیهانی عیرفان بە شێوەیەکی نوێ، بۆ خوێنەر، پێناسە دەکا و لە هەمان کاتدا خوێنەر خۆشی لە رێگای ئەم جیهانەوە زمان بە روانینێکی تازەوە تاقی دەکاتەوە:

چلۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونصووری ئاوە
مـەحاڵە من کە بچمـە دڵیەوە دڵ کیشوەری بـــــەردە

شیعر لە دوو رێگاوە شوێن لە سەر هەستی خوێنەر دادەنێ: یەکەم راستەو خۆ واتە لە رێگای مۆسیقا و ریتمی واژەو رستەکانەوە، دووەم ناڕاستەوخۆ، لەڕێی وێنەگەلی خەیاڵی و ئیماژیکەوە، وەك خەیاڵی بینایی کە باوترین جۆری وێنەگەلی خەیاڵی شیعرن. ئێمە دەزانین هەر واژەیەك سێ پاژی هەیە: (١) دەنگ (٢) مانای قاموسی - فەرهەنگی(denotation) (٣)مانای زیمنی یان دەقی (Connotation). دەنگی واژە هەڵگری باری مۆسیقایی و ریتمیکی شیعرە کە لەکاتی خوێندنەوەدا دەتوانێ جۆرە تام و چێژێکی تایبەت بدا بەفەزا و مانای گشتیی شیعرەکە. مانای فەرهەنگی هەر ئەو مانا و واتایەیە کە لە فەرهەنگی وشەدا بۆیان نووسیوەو لە قسەو باسی رۆژانەشدا هەر ئەویان مەبەستە. بەڵام مانای دەقی (زیمنی) کە دەلالەتی چەمکی - شی پێدەڵێن، ئەو واتاو مانایانە دەگرێتەوە کە واژە دەیگەیەنێ ،واتە شتێك پتر لەوەی بە رواڵەت لە بەرچاوە. دەسەڵاتی شاعیر لەم رێگایەوە دەتوانێ، مانای زیاتر بۆ واژە بەرهەم بێنێ بۆ نموونە:

PDF4Kurd

**لە کن پشکووتنی غونچەی دەمی، وەك گوڵ، سەراسەر گوێم**

**گوڵـــــی روخســـاری دەرخا، نیرگس ئاسا، سەربەسەر چاوم**

**(مەحوی)**

لەم بەیتەدا دەنگی ئەم واژانە: سەرانسەر، روخسار، نێرگس ئاسا، سەربەسەر، جۆرە مۆسیقایەکی نەرم و نیان دەخولقێنن کە مانای ئەویندارانەو چەمکی عاتیفیی ئەو شیعرەیان پتر کردووە. لە لایەکی ترەوە دەبینین «گوڵ» لە دێری یەکەمدا دەکرێ هەمان مانای قامووسی خۆی هەبێ، کەچی گوڵی دێڕی دووەم مانایەکی دەقی هەیە و لە مانای فەرهەنگیی وشەکە دوور کەوتۆتەوە

**لە شیرینی ئەتۆ، ئەی خوسرەوی تەختی زەمین،رەنـگە**

**بگاتـــە ئاسمـــانـــی بێستـــوون فـەرهـادی هـــاوارم**

**(نالی)**

لەم بەیتەدا شاعیر خۆی فەرهاد نییە، بەڵکو ئەوە هاواری شاعیرە بووەتە فەرهاد و بە بێستووندا هەڵدەزنێ و رووەو ئاسمان دەڕوا. بە بڕوای من لێرەدا (نالی) دوو واژەی فەرهاد و هاوار-ی بە شێوەیەکی زۆر نوێ، لە زمانی شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەکارهێناوە. ئێمە چێژ لە شیعری(نالی) وەردەگرین، چونکی لەکاتی خوێندنەوەیاندا بە ئەزموونێکی تازە دەگەین، ئەزموونێکی تازە لە قەلەمڕەوی زمان و دوابەدوای ئەو، لە قەلەمڕەوی مانادا، هەربۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر بڵێین ئەو شیعرەی لە بۆتەی زمانێکی شیعریدا نەتوابێتەوە ناتوانێ سنووری مانای کۆن و واتای سواو ببەزێنێ و بەکورتی جیهانێکی نوێی شیعری بەرهەم بێنێ.

PDF4Kurd



## كورتە شیعر و زمان

كورتە شیعر لەو سەرەوە كە جۆرە شیعرێكی كورتە، مەودایەكی بەرتەسكی بۆ نواندنی توانایی تاقیكردنەوەی زمانیی شاعیر هەیە. كورتە شیعر، ناخوازێ بە درێژی و بەوردی لە جیهان و مرۆڤـ بدوێ، بەڵكو دەیەوێ مرۆڤـ و جیهان بە كورتی و بەگشتی راڤەی خۆیان بكەن و بۆ خوێنەر بدوێن. كورتە شیعر وێنەو ئیماژێكە لەو شتانەی دەورەیان داوین و ئەمانەوێ بیانبینین و بیانبینینەوە. كورتە شیعر زیاتر لەوەی بابەتی لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی شتێك بێ، دەرفەتی دیتن و دۆزینەوەی ئەو شتەیە:« لەچركەساتە دەگمەنەكانی ژیان و مەرگدا ئێمە هەر هاوار دەكەین، لە شت ناكۆڵینەوە» ▶. كەواتە راستە شاعیر لە كورتە شیعردا برووسكەئاسا دەنووسێ، بەلام ئەم نووسینەی لە سەر چاوەیەكەوە هەڵدەقوڵێ كە دەكرێ ناوی بنێین: هەست و نەستی شاعیر، واتە شاعیر هەر بە چەند واژەی كەم قۆناغێك لەمێژووی فیكر و فەلسەفەی شاعیرانەی خۆی دەنووسێتەوە، و بەمجۆرە ئەو شتەی لەماوەیەكی درێژدا پێی گەیشتووە لە مەودایەكی كورتدا دەریدەبڕێ. جار هەر بۆیە لە كورتە شیعردا شاعیر پتر لەوەی لە جیهانی میتافیزیك بدوێ، زۆرتر باسی شتە راستەقینەكانی دنیای دەوروبەر دەكا.

*　　　*　　　*

بە بڕوای من لە كورتە شیعردا واژەبە راستگۆیانەترین شێوە لە ماناكانی هەناوی خوی دەدوێ. هەر بەو رێژەیەش زمانی كورتە شیعر زمانێكی پاڵێوراو و رەسەن وبێخەوشە. چونكە لە كورتە شیعردا ئەوەی

PDF4Kurd

زەین دەیدۆزێتەوە، زمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەری دەگرێ، واتە بابڵێین زمان لە سەر چاوەی سەرەکی و راستەوخۆی یەکەمی بابەت و (مەکشووف)ەکانی زەینەوە پاراو دەبێ. بە واتایەکی‌تر ئەو موچڕکەیەی بە زەیندا هاتووە و لەو رێگایەوە زەین لە شتێك گەیشتووە و ئەوشتە بووەتە بابەت وهەوێن و دەسمایە و بە گشتی زانیاریی شیعریی زەین، هەر ئەو موچڕکەیە بە زمانیش دادێ و ئەو زانیارییە شیعرییە دەگەیەنێتە دەڤەری واژەو رستەو دێری شیعری. لە کورتە شیعری زۆر سەرکەوتوودا تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەم دوو قۆناغە بە رواڵەت جیاوازە، تەواو تێکەڵ بەیەك دەبن، واتە شاعیر هەر لەو چرکەساتەی کە لە زەینی‌دا شتێك کەشف دەکا و بە شتێك دەگا، زمانی شیعریشی دەکەوێتە گەڕ و واژەکان بەدوای یەکدا ریز دەکا زەین و زمان دەبن بەیەك. ئەوەندەی ئەو شتەی زەین تێی گەیشتووە واژەیە، ئەوەندەش ئەوشتەی زمان دەریدەبڕێ بابەتە. لێرەدایە شاعیر ناتوانێ ئەو شتەی کە لە دەرەوەی زەینیەتی خۆیدایە ئاوێتەی شیعرەکەی بکا، وەك دەڵێین زمان بڕووشێنێ و دەستکردانە دایبڕێژێ. واتە ئەوەی لە کورتە شیعردا هەیە خۆکردە، خۆکرد بەواتای ئەوەی شاعیر شیعر دانانێ، شیعر خۆی لە هەناوی شاعیردا دەخولقێ، شیعر خوی دەزێ، خۆی هەڵدەدا و خۆی باڵا دەکا، بەڵام هەمووی لە زەینی شاعیردا. ئەوەندە نەبێ شاعیر رێگای پێدەدرێ رەوتی لە دایکبوونی شیعری ناو زەینی بنووسێتەوەو بە واژە بینوێنێ.«بیژەن جەلالی» کورتە شیعر نووسی بەناو بانگی هاوچەرخی فارس، لەکورتە شیعرێکی‌دا دەبێژێ ◀:

دەترسم لەکۆتایی شیعر،

ئەو کاتەی دەستم

پیتی یەکەم

دەنووسێ

ئەو شاعیرەی بەرلەوەی تەنانەت دێڕی یەکەمی نووسیبێ، دەزانێ دەبێ دوایین دێڕی شیعرەکەی چۆن بێ و چ واژەگەلێکی بۆ تەرخانکا و لە سەر کام کێش و هەوا بیهۆنێتەوە، ئەوە رێك وەك ئەو هەواڵنێرە وایە بەر لەوەی بیەوێ هەواڵەکەی بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە دەزانێ راپۆرتەکەی لە کوێوە دەست پێدەکا و چۆن کۆتایی پێدێت. کەواتە لە دوای نووسینی، بە شتێکی تازە و نەزانراو نازانێ، چۆنکە پێش و پاش نووسینی هەواڵەکە هیچ شتێك نەگۆڕدراوە. هەواڵنێر شت کەشف ناکا، ئەوەی دەیزانێ دەینووسێ، بەڵام شاعیر دوابەدوای یان هەر لە چرکەساتی نووسینی شیعردا، ئەوەی نایزانێ ـ زانین بەو واتا تایبەتییەی خۆی لە دنیای شیعردا ـ دەینووسێ، ئەوەی لەوەوپێشیش نەیدیتووە دەیخوڵقێنێ:

کەس لە شیعر ناگا
بەپێی پەتی دێ و
ئەو کاتەی ئەگەڕێتەوە
هێشتا قاقەزی سپی
چاوەڕوانێتی

شیعر داسەپان قبووڵ ناکا، یان با بڵێین ئەو شیعرەی شتێکی جگە لە ناوەوەی خۆی بەسەردا بسەپێنرێ گەوهەری شیعر بوونی خوی دەدۆڕێنێ. شیعر منداڵی(خولْقاوی ) ناو زگی(مێشکی) دایکە(شاعیرە)، خۆی کاتی خۆی لە دایك دەبێ، ئەگەر تۆ پەلەی ئەوەت هەیە زووتر لەوەختی خۆی ژیانی پێببەخشی بۆ ئەوەی پەیامێکی پیرۆزی بە گوێدا بچرپێنی، ناجوامێرانە دەیکوژی. شیعری گەورە ئەو شیعرەیە تەنیا بە پێی پێداویستی لە دایكبوون و زەوورەتی زیندە بوون بنووسرێ، ئەو شیعرەی

PDF4Kurd

به بۆنەی بۆنەیەکی دەرەوەی بوونی شیعر بنووسرێ پەیکەرێکی دەستکردی بێ رۆحە کە نە تاقەتی دواندنی رۆحی مرۆڤی هەیە و نە توانای درکاندنی رازی جیهان.. نەك بە زۆر لە دایکیان بووندبێ. شیعر خۆرە، خۆی هەڵدێ، خۆشی ئاوا دەبێ:

کاری شیعر
نە ئاکامی بۆ هەیە
نەسەرەتا
شاعیر ئەو باخەوانەیە
چەپکێ گوڵ دەچنێ
بێ ئەوەی بزانێ
دەیداتە دەست کێ
یان دەیخاتە بەر پێی کێ.

بەڵام داخۆ دەبێ دەوری شاعیر لە رەوتی نووسینی شیعردا چیبێ ؟

لە چرکەساتی خولْقاندن و کەشف و نووسینەوەدا شاعیریش خوی گشت هەست و نەستی ئاوێتەی زەین و زمانی شیعرەکە دەکا، واتە شاعیر دەبێتە ناوەندی کۆبوونەوەی ئەو ماکانەی کە بۆ خولْقان و ئەفراندنی شیعر پێویستن. من شیعر هەمیشە بەو بەفرە دەشوبهێنم کە ویلیام بلێیك دلْداری خۆی پێ دەشوبهێنێ و دەبێژێ: ►►

لە ئێوارە بەفرییەکی رێبەندانا
بۆ کایەو شەرِە تۆپەڵ وەدەرکەوتم.
کە کیژی بەفرم دی وتم:
ئەرێ بۆچ نایێتە کایەوە.
پەنجە زێرِینەکانی بەفری نازەنین
بە گەرمای کایە و هەڵاتن توایەوە

## دەسەڵاتی زمان لە کۆماری کورتە شیعردا

رسلتان وتی: ئەوەش کارەساتی گەورە

/ئەی نابەکار ئێستا بگری بەلایەوە/

شاعیر نابێ لەدەرەوەی بازنەی رەوتی نووسین سەیری شیعر بکا.چونکی ئەو کات شیعر بە دیاردەیەکی جیاواز لەزەین و زمانی خۆی دەزانێ. ئەگەر بڕیارە ئاڵوگۆڕێك لە شیعردا بەدیبێ، دەبێ هەر لە شیعرەکە خۆی کەم کرێتەوە و بە خۆیشی زیاد بکرێ:

هەر شیعرێ
لەتێکە لە رۆحی من و
من بە (هۆنینی هەرشیعرێ
ماڵاوا لە رۆحم دەکەم

کەواتە شاعیر خۆی لە کاتی نووسینی شیعردا، زەین و ئەندیشە و هەست و رستە و پیت و دەنگـــە. شاعیر کاتـــی نووسین، خۆی شـــیعرە.

بۆ شاعیر لەو ساتانەدا، ، کەشفی شتێك لە شیعر واتە بوون بەوشتە لە شیعر. دابڕان لە دنیای ماك وئاوێتەبوونی جیهانی داهێنان:

ئەوە بوومەتە پیت و دەنگ و
وەك باڵندەیەك
باڵ لێکئەدەم
لە ژێر لێزمەی بارانی واژەدا

* * *

لە کورتە شیعردا شاعیر پتر دەرفەتی ئەوەی هەیە لە شیعر نزیك بێتەوە. دووراودوور چاوی لە تاپۆی شیعر نییە لە نزیکەوە هەست بە شیعر دەکا. ئاوێتەی رۆحی دەبێت و ئەوکات شیعرێکی زۆر راستگۆ ـ راستگۆ لە

PDF4Kurd

گەوهەری خۆیدا - دەخولقێ، شیعر دڵسۆزانە دەستی شاعیر دەگرێ بینووسێتەوە. شاعیری گەورە، هەمیشە سەری لەوە سووڕ ئەمێنێ داخۆ ئەو شیعرە چۆن خۆی بە ژووری خەیاڵیدا کردووە:

تۆ کە دەرکەوتی مەپرســـە چی بەسەر دێ جان و دڵ
حاڵەتی شـــــەونم تەماشا کە بە وەقتی رۆژهـــەڵات

(مەحوی)

کەواتە ئەوە شاعیر نییە وەك دەڵێن باوەش بە بووکی شیعردا دەکا و رای ئەمووسێ و دەیلاوێنێتەوە، بەڵکو ئەوە شیعرە وەك میوانێکی ناوەخت، بەڵام خۆشەویست، سەر بە ماڵی خەیاڵی شاعیردا دەکا و بەسەری دەکاتەوە:

خەیاڵی شیعر نووسینم
نەبووە،
هەر ئەوەندە نەبێ شیعر
خزیوەتە نێو خەیاڵم

لە کورتە شیعردا زمان راستگۆیانە دەوری خۆی دەگێڕێ، چونکی راستگۆیانە خۆڵقاوە. ئەوەندەی شیعر راستتر و خاستتر بخولقێ، ئەوەندەش زمانی ئەو شیعرە چڕ و پڕتر دەنوێنێ. زمانی کورتە شیعر ناتوانێ تەواو ساکار و بێتەم ومژ بێ، چونکی ئەو کات کورتە شیعر دەبێتە قسەیەکی نەستەق، ناشتوانێ هەمووی هەر پێچ و پەنابێ، لە بەر ئەوەی ئەمە وەك ئەوە وایە، خەونێکی رووت بگێڕەوەدرێتەوە. من پێم وایە زۆربەی شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی) و زۆربەی هەرە زۆری شیعرە فۆلکلۆریکیەکانمان هەر تاکە بەیتێکیان، خۆیان کورتە شیعرێکی

دەسەڵاتی زمان لە کۆمەڵی کورتە شیعردا بەیتە شیعرەی(مەولەوی) ئەوپەڕی کارکردی جوانیناسانەی زمانی شیعری پێوە دیارە:

دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ
تـۆ دیــدەیچم بی مـــەردوم نمازۆ

لەم بەیتەدا بە پێی گۆڕینی مانای وشەی«مەردوم» مانا و تەنانەت مەبەستی گشت بەیتەکەش دەگوڕدرێ، واتە لەم شیعرەدا (مەولەوی) واژەی«مەردوم»ی ـ بەشێك لە زمانی شیعرەکەی ـ بە شێوەیەك بە کار هێناوە خوێنەر هەست بە چەندین توێژی مانایی ئەم بەیتە بکا، بە واتایەکیتر زمانی شیعری (مەولەوی) پەرە بە سنووری مانا دەدا و واژە وەك خوڵقێنەری گەلێ ماناو دەلالەتی جیاواز بە کار دێنێ. یان لە شیعری«هەنار»دا کە خۆی کورتە شیعرێکی سەرکەوتووە:

شنــــەفتم دوور با لــەیل زوکامــشەن
دیشـــــــوار بالآی نەونەمامشـــــــەن
هەنارەکەی دڵ پەڕ جـە دانەی ئێش
پیشیــــای کوورەی نار عیشق وێش
بەمــەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وەگــــــەرمی نیشان دەماخش دەرۆ

زمانی ئەم شیعرە دوو توێژی مانایی بەدی هێناوە:توێژێکی ئەدەبی ئەو کاتەی وشەگەلی لەیل، زوکام، هەنار، دانە.مانای زیمنی ـ یان دەقی ـ یان لەبەر چاو بگیرێ، توێژێکی زانستی ئەوکاتەی ئەم وشە ئاماژە پێکراوانە بە مانای قامووسی ـ فەرهەنگی خۆیان وەریانبگرین. لێرەدا زمان دەبێتە پەیبردن بە راز و رەمزی دەلالەتەکانی شیعر. کەوایە لێرەدا مانای لە مەوپێش ئامادەکراو ئاراستەی خوێنەر ناکرێ، بەڵکو ئەو دەرفەتە بۆ خوێنەر دەرەخسێ، خۆی مانای ئەم دەقە شیعرییە بخوڵقێنێ و لە رەوتی

PDF4Kurd

داهێنانی شیعرەکەدا بەشداری بکا. تەنیا ئەم جۆرە زمانە ڕێگای ئەوە دەدا خوێنەر تەواوکەری پرۆسەی ئەفراندنی شیعر بێ. بە وتەیەکیتر شیعری نووسراوە، ئەوکاتە دەبێتە دەقێکی کامڵی شیعری کە بخوێندرێتەوە و ماناکانیشی بخولقێندرێ. ئەوە سیحری زمانە وا لە شیعرێکی کلاسیك دەکا، چەندین توێژی مانایی لە هەناوی خۆیدا حەشار بدا. یان با زۆر دوور نەڕۆین، زۆربەی شیعرە فۆلکلۆریکیەکانمان کورتە شیعرێکی خاوەن زمانێکی پڕ لە وردەکاریی شیعرین:

چوومە ئەو بانە دڕکێ دای لە پام
دەرزی یەخـــەکەت بنێرە بۆ لام

* * *

لیڤی شتراوس ئاماژەیەکی وردی بە پێوەندیی نێوان شاعیر و زمان کردووەو دەڵێ:«شیعر لەنیوەڕێی هونەر و زمان دایە، پێوەندیی شاعیر بە زمانەوە پێوەندیی وێنەکێشە بە بابەتەکەیەوە. زمان ماکی سەرەکیی کاری شاعیرەو بە یارمەتیی ئەم ماکە کاڵە تێدەکۆشێ بیر و باوەڕ و چەمکەکانی خۆی، هەرچەند نەك بە وردی، دەرببڕێ» ►►. لە کورتە شێعردا شاعیر ئەوەی دەیکا و دەیڵێ لە ڕێگای زمانەوەیە. تەنیا توانای کورتە شیعر، بۆ دەرخستنی مەبەستی خۆی، توانای زمانییە. شاعیر ئەگەر لە کورتە شیعردا سیحری زمان نەنوێنێ، تەواوی هەوڵەکانیتری ـ وەك بۆ وێنە توانەوەی پەیامێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی لە بۆتەی شیعردا ـ پووچەڵ دەبێتەوە. لەکورتە شیعردا ماناش بە زمانەوە بەستراوەتەوە. هەلی کەشفی ماناکانی کورتە شیعر ئەوکاتە دەڕەخسێ، شاعیر بە زمانێکی خولقێنەرانە دوابێ. زمانی خولقێنەرانە ـ یان ئەو جۆرەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەو پەڕی

زمانی کورتە شیعردا زمانی ئاڵوگۆڕی هەواڵ ناردن و نامەنووسین نییە، زمانی ئاگادار کردنەوەو زانیاری دەر نییە، زمانی دۆزینەوەی مانا شاراوەکانی هەناوی دەقە، زمانێك کە هانت دەدا بۆ توێژینەوە لەو شتانەی نایانزانی و گەڕان بە دوای ئەو شتانەدا کە نایانبینی. زمانێك کە دەبێ بەرەو پیری بڕۆی، لێی نزیك بیتەوەو ورد لێی بڕوانی و بیناسیتەوە، بەڵام لەو کورتە شیعرەی زمان خەسابێ و هەڵی نواندنی توانا بێ ئەژمارەکانی نەڕەخسابێ و شاعیر لە چنگ کوێت و بەندی زمانی راگەیەنەری رۆژنامەوانی نەخەڵەسابێ، ئەوا هەر ئەو زمانە پراکتیکە ـ بەرەوپیرت دێ و هەر لە یەکەم چاو پێکەوتندا، ئەوەی بیزانێ پاکیت پێ دەڵێ و ئیتر دوای ئەو هیچی پێ نامێنێ. دەبێتە تەرمێکی بێگیان کە خۆی لە تەواوی ماناکان هەڵتەکاندووەو دەبێ زوو بینێژی بۆن نەگرێ. کەواتە ئەو شیعرە نەمرە کە زمانەکەی نەمر بێ، ئەو زمانەی کە پتر لەوەی بدوێ خوێنەر بێنێتە دوان. بۆ وێنە با بڕوانینە ئەم کورتە شیعرەی (یۆنس رەزایی):

هەندەسەی شیعر تێکدەشکێنم

بنەمای روانین

ژمارەی سەروا

هەندەسەی مەرگ دەکێشمەوە

وێنەی هەناسەت

ژمارەی بزەت

ج زانستێکی سیحراوییە (ئەوین)

تۆ بڵێی زمانی رەمزاویی ئەم کورتە شیعرە رێگا بە خوێنەر بدا مانای واژەی«مەرگ» هەروا بە ئاسانی لێکبداتەوە؟! لەم شیعرەدا مەرگ رێك بە پێچەوانەی مانای قامووسیی خۆی ـ بە راڤەی من ـ واتە جۆرێك ژیان

PDF4Kurd

یان تەنانەت چەشنێك ژیانەوە، ژیانەوەیەك بە ودمی ئەوین. هەر کە زمانی کورتە شیعر کەوتە داوی راگەیاندن، ئەوە گەورەیی خۆی دەدۆڕێنێ. بە بڕوای من مەنتقی زاڵ بە سەر زمانی ئەم کورتە شیعرەدا مانایەکی نوێی بۆ واژەی مەرگ بەرهەم هێناوە، مەرگ، بەم زمانە، لە روانگەیەکی تازەوە، لێکدراوەتەوە. (بیژەن جەلالی) لە کورتە شیعرێکیدا دەڵێ:

گوڵ و

شیعر

لەگەڵ خاك و

خەیاڵ


دەڕوێن

لە زمانی پراکتیکی و رۆژانەماندا: گوڵ دەڕوێ، شیعر دەنووسرێ، خاك دەبێژرێ و خەیاڵ دەکرێ، بەڵام زمانی ئەم شیعرە بە جۆرێکیتر راڤەی کار (فعل)ی ئەم رستانە دەکا: گوڵ دەڕوێ، شیعر دەڕوێ، خاك دەڕوێ و خەیاڵ دەڕوێ. کەواتە لەم شیعرەدا سێ واژەی شیعر و خاك و خەیاڵ هەریەك بە جۆرێك گوڵن کە دەڕوێن، ئەو هاو ماناییانە هەمووی تەنیا بەهۆی کاری (دەڕوێن)ەوەیە و ئەمەش خۆی یەکێك لە توانا سەیر و سەمەرەکانی زمانی شیعرە و بەتایبەتی کورتە شیعر. ئەمە لە روانگەی مانای واژەکانەوە، دەی لە گۆشە نیگای مانای گشتیی شیعرەکەوە، زمان چ دەسەڵاتێکی هەیە؟ توێژی سەرەوەی تەئویلی ئەم شیعرە پیشاندەری ئەوەیە گوڵ و شیعر و خاك و خەیاڵ هەموو زیندوون و هەناسە دەدەن، بەڵام بە خوردبوونەوەیەکی پتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە بە دەم رووانی گوڵەوە خاکیش لەگەڵیدا دەڕوێ و بە دەم نووسینی شیعرەوە، خەیاڵیش لەگەڵیدا دەنووسرێ. دیسان ئەگەر پتر بەناخی ماناکانی ئەم کورتە

PDF4Kurd



شیعرەدا رۆبچین، دەکرێ بڵێین گوڵ لە خاك دەڕوێ و شیعر لەخەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێ، یان با بڵێین دایکی خاك گوڵی دەبێ و دایکی خەیاڵ شیعر، کەچی بە رووانی گوڵ، خاکیش خۆی دەڕوێ و بە بالاکردنی شیعر خەیاڵیش خۆی بالا دەکا. ئەمە واتە زمانی زیندووی دەقی شیعری. ئەگەر زۆر فۆرمالیزمانەش بڕوانینە شیعرەکە دەبینین ئەم شیعرە بەشێوەی ئەستوونێکی باریك نووسراوەو وشەکان ریز کراون کە رووان و شینبوون و گوڵکردنی گیایەك یا دەرختێك دێنێتە بەرچاو:




زمان گەورەترین دەسەلاتی کۆماری بچووکی کورتە شیعرە. زمان لە کورتە شیعردا مەیدانێکی بەرفراوان داگیر ناکا،. ئەوەندە نەبێ بە قووڵاییدا رۆدەچێ. زمانی کورتە شیعر واژە ناکاتە کرێ گرتەی خۆی ئەوشتەی زۆرجار لە شیعرە درێژەکانمان(چامەی شیعری)دا بە ئاشکرایی دەبینرێ. زمانی کورتە شیعر واژە دەکاتە کارخانەی مانا خولقاندن. واژە خۆی کاربەدەست و بەرپرسی ماناکانێتی. بەمجۆرە زمانی کورتە شیعر دەبێتە دەریایەکی مەندو بێ بنی تەئویل، پڕ لە مرواریی مانا و دوڕی دەلالەت. من کیژەکەی ئەم کورتە شیعرەی یۆنس رەزایی بە زمانی کورتە شیعرەکەی خۆی دەزانم:

هۆ هەنیسک
گەورە کچی سەردەمی هەڵچوون
مەملەرزێنە

PDF4Kurd

ـ کە من لەرزیم تۆ دەخنکێ ـ

بەردەوام بە وەکو کانی

هۆ کیژەکە

کە تۆ سروودی کۆتایی بڵێیەوە

من دەخنکێم.

**خاکەلێوەی ١٣٧٩**

**مارس٢٠٠٠**

## سەرچاوە و پەراوێز:


**١ـ** ساختار و تأویل متن، بابك احمدي، جلد اول،صفحه ٦٨.

٢ــ **هەمان سەرچاوە، ل ٦٩ ـ ٧٠**

٣ــ ادبیات چیست، ژان پل سارتر، ترجمه ابولحسن نجفي، ص ١٦.

٤ــ ساختار و تأویل متن، بابك احمدي، جلد اول، ص ٧٥.

٥ــ**هەمان سەرچاوە،ل ٧٤ ـ٧٥**

٦ــ **هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.**

٧ــ از قلب امان...، ع. پاشایي، ص ٢١.

٨ــ هایکو، احمد شاملو، ع.پاشایي، ص ٣٩.

٩ــ **ئەم کورتە شیعرانەی لەمەوبەدوا دێن ئی بیژەن جەلالی ـ ین.مەگین ناوی شاعیرەکەی برابێ.**

**١٠ ـ** ساختار و تأویل متن، بابك احمدي، جلد اول، ص ١٨٦.

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# «تازەگەری رەخنەیی

# و

# رەخنەی کوردی»

PDF4Kurd

PDF4Kurd

جارێکی فەیلەسووفێکی فەرەنسەیی کە گۆیا زۆر سادە و ساویلکانە و سەرەپێیی دەیڕوانیە دنیا، لە هێگێل، فەیلەسووفی وریا و وردبینی ئاڵمانی کە زۆربەی بابەتەکانی بە زمانێکی پڕ گرێ و گۆڵ و پێچ و پەنا دەر دەبڕی پرسی:«ئەگەر دەکرێ بە کورتی باسی بیر و باوەڕەکانی خۆتم بۆ بکە.» هێگێل توند و تیژ وەڵامی داوە:«کاکی برا! ئەم شتانە نە بە کورتی باسیان دەکرێ نە بە زمانی فەرەنسەییش.» بە سەرهاتی ئێمەش ـ خوێنەر و نووسەری کورد ـ لە ئاست کێشەی تێوری و رەخنەی ئەدەبی بەسەرهاتی فەیلەسووفی فەرەنسەییە. لەم چەند ساڵەی دوایی دا و هەر لە دەور و بەری خۆمان پرسیاری لەم دەستەمان کەم نە بیستووە:«ئەرێ رەخنە دەیەوێ بڵێ چی؟ باشە ئەگەر دەق خۆی قسەی خۆی دەکا رەخنە چکارەیە؟ ئەی راستە رەخنەگر ئەو نووسەرە دۆڕاوەیە تۆڵە لە هاوڕێیانی جارانی دەستێنێتەوە؟ رەخنەگر کێیە جگە لەو کەسەی دەیەوێ مەیلی خۆی بە سەر دەقدا داسەپێنێ؟» ئەم پرسیارانە لە هەرە رەواترین پرسیارەکانی ئەم چەند ساڵەن کە خوێنەری تیۆری نەژنەفتە و رەخنە نەدیدەی کۆمەڵگای پێشامۆدێرنی کوردی لە خۆی و خاوەن بڕوایانی ئەدەبی دەکا. دیارە ئەم پرسیارە گرینگ و تازە باوانە نەدەبێ بە کورتی وەڵامیان بدرێتەوە ـ تۆمەز زۆر جار چڕکردنەوەی وەڵامی پرسیارێك لە یەك دوو دێڕی بێ بەر پرسانەدا نیشانەی خۆ لە قەرە نەدانی ناوکی بابەتی پرسیارەکەیە ـ و نە بەو زمانە عادەتییەی کە ئێستا زۆرینەی خوێنەری کوردی پێ راهاتووە.

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاریتری لەم چەشنە روونکردنەوەی ئەو پێداویستیەیە کە ئێمە لە سەردێڕی وتارەکەدا

PDF4Kurd



ناراستەوخۆ ئاماژەمان پێکردووە. بە وتەیەکیتر دەسپێکی پرۆژەی کاری ڕەخنەیی لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا دەبێ تیشك خستنە سەر ئەو هۆیانە بێ کە وەگەڕ خستنی خودی ئەم پرۆژەیە بە پێویست دەزانێ. ئەگەر خوێنەر و نووسەری کورد لەوە ئاگادار نەکرێنەوە کە ڕەخنە خۆی پاژێکی هەرە گرینگی پرۆسەی تازەگەرییە ئەوەی ڕاستی بێ نەدەتوانین ڕەخنە وەك چەمکێکی پێویست بۆ ئەدەبی سەردەم پێناسە بکەین و بە کاری ببەین، نە دەشتوانین دواجار ئامانج و دەسکەوتەکانی تازەگەری بۆ خۆمان بەرهەم بێنین. لێرەدایە دەتوانین بڵێین هاتنە ئارای بزوتنەوەی تازەگەری یەکسەر دەبەسترێتەوە بە بوونی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و لەویش گرینگتر کاری ڕەخنەییەوە. ئەگەر بێین شوێن پێی ئەم ڕەوتە لە ڕۆژاواش هەڵگرین، ئەوا دەبینین لە دایکبوونی مۆدێرنیسم هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری ڕەخنەگرانە لە ئاست سوننەتی فیکری و فەلسەفیی ڕۆمانتیسیزمدا، کە مۆدێرنیسم و عەقڵ خوازی سەریهەڵدا و ڕەخنەگرتن و دیدی ڕەخنەگرانە بوو بە گوتاری باڵا دەستی سەرەتاکانی سەدەی بیست ئەوا دەبینین ڕۆحی نارەخنەگرانەی ڕوانگەی ڕۆمانتیکی دەمرێ و ئەو سەردەمە بە سەردەمی تێکڕووخانی مونسیمی کەلامی(یەك شێوە ڕوانینی کەلامی) ناو دێر دەکرێ. ئا لەو سەردەمە دایە کە خاتوو «ویرجینیا ئۆڵف»ی ڕۆماننووس دەڵێ:«پێوەندیی مرۆڤەکان هـــــەمووی گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە:«پێوەندی ئاغا و ڕەعیەت، ژن و مێرد، باب وکوڕ»کاتێکیش پێوەندیی مرۆڤەکان ئاڵ و گۆڕی بە سەر دابێ، شان بە شانی ئەو ئایین، هەڵسوکەوتی مرۆڤ، سیاسەت و ئەدەبیش دەگۆڕدرێ.» بێگومان پێوەندیی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای ئێمەش دا بە جارێك گۆڕاوە و

PDF4Kurd

بەرهەمی ئەم گۆڕانەش لە چوار چێوەی ئەدەبی کوردیدا خۆی گۆڕانێکە لە خودی ئەو ئەدەبەدا. گۆڕانێك کە ئەدەبی ئێمەی لە سادە بینین و ساکار دەربڕینەوە گوازتۆتەوە بۆ ورد روانین و ورد راڤە کردن. گۆڕانێك کە رۆشنبیری ئێمەی لە دەم داچەقان لە ئاست قەزا و قەدەرەوە گوازتۆتەوە بو تەعبیر کردن لەژیان و مەرگ. گۆڕانێك کە خوێنەری ئێمەی لە پەسند کردنی تاکەی مانای ـ بەزاراوەی بارت ـ «بەرهەمی ئەدەبی» رزگار کرد و هێنایە سەر وەرگرتنی چەمکی فرەمانایی«دەقی ئەدەبی» لێرەدایە کە لە هەناوی ئەم گۆڕانکارییانەوە رەخنە و زمانی رەخنە و کاری رەخنەیی و تازەگەری رەخنەیی لە دایکدەبن. لە دایکبوونێك کە نیشانەی گۆڕینی پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق، و خوێنەر و نووسەر، و تەنانەت نووسەر و دەقیشە. بۆیە دەبێ ئەم راستییە بسەلمێنین کە هیچ کات کاری رەخنەیی ـ وەك چۆن هێندێك ساویلکانە ـ پێیان وایە بە واتای دابڕان لە سوننەتی ئەدەبی نیە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکە بەسەر مەیدانی ئەدەبیدا دێت. با نموونە بێنینەوە و روونتر قسە بکەین. ئەگەر تا ئێستا لە سوننەتی ئەدەبی ئێمەدا وا باو بووە کە تەخمیس لە سەر شیعری نالی بنووسرێ، یا ئەو پەڕی، مانا کردنەوەی وشە قورسەکانی شیـــــــــعری نالی بە لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی لە سەر شێعری نالی لە قەڵەم بدرێ، ئەوا رەخنەی مۆدێرن ئەگەر بێت و بە زمانێکی زانستیانە بۆ نموونە باسی چەمکی زمانی شیعری نالی لە گۆشەنیگای قۆتابخانەی رەخنەیی پێکهاتە خوازییەوە(ساختارگرایی) بکا ئەوە تەنیا گۆڕانکارییەکە کە ئەم رەخنە تازەیە لە سوننەتی خوێندنەوەی شیعری نالیدا دەیکا، نەك ئەوەی بە جارێك لە سوونەتەکە دابڕدرێ و بۆ نموونە هەر لەبنەڕەتەوە حاشا لە

PDF4Kurd



شیعر بوونی شیعری نالی بکا و بەشایانی خوێندنەوەی نەزانێ. هەر چەند با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لایەنگرانی دیدی سوننەتی ئەدەبی کوردی زۆر کەم هەڵکەوتووە هەر نەبێ بە زمانی خۆیشیان شیعری لە نموونەی نالی بخوێننەوە و هەڵیسەنگێنن.

ئەگەر ئەم پێناسە بە رواڵەت سادە و لەراستیدا گرینگەمان قبووڵ بێ کە رەخنە زمانی جوانی ناسیی ئەدەبە، شك لەوەدا ناکەین کەتا ئێستا کەمتر لایەنێکی جوانی ناسیی ئەدەبی کوردی لێکدراوەتەوە و نیشان دراوە. بۆیە سەیر نیە ئەگەر دەبینین بە زمانی رەخنەیی هاوچەرخ دەتوانرێ زۆر بە وردی دەقی چەند سەد ساڵی رابردووش بخوێندرێتەوە و شیبکرێتەوە. هەر لە بەر ئەوەیە بەشێکی گەورەی ئەو پرۆسەیەی زۆرجار بە بزاڤی تازەگەری لە بواری رەخنەدا ناوی دێنن، خوێندنەوە و خوردبوونەوە لە دەقی کلاسیکیی ئەدەبەکەمانە. بەوتەیەکی وردتر تازەگەری لە چوار چێوەی رەخنەی دەقی ئەدەبی‌دا هەر تەنیا بە راڤە و هەڵسەنگاندنی دەقە هاو چەرخەکان نابەسترێتەوە، ئەو شتەی کە بە داخەوە لەزەینی زۆر خوێنەردا ئەسڵێکی حاشا هەڵنەگرە، بگرە خوێندنەوە و خوردبوونەوە لە دەقی کلاسیکی پاژێکی گرینگتری ئەم بزوتنەوەیە بێ، چونکی بە پێچەوانەی ئەدەبی رۆژاوا و تەنانەت تا رادەیەکیش ئەدەبی دراوسێی دیوار بە دیوارمان، فارسەکان، ئەدەبی کلاسیکی کوردی چکۆلەترین ئاوڕی رەخنەی نوێی لێنەدراوەتەوە و رووناکایی هیچ چەشنە تیۆرییەکی رەخنەگرانەی هاوچەرخی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەگەر بەو چاوە لە کێشەکە بڕوانین دەبینین ئەو تازەگەرییەی کە زۆرجار لە مەیدانی رەخنەی کوردی‌دا بانگەشەی بۆ دەکرێ و جاروباریش بۆی لە دەهۆڵی

PDF4Kurd

پڕوپاگەندە و هات و هاواری لە خۆڕایی دەدرێ تازەگەرییەکی یەکجار کۆڵەوار و لەڕ و لاوازە.ئەو بزاڤە رەخنەییەی کە توانا و تین و تاوی ئەوەی نەبێ ئاسەواری کلاسیك و کۆنی خۆی بخوێنێتەوە، بزاڤێکە کە دواجار لە زۆنگی مەیدانی تەنگە بەری هەندێ گەمەی قەڵەمی‌دا نوقم دەبێ و هەر پەلەقاژەیەکیشی بە مانای هەنگاوێك نیزیکتر بوونەوەیەتی لەتیاچوونی خۆی. سەرمان سووڕ نەمێنێ ئەگەر دەبینین «رۆلان بارت» تازەترین کێشە تیۆریکەکانی ئەدەب بۆ خوێندنەوەی سارازین ـی بالزاك تەرخاندەکا، یان مەسعوود محەمەد قووڵترین رەهەندە فیکرییەکانی خۆی بە خوێندنەوەی شیعری نالی و لێکدانەوەی ژیان و سەردەم و ئەندێشەی حاجی قادرەوە خەریك دەکا. هەر بۆیە ئەگەر شان بە شانی گوازتنەوەی رەخنە لەپەراوێزەوە بۆ ناوەندی مەیدانی ئەدەبی کوردی، لە فیکری تازە کردنەوەی پرۆژەی کارە رەخنەییەکانماندا نەبین بێگومان دیسان ئەوە بە مانایەکی دیکەو لە رواڵەتێکی‌تردا رەخنە دەگەڕێنینەوە سەر هەمان پەراوێزی سەرەتا. کە وایە دان پیانان بە پێویست بوونی رەخنە لە دنیای ئەدەبی کوردی‌دا هەر تاقە روویەکی دراوی کێشەکەیە و پێویستە ئەم بوونە رووتە بەردەوام بە تازە کردنەوەوە بلکێندرێ، بە قەولی رامان سێڵدێن:«ئەگەر بمانەوێ چاو نەترس و بوێر بین و بە دوای راستییەکاندا بگەڕێین دەبێ ئازایەتی بیرکردنەوە لە ئەدەبیاتیشمان هەبێ.» رەخنە هەمان بیرکردنەوە لە ئەدەبە. ئەگەر ئەدەب باسی جیهان دەکا ئەوا رەخنەش باسی ئەدەب دەکا، ئەگەر ئەدەبی مۆدێرن جیهان بە شێوەیەکی نوێ پێناسە دەکا، ئەوا رەخنەی مۆدێرنیش ئەدەب بە روانینێکی تازەوە دەنرخێنێ. رەخنە ئەو هەلە بۆ خوێنەر دەرەخسێنێ کە بتوانێ لەگەڵ

دەق وتوێژبکا و لە ئاستی ئەو وەدەنگ بێ و وەدەنگی بێنێ. ئەگەر خوێنەری کورد تا ئێستا هەر ئەدەبی خوێندۆتەوە، و کەمتر، یان بابڵێین هەر هیچ بیری لە ئەدەب نەکردۆتەوە، ئەوا رەخنە رێگای ئەوەی پێدەدا خودی ئەدەب بکاتە بابەت و لێی بدوێ و لە بارەیەوە بنووسێ.

* * *

سووکە ئاورێك لە کاری رەخنەگرە سوننەتیەکانی ئەم بیست سی ساڵەی دوایی مەیدانی ئەدەبی کوردی ئەوەمان لا روونەدەکاتەوە کە شێوە روانینی کۆنە خوازانەی رەخنەیی لە دوو لاوە زەبری لە دیاردەی ئەدەبی کوردی وەشاندووە: نەخوێندنەوە و خراپ خوێندنەوە.بۆیە ئەو رەخنەگرانەی کە نالی هەر ناخوێننەوە بەوە تانباری دەکەن کە نالی لەبری کێش و وشەی خۆماڵی لە واژە و عەرووزی عەرەبی کەڵکی وەرگرتووە و لە کۆت و بەندی سەروا دا گیری خواردووە، یان ئەوانەی نالی‌یان خراپ خوێندۆتەوە هەر بەوە قەناعەت دەکەن سێ چوار وشەی عارەبی شیعرەکەیان ماناکردۆتەوە و موناسبەی هۆنینەوەی غەزەلێکیان دۆزیوەتەوە. ئەوانەی خانی ناخوێننەوە بیانوووی ئەوە دێننەوە گۆیا بیستوویانە خانی چارەسەری کێشەی کوردایەتی و نیشتمانی کوردی لە ئایدیالۆژی سوننەتی ئیسلام دا دەبینێ و ئەوانەی خراپیشی دەخوێننەوە ئەوەشیان لە سەر زیادە کە زانیویانە خانی یەکەمین ناسیونالیستی کوردە، بۆیە دەبێ بڵێین لەم بوارەدا نە تازەگەری رەخنەیی هەمووی هەر خوێندنەوەی شوێنەواری کلاسیکییە، نە هەموو جۆرە خوێندنەوەیەکی ئاسەواری کلاسیکیش دەکەوێتە ناو خانەی تازەگەری رەخنەییەوە.

PDF4Kurd

کەوایە ئەگەر ئێمە تازەگەری رەخنەیی بە پرۆژەیەکی پێویست و پاژێکی لێکدانەبڕاوی تازەگەری ئەدەبی لە قەڵەم دەدەین، ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەم پێویست بوونە هەر لە بنەڕەتدا شتێکی زاتی و بابەتێکی سروشتی دنیای ئەدەبەکەمانە، بەڵکو کاتێك ئێمە دێین لە روانگەیەکی دیالیکتیکیەوە رابردووی رەخنەی خۆمان ـ یان لانی کەم ئەو شتانەی بە زەینییەتێکی رەخنەگرانەوە نووسراون و ناوی رەخنەیان لە سەر داناون ـ دەخوێنینەوە دەبینین ئەم پێداویستیە لە نێو دڵی ناتەواویی و بۆشایی و نەبوونیەکانی رەخنەی سوننەتیمانەوە سەرهەڵدەدا. ئەو رەخنەیەی کە بەردەوام خۆی لە قەرەی تیۆری و قوتابخانە رەخنەییەکانی رۆژاوا نادا تەنیا بە بیانووی ئەوەی گۆیا ئەم تیۆریانە لە هەل و مەرجی تایبەت بە کۆمەڵگای رۆژاوایی‌دا سەریان هەڵداوە و چ فریان بە سەر زەین و زمانی نووسەر و دەقی کوردییەوە نیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە گوتاری رەخنەی سوننەتیمان، بگرە رەخنەی مۆدێرنیشمان، توانای بەرهەمهێنانی هیچ چەشنە تیۆری و رێبازێکی رەخنەیی نەبووە. ئالێرە دایە کە بە بڕوای من بەشێکی گەورە لەو شکستەی کە گوتاری رەخنەی سوننەتی داوێنگیری بوو، یان ئەو قەیرانەی کە رەخنەی هاوچەرخ تووشی بووە یەکڕاست دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو زەینییەتە ئاڵۆزەی کە رەخنەگری کورد لە ئاست تیۆری و قۆتابخانە رەخنەییەکاندا هەیەتی. چونکی ئەوەی راستی بێ وەرگرتنی زیرەکانەی سەرلەبەری ئەم تیۆریانە و پاشان دابەزاندنی وردبینانەیان لە سەر دەقی کوردی ئەرکێکی ئەوەندە قورسە کە هێشتاش کەمتر رەخنەگرێکی کورد وەئەستۆی گرتووە، کەوایە دەکرێ بڵێین یەکێك لە ستراتیژییەکانی گەیشتن بە قۆناغی تازەگەری رەخنەیی دانپیانان بە

PDF4Kurd



ڕاستیەکە کە ڕەخنەگرانی سوننەتی حاشای لێ دەکەن، ئەو ڕاستیە کە ڕەخنەی کوردی و پرۆژەی تازەگەییەکەی تا سەر ئێسك پێویستی بەو تیۆری و قوتابخانە ڕەخنە ڕۆژاواییانە هەیە، دەنا ڕەخنەی بێ تیۆری زیاتر لە شەڕە قسە و شەڕە سەلیقە چیتری پێ نیە، وەك چۆن ڕەخنەی سوننەتی کوردیش زیاتر لەمانە چی پێ نیە بۆیە نابێ بەشتێکی سەیری بزانین ئەگەر دەبینین زۆربەی ئەو ئەدیبانەی کە دوور و نیزیك و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتی گوتاری سوننەتی ڕەخنە دەگرن هەر لەبنەڕەتەوەش لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو دەقە تیۆریك و ڕەخنەییانەی کە دواجار لە سەر پرۆژەی ڕەخنەی کوردیش کاریگەری خۆیان دەردەخەن دژایەتی دەکەن و بەمەترسییەکی گەورەی بۆ ئەدەب و زمانی کوردی لە قەڵەم دەدەن. هەرچەند نابێ ئەم ڕاستییەشمان لە بیر بچێ کە گوتاری ڕەخنەی سوننەتی زیاتر لەوەی گوتارێکی نووسراوە و دەقی بێ گوتارێکی سەرزارەکی و دەمی بووە، هەر چەند ئەگەر ئەم گوتنانە بکەوێتە سەر قاقەزیش دیسان ناتوانێ ببێتە ئەو دەقە ڕەخنەییەی کە توانای خوێندنەوەی دیاردەکانی دەور و بەری خۆی هەیە، بۆیە زۆرجار دەبێ شك لەو بکەین ئایا بەڕاستی ئەدەبی کوردی تا ئێستا دیاردەیەکی بەناوی دیارەی ڕەخنەی سوننەتی هەبووە؟! ئایا وێناچێ گوتاری ڕەخنەی سوننەتی هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ خوێندنەوە و ڕاڤەی دەق نامۆ بێ؟! ئایا ڕەخنەی سوننەتی پتر لەوەی خۆی بە خوێندنەوەی دەقەوە ماندوو بکا، جیهانی دەرەوەی دەقی بەکۆڵ خۆیدا نەداوە؟! ئایا هەر لە بنەڕەتەوە واژەی ڕەخنە بۆ دەستە واژەی ڕەخنەی سوننەتی هەڵگری تەواوەتی پێناسەی خۆیەتی؟!

PDF4Kurd

ئایا رەخنەی سوننەتی لە بری ئەوەی پرسیارەکانی نێو دەق بدۆزێتەوە و زەقیانکاتەوە خۆی بە دوا وەڵامی هەر پرسیارێك نەزانیوە؟!

رەخنە بەگشتی و رەخنەی تازە بەتایبەتی هیچ چەشنە گەڕیانێکی ئەدەبی بەرهەم ناهێنن یا خود رێنوێنی ناکەن، بەڵکو گەڕیانە ئەدەبیەکان لە قۆناغی یەکەم دا پۆلێن دەکەن و پاشان دەیانخەنە ژێر تیشکی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە. بێگومان رەخنەی کوردی تا ئێستا هیچ کام لەم دوو ئەرکەی، بەو شێوەی کە شایان بێ، بەجێ نەهێناوە و بە گشتی دەکرێ بڵێین هێشتاش ئەدەبی کوردی زانستمەند نەکراوە، بۆیە دەبینین لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا بەر لەوەی رەخنەی کوردی دەسەڵاتی پۆلێن کردن و خوێندنەوەی شەپۆلێکی ئەدەبی پەیدابکا، خودی ئەو شەپۆلە ئەدەبییە ناوێکی لە سەر خۆی داناوە و پێناسەیەکی فیکری و فەلسەفیشی خستۆتە پاڵ. بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق تەجرەبەی کفری و روانگەییەکان و لە کوردوستانی ئێرانیش ئەزموونی داکارییەکان وەبیر خۆمان بێنینەوە. ئەوەی راستی بێ ئەمجۆرە ناو لە خۆ نان و پێناسە بۆ خۆ داتاشینانە پیشاندەری راستییەکی تاڵی رابردوو و ئێستای ئەدەبی کوردییە: ئەم راستییە کە لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا ئەوەندەی ئەدیب دەوری رەخنەگر دەگێڕێ ئەوەندەش ئەدەبەکەی لە بری رەخنە قسە دەکا. بە وتەیەکیتر ئەدەبی بێ رەخنە لەیەك کاتا دوو کار دەکا: یەك ئەو شتەی کاری راستەقینەی خۆیەتی واتە لە جیهان دوان، دوو ئەو شتەی کە هەر لە بنەڕەتەوە کاری ئەو نیە: واتە لە ئەدەب دوان. بۆیە زۆر جار دەبینین نووسەر ئەو کاتەی لە زمانی رەخنەوە قسەدەکا لە جیاتی ئەوەی

لە سەر دەقی خۆی وەك دەق بدوێ بەرگری لە دەقی خۆی دەکا یان بۆی دەپارێتەوە یان پاساوی بۆ دێنێتەوە.

گەورەترین ئەرکی ئێستای تازەگەری رەخنەیی ئەدەبی کوردی وەدەسهێنانی شان و شکۆی دۆڕاوی رەخنەیە لە نێو زەینییەتی ئاڵۆزی نووسەر و خوێنەرەکانماندا. ئەگەر رەخنەی سوننەتی بە پێناسە خەساو و خەسارەکانی خۆی لە رەخنە، خوێنەری لە رادەی مانا کردنەوەی بۆ نموونە دوو سێ بەیتی ئەستەمی شیعرێکی نالی دڵخوشی دەداوە، ئێستا ئەرکی رەخنەگری مۆدێرن ئەوەیە کە بە تەقاندنەوەی لایەنە جوانی ناسیەکانی شیعری نالی مەترسی نەناسینی یەك لە سەدی تایبەتمەندیەکانی جیهانی نالی بخاتە دڵی هەر ئەو خوێنەرەوە. رەخنەی کوردی لە ساتەوەختی هەنووکەی دا ئەوەندەی پێویستە لە پەراوێزەوە بگوازرێتەوە بۆ ناوەندی زەین و زمان و قەڵەم و قاقەزەکانمان، سەد ئەوەندە پێویستترە لە پێکهاتەی کۆنی خۆی داماڵدرێ و بەرگی تازەگەرییەکی بوێرانەی بە بەردا بکرێ بە قەولی ئاندرێ ژید:«هەموو شتێك تا ئێستا وتراوە، بەڵام لە بەر ئەوەی گوێیەکی ژنەوا دەسناکەوێ هەمووکات دەبێ سەر لە نوێ دەسپێبکەیتەوە.» رەخنە سەر لە نوێ وتنەوەی شتەکانە.

گەلاوێژی ١٣٨٠

ئاگۆست ٢٠٠٢

PDF4Kurd

# وەرگێڕان

# و

# ڕەخنە

# و

# شەش پرسیاری دیکە

PDF4Kurd

PDF4Kurd

(١)

١ ـ ١ زۆر لە مێژە، نووسەری بە ناوبانگی ئاڵمانی، «گۆتە» گوتوویەتی: «بەرهەمێك تا ئەو کاتەی وەر نەدەگێڕدرێت شتێکی کەمە.». ئەم قسەیەی گۆتە دەتوانێت دوو پرسیاری گرینگمان بخاتە بەردەم:

١ـ بۆچی دەبێ بەرهەمێك وەربگێڕدرێت تا شتێکی کەم نەبێت؟

٢ـ ئەو کەمایەسی و ئەو شتە کەمە چیە کە بەرهەمێکی وەرنەگێڕدراو لە هەناوی خۆی دا هەڵیدەگرێت؟

« بزاڤی وەرگێڕان لە یەقینێکەوە دەسپێدەکات، یەقین بەوەی «شتێك» هەیە کە شایانی ئەوە بێت وەربگێڕدرێت. یەکەمین مانای ئەم یەقینە دانپیانان بە بوونی «شتێکی» خاوەن بەها و بایخە لە لای «ئەویتر» (The other)، ئەو شتەی کولتووری «خۆماڵی» خاوەنی نیە. کەواتە دەسپێکی وەرگێڕان، ڕۆیشتنە بەرەو «ئەویتر»، بارگە و بنە تێکەوە پێچان و کۆچکردن بەرەو دەڤەری کولتوورێکی تر و زمانێکیتر و نیشتەجێ بوون لە هەناوی دەقێکی تایبەتی دیکە و لەنێو جیهانێکی تایبەتی دیکەدا.» ▶

کە واتە بەرهەم وەردەگێڕدرێت بۆ ئەوەی لە بازنەی تاقە یەك کولتوور و تاقە یەك زمان دەرباز بێت و باوەش بە کولتوور و زمانەکانی دیکەشدا بکات. بەرهەم، لە ڕێگای وەرگێڕانەوە جەغزی دەسەڵات و کاریگەرێتی خۆی بەرفراوانتر دەکات و لە بری ئەوەی تەنیا لە نێو ئەو زمانەدا بژیت کەتێیدا لە دایکبووە، لەنێو تەواوی ئەو زمانانەدا دەژیت کە وەرگێڕان بە سەری کردبێتنەوە.کەوایە ئەو کەمایەسییەی کە لەپرسیاری دووهەمدا باسی هاتەگۆڕێ خەسڵەتی پێوەندی(communication) گرتنی بەرهەمە بە زمانەکانی دیکەی دنیاوە کە تەنیا لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەستەبەر

PDF4Kurd



دەکرێت.«وەرگێڕان، بە شێوەیەکی زۆر تایبەت، «تێپەڕینی سەرلەنوێ»ی وەرگێڕە بەسەرلەبەری قۆناغەکانی زماندا...زمان، هەم پێوەندی دەهەندەیە، هەمیش جیاکەرەوە، و وەرگێڕان، سەلماندنی بەردەوام پێویست و هەمیشە دووپاتنەبۆوەی ئەم تایبەتمەندییە دیالیکتیکییەی زمانە. ◀». کەواتە لە نێو نەستی ئەو ڕستەیەی گۆتەدا دوو مەبەستی گرینگ خۆیان حەشارداوە کە لە یەك گوتەدا چڕ دەبێتەوە: پێداویستی دەرباز بوونی بەرهەم لە بازنەی «خود» و پێوەندی گرتن و تێکەڵ بوون بە «ئەویتر» لە ڕێگای وەرگێڕانەوە.»

(٢)

١ـ٢ ـ لە ئەدەبی کوردیدا وەرگێڕانی ئاسەواری ڕەخنەیی و تیۆری ئەدەبی تا چەند دەربازبوونی ئەو ئەدەبە بووە لە بازنەی«خود» و ئاوێتە بوون لەگەڵ «ئەویتر»؟

٢ـ ٢ ـ پێداویستی چ جۆرە پێوەندییەك وەرگێڕی ئێمەی دنەداوە شوێنەواری ڕەخنەیی و تیۆری ئەدەب بکاتە کوردی؟

٣ـ٢ ـ ئایا وەرگێڕانی بابەتەکانی ڕەخنەی ڕۆژاوایی لە پێناوی داهێنانی ڕەخنەی کوردیدایە، یان خود ئەم شێوە وەرگێڕانە هەر لە زاتی خۆیدا پێداویستییەکی بنەڕەتییە؟ بە وتەیەکیتر، وەرگێڕانی ئاسەواری ڕەخنەیی ئامرازە یان ئامانج؟

٤ـ٢ ـ وەرگێڕانی بابەتەکانی ڕەخنە بەبێ وەرگێڕانی بابەتەکانی فەلسەفە، کە پاڵپشتی حاشاهەڵنەگری ڕەخنەیە، تا چەندە ڕەوایە؟

٢ـ ٥ ـ وەرگێڕانی شوێنەواری ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی لە زمانی نائەسڵییەوە تا کوێ ڕێگای پێبدرێت و تا چەندە جێگای باوەڕ بێت؟

PDF4Kurd

٦ـ٢ ـ رەخنەگری کورد تا چەندە شوێنی لە بزاڤی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی بە کوردی وەرگرتووە؟

(٣)

٣–١ ئەگەر بمانەوێ وەك بزاڤـ لە وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی بۆ سەر زمانی کوردی بڕوانین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکان(دەیەی ١٩٩٠) ی ئەدەبیاتی کوردستانی عێراق. دیارە لە کوردستانی ئێران تەمەنی ئەم بزاڤە لەوەش کەمترە، و بۆ نموونە تا ئێستا هیچ کتێبێکی سەربەخۆ لەبابەت رەخنە و تیۆری ئەدەبی وەرنەگێڕدراوەتە سەر کوردی. کەوایە ئەم بزاڤە لە بازنەی کاری گۆڤارەکان تێینەپەڕاندووە، و دیارە دەشێت هەر بەو پێیەش ئاست و کاریگەرێتی ئەم بزاڤە دەسنیشانبکرێت. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی ئەو بابەتە کەم بارستایانەی لەو ماوە کورتەدا وەرگێڕدراون بە پێی پرۆژە و بەرنامە و مەبەستێکی دیاریکراو نەبوونە، و بە گشتی زەینیەتێکی ناسیستماتیك بزاڤی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی بە کوردی بەڕێوە دەبات. نموونە بۆ ئەم بۆچوونە ناهاوسەنگی نێوان وەرگێڕانی رەخنە و تیۆری ئەدەبییە بۆ سەر زمانی کوردی. زۆربەی دەقەکانی وەرگێڕاوی ئەم چەند ساڵە لە مەڕ تیۆری و باسەکانی رەخنەیی بوون، و زۆر بەدەگمەن دیتوومانە لە سەر دەقی رەخنەیی و نموونە باشەکانی رەخنەی ئەدەبی جیهانی بابەت بکرێتە کوردی. بە وتەیەکی دیکە لە بزاڤی وەرگێڕانی ئەو ئاسەوارەدا لایەنی تیۆریك (نـظـري) بەسەر لایەنی پراکتیك (عملی) دا زاڵە، و هەر بۆیە خۆینەری کورد کەمتر شارەزای باس و خواسەکانی رەخنەی پراکتیکیە و زێتر بە شێوەیەکی رووت (و ئینتیزاعی) لە چەمکەکانی رەخنە دەگات..

PDF4Kurd



ئاشکرایە ئەم شێوە هەڵوێست گرتن و رووبەڕووبوونەوەیەی وەرگێڕانی کوردی لە هەمبەر رەخنە و تیۆری ئەدەبی بۆتە هۆی پێکهێنانی پێوەندییەکی ناتەواو ونیوەچڵ و لە زۆر جێدا بەر تەسك لەگەڵ ئەدەبی جیهانی. بە تەعبیرێکیتر ئێمە لە رێگای وەرگێڕانەوە، لە سۆنگەی ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێکردن، نەمانتوانیوە ئەو «خود»ە پێڕاهاتوو و ئاشنایەی خۆمان وەلانێین و تێکەڵ بە«ئەویتر» بین، چونکی ئێمە هێشتا ئاسۆکانی زمـــــــان و مانای رەخنەی ئەدەبی جیهانیمان بە تەواوی نەدۆزیوەتەوە و وەرنەگرتووە تا دواجار بمانەوێت تێکەڵیان بین و تێیاندا بژین. لە ساتەوەختی ئێستای ئەدەبی ئێمەدا،وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی پتر بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ «ئەویتر»ە تا ئاوێتە بوون و یەکگرتنەوە. هەر بۆیە ئەم بزاڤە پێویستی بەو وەرگێڕە شارەزایانە هەیە کە بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەم یەکانگیرییە هەوڵی بێوچان بدەن.

٣-٢- دەکرێ بڵێین وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی دەتوانێت لەو کەڵکەڵە فەلسەفیەوە بەرهـــــــــــەم هاتبێت کە ئێمە پێویستە بکەوینە سەر هێڵی پێوەندی ئەدەبی جیهانییەوە. واتە ئەگەر ئەدەبی کوردی تا ئێستا بە هۆی بێئاگا و نەشارەزا بوونی لە باسەکانی رەخنەیی بە شێوەیەك لە شێوەکان لەتەنیاییدا دەژیا و تەریك کەوتبوو، ئەوە هەنووکە پێویستە لەرێگای وەرگێڕانی ئەو شوێنەوارە رەخنەییانەوە هەم فێر بێت لە خۆی بدوێت و پتر خۆی بناسێت، هەمیش تێکەڵ بە باسەکانی ئەدەبی سەردەمی جیهان بێت. کەوایە وەرگێڕی ئێمە ئەو خەمە فەلسەفییە دنەی دەدا کە ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی بێباس و خواس بووە، نە قسەیەکی هەبووە لەسەر خۆی بیکات، نە رەخنەیەکی بووە لە سەر دەقەکان قسان بکات. کە

PDF4Kurd

وایە ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە لە دیاردەی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی بڕوانین، تێدەگەین رەخنەی ئەدەبی ئێمە بۆ ئەوەی فێر بێت لە سەر ئەدەبی خۆی قسە بکات، یان وەقسەی بێنێت، دەبێت سەرەتا خۆی فێر بکات چۆن قسە بکات و چ قسەیەك بکات. وەرگێڕانــــی بابەتەکانی رەخنە، وەك سەرچاوەیەکـــی مەعریفی، دەتوانێت پاڵپشتێکی بەهێز بێت بۆ ئەو رەخنەگرانەی کە نایانەوێت دید و بۆچوونی رەخنەیی خۆیان لە جەغزی بچووك و بەرتەســــــــکی خواستی شەخسی و ویستی تاکەکەسییاندا ببەستنەوە، بەڵکو بەپێوانە زانستی و ئەدەبییەکانەوە بنووسێن و لەرێگای ئەوانەوە لە سەر دەقی ئەدەبی بنووسن.

٣-٣- بە بڕوای من ناکرێت بە شێوەیەکی رەها لە سەر ئامراز یان ئامانج بوونی وەرگێڕانی بابەتـــــــەکانی رەخنەیـــی حوکم دەرکەین. ئەو جێیەی پێویستە بۆشاییە مەعریفەکانی رەخنەی کوردی لە رێگای وەرگێڕانەوە پڕبکرێتەوە وەرگێڕان ئامرازە. واتە لێرەدا ئێمە، بۆ نموونە، بابەتەکانی رەخنەی رۆژاوایی دەکەینە کوردی بۆ ئەوەی دواجار بیکەینە بەشێك لەسامانی رەخنەی خۆمان،و هەر لە سەر دەستی ئەو بابەتانەوە لەسەر ئەدەب قسان بکەین. بەڵام لەو شوێنەی پێوسیتە زمانی کوردیش خاوەن ئەو باس خواسانە بێت کە ئیمرۆ ئەدەبی جیهانی خاوەنێتی، وەرگێڕانی بابەتەکانی رەخنە و تیۆری ئەدەبی دەبێتە ئامانج . لێرەدا بۆمان هەیە وەك پێداویستییەکی بنەڕەتی کە لە زاتی خۆیدا خاوەن بنەمایەکی مەعریفیە لەبزاڤی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی بڕوانین. لە لایەکی دیکەوە وەرگێڕانی ئەم شێوە بابەتانە بۆ پڕوپاراو کردنی زەرفییەت و دەرەتانە جۆراوجۆرەکانی زمانـــی کوردیش پێویستە و لەم روانگەیەشەوە

PDF4Kurd



وەرگێڕانی شوێنەواری رەخنەیی وەك ئامانج چاوی لێدەكرێت، لێرەدا وەرگێڕان یانی جوان كردنی زمانی كوردی بەو واژە و دەستەواژە و مانا و چەمكانەی كە تا ئێستا بە خۆیەوە نەدیتوون و تەجرەبەی نەكـــردوون. دیارە جوانكردنی زمان ئامانجی گەورەی ئەدەبە، ئەو زمانەی هەیدگێر گوتەنی دەبێتە «ماڵی بوون» مان.

٣ـ ٤ـ رەخنەی ئەدەب بۆ قسە كردن لە سەر دەقی ئـــــــەدەبی پشت بە رێساكانی تێۆری ئەدەبـــــی دەبەستێت. ئەو رەخنەیەی لە سەر چاوەی تێوری پاراو نەبێت، بە رەخنەیەكی زانستیانە و داهێنەرانە لەقەڵەم نادرێت ئینجا تیۆری ئەدەبی خۆیشی پشت ئەستـــــوور بە سێ سەرچاوەی سەرەكی‌یە: ئەدەب، فەلسەفە، زانست.تیۆری ئەدەبی چونكی باسی چەمك و رێساكانی گشتی ئەدەب دەكا بێگومان دەشێت بۆ ئەم باسانە پشت بە دەقەكانی ئەدەبی ببەستێت. بە وتەیەكی دیكە تیۆری ئەدەبی بۆ ئەوەی چوارچێوەی رێساكانی خۆی، لەمەڕ پێناسەی ئەدەب، دابڕێژێت، لە دەقەكانی ئەدەبی كەڵك وەردەگرێت. لەلایەكی‌ترەوە تیۆری ئەدەبی بۆ ئەوەیكە لەسەر بنەمایەكی مەنتقی و بە پێی كۆمەڵێك چەمكی فیكری لە چەمكە گشتییەكانی ئەدەب بدوێت دەستەوداوێنی باســـــەكانی فەلسەفە دەبێت. بەگشتی تیۆری ئەدەبی لە دوو لایەنەوە پێویستی بە فەلسەفەیە:

١ـ باس كردن لە ئەدەب كە خۆی تێكەڵ بە فەلسەفەیە، و تەنانەت هەندێك پێیان وایە خۆی جۆرێك فەلسەیە كە بە بێ پاڵپشتی فیكری ـ فەلسەفی بە بەرهەمێكی بێ ناوەرۆك و بێ بەری لە مانا زیاتر، دەر ناچێت

٢ـ هیچ تیۆرییەك و لێرەدا تیۆری ئەدەبی ناتوانێت بێ ئاوڕدانەوە لە چەمكەكانی فەلسەفی ببێتە تیۆری. بۆیە نەبوونی فەلسەفە واتە نەبوونی

PDF4Kurd

تیۆری. تیۆری ئەدەبی لە فەلسەفەوە دەسپێدەکات و لە سەر دەستی فەلسەفە باڵا دەکات و لەوانەیە هەر بە دەستی فەلسەفەش ڕەتبکرێتەوە. دوایین سەرچاوەیەك کە تیۆری ئەدەبی پشتی پێدەبەستێ هەر بەدەستی فەلسەفەش ڕەتبکرێتەوە. دوایین سەر چاوەیەك کە تیۆری ئەدەبی پشتی پێدەبەستێ، زانست و پێوانەکانی زانستی‌یە کە چۆن پێوەندی بە سەرباسی وتارەکەمانەوە نیە بە سەریدا بازدەدەم.

کەوایە ڕەخنە بەبێ تیۆری ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی بەبێ فەلسەفە بوونیان نیە. لێرەدایە دەردەکەوێت وەرگێڕانی ئاسەواری ڕەخنـــــەیی و تیۆری ئەدەبی بە بێ وەرگێڕانی فەلسـەفە، بە مانای بێخەبەر هێشتنەوەی خوێنەرە لە یەکێك لەگرینگترین سەرچاوەکانی ڕەخنە. زۆرینەی خوێنەرانی دەقە وەرگێڕاوەکانی ڕەخنەیی لە مەیدانی ئەدەبی کوردی، لەناکاو بە سەر کۆمەڵێك واژە و دەستەواژەی نوێ و نامـــــۆی ڕەخنەیـــــیدا دەکەون کە هەموویان ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفییان هەیە، و تێگەیشتن لەکاربردی ڕەخنەییـــــــــان بە بێ تێگەیشتن لەمانای فەلسەفییان هەوڵێکی زۆرجار لەخۆڕاییە. بەمجۆرە دەکرێ بڵێین لەسۆنگەی بزاڤی وەرگێڕانی دەقی ڕەخنەیی، بە بێ ئاوڕدانەوە لە وەرگیـــــــــڕانی دەقی فەلسەفی یەوە، دوو مەترسی هەڕەشەمان لێدەکەن:

١- بێزار بوون و حاشا کردنی خوێنەری کورد لە خوێندنەوەی دەقی وەرگێڕاوی ڕەخنەیی

٢- خراپ تێگەیشتن و بە وردی فامنەکردنی بابەتەکانی ڕەخنەیی لە سەر دەستی ئەو دەقە وەرگێڕاوانە و بەهۆی لە بنج و بناوان نەکۆڵینەوەی لایەنی فەلسەفی ڕەخنە و زاراوەکانی ڕەخنەیی. ◀

PDF4Kurd



بۆ نموونە ئەگەر دەقێکی رەخنەیی بیەوێت پێکهاتەی دوانە لێکدژەکانی دەقێکی ئەدەبی هەڵبوەشێنێتەوە، دەبێت پێشەکی خوێنەری ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمەڵێك چەمکی فەلسەفی وەك: ئایدیای(مُـثُـل)ئەفلاتوونی، مەدلوولی باڵادەست (متعالی)، میتافیزیکی ئامادەبوون(حضـو ر) ، لۆگۆسێنترالیـــــزم

(کەلام تەوەری) و.. ئاشانا بێت. دیارە بزاڤی وەرگێرانی ئاسەواری رەخنەیی بەبێ بزاڤی وەرگێڕانی شوێنەواری فەلسەفی لە باری زمانیەوە کۆمەڵێك خەساری بە دواوەیە، کە ئەم باسەش خۆی هەوێن و هەڵگری نووسینێکی سەربەخۆیە و لێرەدا باسی ناکەین.

٥-٣ ـ هیچ نەبێ لە سەدا نەوەدی دەقی وەرگێڕاوی ئاسەواری رەخنەیی بۆ کوردی لەو زمانانەیە کە خۆیشیان وەرگێڕاون، واتە ژێدەری وەرگێڕی کورد بۆ وەرگێڕانی بابەتەکانی رەخنە ژێدەرێکی ناراستەوخۆ و دەستە دووە، و ئەمەش بێگومان چەند خەسارێکی گەورەی بە دواوەیە کە بە کورتی لەو دوو خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە:

١ـ وەرگێڕی کورد کاتێك لە زمانی دەستی دووەوە دەقێکی رەخنەیی یان تیۆریکی وەردەگێڕێت لە جیاتی ئەوەی بەرەو رووی زمان و دەستەواژە و زاراوەکانی ئەسڵی بێت و هەوڵی بۆ راستەوخۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتانە بێت، خۆی بە زمان و هاوتا دانراو و جار و بار داتاشراوەکانی زمانی دەستی دووەوە، کە زۆر جار جێگای باوەڕ پێکردن نین، ماندوو دەکات. بۆ نموونە وەرگێڕانی دەقێکـــــــی رەخنەیی یا خود تیۆریکی رۆژاوایی لە زمانی فارسییەوە، لە هەندێ شوێن گرفتی گەورە بۆ وەرگێڕی کورد ساز دەکات، و تەنانەت زۆر جار تووشی هەڵەی ئاشکرای دەکات، چونکی هەر زمانێك

PDF4Kurd

خاوەن ئیمکان و دەرەتانەکانی فۆرمی و مانایی تایبەت بە خۆیەتی، و لەوانەیە بۆ وێنە ئەو واژەیەی زمانی فارسی بۆ دەربڕینی چەمکێك هەیەتی زمانی کوردی نەیبێت، یان ئەو زەرفیەتە ڕێزمانییەی کە زمانی کوردی بۆ سازکردنیدەستەواژەیەك هەیبێت زمانیفارسی خاوەنینەبێت.بۆ نموونە «ڕۆلان بارت» بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان دەقی ریالیستی کلاسیك و دەقی مۆدێرن لە دەستەواژەکانی داهێنراوی خۆی، واتە (Readerly text) و (Writerly text) کەڵك وەردەگرێت کە لەم ڕەگەزانە پێکهاتوون:

(پاشگری ئاوەڵکار) ly + (ناوی بکەر) Writerly = Writer

(پاشگری ئاوەڵکار) ly + (ناوی بکەر) Readerly =Reader

زمانیفارسی بۆ وەرگێڕانی دروستودەقاودەقی ئەم دەستەواژانە زەرفیەتی ڕێزمانی پێویستی نیە، واتە. زمانی فارسی ناتوانێت ـ لێرەدا ـ ناوی بکەر بە پاشگری ئاوەڵکارەوە بلکێنێت و دەستەواژەیەکی مانادار بخولقێنێت. کە وایە لە فارسیدا ناتوانین بنووسین:

نویسندە + گانە = نویسندەگانە هەر بۆیە وەرگێری فارس هاتوون ئەم دەستەواژانەیان بە «متن نـوشـتني» و «متن خوانـدنـي» وەرگێڕاوە. جا ئەگەر وەرگێڕی کورد بێت و لە ڕووی دەقی دەستی دووی فارسییەوە ئەم دەستەواژانە بکاتە کوردی دیارە بە «دەقی شیاوی نووسین» و «دەقی شیاوی خوێندنەوە» وەریاندەگێڕێت، ئەوە لە حاڵێکدایە زەرفیەتی زمانی زگماکی خۆی، واتە کوردی، ڕێگای ئەوەی پێدەدات دەستەواژەکەی بارت، ڕاستەوخۆ و دەقاودەق و دروست بکاتە کوردی، چونکی لێرەدا زمانی کوردیش، وەك ئینگلیزی، بۆی هەیە ناوی بکەر بە پاشگری ئاوەڵکارەوە بلکێنێت و دەستە ـ واژەیەکی مانادار و دروست ساز بکات، واتە

PDF4Kurd



نووسەر + انە = نووسەرانە                خوێنەر + انە = خوێنەرانە

ئێستا ئەگەر بێین لە بەرامبەر (writerly text)دا «دەقی شیاوی نووسین» و «دەقی نووسەرانە» دابنێین، هەقیقەتی ئەو خەسارانەی لە وەرگێڕانی سەر چاوە دەستی دووەكانەوە خۆیا دەبن دەردەكەوێت.

٢ـ وەرگێڕی كورد كاتێك دەقێكـــــــــــی رەخنەیی یان تیۆریك لەزمانی نائەسڵییەوە وەردەگێڕێت لە بری ئـــــــــــەوەی لەسەر تاقە یەك هاوتای زاراوەیەكی رەخنەیی كار بكات، ناچارە بەرەو رووی چەندین هاوتای ئەو زاراوەیە بێتەوە، لەلایەكی دیكەوە چونكـــی لە زاراوە ئەسڵییەكەش بە وردی ناكۆڵێتەوە، نازانیت كام هاوتا بە راست بزانێت، و كـــام هـــاوتا وەلابنێت. بۆ نموونە وەرگێڕی فارس بۆ زاراوەی (deconstruction)چەندین هاوتایان داناوە وەك ساختار شكنی، شالودە شكنی، واسازی، بن‌افكنی. لێرەدا وەرگێڕی كورد لەبری ئەوەی هەموو تواناكانی خۆی هەر بو وەرگێڕانی خودی زاراوەی (deconstruction) وەگەڕ بخات، ناچارە ئەم توانابیە بە سەر چوار هاوتای فارسی ئەم زاراوەیەدا ببەشێتەوە كە دڵنیاش نیە لەوەی كامیان راسترە لەوانی‌تر و كامیان هەر بۆ ئەوە نابێت ئاوڕی لێبداتەوە. بەم جۆرە وەرگێڕی كوردیش دێت هاوتای وەك: بنەماشكێنی، هەڵوەشاندنەوە، تەشك شكێـــــــنی و هەڵوەشاندنەوەی دەق دادەنێت كە چونكی هیچ كامیان لە سەر بنەمای كاركردن لە سەر خـــودی زاراوەی (deconstruction) بەرهەمنەهاتوون جێگای متمانە پێكردن نین.

بە باوڕی من زاتی وەرگێڕان لە زمانی نائەسڵییەوە خۆی خەسارێكی ئاشكرا و حاشا هەڵنەگرە، جا دیارە خەسارەكانی خودی ئەم

PDF4Kurd

خەسارەش، وەك لەو دوو خاڵەی سەرەوەدا بە كورتی باسمان كرد، بارێكی قورسی دیكەیە بە سەر شانی بزاڤی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەییەوە، هەر چەند حاشا لەو راستییەش ناكرێت كە لە ساتە وەختی ئێستای ئەدەبەكەماندا، كە بێگومان ئەدەبێكی كەم ئەزموونە لە بواری كاری وەرگێڕاندا، ناچارییەك دەبینرێت لە قبووڵكردنی ئەم خەسارە، بەڵام دیارە ئەوە بەو مانایە نیە كە بۆ چارەسەركردن و دواجار بنبڕكردنی ئەم خەسارە هەوڵ نەدەین، هەوڵدانێك كە دەشێت لە خۆ نیزیك كردنەوە و وەرگێڕان لە زمانە ئەسڵییەكانەوە دەسپێبكات.

٣ـ ٦ رەخنەگر لە سۆنگەی ئەرك و وەزیفەی تایبەتی، زیاتر لە هەموو كەس بەرەورووی دەقی وەرگێڕاوی بابەتی رەخنەیی و تێوریك دەبێتەوە، و دیارە بەم پێیەش لەهەموو كەس زیاتر شوێن لەو بابەتە وەرگێڕدراوانە وەردەگرێت. كە وایە لێرەدا پرسیاری سەرەكی شوێن وەرگرتن یان وەرنەگرتنی رەخنەگر نیـــــــە لەو بزاڤە، بەڵكو پرسیاری هەرە گرینگ چلۆنایەتی و رادەی شوێن وەرگرتنە لەم بابەتانە كە بێگۆمان مشت و مڕ هەڵگرتر و جێگای باس و خواسێكی فرەترە.

رەخنەگری كــــــورد بە حوكمی ئەوەی كە دەشێت لە سەر دەقی ئەدەبی قسان بكات دەقی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، و بە حوكمی ئەوەی كە دەشێت لە سەر دەقی ئەدەبی دەقی رەخنەیی بنووسێت بابەتی رەخنەیی و تیۆریك دەخوێنێتەوە. سەرچاوەی ئەركی یەكەمی، كۆی بەرهەمە ئەدەبییەكانی بەردەستە، و بەشێكی سەرچاوەی ئەركی دووهەمیشی بابەتە رەخنەیی و تیۆریكە وەرگێڕدراوەكانن. دیارە ئێمە لەسەرئەو بەشە

لەوەرگێڕان و ڕەخنە و کێشەی پرسیاری دیکەووهەمی ڕەخنەگر قسە دەکەین کە پێوەندی بەوەرگێڕانی کوردییەوە هەبێت.

بە پێی ئەو خەسارانەی کە بۆ بزاڤی وەرگێڕانی ڕەخنە بە کوردی قایل بووین، وەك وەرنەگێڕان و خراپ وەرگێڕانی: نموونە سەرکەوتووەکانی دەقی ڕەخنەی جیهانی، بابەتەکانی فەلسەفە شان بە شانی بابەتەکانی تیۆری، ئاسەواری ڕەخنەیی لەزمان ئەسڵییەوە و هتد، بە گشتی دەکرێ بڵێین ئەو بزاڤە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو شوێنەی کە وەك ژێدەرێکی دەوڵەمەند و جێگای باوەڕ، بۆ قسە کردن لەسەردەقی ئەدەبی، پشتی پێببەسترێت. بزاڤی وەرگێڕانی ڕەخنە بە کوردی چ وەك ڕەچاو کردنی ستراتیژییەکی مەنتقی بۆ هەڵبژاردنی بابەتە پێویستەکانی ڕەخنە بەکوردی چ وەك بەکارهێنانی زمانێکی کەم و زۆر ستاندارد و تا ڕادەیەك یەکدەستی زانستیانە و شیاوی تێگەیشتن، لاوازتر لەوەیە لە قۆناغی ئێستادا کاریگەرێتییەکی ئاشکرا و باشی لە سەر ڕەخنەگری کورد هەبێت، ئەوە جیا لەوەی ئاستی چەندایەتی ئەم بزاڤەش ئەوەندە بەرتەسکە کە زۆر باس و بابەت و چەمکی ڕەخنەیی هێشتا نەکراونەتە کوردی. بۆیە ڕەخنەگری کورد ئەگەر بیەوێت هەر تەنیا پشت بە سەرچاوە ڕەخنەییە وەرگێڕاوەکان ببەستێت، بێگۆمان بۆ قسەکردن لە سەر دەق شتێکی شیاوی باسی دەس ناکەوێت. ئەگەر هەر ئەم هەقیقەتە تاڵ و لە سەردڵگرانە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە تا ئێستا، وەك کتێب، هیچ چەشنە شوێنەوارێکی ڕەخنەیی گرینگی ئەدەبی جیهانی نەکراوەتە کوردی پەی بەئاستی تراژیکی بوون و کەم دەستەڵاتی و لەڕ و لاوازی بزاڤی وەرگێڕانی ڕەخنە بەکوردی دەبەین. بێگۆمان خەسارەتی بزاڤێکی کەم دەسەڵاتی لەم دەستە هەر ئەوە نیە

PDF4Kurd

وەرگری ئەم بابەتە وەرگێڕدراوە رەخنەییە چەواشە دەکرێت و زۆر جار چەمکەکانی بە ئەندازەی پێویست و لە هەندێ شوێندا بە دروستی ناکەوێتە بەردەست، بەڵکو خەسارە گەورەترەکەی ئەوەیە کە رەخنەگرێکی کورد بێت دەسکەوتەکانی ئەم گەڕیانە بکاتە یەکەمین و دوایین پاڵپشتی قسەکانی خۆی لەسەر ئەدەب، و لەم رێگایەوە دەقێکـــــی ئەدەبی پێبخوێنێتەوە.

کەوایە پێش گریمانەی شوێن وەرگرتنی پۆزیتیڤانەی رەخنەگری کورد لەبزاڤی وەرگێڕانی رەخنە بە کوردی ئەوەیە کە ئەم بزاڤە لەباری چەندایەتی و چۆنایەتی‌یەوە گەیشتبێتە ئەو شوێنەی کەخاوەن خەسڵەتەکانی سیستماتیك بوون و زانستمەند بوون و جێگای باوەڕ بوون بێت. هەر چەند بەئاشکرایی هەست بەغیابی ئەم خەسڵەتانە لە مەیدانی وەرگێڕانی ئاسەواری رەخنەیی و تیۆریك بە کوردی، دەکرێت، و هەر بۆیە رەخنەگری جیدی و هەڵسووڕی کورد بۆ قسە کردن لەسەر ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەت ناتوانێت تەنیا پشت بە سەرچاوە رەخنەییە بە کوردی کراوەکان ببەستێت، بەڵام پێزانین بە دوور و درێژی ئەو رێگایەی هێشتا ماومانە، لەم پێناوەدا، بیگرینەبەر، لە بەرامبەر ئەو مەودا کورت و کەمەی بڕیومانە هانە و هاندەرێکی گەورەیە بۆ هەراوتر کردنی ئاسۆکانی بزاڤی وەرگێڕانی شوێنەواری رەخنەیی.

رەزبـــەری ١٣٨١ ـــــ ئۆکتۆبری ٢٠٠٢

PDF4Kurd



## ژێدەر و پەراوێزەکان:

١ـ انسان حیوان مترجم ، مدیا کاشیگر، فصلنامة فرهنگي، ادبي نگاه نو پاییز ١٣٧٧ ، ص ٢٤٦

٢ـ هـ . س ، ص ٢٤٥

٣– لەوانەیە خوێنەریش، وەك من، هەست بە هەڕەشەی ئەو دوو مەترسییە لەو نموونە وەرگێڕانەدا بکات (لێرەدا دەقی ئەسڵیشم هێناوەتەوە، و بەراوردەکەیم لە وتارێکی جیادا ـ ئایندە، ژمارە ١٥ ، ل ٦٥ ـ ٧١ پێشتر کردووە.)

دەقی ئینگلیزی:

«The idea that literature had its being or essential meaning independent of criticism is one which Mattew Arnold fostered in his concept of disinterestedness of the critic , criticism should see the object as in itself it , really is, he insisted.»

دەقی کوردی :

«ئەو بیر بۆ چوونەی کە پێی وایە ئەدەب بوونی خۆیی هەبووە یان مانای بنەڕەتی خۆیی هەبووە بێ پەیوەستبوون بە رەخنەوە بیر و بۆچوونێکە کە ماتیۆ ئارنوڵد لەتێگەیشتنی خۆیدا بۆ «بێ بایخێتی » رەخنە برەوی پێدا و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە دەبێ رەخنە«بابەتە کە وەکو ئەوەی خۆی لەراستیدا چۆنە وەها ببینێ.»

گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٧ ، شوباتی ٢٠٠٢، وتاری«تیۆری ئەدەب چیە؟»، رۆجێر وێبستر، وەرگێڕانی پەیوەند فایەق، ل ل ٨٦ ـ ٨٠

٤– فرهنگ اصطلاحات نقد ادبي، بهرام مقدادي، ١٣٧٨، صص ٤٤١ ــ ٤٤٤

PDF4Kurd

# هەندێ تایبەتمەندی

# دەقی وەرگێڕاوی قورئان

# بە قەڵـەمی «هـــــــەژار»

PDF4Kurd

PDF4Kurd

مێژووی نووسینی کوردی بە درێژایی تەمەنی کورتی خۆی هیچ کات بزاڤێکی بە گوڕ وتینی داهێنەرانەی لە بواری وەرگێڕاندا بە خۆیەوە نەدیتووە، و بێگومان بەشێکی هەرەزۆری بێ دەسەڵاتی و لاوازیی فیکر و فۆرمی نووسینی کوردی ئەگەڕێتەوە بۆ سەر لە ئارادا نەبوونی وەها بزاڤێك. هەمووومان دەزانین سەرلەبەری شـــــوێنەواری فەلســـــەفی یۆنانی کەونارا، زۆرینەی دەقە کلاسیکییەکانی ئەدەبی رۆژاوا و رۆژهەلات، زۆربەی دەقە ئایینە یەکتاپەرەستەکانی دنیا، بەشێکی هەرەگرینگی ئاسەواری مێژوویی و دواجار فرەیەك لە دەقەکانی ئەدەبی و زانستی سەردەم نەکراونەتە کوردی، و خوێنەری کورد، یان هەر لە بنەڕەتەوە ئەم بەرهەمانەیان نەبینیوە، یان ئەگەریش چاویان پێی کەوتووە بە زمانێکی جگە لە زمانی زگماکی خۆیان خوێندوویانەتەوە. ئەم گۆڕەپانە بەتاڵەی نووسینی کوردی هەندێ رۆشنبیری وردبینی ئێمەی دنە داوە لە پێناوی پڕ کردنەوەی ئەم هەموو بۆشاییە لە بواری کاری وەرگێراندا دەست بدەنە ئەرکی تاقەتپڕووکێنی وەرگێڕانی ئەو ئاسەوارانەی کە بێگومان وەرنەگێڕانیان زیانێکی گەورەی بۆ مێژووی نووسینی کوردی بە دواوەیە.

هەژاری موکریانی لەو رۆشنبیرە دەگمەن و هەوڵکەوتانەیە کە بە وەرگێڕانی قورئان کەلەبەرێکی گەورەی بزاڤی وەرگێڕانی کوردی پڕکردەوە. لە راستیدا وەرگێڕانی قورئان بە زمانی کوردی و بە قەڵەمی هەژار نەك هەر بیر و ئەندێشەکانی قورئانی بۆ نێو مێشکی مرۆڤی کورد گوازتەوە، بەڵکو بووە هۆی تەقاندنەوە و دەرخستنی زەرفیەت و دەرەتانە جوانی ناسییەکانی زمانی کوردی لە بواری ئایین ناسی و خواپەرستیدا. بە گوتەیەکیتر وەرگێڕانی قورئان بە دەستی هەژار تەنیا بە کوردی کردنی

PDF4Kurd



دەقی عارەبی قورئان نیە، بەڵکو تێروتەسەل کردنی زمانی کوردیشە بەو واژە و دەستەواژە و بیر و بیرۆکە ئایینانەی کە بەر لەم کارە نووسینی کوردی، بە هۆی نەرەخسانی هەلێکی لەم دەستە بۆ خۆ لە قەرەدانی دەقێکی مەزنی دینی، بە خۆیەوە نەبینیبوو. دیارە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە ونرخاندن و سەنگ و سووك کردنی ئەم کارەی هەژار دەکرێ لەدەیان دەلاقەوە بۆی بڕوانی و لە سەدان لایەنەوە لێیبکۆڵیتەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم وەرگێرانەی هەژار بخەمە تای تەرازووی تاوتوێ کردنەوە:

<u>١ـ کەڵك وەرگرتن لە واژە و دەستەواژە و رێسا رێزمانییەکانی زۆربەی زاراوەکانی کوردی:</u>

پێویست بە گوتن ناکات ئەگەر هەژار بۆ وەرگێڕانی قورئان تەنیا پشتی بە گەنجینەی واژە و تواناکانی رێزمانی تاقە یەك زاراوەی کوردی ببەستایە زمانی وەرگێڕانەکەی ئەو دەسەڵات و هێز و بڕشتەی نەدەبوو بیتوانیبا دەرەقەتی ئەم هەموو دژوارییانەی واژە و چەمکەکانی قورئان بێت. لە لایەکی دیکەوە هەژار لەو وەرگێڕ ونووسەرانەیە زۆری باوەڕ بە دەستاودەست کردنی واژە و دەستەواژەی زاراوە جۆراو جۆرەکانی کوردی هەیە، و لەم بوارەدا خۆی وەك پێشەنگ شێوازێکی تایبەتی وەرگێڕانی کوردی رەچاو کرد کە تا ئێستاش وەرگێڕێکی بە توانای وەك شوکور مستەفا ئەم رێبازەی بەر نەداوە و بەردەوام کاری پێدەکات. هەر بۆیە دەقی کوردی قۆرئان لێوانلێوە لەو واژە و دەستەواژە و رستانەی کە هەژار لە زاراوە جۆراوجۆرەکان خواستوونی و بە کاری هێناون.هەڵبەت هەژار سەرەڕای ئەم باوەڕەی، نووسینی پێوەر یان ستانداردی کوردی کە بە

PDF4Kurd

زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست بێت بە ئەسڵ زانیوە و لەم ڕێگایە لاینەداوە. دیارە هەر لاپەڕەیەکی قورئانی هەژار هەڵدەیتەوە نموونە، وەك شاهیدی ئەم قسانە، بە لێشاو هەیە[1]:

■ **ئەوانەی خودا نەناسن، ئێژن: بووچە بەڵگەیەکی لە خواوە بۆ نەهاتگە.** (ل ٢٥٢، سوورەی رەعد، ئایەی ٢٧)

■ **نون، سۆند وە بنووس، بەوەش کە دێتە نقیسین** (ل ٦٤، سوورەی قەڵەم، ئایەی ١)

■ **ئەوی گوتیان:«لە خواوە پێن سپێراوە کە باوەڕی بە هیچ پێغەمبەرێك نەکەین، مەگین ئەوەی بە مەیوانێ قوربانیەوە بێتە لامان، ئاگر بیخوا.»** (ل ٧٤، سوورەی ئالی عیمران، ئایەی ١٨٣)

■ **... پێغەمبەر هێندێ لەو نهێنییەی گوت و لە هێندێکی وازی هێنا. وێ گۆ: ئەمە کێ بە تۆی گوت؟ گوتی: زانای ئاگادار پێی راگەیاندم** (ل ٣١٨، سوورەی تاها، ئایەی ٩٠)

***٢- بەکار هێنانی زمانێکی ئەدەبی سفتوسۆل و بەشانوشکو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی زمانیی قورئان:*** پسپۆرانی بواری قورئان ناسی لە سەر ئەم رایە کۆکن کە ئەو زمانەی لە قورئاندا بە کار هاتووە زمانێکی تۆکمەی ئەدەبییە کە بێشك بە بنچینەی زۆربەی گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەدەبی عارەبیش دێتە هەژمار. بۆیە بێگومان زمانی هەر دەقێکی وەرگێڕاوی قورئانیش دەشێ بەم ڕێژەیە یان لانیکەم نیزیك بەم ڕێژەیە خاوەن

---

[1] دیارە ئێمە لە هەر شوێنێك پێویست بێت دەقی عارەبی ئایەتەکان دێنینەوە، چونکی مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم وتارە تاو توێ کردنی وەرگێڕانەکەی هەژارە، نەك ڕوونکردنەوەی ڕێژەی دووری و نیزیکی دوو دەقەکە لە یەکتر، کە ئەمە باسێکی دیکەیە.

PDF4Kurd



ئەدەبییەت و تۆکمەیی و شانوشکۆ بێت بۆ ئەوەی خوێنەری دەقی وەرگێڕاویش هەست بە کاریگەرێتی دەقی سەرەکی بکات. هەوڵی هەژار لەم بوارەدا هەوڵێکی شایانی سەرنجە. هەژار سینتاکسی زمانی کوردی نەك هەر بە وردی زانیوە، بەڵکو بە سەر بەشێکی فراوانی زەرفیەتە جوانی ناسی و ماناناسییەکانی‌دا دەسەڵاتی بووە و بەکاری هێناون، بە جۆرێك کە خوێندنەوەی دەقێکی وەرگێڕدراوی هەژار زۆر کەم هەڵدەکەوێ بە مانای خوێندنەوەی دەقێکی خۆماڵی نەبێت. جیا لەمە، هەژار باوەڕی بە چوارچێوەی سەربەخۆی زمانی کوردی بووە و هەرگیز وەرگێڕانی وشە بە وشەی پێ دروست نەبووە، هەر بۆیە بە ئاشکرایی دەبینرێ پێکهاتە و ساختاری رستەکانی لە هەمان کاتدا کە مانای رستەی دەقی ئەسڵی نادۆڕێنن، سەر بە خۆیی زمانیی خۆیشیان دەپارێزن و سنووری سینتاکسی رستەی کوردی نابەزێنن. لە لایەکی ترەوە هەژار زۆرجار بۆ راگوێزانی سەجع و سەروای دەقی عارەبی بۆ کوردی، سەرلەنوێ ئەم سەجع و سەروایانەی لە قەوارەی زمانەکەی خۆی‌دا دارشتۆتەوە، و خوێنەری کوردی لە چێژی ئەم جوانکارییانەی زمانی ئەسڵی بێبەش نەکردووە. بۆ وێنە: **هەر بینا، ئاگری بەگڕ دەیسووزێنێ، ژنەکەشی دەستەچیلە بە کوڵ دێنێ.**

(ل ٦٠٣، سوورەی مەسەد، ئایەی ٣و ٤)

■ **ئەوەی لێت بە ناتۆرەیە، بۆ خۆی وەجاخی کوێرەیە.**

(٦٠٢، سوورەی کەوسەر، ئایەی ٣)

**٣ـ پاراستن و راگوێزانی وردەکاری و مەبەستە شاراوەکانی قورئانی:**

وەك دەزانین هەر دەقێکی ئەدەبی هەندێ جار هەڵگری کۆمەڵێك وردەکاری و مەبەستی شاراوەیە، بەجۆرێك بۆ دۆزینەوە و پەردە لە سەر

PDF4Kurd

لادانیان خوێنەر دەشێ توانای خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی خۆی بۆ بخاتە گەڕ و لە رەوتی خولّقاندنی مانای ئەو دەقەدا دەستی هەبێت. قورئان لە زۆر جێگادا مەبەستەکانی خۆی راشکاوانە نەدرکاندووە، و تەم و مژی تێکەڵ بە گوتەکانی کردووە. لێرەدا ئیتر وەرگێڕ بۆی نیە ئەم حالّەتی تەم و مژاویە، کە بێگومان مەبەستێکی جوانی ناسی لەپشتە، بە هۆی وەرگێڕانی خراپ روون بکاتەوە و دەستی دەقەکە رووبکات، بەلّکو دەبێت هەوڵ بدات بەشێوەکی ئەدەبی ئەم حالّەتە لە زمانی وەرگێڕانی خۆیشیدا بپارێزێ، بە جۆرێك خوێنەر بتوانێت لەزمانی خۆیشیدا پەی بەو وردەکاری ومەبەستە شاراوانە ببات. بۆ وێنە لەم ئایەتە بڕوانین:

« الهکم المتکاثر. حتي زرتم المقابر»■شانازیتان بە فرەیی (ماڵ و منداڵ) ئێوەی بە خۆیەوە خافلاّند. تا هەمووتان بوونە میوانی گۆڕستان.

«ل ٦٠٠ سوورەی تەکاسور، ئایەی ١ و ٢»

لەم ئایەتەدا تەوس و تەشەرێك لە کاری«زرتم»دا دەبینرێ کە بێگومان بۆ سووك وچرووك کردنی ئەو کەسانەیە کە وا ماڵی دنیا خافلّیان دەکات تا لە پڕ تووشی مەرگ دەبن. هەژار لێرەدا «زیارەت کردنی قەبرانی» بە تەعبیری «بوونە میوانی گۆڕستان» وەرگێڕاوە کە ئاشکرایە لە حالّەتی ئاسایی‌دا کەس بە میوانی ناچێتە گۆڕستان مەگین ئەو قسەیە بە تەوس بگوترێت یان ئەم ئایەتە:« الم ترکیف فعل ربك باصحاب الفیل»

■ ئەدی نەت دی پەروەرەندەت چپەندێکی بە سەر فیل سوارەکان هێنا؟

(ل ٦٠١، سوورەی فیل، ئایەی ١)

کاری«فَـعَـلَ» مەبەستێکی لە هەناودا شاردۆتەوە کە هەژار لە رێگای بە کار هێنانی دەستەواژەی «پەند بە سەر داهێنان» توانیوێتی تا

PDF4Kurd



رادەیەکی زۆر ئەم مەبەستە شاراوەیە بە مێشکی خوێنەری کـــــــورد بگەیەنێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر ئەم کارە تەنیا بە«بە سەر داهێنان» وەگێڕدرابا، ئیتر خاوەن هیچ وردەکارییەکی مانایی و چەمکی نەدەبوو، چونکی دەزانین لەم سوورەیەدا ئەسحابی فیل بە دەست پۆلێك باڵندە تیا دەچن، کە وایە ئەم رووداوە بە جۆرە پەند بەسەر داهێنانێك لە قەڵەم دەردێ.

٤ـ وەرنەگێڕانی هەندێ واژەی تایبەت:

لە قورئاندا هەندێ واژەی تایبەت هەن کە دەست تێبردن و وەرگێڕانیان رۆحی بەشێکی زۆر لەمانا و مەبەست و هەر وەتر دەنگ ومۆسیقای ئەو واژانە دەڕووشێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە نیوەچڵی و ناتەواوی لە واتای ئەو واژەیە بگات، و دواجار مەبەستی سەرەکی رستەکانی پێش و پاشی ئەم واژەیە نەپێکێت. لێرەدا وەرگێڕ ئەم واژەیە بە بێ دەسکاری و وەك خۆی دەنووسێتەوە و هەوڵ نادات بە بێ هیچ چەشنە هۆیەکی مەنتقی و دروست، راڤەی تاکەکەسی خۆی بە سەر ناوەرۆك و رواڵەتی واژەکەدا بسەپێنێ. لەم بارەیەوە بڕیاری وەرگێڕ بۆ ئەوەی کام واژە بە وەها واژەیەکی شیاوی وەرنەگێڕان دابنێت زۆر گرینگە، وەك چۆن هەندێ واژە لە هەندێ دەقی وەرگێڕاو وەرگێڕدراون و لە دەقی دیکەدا وەرنەگێڕدراون. بە بڕوای من زۆربەی ئەو واژانەی هەژار نەیکردوون بە کوردی شیاوی وەرگێڕان نین و پێویستە خوێنەر بە هەمان شێوەی عارەبی خۆیان بیانخوێنێتەوە و بۆ دۆزینەوەی ماناکانی هەوڵ بدات:

PDF4Kurd

- **نانا، باوا خەیاڵ نەکا، بێ شک فڕێ دەدرێتە ناو «حوتەمە»وە. کا دەزانی نیاز لە«حوتەمە» چیە؟ ئاگرێکە خودا هەڵی گیرساندیە**

(ل ٦٠١، سوورەی هومەزە، ئایەی ٤، ٥، ٦) •

- **هەر کەسێکیش لە کێشانە سووکی هێنا. ئەوە ئەنوای «هاویە»یە. کوو زانیوتە لە«هاویە» مەبەس چیە؟. ئاگرێکی بە نێڵەیە.**

(ل ٦٠١، سوورەی قاریعە، ئایەی ٨، ٩، ١٠، ١١ )

وەك دەبینین لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا، «حوتەمە» و «هاویە» وەك دوو ناوی تایبەت(اسم خاص) هاتوون و دیارە ناکرێ ناوێکی تایبەت وەربگێڕەوەینە سەر زمانێکی دیکە بۆ ئەوەی ماناکەی ئاشکراتر بێت. جیا لەمە، وەك لەم دوو نموونەیەدا دەبینرێ، دەقی قورئان خۆی دواجار مانا و مەبەستی ئەم ناوانەی شیکردۆتەوە، وەك ئەوەی بڵێی دوا رستەکانی ئەم دوو نموونەیە لە راستیدا خۆی جۆرە وەرگێڕانێکی ئەم دوو ناوە بێت.

٥ ـ وەرگێڕانی هەندێ رستە لە دوو گۆشە نیگاوە:

دەقی قورئان لە هەندێ شوێن دەقێکی فرەدەنگ و فرەتوێژە، و هەر وەرگێڕانێك، خۆی دەرخستنی یەکێ لەو لایەنانە و هەڵکۆڵینی یەکێك لەو توێژانەیە. هەژار لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا هەوڵی داوە ئەو ئایەتانەی هەڵگری دو شێوە یان زیاتر خوێندنەوەن تەنیا لە یەك گۆشەنیگاوە وەرنەگێڕێ، و ئاماژە بە شێوەکانیتریش بکات. لە راستیدا، ئەم کارە زیاتر پێوەندی بە کاری تەفسیر و شرۆڤەکردنی قورئانەوە هەیە بەڵام هەندێ شوێنی دەگمەن هەن بۆ زانیاری وردی خوێنەر پێویستە ئەم فرەتوێژییەی قورئان هەر لە وەرگێڕانیشدا لە بەرچاو بگیرێ و ئاماژە بە چەمکە جۆراو جۆرەکانی بکرێ:

PDF4Kurd



**قورئانی هـــەژار** ■ نەخێر، ئێمە گەرەکمانە پڕو پووچ لە بەین بچێت و راستی جێگەی بگرێتەوە. وا وەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەو باسی خودا کردنەو.

یان: نەخێر، راستی بەرە و ناهەق دەهاوێژن، هەتا تێکی بشکێنێت و لە بەین بچێ.

(ل ٣٢٣، سوورەی ئەنبیا، ئایەی ١٨)

■ بێژە:ئەی ئەوانەی کە جوون!...

یان: بێژە ئەی ئەوانەی کە بوونە جوولەکە!.(ل٥٥٣، سوورەی جومعە، ئایەی ٦ )

■ ئیمە هەر تۆ دەپەرستین، پشتن هەر بە تۆ دەبەستین.

یان: ئێمە هەر تۆ دەپەرستین، هەر لە خۆشت ئاریکاری داوا دەکەین

(ل ١ ، سوورەی فاتیحە، ئایەی ٥)

**٦ـ بەکارهێنانی دەستەواژەی خۆماڵی و ئایدیۆمی تایبەت بەزمانی کوردی:**

وەرگێڕان هونەرێکە تێیدا هەوڵ دەدرێ پێکهاتە و ئازای ئەندامی زمانی ئەسڵی یان سەرچاوە لە زمانی وەرگێڕاو یان سەرەنجامدا، سەر لە نوێ ساغ بکرێتەوە، بە جۆرێك خوێنەری دەقی وەرگێڕاویش تا رادەیەکی زۆر ببێتە خاوەن هەمان هەست و هەڵوێست کە خوێنەری زمانی دەقی ئەسڵیش خاوەنێتی. ئەمە دەسکەوتێکی هەرە گرینگی وەرگێڕانە کە زۆرجار دەیکەنە کێشانەو پێوانەی نرخاندنی دەقێکی وەرگێڕاو، و لەم روانگەیەوە ئاستی بەرزێتی ونزمێتی ئەو دەقەی پێ دیاری دەکەن.یەکێك لە کەڵکەڵە گەورەکانی هەژار بۆ وەرگێڕانی دەقی قورئان کورداندنی ئەو دەقە بووە بە تەواوی لایەنە ئەستەم و دژوارەکانییەوە و لەگەڵ هەموو گیر و گرفتە لە دوا نەهاتووەکانی ئەم ئەرکە تاقەت پڕووکێنە، بە تایبەت ئەگەر ئەم راستییە بێنینە بەر چاوی خۆمان کە هەژار بۆ راپەڕاندنی ئەم کارەی هیچ پاڵپشتێکی دەقی و هیچ پێشینەیەکی نووسینی لەم بابەتەی شك

PDF4Kurd

نەبردووە کە پشتی پێببەستێ و ئاوڕی لێبداتەوە، یەکێك لەو شێوازانەی هەژار بۆ کورداندنی ئەم دەقە ئایینییە بە کاری هێناوە کەڵك وەرگرتن لە دەستەواژەی خۆماڵی و ئایدیۆمی تایبەت بە زمانی کوردی‌یە، بە جۆرێك خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی‌دا هەست بە خزمایەتی لەگەڵ زمانەکە بکات و بەم شێوەیە لە ماناکانیشی زیاتر نیزیك بێتەوە:

■ **نەقڵی ئەو خوانەناسانە وەك نەقڵی ئەو ئاژاڵەیە کە دەنگ دەدەرێ، جیا لە خوڕین و چڕینی هیچ نابیسن. کەڕن لاڵن، چاویان کوێرە و لە تڵپاتی تەڕیش ناگەن.**

لایعقلون = لە تڵپاتی تەڕیش ناگەن = هیچ نافامن

(ل ٢٦، سوورەی بەقەرە، ئایەی ١٧١)

■ **وەختێ کاروان ڕەوانە بوو. بابیان گوتی: ئەگەر نەیژن هاتەران پاتەرانی وت، من بۆنی یووسفم بۆ دێ.**

تفندون= هاتەران پاتەرانی وت = قسەی بێ‌مانا و هیچ و پووچی وتن.

(ل ٢٤٦، سوورەی یوسوف، ئایەی ٩٤)

■ **ئەمانە ئەو دەنگ و باسانەی نادیارن، کە بە تۆی ڕادەگەیێنین، ئەوسا ئەوان کاکە و برالەی خۆیان کرد فێڵێ بکەن، تۆ هەر ئاگاشت لێ نەبووە.**

اجمعو و امرهم = کاکە و برالەی خۆیان کرد = بە نهێنی و بۆ مەبەستێکی ناپەسند ڕاوێژیان کرد و ڕێککەوتن. (ل٣٠٩، سوورەی مەریەم. ئایەی ٦٢)

■ **چەڵتەی لابەلا نابیسن و هەر سڵاوە، هەموو بەیانی و ئێواران ژەمیان هەیە.**

لغواً = چەڵتەی لابەلا = قسەی قۆڕ و خوار و خێچ

PDF4Kurd



قورئانی هــەژار (ل ٣٨٧، سوورەی قەسەس، ئایەی ١٥)

* * *

لە دوابەشی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بەراوردێك بكەم لەنێوان قورئانـی وەرگێڕاوی هەژار بە كوردی و قورئانی وەرگێڕاوی ئارتۆرجان ئاربێری بە ئینگلیزی كە بە بڕوای من باشترین دەقی ئینگلیزی قورئانە. بۆ ئەم مەبەستە دوو سوورەم هەڵبژاردووە و هەوڵ دەدەم ئەم دوو دەقە لە بەر یەك رابنێم و لایەنە جۆراوجۆرەكانیان بخەمە بەر چاوی خوێنەر، لە هەمان كاتدا كە لاچاوێكیشمان لە دەقە عارەبیەكانیان دەبێت:

A ـ سوورەی فەلەق

| دەقی عارەبی | دەقی كوردی | دەقی ئینگلیزی |
|---|---|---|
| سوورة الفلق<br>قل اعوذ برب الفلق«١»<br>من شرما خلق«٢»<br>و من شر غاسق اذاوقب «٣»<br>و من شر النفثت في العقد «٤»<br>و من شر حاسد اذا حسد «٥» | فەلەق<br>١ ـ بێژە: من خۆ دەپارێزم، بە وەدی هێنی زا لە ماك،<br>٢ ـ لە وەزەنی هەرچی دروستی كردووە،<br>٣ ـ لە رووشەی شەو، كاتێ تاریكایی دادێ،<br>٤ ـ لە تۆشی جادووگەرانێ پف دەكەنە چەند گرێیەك.<br>٥ ـ لە گێچەڵی ئێرەیی بەر، وەختێ كە ئێرەیی دەبا. | DAYBREAK<br><br>Say: , I take refuge with the Lord of the Daybreak<br>From the evil of what He has created,<br>From the evil of darkness when it gathers,<br>From the evil of women who blow on knots<br>From the evil of an envier when he envies. |

PDF4Kurd

١ـ هەژار واژەی «رب» ی راڤە کردووە و بـــــــە «وەدی هێنی» وەرگێڕاوە.ئاربێری راستەوخۆ لە جیاتی «رب» «Lord»ی داناوە.

٢ـ هەژار وشەی «شر»ی کە چوار جار دووپات بۆتەوە هەر جارە و بە وشەیەك وەرگێڕاوە.

ئاربێری وەك دەقی عارەبی، هەر جـــارە لە بری«شـــر» یەك هاوتـــا، واتە «evil»ی داناوە.

سەرنج: بە بڕوای من لێرەدا هەژار دەبوایە ئەو راستییەی لە بەر چاوگرتبا کە لە چەند پاتبوونەوەی«شر»دا مەبەستێکی تایبەت هەیە کە لەوانەیە راکێشانی سەرنجی خوێنەر بێت بۆ باری مانایی ئەم واژەیە.ئەوە جیا لەوەی رەنگە ئەم چەندپاتبوونەوەیە بۆ زەقکردنەوەی دەنگ ومۆسیقای ئەم واژەیەش بێت. بۆیە چاتر وابوو لە بەرامبەر وشەی«شر» هەریەك واژەی دانابا. بە تایبەت بە خاتری ئەوەی وێناچێ لەم سوورەیەدا هەر«شر»ە و بە مانا، یان مەبەستێکی تایبەت هاتبێت.ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر رێك پاش ئەم سوورەیە، واتە لە سوورەی «ناس» دا هەژار لە بری «ناس» کەپێنج جار دووپات بۆتەوە هەر واژەی«مەردم»ی داناوە، وەك چۆن ئاربێری‌ـش هەر وشەی «men» بە کار هێناوە.

٣ـ هەژار «اَلنفثت»بە «جادووگەران» وەرگێڕاوە.

ئاربێری«women» واتە «ژنان»ی داناوە.

سەرنج:دیارە ئەم جیاوازییە لە جیاوازی راڤەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ.

٤ـ هەژار ناوی سوورەکەی ـ و گشت سوورەکانی قورئانی ـ وەرگێڕاوە و هەر«فەلەق»ی هێناوەتەوە. ئاربێری ناوی سوورەکە ـ و گشت سوورەکانی قورئانی تەرجەمە کردۆتەوە، واتە لە بری «فەلەق» «DAYBREAK»ی بەکاربردووە، هەڵبەت وەك دەبینین بە پیتی گەورە (کاپیتاڵ).

٥ ـ هەژار لە بەرامبەر ژمارەی هەر ئایەتێك ـ و سەر لە بەری ئایەتەکانی قورئان ـ ژمارەی بەرامبەری داناوە. ئاربێری ئایەتەکان ـ و گشت ئایەتەکانی قورئانی ـ بە دێڕ لە یەك جیا کردوونەتەوە و ژمارەی بۆ دانەناون

**B. ـ سوورەی قەدر**

| دەقی عارەبی | دەقی کوردی | دەقی ئینگلیزی |
|---|---|---|

PDF4Kurd

| POWER | قەدر | سورة القدر |
| --- | --- | --- |
| Behold, We sent it down on the Night of Power,<br>And what shall teach thee what is the Night of Power?<br><br>The Night of Power is better than a thousand months,<br>In it the angels and the Spirit descend, by the leave of their Lord, upon every command.<br><br>peace it is, till the rising of dawn | ١ـ ئێمە کە ئەم قورعانەمان لە شەوی هەرە بەڕێزدا ناردۆتەخوار.<br>٢ـ کوو دەزانـــی ئەم شەوە بەڕێزە کامە؟<br>٣ـشەوێکە هێندە بە قەدرە، هەزار مانگ بارتەقای ناکا.<br>٤ـ لەو شەوەدا فرشتەکان و جــــوبڕائیل ـ بە ئیزنی پەروەرندەیان ـ دائەوەزن و هەموو کار جێ بە جێ دەکەن.<br>٥ـ هەر خۆشی و هێمنایە تیە هەتا بولێڵەی بەیانی. | انا انزلنا في ليلةالقدر(١)<br>و ما ادرئك ما ليلةالقدر (٢)<br>ليلةالقدر خير من الف شهر(٣)<br>تنزل الملئكة و الروح فيها بأذن ربهم من كل امر(٤)<br>سلم هي حتي مطلع الفجر (٥) |

١ـ هەژار جێناوی«ـە» لە «انزلنە»دا راڤە کردووە ولەبری ئەو، «قورعان»ی داناوە.

ئاربێری دەقاودەق لە جیاتی ئەم جێناوە «it»ی بە کار هێناوە.

سەرنج: هەڵبەت پێویست بوو ئاربێری بۆ ئەوەی«it» لە بەر چاوی خوێنەر زەق بکاتەوە و بە شێوەی ناراستەوخۆ تێبگەیەنێ مەبەست لەم جێناوە، قورعانە، دەبوایە بە پیتی کاپیتاڵ بینووسیبایە، واتە بەم شێوەیە: «It»

٢ـ هەژار «**ليلةالقدر**» بە «شەوی هەرە بەڕێز» و «ئەو شەوە بەڕێزە» و«شەوێکی هێند بە قەدر» وەرگێڕاوە.

PDF4Kurd



ئاربێری هەموو«**لیلةُالقدر**»ـەکانی کردووە بە (The Night of Power)

سەرنج: ئاربێری بۆ نیشاندانی گرینگی تاقانەیی ئەم دەستەواژەیە، پیتی یەکەمی واژەکانی بە پیتی کاپیتاڵ نووسیوە. هەر چەند ئەم دەستەواژە ئینگلیزیە زیاتر لەوەی مانای «بەرێز بوون» بدات مانای «بەهێز و بە دەسەڵات بوون » دەگەیەنێ.

٣ـ هەژار «الروح»ی بە جوبرِائیل مانا کردوّتەوە.

ئاربێری تەرجەمەی واژە بە واژەی رەچاو کردووە و لە بری «الروح» «the Spirit»ی داناوە کە دیسان بۆ نواندنی تاقانەیی ئەم واژەیە پیتی یەکەمی بە پیتی گەورە نووسیوە.

٤ـ بە پێچەوانەی سوورەی «فەلەق» هەژار لەم سوورەیەدا لە بری«رب» «پەروەرندە»ی داناوە. ئاربێری هەمیسان وەك سوورەی«فەلەق» لە جیاتی«رب» «Lord»ی بە کار هێناوە.

**قورئانی هەژار**

گەلاوێژی ١٣٨١

ئاگوستی ٢٠٠٢

**سەرچاوەکان:**

١ـ قورئانی پیرۆز، وەرگێراوی هەژار، نەشری ئیحسان، ١٣٨٠

٢- **The KORAN,A.J.ARBERY, New york, macmill,** ١٩٥٥

PDF4Kurd

# لەپەیڤی تازەگەری‌یەوە

# تا

# پرۆسەی تازەگەری

PDF4Kurd

PDF4Kurd

تازەگەری لای ئێمە زیاتر لەوەی پرۆسەیەکی چالاکی داهێنانی دەق و رەخنەی ئەدەبی و سەرجەم گوتاری ئەدەبی بێ، پەیڤـ و دەمەتەقە و ململانێی نەگوراوی هەندێ قسەی و گوتەی زارەکی و نازارەکی‌یە پرسیار گەلێکی قورسن ئەگەر لە خۆمان بپرسین، ئایا تازەگەری پێویستی بە پێناسەی ئێمە هەیە؟ ئایا تازەگەری رەوتێکە خۆمان دەیخولقێنین یان شەپۆلێکە لە پێداویستیەکانی سەردەم کە ئێمەش دەگرێتە خۆی ؟ ئایا تازەگەری ئەو چەمکەیە پێویستە هەموومان رامان لە سەری کۆک بێ، یان نا بە پێچەوانە تازەگەری دالێکە کە دەشێ چەندین مەدلوولی جیاواز و لە هەمان کاتدا دروستی هەبێ؟ ئایا تازەگەری، ئەدەبی مۆدێرن لە ئەدەبی سوننەتی دادەبڕێ، یان شتێك بە ئەدەبی سوننەتی زیاد دەکا، یان لێی کەم دەکاتەوە، و دەیکاتە ئەدەبی مۆدێرن؟ ئایا تازەگەری کۆی ئەو باسانەن کە مۆدی رۆژن و زیاتریش بە ism کۆتاییان پێدێ، یان نا تازەگەری نەك هەر بە سەردەمی هاوچەرخ، بەڵکو بە هیچ سەردەمێکی مێژووییەوە نابەسترێتەوە؟

کەڵکی ئەمجۆرە پرسیارانە تەنیا لەوەدا نیە کە کەڵکەڵەی دۆزینەوەی کۆمەڵێك وەڵامان تێدا بەدی دێنێ تا لەم رێگایەوە لێکۆڵینەوە و وتار و ..پێشکەش بکەین، بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە گرینگایەتی باسێك بە ناوی «کێشەی تازەگەری» لە پەراوێزی زەین و قاقەزەکانمانەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوەند. بەڵام بۆ ناڵێم«باسی تازەگەری» و بە پێداگرییەوە دەڵێم«کێشەی تازەگەری». بێگومان لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتا سوننەت زۆر بە دەماختر لەوەیە وەکی«باسێك» لە پێکهاتەی کولتووری گشتی ئەو کۆمەڵگایەدا رەنگبداتەوە، وەکی«کێشەیەك» لە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگادا دەنگدەداتەوە.

بۆیە تازەگەری لای خوێنەر و نووسەری کورد زیاتر لەوەی باسێك بێ بۆ لێدوان کێشەیەکی ئەستەمە، بۆ رووبەروو بوونەوەیەکی ئەستەمتر. لێرەدایە کە ئەوەندەی خوێنەر یان نووسەری سوننەتخوازی کورد دژی تازەگەرییە وەك کێشەیەکی ناڕەوا، کە وەك خۆیان دەڵێن فڕی بە سەر رەسەنایەتی ئەدەبی کوردییەوە نیە، ئەوەندەش لای خوێنەر یان نووسەری مۆدێرنی کورد، کێشەی تازەگەری کێشەیەکی رەوایە کە پێویستە بە خەست و خۆڵی باسی لێبکرێ و دواجار دابەزێتە سەر دەقی کوردیش. واتە ئەوەی لە هەر دوو بار دا تازەگەری هەر«کێشەیە». کێشەیەك کە لە سەرێکەوە حاشای لێدەکرێ و لە سەرێکی ترەوە بە باڵایدا هەڵدەگوترێ. بەڵام گرێ پووچکەی ئەم دژایەتییە لەوە دایە کە خودی ئەو سوننەتخوازانەی کە حاشا لە تازەگەری دەکەن ـ کە زیاتر بە مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم ناوی دێنن ـ خۆیان زۆر زیاتر لەوانیتر بە تازەگەرا دەزانن و حاشاکردنیان لە تازەگەری بە حاشا کردن لە تازەگەرا بوونی خۆیان لە قەڵەم نادەن. لێرەدایە کە تازەگەری لە حاڵەتی«بابەتێك بۆ باسکردن» دەترازێ و دەبێتە«کێشەیەك بۆ خۆ سەلماندن»، واتە لادان لەو بەستێنە سروشتییەی کە تازەگەری پێویستی پێیەتی تا دواجار لە پێکهاتەی کولتووری گشتیدا گەشە و نەشە بکا و پێبگات. ئەم لادانەش، بە نۆبەی خۆی مانای ئەوەیە تازەگەری کەوتۆتە نێو بارودۆخێکەوە کە ناتوانێ گەوهەری واقیعەکانی خۆی بنوێنێ، یان بە وتەیەکی وردتر، لەوەها پانتاییەكدا کە پانتایی باڵا کردنی تازەگەری نیە، تازەگەری هەر لە رەگ و ریشەوە، لەو هێزە لە ناخداهەڵگرەی کە دەتوانێ رۆژێك بەکردەوە ئاڵ و گۆڕ بەدی بێنێ، دادەماڵدرێ و جگە لە لەشێکی شەکەتی بێ رۆح چیتری لێ نامێنێ،بە

PDF4Kurd

تەعبیری میلان کۆندێرا، بە هاوارێك مەرگی لە کتوپڕی خوی دوا دەخا تا لە بێدەنگی دا مەرگی هێوری خۆی بە چاو ببینێ.

بێگومان لەو شوێنەی تازەگەری نەبووبێتە پەیڤێك بۆ دارشتنی بنەماکانی پێناسەیەکی تیۆریك، ناشتوانێ ـ هەرگیز ـ ببێتە پرۆسەیەك بو چالاکییەکی پراکتیك. ئەگەر چی بەختیار عەلی گوتەنی:«باس لە تازەگەری خۆی نابێتە تازەگەری»بەڵام شك لەوەدا نیە کە ساز کردنی چوار چێوەیەك بۆ پەیڤی تازەگەری یەکەمین وگرینگترین هەنگاوە بەرەو دامەرزاندنی پرۆسەی تازەگەری کاتێك تۆ نەتوانی بە زمانی کولتووری تازەگەری بدوێی، کاتێك تۆ لە زاراوەکانی تایبەتی تازەگەری ناگەی، بێگومان ناشتوانی درگای ژووری پەیڤـ و پرۆسەی تازەگەری بکەیتەوە. بۆیە سەیر نیە ئەگەر زۆربەی رۆشنبیرانمان با باس لە تازەگەریش وەك بزوتنەوەیەکی پێویست بکەن، بەڵام دیسان هەر دەکەونە خانەی سوننەتخوازانی دژی تازەگەرییەوە چونکی ئەوان ناتوانن بە واژە تایبەتەکانی قاموسی تازەگەری قسەبکەن یان بنووسن، بۆیە ئەوەی دەریدەبڕن زیاتر لەوەی پێدا هەڵگوتنێکی فریودەرانەی رۆشنبیر نوێنانە بێ، خۆنواندنێکی هەلخوازانەی بە پەلەیە. لێرەدایە کە دەبینین لای ئێمە زمانی پەیڤینی ئەو کاتانەمان کە باسی تازەگەری دەکەین زمانێکی ئیفلیج و سەقەتە کە نە دەرەقەتی پێناسە کردنی تازەگەری وەك چەمکێکی رووت دێ، نە دەتوانێ تازەگەری لە زەمینەی کۆمەڵگا و ئەدەبی کوردی دا بخوێنێتەوە.ئەگەر تووشی سەدان بۆ چوونی لێك وەرگیراوی دووپاتکراوی بێ سەرە و بەرەی نازانستی دێن، ئەگەر چاومان بە دەیان شیعر و چیرۆکی ناهونەری و بێ

PDF4Kurd



هۆنەری و دژە هونەری دەکەوێ،دواجار هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە سەقەتەی کە باسی تازەگەری کردۆتە بنێشتە خۆشەی خۆی.

کە وایە تازەگەری وەك پرۆسە، بوونی بە بوونی پەیڤی تازەگەرییەوە بەستراوەتەوە. چونکی بێگومان تازەگەری کایەیەکە کە رێسا و یاسای خۆی هەیە، زمانێکە کە ئەلف و بێی خۆی هەیە. ئەگەر فێری ئەو ئەلف و بێ و یاسا و رێسایانە نەبین، بێ شك لە زمانی کایەی تازەگەریش ناگەین. ئەگەر نالی سەردەمی خۆی بە شێوەیەکی تازە لە زمانی شیعری کوردی روانیوە هۆیەکی ئەوەیە کە لە زمانی تازەگەری رۆژگاری خۆی گەیشتووە، ئەو زمانە تازەگەرییەی کە خۆی داهێنەری بوو. کە وایە پەیڤی تازەگەری، زمانی کایەی تازەگەری، لە زەین و مێشکی نالی دا بووە، بۆیە دواجار ئەو پرۆسە تازەگەریەش، کە شیعری نالی بێ، دێتە ئاراوە.

ئەدەبی کوردی، ئەوەی راستی بێ، ئەدەبێکی بێ پەیڤە، ئەدەبێکی بێدەنگ و بەستەزمان. هەر بۆیە ئەو ئەدەبە هەڵگری زۆربەی ئەو رەگەزانەیە کە یان دەبنە هۆی دژایەتی کردن لەگەڵ رەوتی تازەگەری یان واز لێهێنانی. ئەدەبی بێ پەیڤ ئەدەبێکی بێ هەڵوێستە. ئەدەبێ کە زیاتر لەو جیهانەی کە تیا دەژی یان لەوانەیە باشتر بێ بڵێین تیا دەمرێ، جیهانێکی تر بەدی ناکا، یان ئەگەر بەدیشی بکا، دانی پیانانێ و حاشای لێدەکا. رووبەرووبوونەوەی ئەدەبی کوردی لەگەڵ کێشەی تازەگەری رووبەرووبوونەوەی ئەدەبێکی بێ هەڵوێستە لەگەڵ جیهانێکیتر. رووبەرووبوونەوەیەك کە پتر لەوەی پیشاندەری گرینگی بابەتی تازەگەری بێ نیشاندەری نائامادەیی ئەدەبی کوردیە بۆ وەرگرتنی ئەم بابەتە

PDF4Kurd

گرینگە. نائامادەییەك كە دەبێ زیاتر لەوەی رقمان لەم دان پیانانە هەستێنێ، فیكرمان بۆ چارە سەركردنی ئەم نەخۆشییە بخاتەكار. چونكی ئەدەبی كوردی ئێستا لە قۆناغێكدا دەژی كە تا سەر ئێسك پێویستی بە تازەگەری هەیە، ئەو تازەگەرییەی بتوانێ نەك هەر شێوازی خوێندنەوە ونووسین، بەڵكو بنەماكانی جوانی ناسیمان بۆ خوێندنەوە و نووسینیش بگۆڕێ.

لێرەدایە دەبێ بڵێین باس لە هاتنە ئارای تازەگەری ئەدەبی باس لە مۆدی رۆژ نیە،چۆنكی ئێمە باسی بیر و هزر و ئەندێشە دەكەین نەك جل و بەرگ و خواردەمەنی. تازەگەری شتێك نیە لە دەرەوە بۆمان هاتبێ، یان لە لایەنێكەوە بە سەرماندا داسەپابێ، تازەگەری بابەتێكە بەر لەوەی بە گرینگی خۆی بزانین، دەبێ بە گرینگی پێویست بوونی لە رادە بەدەری بزانین. ئەگەر گێڕانەوەی هێڵی و یەكرەهەندی بەیتەكان ئۆخژنت نادەنێ، تازەگەری لە گێڕانەوەدا پێویستە. ئەگەر گۆشەنیگای ریالیسمی سوسیالیستی وێنەیەكی شیعری ئۆخژنت نادەنێ، تازەگەری لە روانینی شیعریدا پێویستە. ئەگەر شێوە دارشتنی چوار چێوەی كەسایەتییەكی سادەی رۆمانی كلاسیك ئۆخژنت نادەنێ، تازەگەری لە شێوازی خولقاندنی كەسایەتی رۆماندا پێویستە. ئەگەر خوێندنەوەی ئایدیالۆژیكی دەقێك ئۆخژنت نادەنێ، تازەگەری لە رێبازی رەخنە پێویستە... ئەمانە پێداویستیگەلێك نین لە رۆژاواوە بۆمانی بنێرن، یان دوژمنانی كولتووری كوردی بە سەرماندا دایسەپێنن،بەڵكو هەندێك نیازی جوانی ناسانەن كە لە نێو دڵی خودی ئەدەبەكەمانەوە هەڵدەقوڵێن و پێویستیان بەوەیە بەر لەوەی پاساویان بدەینەوە، بیانخوازین و تازەیان بكەینەوە. .

لێرەدایە«کێشەیەکی مەترسیدار بە ناوی تازەگەری» ـ ئەو شتەی کە بەرەی سوننەتخواز لە سەری سوورن ـ دەبێتە«باسێکی پێویست بە ناوی تازەگەری» ـ ئەو باسەی کە تا ئێستا کەمتر کەسێك خۆی لە قەرە داوە و شانی داوەتە ژێر ئەرکی هێنانە ئارای.

تازەگەری نە بە هۆی لایەنە باشە تیۆریکەکانی شتێکی دڵخوازە، نە بە خاتری هەندێك دەسکەوتی نالەبار و ناشیرینی دیاردەیەکی نگریسە، تازەگەری بە هەر دیدێکەوە لێی بڕوانی پێداویستییەکی هەرە گرینگی سەردەمە. لە سەردەمێك کە مرۆڤـ دەیەوێ جارێکیتر و بە شێوەیەکی تر بە خۆیدا بچێتەوە و لە خۆی بڕوانێ؟! بە ڕاستی لە مرۆڤی کوردیش گرینگتر کام مرۆڤە کە بیەوێ بە خۆیدا بچێتەوە و لە خۆی بڕوانێ؟! تازەگەری ئەدەبی تەنیا دەرفەتێکی زێڕین نیە بۆ تازەکردنەوەی بوتیقای ئەدەب، بەڵکو هەلێکی کەم وێنەشە بۆ نوێکردنەوەی فەلسەفەی بوونی مرۆڤـ. ئەوانەی خۆ لە تازەگەری دەدزنەوە نە بوتیقای ئەدەب دەناسن، نە فەلسەفەی بوونی مرۆڤیشیان لا گرینگە. ئەدەبی کوردی کام ڕێگا دەگرێتە بەر: خۆ لە تازەگەری دزینەوە یان خۆ لە تازەگەری دا دۆزینەوە؟!

سەرماوەزی ١٣٨٠

دیســـــامبر ٢٠٠٢



PDF4Kurd

PDF4Kurd

# «خـــــوازە» لە

# وەرگێـــــــــڕانی

# شیعــــــــردا

PDF4Kurd



گشت تیۆریست و بیرمەندانی هونەری وەرگێڕان لە سەر ئەو باوەڕەن کەوەرگێڕانی شێعر ئەگەر غەیری مومکینیش نەبێ لانی کەم گەلێك ئەستەمە.

بە بڕوای «رابێرت فراست» شاعیری ئامریکایی، شیعر بە شێوەیەکی زاتی لەگەڵ وەرگێڕان دژایەتی دەکا.«شێلی ـ shelly» لە وتاری«بەرگری لە شێعر»دا دەڵێ، تەنانەت وشەیەکیش بەرهەمی هەست و رۆحی شاعیرە، کە وایە بە باوەڕی ئەو وەرگێڕ هەرگیز ناتوانێ ئەو کاتانە سەر لە نوێ تەجرەبە کاتەوە کەوا شاعیر بەرهەمەکەی تێدا خولقاندووە. فراست دەڵێ:«درەخت دەبێ سەرِ لە نوێ شین بێتەوە، دەنا شکۆفە ناداو گوڵ ناکا». کرۆچە(croce) فیلەسۆڤ بە ناوبانگی هاوچەرخی ئیتالیاییش دەڵێ:«لە هونەردا ئەوەی کە دەردەبڕدرێت(شهوودی)ە و هەر شتێکیش شهوودی بێ بۆ وەرگێڕان نابێت».

بەڵام دەستەیەکیتر وەك«ئێدوارد ساپیر»( Eduard sapir) و «ئۆگدێن» (Ogden) پێیانوایە وەرگێڕانی شیعر شتێکی ئاسایی و مومکینە. بە بڕوای«ساپیر» زمان دوو لایەنی هەیە: لایەنی شاراوە(مکنون) یا غەیری زمانی(latent content) و لایەنی زمانی. ئەو لە وڵامی«کرۆچە»دا دەڵێ: «گشت مانا و مەبەستەکانی هونەرمەند لە فۆرمی«زمانی» دا بە شێوەی «شهوودی» هەستیان پێدەکرێ و بێشك ئەمانە بۆ وەرگێڕان نابن... ئەدەبیات ئامرازی زمانی لە بەر دەستە، بەڵام ئەم کەرەستەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنی شاراوەیی زمان کە هەمان شیکردنەوەی تەجرەبەی«شهوودی» ئێمەیە، و لایەنەکەیتر واتە لایەنی «زمانی» چلۆنایەتی تایبەتی شکڵ گرتنی زمانێکی دەست نیشان کراوە».

PDF4Kurd

«ئۆگدێن» لە زمان ساپیرەوە دەڵێ: «ئەو شتەی کە لە وەرگێڕانی دەقی (text) ئەدەبیدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ئاڵوگۆڕ دەکردرێ، ناوەرۆك یان هەمان لایەنی شاراوەیە کە غەیری زمانیە. کەوایە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی کارێکی غەیری مومکین نیە». ساپیر ئەم ناوەرۆکە غەیری زمانییانە بە راستییەکانی زانستی دەشوبهێنێ کە دەتوانین بە هەر زمانێك باسیان لێ بکەین. وتەکانی ساپیر ئەوە دەگەیەنن کە وەرگێڕ لە راستیدا ناوەڕۆکی زمان وەردەگێڕێتەوە نەك فۆڕم و رواڵەتەکەی.

دیارە لەم وتارەدا ناتوانین بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لەمەڕ وەرگێڕانی شیعر بە وردی بدوێین، بەڵام وەك کردنەوەی دەلاقەیەك بەرەو ئەم باسە گرینگانە، هەوڵ دەدەین باسێك لە سەر«خوازە» و دەوری«خوازە» لە وەرگێڕانی شیعردا بێنینە ئاراوە. ئەم باسە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گرینگی کاری وەرگێڕانی شیعرە، هەروا کە وەك پێناسەیەك بۆ وەرگێڕان دەڵێن: «وەرگێڕان یانی نزیکایەتی لە خوازە».

لە وەرگێڕاندا خوازە وەك پردێکی پێوەندی وایە لەنێوان زمانی سەرچاوە (source Language) و زمانی سەرئەنجامدا( Traget language). (لە زمانی فارسیدا بۆ ئەم دوو زاراوەیە«زبان مبدا» و «زبان مقصد» مان هەیە).

بە سەرنجدان بە گرینگایەتی ئەم پێناسەیە ئاشکرایە یەکێك لە پێداویستییەکانی کاری وەرگێڕی شیعر ناسینی رەچەڵەکی خوازەیە. ئەوەی راستی بێت زمانی خوازەیی لە«لە پەنا یەکەوە هاتنی» (collocation) دوو « وشە » پێك دێ. بەڵام لە هەموو هاونشینیەکیش خوازە وەدی نایەت، بۆ وێنە لە هاونشینی دوو وشەی«گەورە» و «زەریا»

PDF4Kurd



دەستەواژەی «زەریای گەورە» پێك دێت کە خوازەیی نیە، بەڵام کاتێك لە دوو وشەی «پەژارە» و «زەریا» دەستەواژەی «زەریای پەژارە» دروست دەکەین، بە زمانێکی خوازەیی دەگەین، واتە لە خوازەدا شێوە گۆڕانکارییەك بە سەر رواڵەتی سەرەکی وشە و ماناکاندا دێت کە هەستی مرۆڤـ دەهەژێنێ.

«پیتێر نیو مارك ـ Piter New Mark»پێی وایە، خوازە دوو جۆری هەیە:

١ـ ئەو خوازانەی بەکەڵك وەرگرتن لە سەنعەتی «گیان بە بەرداکردن ـ Personification»پێکدێن. وەك بڵێین«قەندیل ئەژدیهایەکی پێ لە زنجیرە» یان «ژیان سەگێکی دوو رووە».

٢ ـ ئەو خوازانەی کە لە نێوان ناوی(واتا) و ناوی (زات) دا پێوەندی پێك دێنن، کە لە راستیدا شوبهاندنی ناوی واتایە بە ناوی «زات ـ Reification»، وەك«باڵای بەرزی خەم» یا «پەنجەرەیەك شادی».

خوازە بزوێنەری خەیاڵ و هەست و سۆزە و ئەمە خۆی قۆناغێکیتر لە شیکردنەوەی دەوری خوازەدایە، با بزانین کام «تەداعی» (هێنانە بەرچاوی مەبەستێکی زەینی) لەخوازەیەکی تایبەت بەسەر ئەوانی تردا زاڵە. وەرگێڕ دەبێ بزانێ کە چلۆنایەتی کارتێکردنی دوو لایەنی خوازە بەسەریەکدا بەشێوەیەکە کە لە هەر دەستەواژەیەکی خوازەییدا، یەك یا چەند «تەداعی» تایبەتی لایەنی«مشبە (وێکچوو)» هەڵدەبژێردرێ و ئەوانی تر وەلا دەنرێ.

«ژان پۆل رۆسۆ» لە زمان«ریچاردز»ەوە لە کتێبی «فەلسەفەی ماناکانی دەربڕین»دا دەڵێت:

PDF4Kurd

«خوازە لە دوو بەش پێك دێت «مشبە ـ Renor» و «مشبەبە ـ Vehicle». بۆ وێنە لەم رستەیەدا«رۆستەم شێرە» رۆستەم «مشبە» و شێر «مشبەبە» رۆستەم لە نێوان تەداعیيە جۆراو جۆرەكانی «شێر» تەنیا دەمارگرژی، هێز و ئازايەتی‌يەكەی دێنێتە بەرچاو و ئيتر لە نێوان «تەداعی» یاڵ و رەنگی پێست و جۆری خۆراك و ... لە بەر چاو ناگیردرێن. بە واتايەكی‌تر:«رۆستەم» تەنیا بەشێك لە تايبەتمەندييەكانی «شێر» هەڵدەبژێرێ.

«نیو مارك» دەستەبەندييەكەی«ریچاردز» بەربڵاوتر دەكات و بۆ زمانی خوازەیی چوار بەش قايل دەبێ: خودی خوازە، مەبەست، وێنە و ناوەرۆك. بۆ وێنە لە دەستەواژەی خوازەیی«بزەی ئاسمانی»دا، خوازە «ئاسمانی»، مەبەست «بزە»، وێنە«ئاسمان» و ناوەرۆك چتگەلی وەك «رووناكایی» و «سامال بوون»، «پاكی» و «ئەویندارى»یە.

ئەركی‌تری وەرگێڕ، ناسینی جۆری خوازەيە. خاوەن بروایان وەك نیو مارك چوار جۆر خوازەمان پێ دەناسێنن:

١. خوازەی مردوو (Fossilized Metaphor) .
٢. خوازەی قاڵبی(Stock Metaphor).
٣. خوازەی نوێ(new metaphor).
٤. خوازەی سەرەتایی(Original Metaphor).

لەم وتارەدا تەنیا باسی دوو جۆری يەكەمی ئەم چەشنە خوازانە دەكەين كە بۆ مەبەستی وتارەكەمان پڕ بايەخترن. خوازەی مردوو ئەو خوازانانەن كە هێندە زۆر بە كار هێنراون، ئیتر سەرنجێك بە حاڵەتی خوازەییان نادەين، وەك«داوێنی دەشت»، «سنگی چیا» و ... لە

PDF4Kurd



وەرگێڕانی ئەم خوازانەدا کەندوکۆسپێکی زۆر لەسەر رێگای وەرگێڕ نیە، چونکو بایەخی خوازەی ئەم دەستەواژانە ـ بە هۆی کۆن بوونیان ـ چ لە زمانی سەرچاوە(مبدأ) و چ لە زمانی سەرەنجام(مقصد)دا هێند زۆر نیە کە وەرگێڕ بە خۆیەوە ماندوو بکات، مەگەر ئەوەی کە بە هەڵکەوت وەرگێڕ بیهەوێ خوازەیەکی تازە و زیندوو لە زمانی سەرەنجامدا جێنشینی خوازەیەکی کۆن و مردوو لە زمانی سەرەتادا بکات. بۆ نموونە لە وەرگێڕانی دەستەواژەی ئینگلیسی(Hard Hearted) بۆ سەر زمانی فارسی، دەتوانرێ بە «سخت دل» تەرجەمە بکرێتەوە، بەڵام لە بری «سخت» دەتوانین لە «سنگ» کە«سختی» یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوێتی کەڵك وەربگرین و بەخوازەی جوانتر و ئەدەبیتری «سنگدل» بگەین. بەڵام لەم بابەتەدا دەبێ ئاگاداری جیاوازییە «کاربوردی» و «مانایی»یەکانی ئەم شێوە خوازانە لە کاری وەرگێڕان دابین کە دیارە لە هەر زمانێکدا تایبەت و سەربەخۆن.چونکی بۆ وێنە هەر لە زمانی کوردیدا بۆ نموونەکەی سەرەوە دەتوانین لە دەستەواژەی تازە و زیندووی«دڵ رەق» کەڵك وەربگرین کە هەمان مانای وشە بە وشەی دەستەواژە کۆن ومردووەکەی«سخت دل»ی فارسی دەگەیەنێ.

بەڵام جاری وا هەیە وەرگێڕانی وشە بە وشەی خوازە تەرجەمەی شیعر سەقەت دەکات لەم حاڵەتەدا باس لەسەر وەرگێرانی، مانایی «Meaning» یان حاڵەتی پێوەندی(Communicative) شیعر نیە، بەڵکوو سەرنج دەدرێتە جیاوازی نێوان مەبەستە رێزمانیەکانی (Grammaticall purpose) دوو زمانی (سەرچاوە و سەرەنجام). یاکوبسن «Jacobson» لە سەر ئەم باوەڕەیە کە زمانگەل لەواقیعدا

PDF4Kurd

جیاوازیان لەو چتگەلە دایە کە دەبێ دەست بە دەستی بکەن نەك لە و شتانەدا کە دەتوانن بیگۆڕنەوە. بۆ نمونە سەرنجێك بدەنە ئەم شیعرەی«ویلیام بلێیك ـ١٧٥٧ ـ ١٨٢٧ »:

- I walked abroad in a snowy day.
- I asked the soft snow with me to play,
- She played and she melted in all her prime
- and the winter called it a dreadful crime.

**لە ئێوارە بەفرییەکی رێبەندانا،**

**بۆ کایە و شەڕە تۆپەڵە وەدەرکەوتم،**

**کە کیژی بەفرم دی وتم،**

**ئەرێ بۆچ نایە کایەوە،**

**پەنجە زێڕینەکانی بەفری نازەنین،**

**بە گەرمای کایە و هەڵاتن توایەوە،**

**[زستان وتی: ئەی نابەکار، ئێستا بگری بە لایەوە]**

دەبینین کە جێناوی «I» (من) ـ کە بە ئەستێرە دەستنیشان کراون ـ بۆ وەرگێڕ گرفتێك پێکناهێنن، بەڵام جێناوی«She» و **هەروەها**«Her» (ئەوی مێ) ـ کە ئەوانیش ئەستێرەیان لە سەرە ـ بۆ وەرگێڕی کوردزمانی زاراوەی کرمانجی ناوەراست گرفتی جنسییەتی جێناو و جیاوازی ئەم مەسەلەیە لە نێوان دوو زمانی ئینگلیسی و کوردی بە زاراوەی کرمانجی ناوەراست دێنێتە گۆڕێ. ئایا وەرگێڕ دەتوانێ«she» بە بەفر یان «ئەو»ی رووتی تەرجەمە کاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دڵنیا بێ کە ناوەرۆکی راستەقینەی شیعرەکەی خسۆتە روو؟ بلێیك لەم شێعرەدا بە شێوەیەکی ساکار و لە هەمان کاتدا زۆر شاعیرانە باس لە دوو جنسی نێر و مێ دەکا و وشەی «She» وەك ئاماژەیەك بۆ خوازەی کیژێکی جوان و نازەنین هێناوەتەوە،

PDF4Kurd



بەڵام ئایا لە زمانی وەرگێڕدا(سەرەنجام) «ئەو» یان «بەفر» ـ بە تاقی تەنیا وەها «تەداعی» یەك لە زەینی خوێنەردا جێگیر دەكا؟ جێناوی«She»مانایەكی ئیحساسی و عاتیفی تایبەت دەدا بەكاری «Melted» (توانەوە)، كە واتە بەگشتی ناوەرۆكی شیعرەكە باسی دوو ئەویندار دەكا كە لە ژواندا خەریكی دڵدارین. ئایا زمانی كوردی توانایی شیكردنەوە و نیشاندانی ئەو ساتەوەختەی هەیە؟ بێگومان دەڵێین بەڵێ،ئەوەی راستی بێ دەبێ هێندە خۆمان بە جێناوی«She»یەوە خەریك بكەین تا ئەو سات و فەزایە دووبارە سازی بكەینەوە، واتە هەر لەو هەرێم و چوارچێوەی شیعرەكەدا كەسایەتی«She» پڕ ڕەنگتر نیشان بدەین چونكو فۆرم و قاڵبی تایبەتی زمانی خوازەیی لە زمانی سەرەنجامدا هەلی ئەم پێداویستیە دەرەخسێنێ. كە وایە شیكردنەوە و لێكدانەوەی وەرگێڕ پیشاندەری ئەوەیە كە«بەفر» لێرەدا كیژێكە لەشسپی و ناسك و پەنجەكانیشی زێڕین و زەریفن و هەروەها گەلێ جوان و بزۆزیشە. لە ئاوا بابەتگەلێكدا كە ناتوانین واتایەكی هاوسەنگی پڕ بە پێست بۆ وشە یا مەبەستێكی زمانی سەرەتا بدۆزینەوە، دەكرێ لە تەكنیكی «اطناب»(پێزیادكردن) كەڵك وەربگرین. ئاشكرایە یەكێ لە چەند ڕێگای وەرگێڕانی«She» لەم شیعرەدا « اطناب» یا پێزیادكردنە «Periphrasis» بە شێوەی ئیزافە كردنی«ئاوەڵناو» و «ئاوەڵكار» وەك پاشگری مانایی بە «ناو» و«كار»ەكانەوە. بەڵام گرفتی هەرەسەرەكی لە وەرگێڕانی خوازەی قاڵبیدا دێتە سەر ڕێ.

بە بڕوای «نیو مارك» لەوەرگێڕاندا، ئەم چەشنە خوازەیە گەلێ لەمپەر و تەگەرە بۆ وەرگێڕ دێنێتە پێش، چونكو ئەم جۆرە خوازە و

PDF4Kurd

مەبەستانە لەنێوان نەتەوە جۆر بە جۆرەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لە فەرهەنگ و باوەڕی گشتی کۆمەڵدا سەقامگیر بوونە و هەر بە هۆی ئەم جیاوازییانەوە، دیارە دۆزینەوەی خوازەیەکی پڕبەپێست لە زمانی سەرەنجامدا کارێکی ئەستەم و چەتوونە، بەڵام جاری واش هەیە ئەم خوازانە لە هەر دوو زماندا بەیەك شێوە بە کار دێن، وەك«نور امید» لە فارسیدا کە دەتوانین بە «تیشکی هیوا» لە کوردیدا تەنانەت بە « The ray of hope» لە ئینگلیسیدا تەرجەمەی کەینەوە، یان « The top of mountain» لە ئینگلیسیدا بە «نوك کوه» لە فارسی و«دوندی کێو» لە کوردیدا وەربگێڕەوەینەوە. خۆ ئەگەر هەموو خوازە قاڵبییەکان بەم شێوەیە بووایەن، ئیتر گرفتێکی ئەوتۆمان نەدەبوو، بەڵام زۆربەی ئەم خوازانە هەمیشە خاوەنی ئەم «وێکچوونی فۆرم»ە نین، بەڵام دیسان ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی وەرگێڕ، لە وەرگێڕانی ئەم چەشنە خوازانە خۆ ببوێرێ، بەڵکو لە وەها بارودۆخێکدا وەرگێڕ دەبێ بۆ دۆزینەوەی نزیکترین خوازەی«زمانی خۆی» کە وێکچوونی فۆرمی و دەروونی لەگەڵ خوازەی«زمانی سەرەتادا» هەبێ هەوڵبدات. بۆ وێنە تەرجەمەی وشە بە وشەی رستـــــــــەی:

«His life hangs by a thread» ئاوایە: (ژیانی ئەو بە پەتێکەوە هەڵواسراوە) یان بە زمانێکی خوازەیی( ژیانی ئەو بە پەتێك بەندە) کە دیارە ئەم خوازەیە بەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا زۆر نامۆیە، و خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکا، بەڵام ئەگەر خوازەیەکی هاو سەنگ بۆمانا کردنەوەی ئەم رستەیە بدۆزینەوە، خوازەیەکی کوردانە و ئاشنا دەخەینە بەر دەست خوێنەری کورد، وەك بڵێین«ژیانی ئەو بە موویەك بەندە» کە

PDF4Kurd



هەم خوازەیەکی زیندووترە، هەمیش رستەکە بە شێوەیەکی گشتی لە قاڵبی زمانی کوردیدا جێگیرترە.

بە سەرنج دان بۆ ئەو بابەتانەی لەمەڕ خوازە و فۆرمی شیعرەوە باسمان لێکرد، ئاشکرایە کە وەرگێڕی شیعر ناتوانێ تەنیا بە لە بەر چاو گرتنی زنجیرە یاسەگەلێکی لەوە پێش دارێژراوی دەستەبەندی کراو، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ، بەڵکوو دەبێ جیا لەم زانیارییە گشتییانە، ئەم شێوە و یاسا و رێسایانە لە شوێنی تایبەت و لەکاتی خۆیدا بە کار بێنێ، و بەم جۆرە چاوەڕوان بین وەرگێڕ بتوانێ لە ئەنجامدانی ئەرکی قورسی وەرگێڕاندا سەرکەوتووبێ.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا سێ تەرجەمەی بەندێك لە شانۆنامەی«مەکبێس ی ـ Macbeth» شێکسپیر دەخەینە بەر چاو تا خوێنەر لە روانگەیەکی وردبینانەترەوە بنوارێتە باسی وتارەکە

Thunder and lightning, Enter three witches
I which when shall we three meet again
In thunder, lightning, or in rain?
٢ whitch when the hurlyburlys done,
When the battles lost and won
٣ whitch thst will be ere the set of sun

**ترجمة فرنگیس شادمان:**

(رعد و برق. سه جادوگر داخل میشوند)
جادوگر اول ــ کي باز یکدیگر را ببینیم ما سه نفر
هنگام باران یا برق یا تندر؟
جادوگر دوم ــ وقتي که آشوب غوغا به سر رسیده
جادوگر سوم ــ این پیش از غروب خورشید خواهد بود

**ترجمة داریوش آشوري:**

PDF4Kurd

(تـنـدر و آذرخش، سة جـادوگـر وارد مـيشونـد)
جـادوگـر يـكم: كـدامين گـاه ديـگر بـار خواهد بـودمـان ديـدار
بـه تـنـدر كـوب و رخش انـداز و بـاران بـار؟
جـادوگـر دوم: بـدان هنگـام كـايـن آشوب بـنشيـنـد شكست آيـد يـكي را ديـگري روي ظفـر بـيـنـد
جـادوگـر سوم: و پـيـش از آنـكـه خـورشيـد از افـق دامـن فـروچيـنـد.

( گرمەی هەورە تریشقە. سێ جادوو باز وەژوور دەکەون)
جادووبازی یەکەم: داخۆ ئێمە کەی بە یەکتر بگەینەوە
لە نێو تۆف و باپوسکەدا یا خۆ بۆران و بەفر و با؟
جادووبازی دووهەم: لە کاتێکی کەف وکوڵی ئەم ئاژاوەیە دامرکێ
هەندێك بە سەربەرزی بژین و هەندێکیش بە سەر شۆڕی
جادووبازی سێهەم : بەر لەوەی هەتاوی زێڕین، کۆشکی ئاسۆ بە جێبێڵێ

ڕەزبـــەری ۱۳۷۵

سێپتـامبر۱۹۹۶

---

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١. بـررسي مـسايـل تـرجمه، انـتشارات دانـشگـاه تـبريـز، اسفـنـد ١٣٦٩.

٢. شماره هاي ١٦،١٥،١٢،١١، فصلنامه مترجم ١٣٧٢_١٣٧٣.

٣. A Glassory of literary. by M.H. Abrams, third edition.١٩٧٠

٤. مكبث، شكسپير، ترجمة داريوش آشوري، چاپ دم ١٣٧٣



٥. مكبث، شكسپير، ترجمة فرنگيس شادمان، چاپ دوم ١٣٦٥.

٦. وەرگێڕانی کوردی دوو دەقی شیعریی ئینگلیسی ئەم وتارە ئی نووسەری ئەم کتێبەیە.

PDF4Kurd

# دەق

# و

# رەخنــــــــە

PDF4Kurd

**دەق:**

# «دەمێنینەوە لە نێو تاریکایی دا»

**نووسینی: میترا ئێلیاتی**

کە درگاکە دەکاتەوە رووناکایی دەڕژێتە سەر پەتووی کوڕەکەمان.

کاتێك دێتە ژووریٚ، هەر هەمان کراسە سوووورخابیەکەی لە بەر دایە. کە چاویشی بە مێزە بچووکەکە دەکەویٚ، دوگمەکانی دادەخا. هەروا چاوی تێبڕیوم و لێم دەڕوانیٚ.

مێردە تازەکەی لە دەرەوە بانگی دەکا:

«دیسان چووی بۆ کویٚ؟»

دادەنیشیٚ لەپەنا قەرەوێڵەکە. لە بەردەم مێزە بچووکەکە. چاوم لێدەکا.

وێنە هەڵگرەکە وتبووی:

«پێبکەنن»

پێکەنیبووم لە بێدەنگیدا.

وەرمدەسووڕێنیٚ بەرە و دیوارەکە، بە جۆرێك بەشکم نەیبینم.

چاوم بە نەقاشی کوڕەکەمان دەکەویٚ بە دیوارەکەوە. ڕەنگی ئاوەکەی خۆڵەمێشی کردووە. وتبووم: دەشێت ئاویی بێت.

دەڵیٚ: دەتەویٚ چیرۆکێکی خۆشت بۆ بخوێنمەوە. خەوت لێبکەویٚ؟

مێردە تازەکەی لە دەرەوە بانگی دەکا:

«نایەی .بخەوی؟!»

کە دەست دەداتە کتێبەکە، دەکەوم.

«شکاندت!»

PDF4Kurd



کوڕەکەمان ئەوە دەڵێ.

هەڵمدەگرێتەوە. چاوم لێدەکا. پێدەکەنم هێشتا.

دەڵێ:

«وس‌س! مەگری. بابە تووڕە دەبێ.»

«ئەو باوکی من نیە!»

وەردەسووڕێ. چاوم لێدەکا کەو توومەتە سەر باڵنجەکە. لە پەنای پێدەکەنم هێشتا.

هەڵدەستێ.وەك بلێی بڕوا. دەمەوێ بلێم:

«مەڕۆ!»

وا نالێم. پێدەکەنم هێشتا.

چاو لە کوڕەکەمان دەکا. کە دادەنەوێتەوە پەتووەکەی ڕێك کات قژی دەڕژێتە سەر شانی. پاشان چراکە دەکوژێنێتەوە و دەڕوا.

دەمێنینەوە لە نێو تاریکاییدا.*

---

ژێدەر:

ماهنامەی فرهنگی،اجتماعی، ادبی«کارنامە»، دورە اول شمارە ۱۰ اردیبهشت ۱۳۷۹، ص ٤٦

* – پێویستە بگوترێت «میترا ئیلیاتی» ژنە چیرۆکنووسی هاوچەرخی فارسە و کۆمەڵەچیرۆکی «مادمازێل کەتی»ی لێ بلاو بۆتەوە.

PDF4Kurd

## ڕەسەنایەتی دەق لە «دەمێنینەوە لە نێو تاریکاییدا»

**«لە ڕێگـای خوێنـدنەوە وە بەرەو هــەناوی دەق ڕێ دەبـڕین.**
**ئــەو دەقــەی کە لە یەکەم هــەنگاو لە گەڵماندا نامۆ بوو.**
**هـەناوی دەق بە شوکرانەی تێگەیشتن دەبێتە سامانی خۆمان.»**

پۆل دێمان

PDF4Kurd

PDF4Kurd

رۆلان بارت لە کتێبێـــــــــکیدا بە ناوی S/Z کە ڕەخنەیەکی پێکهاتەخوازانەیە لە سەر چیرۆکی«سارازین»ی بالزاك باسی دژوازی نێوان دوو جۆر ڕۆمان دەکا[1]: ڕۆمانی کلاسیك و ڕۆمانی نوێ. بە بڕوای بارت دەقی ڕۆمانی ڕیالیستـــی کلاسیك دەقێـــکی خوێنــــەرانەیە (Readerly text). لە دەقی خوێنەرانەدا بنەمای پرۆسەی خولْقانی مانا لە سەر زەینییەتی خوێنەر دانامەرزێ، چونکی نووسەر پێشەکی لە ڕێگای دەسەڵاتی خۆی بە سەر دەق دا و هەر وەها لە ڕێی بە کار هێنانی هەندێ زەمینە و و پێش‌فەرزی زەینییەتی خۆی هەر لە سەرەتاوە مانای دەقەکەو ئەرکی خوێنەری ـ کە پەسند کردنی ئەو مانایە بێ ـ ڕوونکردۆتەوە. لە دەقی خوێنەرانەدا خوێنەر ماف بیر کردنەوە و داهێنانی مانایی لێ زەوت دەکرێ و تەنیا وەزیفەی ئەوەیە دەقەکە بەو شێوەیەی نووسەر مەبەستێتی بخوێنێتەوە.

بەڵام لە دەقی نووسەرانە دا (Writerly text) پرۆسەی خوێندنەوە لە سەر بناغەی توانایی بیرکردنەوە و داهێنانی مانایی خوێنەر دارێژراوە. لە مجۆرە دەقانەدا خوێنەر لە ڕێگای ئەفراندنی مانایەکی تایبەت بە زەینییەتی خۆی سەر لە نوێ دەقەکە دەنووسێتەوە، ڕەنگە دەقێکیتر و دنیایەکی تر. بارت نووسەرانە بوونی دەق بە تایبەتمەندی بەر چاوی دەقی نوێ دەزانێ.

بەمجۆرە لە کتێبی S/Zدا بارت ئەدەب بە دوو دەستە دابەشدەکا[2]:

لە دەستەی یەکەمدا خوێنەر دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕێ، ئەگەر ئەرکێکیشی

---

[1] ـ مقدادي، بهرام، فرهنگ اصلاحات نقد ادبي، تهران ١٣٧٨، صص ٢ـ٤٤١

[2] ـ ه.س.پ، ص ٤٤٣

PDF4Kurd



هەبێ تەنیا سەلماندن یان نەسەلماندنی دەقەکەیە. واتە ئەوەی خوێنەر تەنیا کاوێژ کەرەوەی ئەو شتەیە کە نووسەر دەرخواردی داوە. ئەمجۆرە ئەدەبە ئەدەبێکی خوێنەرانەیە، ئەدەبێك کە ئەگەر بتەوێ بیخوێنیتەوە دەبێ پێشەکی تەسلیمی ویست و خواستەکانی ئەو بی. لەم چەشنە ئەدەبەدا بە ساکاری لە دالەوە دەگەی بە مەدلوول. بە بێ هێچ تێڕامان و لێوردبوونەوەیەك.

بەڵام لە ئەدەبی دەستەی دووهەمدا ئەرکێکی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر. خوێنەر دەبێتە پاژێك لە پاژەکانی دەق، بە وتەیەکی تر خوێنەریك بوونی نیە لە دەرەوەی دەق. لەم چەشنە ئەدەبەدا خوێنەر هان دەدرێ بۆ خوێندنەوەیەکی ئاگادارانە و وردبینانە، دەقی ئەمجۆرە ئەدەبە پێویستی بە بەشداریکردنی خوێنەرە لە گەیشتن بە دالەوە تا تێگەیشتن لە مەدلوول. لەم چەشنە ئەدەبەدا نووسین پرۆسەیەکی خاوەن سەرەتا و کۆتایی نیە، یەکجار دەستی پێبکەی و یەك جاریش کۆتایی پێبێنی، دەروازەیەکی هەمیشە ئاواڵەیە بە ڕووی خوێنەردا، تابێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەوری نووسەر بگێڕێ. لە دەقی نووسەرانەدا دال ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەدلوولەکەی ناکا و مەودای نێوان دال و مەدلوول پێچ و پەنا و کەند و لەندی زۆرە.

دەقی خوێنەرانە دەقێکی ڕاوەستاوە و لە جیهان وەك سیمایەکی نەگۆڕ دەدوێ، بەڵام دەقی نووسەرانە ناخوازێ ئێمە لە دەلاقەی زمانەوە بڕوانینە جیهانی واقیع، بەڵکو هەوڵ دەدا هانمان بدا لە گەوهەر و سروشتی زمان وردبینەوە. کەوایە لە دەقی نووسەرانەدا ئەگەر بڕیار بێ جیهانێکیش

PDF4Kurd

هەبێ ئەوە تەنیا ئەو جیهانەیە کە خوێنەر خۆی لە کاتی خوێندنەوەدا دەیخولقێنێ.[3]

* * *

لە ژانری چیرۆکدا سێ جور گوتار دەبینرێ: گوتاری واقیع، گوتاری مرۆڤـ و گوتاری دەق. لە چۆنێتی و چەندێتی گرینگیپێدان بەم سێ جۆر گوتارەشەوە سێ جۆر ڕەسەنایەتی لە دایك دەبێ: ڕەسەنایەتی ئۆبژە(بابەت)، ڕەسەنایەتی سووژە (زەین) و ڕەسەنایەتی تێکست(دەق).[4]

لە ڕەسەنایەتی ئۆبژەدا ئەوەی گرینگی پێبدرێ واقیع و جیهانی واقیعە. ئەمجۆر ڕەسەنایەتییە پێی وایە نووسین واتە خولقاندنەوەی واقیعی دەور و بەرمان. تۆ کە لە چیرۆکدا دەنووسی پشیلە بە قەولی نۆرترۆپ فرای واتە هەر ئەو گیانلەبەرەی کە دەمیاوێنێ. زۆرینەی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی بە تایبەت پێش نەوەدەکان ـ دەچێتە ئەم خانەیەوە. بۆ نموونە «غەوارە»ی عەزیزی مەلا ڕەش دەقاودەق ڕەسەنایەتی دەدا بە واقیع. نووسەر هیچ شتێك بە واقیع زیاد ناکا، هیچیشی لێ کەم ناکاتەوە. گریمانەی سەرەکی و هەمیشەیی نووسەری لەم دەستە ئەوەیە ئەوشتەی بە واژەی«پشیلە» ناوی دێنێ دەبێ هەمان پشیلە میاو میاوکەرەکەی واقیع بێ لە نێو زەینی خوێنەریشدا.

لە ڕەسەنایەتی سووژەدا ئەوەی سەرنجێکی شایانی پێبدرێ لایەنی خودئاگایی بگێڕ(ڕاوی) و خودی توێژەکانی زەینە لە خودئاگاییەوە تا ڕەهەندە پڕ پێچ و پەناکانی ناخودئاگایی. لە ئەدەبی ڕۆژاوادا نموونەی بەر چاو کارەکانی «جیمز جۆیس»ە و هەڵبەت «ویرجینیا ئۆڵف»یش.(بۆ

---

3 - ئۆمبێرتۆئێکو لە بری دەستە واژەی دەقی نووسەرانە لە دەقی کراوە و لە بری دەقی خوێنەرانە لە دەقی داخراو کەڵکی وەرگرتوە.

4 ـ گلشیری، هوشنگ، کارنامە، شمارە ١٠،ص ٥

PDF4Kurd



نموونە لە رۆمانی «بەرەو فانووسی دەریایی»دا) لە چیرۆکی کوردیدا ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی کەم و زۆر سەرکەوتوو بۆ ئەم خانەیە بدۆزینەوە دەبێ ئاماژە بە کارەکانی شێرزاد حەسەن بکەین وەك بۆ وێنە لە چیرۆکی «من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤـ»دا.

لە رەسەنایەتی دەقدا ئاشکرایە ئەوەی دەکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە، دەقە و هەر وەتر پێوەندی دەق بە خوێنەر و پێوەندی دەق بە دەقەکانی پێشووەوە. لەمجۆرە روانینە بۆ چیرۆك، لە نێوان نووسەر و خوێنەر و دەقدا گەمەیەکی هاریکارانەی سێقۆڵی بۆ نووسین و خوێندنەوەی دەق دەسپێدەکا و بەردەوام درێژەی دەبێ. لێرەدایە کە دەق بەردەوام لە حاڵی نووسینەوەدا دەبێ. لە هەمان کاتدا بەردەوام لە حاڵی خوێندەوەشدا دەبێ. نە نووسەر دوا بڕیاری خۆی لە سەر نووسینی دەق دەردەکا نەخوێنەر لەسەر خوێندنەوەی. بە قەولی هوشەنگی گوڵشیری ئەگەر لە رابردوودا دەقێکمان بوو بە ناوی کەڵەدەق کە بەر لە ئێمە نووسرا بوو، ئێستا وردە دەقگەلێکمان هەیە کە لە سەردەستی ئێمەی خوێنەر دەنووسرێنەوە. چیرۆکی کوردی زۆر بە دەگمەن لەم بوارەدا هەوڵی بنەوشەیی داوە. ئەوەندە دەگمەن کە هێناوەی یەك دوو نموونەش کارێکی ئەستەم دەنوێنێ. لە ئەدەبی رۆژاوا کارە پۆست مۆدێرنیستەکان دەکەونە ئەم خانەیەوە. ئەسڵی«نەبوونی قەتعیەت»ی باوەڕی پۆست مۆدێرنیزمی لەگەڵ ئەم چەشنە روانینە بۆ چیرۆکنووسی یەك دەگرێتەوە.


(١)

لە چیرۆکی«دەمێنینەوە لە نێو تاریکاییدا» دەق پانتاییەکی کراوەی هەیە چیرۆکەکە بەم رستە سادەیەوە دەسپێدەکا:«کە درگا کە


دەکاتەوە...» لێرەدا خوێنەر دەزانێ کە ئەم چیرۆکە دەیتوانی بەر لەم درگا کردنەوەیەش دەسپێبکا یان رەنگە بەبێ ویستی خوێنەریش دەستیپێکردبێ، بەڵام گرینگ ئەو شتەیە کە لە مەو بەدوا ـ واتە دوای درگا کردنەوە کە ـ روودەدا، بە وتەیەکیتر خوێنەر مافی ئەوەی هەیە چیرۆکەکە بەر لەم دەسپێکەش دەسپێبکا، چونکی نووسەر لە رێگای بە کار هێنانی وردە واژەی پێوەندی (حرف ربط) «کە» مافی ئەم گەڕانەوە و پێوەندانەی خوێنەری بە رابردوو داوە. کە وایە لێرەدا خوێنەر ئەوەندەی مافی خوێندنەوەی سەرەتای چیرۆکەکەی هەیە ئەوەندەش مافی چۆن خوێندنەوە و هاو کات چۆن نووسینەوەی ئەم سەرەتایەی هەیە.

(٢)

چیروکی«دەمێنینەوە لە نێو تاریکایی دا» لە رێگای پێوەندی نێوان هێندێك ئیماژ و ئاماژەوە چەندین بۆشایی تێگەیشتن پێکدێنێ کە دواجار ئەو هەلە بۆ خوێنەر دەرەخسێنێ لە پڕ کردنەوە و نووسینەوەی ئەو بۆشاییانەدا بە شدار بێ. بە وتەیەکیتر لێرەشدا رەسەنایەتی دەق دەبێتە هۆی رەسەنایەتی خوێنەر، رەسەنایەتی خوێنەریش بە واتای بەشداریکردنێتی لە رەوتی نووسینەوەی ئەو دەقەدا، لە رەوتی خوێندنەوەی دەقێکی نووسەرانەدا. با لە هێندێك لەم پێوندیانە ورد بینەوە:



دەق و رەخنە




دەکرێ ئەم پێوەندیانە زیاتر و بەر بڵاوتر بێ و بەم پێیەش بەشداریکردنی خوێنەر لە رەوتی داهێنانی دەقی تایبەت بە خۆیدا پتر بێ.

( ٣ )

شێوەی دارشتنی کەسایەتییەکان لەم چیرۆکەدا ناراستەوخۆیە، لە رێگای کەڵك وەرگرتن لە کردەوەی کەسەکان و هەروەها باری مانایی شتەکان وەك نیشانە. نووسەر لێرەدا نە کەسێك پێناسە دەکا و نە وەسفی شتێك. نووسەر تەنیا دەگێڕێتەوە. کەسایەتیەکان زۆر کەم دەدوێن. ئەوە نیشانەکانن قسەدەکەن. خوێنەر رەنگە پشت بە قسەی کەسایەتیەکان ببەستێ بەڵام لە بابەت نیشانەکانەوە ئەوە خۆیەتی قسەیان لە سەر دەکا. کەسایەتیەکان قسە بۆ خوێنەر دەکەن. نیشانەکان خوێنەر وەقسە دێنن. نیشانەکان لێرەدا دەبنە پردی پێوەندی و دیالۆگی نێوان دەق و خوێنەر. خوێنەر لێرەدا لە سەر نیشانەکان داوەری دەکا. شت لە دەق وەرناگرێ، شت دەدا بە دەق. جیمز جۆیس لە چیرۆکەکانی خۆیدا کەڵکێکی زۆری لەم

PDF4Kurd

تەکنیکە وەرگرتووە بۆ نموونە ئـــەو بـــەفرەی کە لە دوابەشی چیرۆکی «مردووەکان «The dead»دا سەرتاسەری ئیرلەندی داگرتووە نیشانەی مەرگی ئاواتەکانی«گابریەلە» ئەو کاتەی بەو راستییە دەزانێ کە خێزانی، ئەوی بە هۆی وێکچوونی رەنگ و رواڵەتی لەگەڵ دۆستە کۆنەکەی خۆشویستووە.

لە چیرۆکی«دەمێنینەوە لە نێۆ تاریکایی‌دا» نەقاشی کوڕەکە دەتوانێ نیشانەیەکی باش بێ بۆ ناسینی کەسایەتی و دەروونی کوڕەکە. خۆڵەمێشیی بوونی ئەو نەقاشیە پیشاندەری پەژارەی ناخی کوڕەکەیە بە هۆی نەبوون (یان رەنگە نەمانی) باوکی. لە لایەکی ترەوە لەبەرکردنەوەی کراسە سورخابیەکە پیشاندەری رازی بوونی ژنەکەیە بە ژیان و مێردە تازەکەی، وەك چۆن ئەو سەر و بەندەی کە بە مێردە کۆنەکەی رازی بوو هەر ئەم کراسە سورخابیەی لەبەرکردبوو.

نیشانە ئەگەر قسەیەکیشی پێبێ پێماندەڵێ قسەی لەگەڵ بکەین.

(٤)

دوانە لێکدژەکانی (binary oppositions) ئەم چیرۆکە، بە مانا دریدایییەکەی، رەوتی بەشدار بوونی خوێنەر لە پرۆسەی نووسینەوەی دەق‌دا خێراتر دەکەن. دەقی«دەمێنینەوە لە نێو تاریکایی‌دا» وەها لە فەزایەکی یەکجار دوور لە هەڵوێست گرتنی ئەخلاقی‌دا دەخولڵقێ کە دەستی خوێنەر تەواو ئاواڵە دەبێ بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان دوانە لێکدژەکان وەك خۆیان یان بە پێچەوانە پەسند بکا. بە وتەیەکی‌تر خوێنەر بۆی هەیە بە ئازادی تەواوەوە دوانە لێکدژەکان پێکهاتەهەڵوەشێنی(Deconstruction)

PDF4Kurd



بکاو لە شێوەی باو لابدا. بۆ نموونە با لەم دوانە لێکدژانەی خوارەوە بڕوانین:

ڕووناکایی/ تاریکایی

دەق و رەخنە

ئـــاوی / خۆڵەمێشی

پێکــەنین / گـریان

بۆ وێنە لە دوانە لێکدژی ڕووناکایی/ تاریکایی، لە حاڵەتی ئاساییدا وا باوە ڕووناکایی بە سەر تاریکاییدا زاڵ بێ. بەڵام لەم چیرۆکەدا دەکرێ بۆ نموونە بەم جۆرە راڤەیە (کە دیارە یەکێکە لە چەندین راڤەی مومکین) ئەم دوانە لێکدژە پێکهاتەهەڵوەشێنی( شالودەشکنی) بکرێ: لە دوا بەشی چیرۆکەکەدا ژنەکە چراکە دەکوژێنێتەوە و دەڕوا. تاریکایی دەمێنێتەوە بۆ کوڕەکە و وێنەی باوکی.. ڕووناکایی (کە لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا رژابووە سەر پەتووی کوڕەکە) دەمێنێتەوە بۆ ژنەکە و مێردە تازەکەی. کە وایە دەکرێ بڵێین لێرەدا تاریکایی ئەم ژوورە کە کوڕێك و وێنەی باوکی لە کیس چووی ئەمەگدارانە تێیدا دەمێننەوە لە ڕووناکایی ئەو ژوورەی کە ژنێك مێردە کۆنەکەی لانەماوە یان جێی هێشتووە (بە کام هۆ؟) باشترە. بۆیە ئەم دوانە لێکدژە بەم چەشنە پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکرێ و دەبێتە: تاریکایی/ روناکایی. هەڵبەت وەك ئاماژەی پێکرا خوێنەر دەتوانێ ئەم دوانە لێکدژە هەر بەشێوەی باوی خۆیشی قبووڵ بکا. کێشەکە لەوە دایە خوێنەر بۆی هەیە ئازادی ئەم هەڵبژاردنە لە دەق وەربگرێ.

(٥)

PDF4Kurd

بە وتەی رۆلان بارت«لە دایکبوونی خوێنەر بە قیمەتی مەرگی نووسەر تەواو دەبێ»[5] کە دەق نووسرا نووسەر دەمرێ، کەوایە ئەو کۆتاییەی نووسەریش بۆ دەقەکەی دایدەنێ لەگەڵ مردنی نووسەر دەمرێ. دوا ئاکام لەو دەقانە وەرناگیرێ کە رەسەنایەتی بدرێ بە خودی دەق. چونکی ئەگەر ئەم کارە بکرێ واتە ئەوەی رەسەنایەتیمان لە دەق ساندۆتەوە. بۆیە دەبینین لە شوێنەواری کلاسیکدا، دوا بڕیار نووسەر دەریدەکرد کە هەمان پەیامێکی زەقی ـ زۆرجار ئەخلاقی و ئینسانی ـ دوا بەشی چیرۆکە کە بوو. کەچی لە دەقی نوێدا جۆرە تەم و مژێك ئاخر و ئۆخری چیرۆك دادەپۆشێ، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی درِ بەم تەمە بدا و رێگای خۆی بدۆزێتەوە. ژۆزێ ساراماگۆ لە«کوێری» (Blindness)دا دوا لاپەڕەی رۆمانەکەی بە سپێتی هیشتوّتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی، ئەگەر پێی خۆش بێ ئاکامێك هەبێ، ئاکامی رۆمانەکە بنووسێتەوە.

لە دوا بەشی چیرۆکی«دەمێنینەوە لەنێو تاریکاییدا» هیچ قەتعیەتێك نابیندرێ. خوێنەر بۆی هەیە سەر لە نوێ چراکە هەڵکاتەوە و لە خولقاندنی گەمەیەکی هاریکارانەی تر لەگەڵ دەقدا بەشداری بکا، یان کەسەکان هەروا لە تاریکاییدا بهێڵێتەوە. خوێنەر مافی ئەوەی هەیە چیرۆکەکە بە نیوەچڵ بزانێ و پێی وا بێ ئەم چیرۆکە دەبێ چەند بەشێکی تریشی بێ. خوێنەر دەتوانێ هیچ کام لەم گریمانانە پەسند نەکا یان بە پێچەوانە هەموویانی پێ راست بێ. خوێنەر تەنیا لە رێگای ئەو گەمەیەوە کە لەگەڵ دەق دەیکا دەق دەکاتە سامانی خۆی بە شوکرانەی تێگەیشتن.

---

[5] - K.M.Newton,Twentieth century literary theory.London.١٩٩٧,p ١٢٠

ئەو دەقەی نامۆیی لەگەڵ دەکردین لە هەنگاوی یەکەمدا. با رێگە ببڕین بەرە و هەناوی دەق لەرێگای خوێندنەوە وە.

رەشەمەی ١٣٧٩

مارس٢٠٠١



PDF4Kurd

PDF4Kurd

PDF4Kurd



دەق :

## «تـــــەم و مـــــژ»

نووسینی: عەزیز مەحموودپوور

دایکم چاوی لە سەریەك دادەنا و کاکەسوار دەم بە بزەوە بە سـەر چارەوێیەکی سپـی کە یاڵە درێژەکانی بە لاملی‌دا شـۆڕ ببـوونەوە لە تەم و مژ دەهاتـە دەرێ. دادەبەزێ پەیکـەرەیـەکی باڵابـەرز دەتکوت لە بەرد داتتاشیــوە. چاوە رەشـەکانی لە دایکـــم دەبــڕی و دەیکـــوت:

«مەحسە ! لێم جوانە ؟»

تەم ومژ وڵات دادەگرێ.

کاکە سوار لە بەر ئاوێنە لە خۆی دەڕوانێ... «سوارە، شیلان کڵاوێکی جوانی بۆ چنیوی.» دەستی بە ئاوێنەی خەیاڵیدا هێنا شیلان دەستی کرد بە پێکەنین.

دیسان بە دزی دایکیەوە هاتبوو بۆ لای کاکە سوار، سوێندخۆری یەك بوون.دەسرەیەکی گوڵدۆزی کراو و کڵاوێکی لە پێش دانا و کوتی:«دیاری شوان ئاڵەکۆکە، قابیلی تۆیان نییە» ئەویش پێکەنی و دەسرە گوڵدۆزی کراوەکەی کردەوە و تێی‌ڕاما. گوڵە مێلاقەیەك، چۆلەکەیەکی لە سەر هەڵنیشتبوو. نێوچاوانی رامووسی، گوڵە مێلاقەکە هەڵفڕی و لە سەر گۆنای شیلان گیرسایەوە.

حاجی‌ژن چەند رۆژ بوو دەهات بۆ ماڵی ئێمە. شتێکی لە دڵدا بوو، نەیدەدرکاند هەتا رۆژێ لە بانگی گریانی‌دا. دەستی کرد بە بەرۆکیدا و وێنەیەکی دەرهێنا:« وێنەی شیلانە».دایکم بە وردی لێی ورد بۆوە، خۆی بوو شیلان، بە سەرچارەوێیەکی سپی‌یەوە، لە سەر گردێك راوەستابوو، پڕ

PDF4Kurd



بە چاو لە ئاسۆی دەڕوانی کە خۆر لێوی بە لێویەوە نابوو و خەریک بوو دەپشکوت.

پیر و تێکشکاو دیاری دەدا، سووچی چاوی گنجی وردوردی تێکەوتبوو بەڵام نیگای پڕ لە هیوای وەک بزمارێ لە سەر رووناکایی ئاسۆدا کوتابوو. بە گریانەوە لە وێنەکە هاتەدەرێ.بۆنی بە لیباسەکانی کاکە سوارەوە کرد و کوتی:«تۆ خوا چۆنە قسە دەکا؟»

ـ ویشک هەڵاتووە شیلان گیان، چاوە رەشەکانی تەمیان لە سەر نیشتووە. لێو بە بار زەق زەق دەڕوانێتە بن میچ و لەگەڵ تۆ دەراوێنێ.»

بە پڕتاوێ خۆی بە باوەشی دایکمدا کرد و هەرکیان تێر تێر گریان...

شیلان لە دایکی دەپاڕاوە، بە لاقیدا دەنووسا، دەگریا و خوی دەڕنی. حاجی ژنیش تەنیا دەیکوت:«دامەزرێ براکانت سەرت دەتاشن» ئەویش وەک ئاور کە ئاوی پێداکەی دائەمرکا، فرمێسک بە سەر گۆنایدا قەتارەی دەبەست. بە گریانەوە دەیکوت:«لە زمان منەوە لێی بپرسن».

دەچووین بۆ نەخۆشخانە و سەرمان دەدا. کایەی بە کاکۆڵەکانم دەکرد، دەیکوت:«شەیتان شمشاڵی لێدا و وام لێهات»

لێوەکانی دەتکوت زەوییە و لە بەر بێ ئاوی قەڵەشیوە. نەیان دەهێشت ئاو بخواتەوە.

ـ«مەحسە ! شتێکم بۆ بێنە با لێومی پێ چەور کەم».

کاتێ بە جێمان هێشت بۆنی بە دەسرەکەی شیلانەوە دەکرد. ئێوارێ شیلان کرێمێک و مستێک مێخەکەیدا بە دایکم بەیانی بیبا بۆ کاکە سوار. لێم وەرگرت وکوتم:«هەر ئێستا دەیبەم» بەرەو نەخۆشخانە هەڵاتم.

PDF4Kurd



رندووی تاریکی بە سەر وڵاتدا هەرەسی هێنابوو. بۆنی مێخەکەکان سەر سنگمیان داگرتبوو بە پەلە خۆم بە نە خوشخانەدا کرد بەڵام کاکە سوار لەوێ نەبوو!

دەسرە گوڵدۆزی کراوەکەی شیلان کونێکی تێببوو. لەسەر تەختەکە بە جێمابوو. سەری چۆلەکەکە پەڕیبوو لە ژێر مێلاقەکە هەڵدەبەزی و باڵە پرژەی بوو. بە گریان بەرەو ماڵ گەڕامەوە، مێخەکەکانم بەرەو ئاسمان توورهەڵدا. هەموو بوون بە پەپوولە و لە دەوری ئەو پۆلە ئەستێرەیەی، کاکە سواریان لە ئامێز گرتبوو هەڵدەخولان.

شیلان فرمێسکەکانی سڕی، لە غاوی ئەسپەکەی گرت و لە قان لەقان چۆوە نێو وێنەکە و لە تەم و مژدا ون بوو.

هاوینی ٧٦ ـ بۆکان

PDF4Kurd

PDF4Kurd



# گێڕانەوەی ساتەکانی

# دوای کارەسات

# لە نێو دڵی«تەم و مژ»دا

PDF4Kurd



ئاماژە: «حەشری رەنگەکان» یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی چیرۆکنووسی بۆکانی عەزیز مەحموودپوورە کە زستانی ١٣٨٠(٢٠٠٢)بڵاو بۆوە، و هەشت چیرۆکی گرتۆتە خۆ. لە«حەشری رەنگەکان»دا عەزیز دەیەوێ لە حازر بە دەستترین کەرەسەکانی واقیعی جیهانی مرۆڤـی کورد خەیاڵئامێزترین چیرۆك بخولقێنێ. بە وتەیەکی‌تر لەم چیرۆکانەدا واقیع بەردەبازی گەیشتن بەو خەیاڵانەیە کە بێ شك هەم باری ئەدەبییەتی چیرۆکەکان قورس دەکەن، هەمیش خۆیان دواجار دەبنە پێناسەیەکی دیکە بۆ هەر هەمان واقیعەکان. زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتییەکانی«حەشری رەنگەکان» کۆمەڵێك مرۆڤی تێکشکاو و دۆڕاوی کوردن کە لە پێناوی گەیشتن بە رەواترین ئامانجەکانیان ـ وەك دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ـ لەسەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیان ـ وەك دەستەبەر کردنی ژیانێکی جوان ـ دەست هەڵدەگرن، جا یان ژیانی تێکەڵ بە جەزرەبە بە سەریاندا دادەسەپێ، یان باوەش بە مەرگێکی خۆکرد دادەکەن. عەزیز لە «حەشری رەنگەکان»دا هەوڵی داوە ئەم مانا و مەبەستانە لە دوو توێی زمانێکی داستانیی تۆکمە و لە قەوارەی کۆمەڵێك تەکنیکی گێڕانەوەیی نوێدا دەربڕێ.

«حەشری رەنگەکان» لەو هەوڵە جیدییانەی چیرۆکنووسی کوردستانی ئێرانە کە لێرەدا تێدەکۆشین ئەم نووسراوەیە بکەین بە هەوڵدانێکی رەخنەگرانە بۆ خوێندنەوەی دەقی سێهەمین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، واتە چیرۆکی «تەم و مژ».

PDF4Kurd



## (١)

چیرۆکی «تەم ومژ» لەو چیرۆکانەیە کە باس لە ساتەوەختەکانی دوای کارەساتێکی گەورە دەکا. ئەو کارەساتە، وەك ناوی چیرۆکەکە سووکە ئاماژەیەکی پێدەکا، خۆی لە تەم و مژ دایە. کاکە سوار بۆچی بریندارە، یان بۆچی «نەیاندەهێشت ئاو بخواتەوە»، هەر چەند بێگومان بۆ خوێنەری وردبین و هەڵسووڕی دەق لە تان و پۆی زمان و گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا نیشانەی سەردەرهێنان، هیچ نەبێ لە بەشێك لە نهێنی ئەم کارەساتە، دەست دەکەوێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگ و شایانی سرنج پێدانە،دوان لەو ساتانەیە کە کارەساتەکە کۆتایی پێهاتووە، و ئێستا ـ واتە ئێستای گێڕانەوەی دەقی داستانەکە ـ بگێڕەوە (راوی) باسیان لێدەکا:

«دەچووین بۆ نەخۆشخانە و سەرمان دەدا. کایەی بە کاکۆڵەکانم دەکرد، دەیکوت:«شەیتان شمشاڵی لێدا و وام لێهات.»

## (٢)

لەم چیرۆکەدا کارەساتی بوونی کاکە سوار لە رێگای گێڕانەوەی وەسفی یان گێڕانەوەیەکی گوزارشتی ناگێڕدرێتەوە، بەڵکو بە هۆی دیالۆگی نێوان«مەحسە» و «شیلان»وە دەردەکەوێ:

«بۆنی بە لیباسەکانی کاکە سوارەوە کرد و کوتی:«تۆ خوا چۆنە قسەدەکا؟»

ـ ویشك هەڵاتووە شیلان گیان، چاوە رەشەکانی تەمیان لە سەر نیشتووە. لێو بە بار زەق زەق دەڕوانێتە بن میچ و لەگەڵ تۆ دەڕاوێنێ.»

PDF4Kurd



بە پڕتاوێ خۆی بە باوەشی دایکمدا کرد و هەرکیان تێرتێر گریان...»

چیرۆکنووس بۆ ئەوەی گەورەیی و گرانی ئەم کارەساتە لە چوارچێوەی بوتیقای داستانیدا بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە بەر چاوی خوێنەر زەقبکاتەوە لە تەکنیکێکی گێڕانەوەیی تایبەت کەڵك وەردەگرێ، ئەو تەکنیکەی کەمن ناوی دەنێم « وێنە ژیانەوە»، واتە کەسایەتییەکی داستانی لە ڕێگای وێنەکەیەوە بێتە نێو یان بگەڕێتەوە بۆ نێو دەقی چیرۆك و بەم شێوەیە لە نێو جیهانی داستان دا بژیت:

«حاجی ژن چەند ڕۆژ بوو دەهات بۆ ماڵی ئێمە. شتێکی لەدڵدا بوو، نەیدەدرکاند هەتا ڕۆژێ لە بانگی گریانیدا. دەستی کرد بە بەرۆکیدا و وێنەیەکی دەرهێنا :«وێنەی شیلانە»

دایکم بە وردی لێی ورد بۆوە. خۆی بوو، شیلان، بە سەر چارەوەێیەکی سپیێیەوە، لە سەرگردێك ڕاوەستا بوو، پڕ بە چاو لە ئاسۆی دەڕوانی کە خۆر لێوی بە لێویەوە نابوو و خەریك بوو دەپشکوت.

پیر و تێکشکاو دیاریدا، سووچی چاوی گنجی وردی وردی تێکەوتبوو بەڵام نیگای پڕ لە هیوای وەك بزمارێ لە سەر ڕووناکایی ئاسۆ داکوتابوو. بە گریانەوە لە وێنەکە هاتە دەرێ»

کە وایە شیلان لەم چیرۆکەدا دوو جۆر دەژی:

١- ژیانی بەر لە وێنە هاتنەدەر

٢- ژیانی دوای لە وێنە هاتنە دەر.

ئەو ژیانەی شیلان« دیسان بە دزیەوە هاتبوو بۆ لای کاکە سوار» ژیانی بەر لە وێنە هاتنە دەری بوو، و ئەو ژیانەی تێیدا بە خەبەری بریندار

PDF4Kurd



بوونی کاکە سوار دەزانێ ژیانی دوای لە وێنە هاتنە دەرییەتی. ژیانی یەکەم ژیانی بەر لە کارەساتە، ژیانی دووهەم ژیانی دوای کارەساتە. چیرۆکنووس ئەم دوو جۆر ژیانەی بە دوو رەمزی یەکسان(گوڵامێلاقە و چۆلەکە) بەڵام لە دوو حاڵەتی جیاوازدا وێنا کردووە، لە حاڵەتی یەکەم دا:

«گوڵەمێلاقەیەك، چۆلەکەیەکی لە سەر هەڵنیشتبوو. نێو چاوانی رامووسی، گوڵەمێلاقەکە هەڵفڕی و لە سەر گۆنای شیلان گیرسایەوە.»

کەچی لە حاڵەتی دووهەم دا:

«سەری چۆلەکەکە پەڕیبوو لە ژێر مێلاقەکە هەڵدەبەزی و باڵەپرژەی بوو»

لە بیرمان نەچێ هوشەنگ گوڵشیری ـش لە «شازادەئیحتجاب»دا بە خەست و خۆڵی ئەم تەکنیکەی (وێنەژیانەوە) بەکار هێناوە، بەڵام جیاوازییەکی گەورە کە لەم نێوانەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە عەزیز مەحموودپوور لێرەدا شیلان لە رێگای وێنەکەیەوە دەژێنێتەوە تا لە ساتەکانی دوای کارەساتێکی گەورەدا بەشدار بێ، کەچی لە کارەکەی گوڵشیریدا وێنەکان بۆ وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵێك رووداوی رابردوو زیندوو دەبنەوە و شازادە دەدوێنن.

هاتنی کاکە سواریش بۆ نێو دەقی ئەم داستانە لە رێگای جیهانی واقیعەوە نیە، بەڵکو لە رێگای زەین و یادەوەری یان خەیاڵ و خولیای دایکی بگێڕەوەی یەکەم کەسی تاکەوەیە:

«دایکم چاوی لەسەر یەك دادەنا و کاکەسوار دەم بە بزەوە بە سەر چارەوەێیەکی سپی کە یاڵە درێژەکانی بە لاملیدا شۆڕ ببوونەوە لە تەم ومژ دەهاتە دەرێ. دادەبەزی پەیکەرەیەکی باڵابەرز دەتکوت لە بەرد

PDF4Kurd



داتتاشیوە. چاوە رەشەکانی لە دایکم دەبڕی و دەیکوت:«مەحسە! لێم جوانە؟»

بۆچی چیرۆکنووس لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا، ئەو کاتەی«مەحسە» چاوی لە سەر یەك دادەنێ کاکە سوار لە تەم و مژ دێنێتە دەرێ، و بۆچی شیلان، ئەوکاتەی بە مەرگی کاکە سوار دەزانێ، لە دوا بەشی داستانەکەیدا دەخاتەوە نێو وێنەکەی و لە تەم ومژ دا ونی دەکا؟!

**(٣)**

ئەم چیرۆکە دوو بگێڕەوەی(راوی) هەیە: بگێڕەوەیێکی دیار( یەکەم کەسی تاك یان هەمان کوڕی مەحسە)، بگێڕەوەیێکی شاراوە ( سێهەم کەسی تاك یان هەمان بگێڕەوەی هەمووشت زان):

دەنگی بگێڕەوەی یەکەم کەسی تاك:

«... بە گریان بەرە و ماڵ گەڕامەوە، مێخەکەکانم بەرە و ئاسمان تووڕ هەڵدا ...»

دەنگی بگێڕەوەی هەمووشت زان:

«شیلان فرمێسکەکانی سڕی، لە غاوی ئەسپەکەی گرت و لەقان لەقان چۆوە نێو وێنەکە و لە تەم و مژ دا ون بوو.»

بە وتەیەکی دیکە گێڕانەوە لەم چیرۆکەدا دوو دووربینی هەیە. دووربینی یەکەم کە بە ئاشکرایی لە دەقی داستانەکەدا خۆی دەنوێنێ و لە چاوی کوڕی مەحسەوە لە رووداو و کەسەکان دەڕوانێ، و دووربینی دووهەم

کە بە نهێنی و لە گۆشە نیگای بگێڕەوەی هەمووشت زانەوە بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە.

ئەو شوێنانەی کوڕی مەحسە تێکەڵ بە ڕووداوەکانە چیرۆکەکە لە زمان ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە:

«ئێواریٚ شیلان کرێمێك ومستێك مێخەکەیدا بە دایکم بەیانی بیبا بۆ کاکە سوار. لێم وەرگرت و کوتم: هەر ئێستا دەیبەم..»

بەڵام ئەو جێگایانەی لە دەرەوەی دیدی کوڕی مەحسەدان لە زمان بگێری هەمووشت زانەوە باسیان لێدەکریٚ، هەر چەند خوێنەر لەوانەیە پێی وابیٚ ئەمانەش هەر گێڕانەوەی کوڕی مەحسەن:

«دایکم بە وردی لێی ورد بۆوە، ← دەنگی بگێڕی یەکەم کەسی تاك

خۆی بوو، بە سەر چارەوێیەکی ..و خەریك بوو دەپشکوت.» ← دەنگی بگێڕی هەمووشت زان

کە واتە لەم چیرۆکە گێڕانەوە کەرەسەیەك نیە بۆ داسەپاندنی دەنگی زاڵی نووسەر بە سەر دەقی داستانەکەدا، بەڵکو بە دوو بەستێنی جیاواز و لەهەمان کاتدا پێوەندیدار بەیەکتر تێدەپەڕیٚ و ڕێگا بە خوێنەر دەدا لە دەلاقەی دوو دووربینەوە لە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە بڕوانیٚ، بیٚ ئەوەی بخرێتە پانتاییەك لە گێڕانەوە کە تێیدا تەنیا دەنگێك دەسەڵاتدار بیٚ و مەجبوور بیٚ وەك وەرگرێکی خەساو ڕووبەڕووی دەقی داستانەکە بێتەوە. لێرەدایە کە دەبیٚ بڵێین لە ڕێگای گێڕانەوەوە تەنیا جیهان و ئیسان نابینین، بەڵکو دەشیانبینینەوە. گێڕانەوەی ساتەکانی دوای کارەساتی مەرگی کاکەسوار تەنیا دیتنی ئەو ساتانە نیە، بەڵکو دیتنەوە و دۆزینەوەی ڕازی مەرگی کاکە سواریشە. گێڕانەوەی چەند دەنگی، بە مەرجی

PDF4Kurd

بەشداریکردنی چالاکانەی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، دەرفەتی ئەم دیتن و دیتنەوەیە دەرەخسێنێ.

PDF4Kurd



## (٤)

چیرۆکی«تەم و مژ» لەو چیرۆکانەیە هەوڵ دەدا خۆ بژیو«خودبسند» بمێنێ و ڕەسەنایەتی بدا بە دەق، بەو مانایەی کە خوێنەر بۆ ئەوەی لەدەق بگا دەبێ بە دەق بگا و هەر لە دەقیش دا بمێنێتەوە. لە چیرۆکی خۆ بژیودا ناسینی نیشانە و پێزانین بەمەدلوولەکانی نیشانە بە واتای کایە کردنە بە نیشانەکان هەر لە بازنەی خودی دەق دا:

«ئێوارێ شیلان کریمێك و مستێك مێخەکەی‌دا بە دایکم بەیانی بیبا بۆ کاکەسوار»

لەم ڕستەیەدا نیشانەی«کرێم» بە پێی ئەو پێوەندییە ئۆرگانیکەی کە لە نێوان ئەم دالە و سەر لە بەری دالەکانی‌تری ئەم دەقەدا بەدی دەکرێ دەتوانێ ئاماژە بکا بە ئاواتی دڵی شیلان کە سارێژ بوونەوەی برینی لێوە قەڵەشیوەکانی کاکە سوارە، هەروا کە دەکرێ نیشانەی «مێخەکە، هەر بەم پێودانگە دەلالەت بکا بۆ بەردەوام بوون ئەوینی نێوان شیلان و کاکە سوار.«کرێم» لەم چیرۆکەدا تەنیا بە هۆی ئەو کارەساتەی بە سەر کاکە سوار داهاتووە و ئەو ئەوین و عەشقەی لە نێوان کاکە سوار و شیلان دا هەیە خاوەن مانا و مەدلوولی خۆیەتی، هەروا کە «مێخەکە»کەش تەنیا لە سۆنگەی ئەوەی شیلان لە ترسی براکانی خۆی ناوێرێ بچێتە دیدەنی کاکەسوار مانا پەیدا دەکا.وە دەنگ هێنانی نیشانە لە چیرۆکێکی وەك«تەم ومژ»دا بە مانای وتوێژ کردنە لەگەڵ ئەو نیشانانە. خوێنەر لەمجۆرە چیرۆکانەدا دەبێتە لایەنێکی دیالۆگ، دیالۆگی نێوان دەنگی نیشانە و دەنگی خوێندنەوە، یان دەنگی دەق و دەنگی خوێنەر.

PDF4Kurd

## (٥)

«تەم و مژ» دەخوازی ـ بە مانا «رۆلان بارت»ییەکەی ـ هەم بخوێندرێتەوە هەمیش بنووسرێ. ئەو دەقە داستانییە«خوێنەرانە» (Readerly text) یەی کە لە هەناوی خۆیدا تواناکانی دەقێکی نووسەرانە(Writerly text)شی هەلگرتبێ دەشێ لە هەر جار خوێندنەوەدا بە شێوەیەکی نوێ بخوێندرێتەوە و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ببیندرێ،و تەنانەت خوێنەر لە نووسینەوەی خۆیدا بەشدا ربکات. کاکە سوار، ئەو تیشکەی لە نێو دلّی تەم و مژ دا دێتە دەرێ و دواجار تێکەلّ بە پۆلێك ئەستێرە دەبێت، بۆی هەیە بە هەزار شێوە گیان بدا، و ئەم گیان سپاردنە لەهەزار روانگەوە بگێڕەوەدرێتەوە. و بە هەزار شێواز بنووسرێ، ئەو کاکە سوارەی سەر بە ولّاتی هەزار داستانی مەرگ و ژیانەوەیە.

جۆزەردانی ١٣٨١

ژوئـن ٢٠٠٢

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# فەرهەنگۆك

فـارسي
كـوردي
ئـيـنـگـليـزي

| فارسي | كوردي | ئينگليزي |
|---|---|---|
| مخاطب | وەرگر، بەردەنگ | addressee |
| گوينده | بێژەر | addressor |
| زيبايي‌شناختي | جوانیناسی | aesthetics |
| واج آرايي | هاوپیت | alliteration |
| خودكاري | خودکاری | automatisation |
| تقابلهاي دوگانه | دوانە لێکدژەکان | binary opposition |
| حرف بزرگ | پیتی گەورە | capital letter |
| رمز | رەمز | code |
| اجتماع | لە پەنا یەکەوە هاتن | collocation |
| مجراي ارتباطي | بەستێنی پێوەندی | communicative |
| ترغيبي | هاندەری | conative |
| معناي ضمني ـ متني | مانای زیمنی یان دەقی | connotation |
| درونه (موضوع) | ناوەکی (بابەت) | content |
| زمينه | زەمینە/بەستێن | context |
| ساختارشكني | پێکهاتە هەڵوەشێنی | deconstruction |
| معناي لغوي | مانای قامووسی | denotation |
| توصيفي | وەسفی | descriptive |
| هنجارگريزي/انحراف | لادان | deviation |
| عاطفي | عاتیفی | emotive |
| قاعده افزايي | ڕێسا زیادکردن | extra regularity |

PDF4Kurd



| | | |
|---|---|---|
| expression | دەرەکی | برونه |
| flash back | گەڕانەوە بۆ ڕابردوو | فلاش بك |
| foregrounding | زەق کردنەوە | برجسته سازي |
| form | فۆرم/ڕوخسار | فرم |
| fossilized metaphor | خوازەی مردوو | استعاره ي مرده |
| function | ئەرك | نقش |
| grammatical purposes | مەبەستە ڕێزمانیەکان | اهداف دستوري |
| irony | تەشەر/تەوس | كنايه |
| latent content | لایەنی شاراوە | جنبه ي مكنون |
| linguistic | زمانی | زباني |
| linguistical | زمانناسانە | زبان شناختي |
| literary | ئەدەبی | ادبي |
| message | پەیام | پيام |
| meta language | ئەوپەڕ زمانی | فرازباني |
| metaphor | خوازە | استعاره |
| meter | کێش | وزن |
| narrator | بگێڕەوە | راوي |
| narration | گێڕانەوە | روايت |
| new metaphor | خوازەی نوێ | استعاره جديد |
| original metaphor | خوازەی سەرەکی | استعاره ي اصلي |
| paradigmatic axis | تەوەرەی جێنشینی | محور جانشيني |
| parallelism | هاوڕێکی | توازن |
| periphrasis | پێزیادکردن | اطناب |
| personification | گیان پێدان/تەشخیس | تشخيص |
| phatic | هاودڵی | همدلي |
| phoneme | واج | واج |
| phonetics | دەنگ ناسی | آواشناسي |

PDF4Kurd

| | | |
|---|---|---|
| poetics | بوتيقا/شيعر | بوطيقا / شعر |
| poor reader | خوێنەری دەستکورت | خواندە منفعل |
| prose | پەخشان | نثر ادبي |
| prosody | عەرووز | عروض |
| psychological novel | رۆمانی دەروونشیکارانە | رومان روانكاري |
| pun | جیناس | جناس |
| readerly text | دەقی خوێنەرانە | متن خواندني |
| reconfiguration | دارشتنەوەی دووبارە | بازپيكربندي |
| referential | گەڕانەوەیی | ارجاعي |
| reification | ناوی زات | اسم ذات |
| | ویکچوو | مشبه |
| renor | | |
| repetition | دووپاتکردنەوە | تكرار |
| representative | دەربڕین | بياني |
| rhetoric | بەدیع/جوانکاری | بديع |
| rhyme | سەروا | قافيه |
| satire | تەنز | طنز |
| semantics | مانانانسی | معنيشناسي |
| sense | واتا/مانا | معني |
| simile | شوبهاندن | تشبيه |
| sours language | زمانی سەرچاوە | زبان مبدأ |
| speech | ئاخاوتن | گفتار |
| chain speech | زنجیرەی ئاخاوتن | زنجيره گفتار |
| stream of consciousness | شەپۆلی زەین | سيال ذهن |
| stock metaphor | خوازەی قاڵبی | استعاره قالبي |
| structure | پێکهاتە | ساختار |
| syllable | برگە | هجا |
| synonymy | هاو واتایی | هم معنايي |

PDF4Kurd



| | | |
|---|---|---|
| محور همنشيني | تەوەرەی هاونشینی | syntagmatic axis |
| نحو | نەحو | syntax |
| زبان مقصد | زمانی سەرەنجام | target language |
| متن | دەق | text |
| مشبه به | وێکچوواو | vehicle |
| نظم | هۆنراوە | verse |
| متن نوشتني | دەقی نووسەرانە | writerly text |